# نوێبوون

گۆڤارێکی سیاسی و روناکبیری وەرزییە

خاوەن ئیمتیاز
مەڵبەندی یەکی رێکخستنی سلێمانی

سەرنووسەر / ئەنوەر صاڵح
جێگری سەرنووسەر / ئازاد تۆفیق

راوێژکاران

ئەکرەمی میهرداد
ئـــومێد قەرداغی
محـەمەد کەریم

سەرپەرشتیاری هونەری
ئالان قادر



ناونشان / عێراق - کوردستان- (سلێمانی ـ شەقامی سالم)
( مەڵبەندی (١)ی رێکخستنی سلێمانی(ی.ن.ک))

Email: nwebunm1@yahoo.com
nwebun@live.com

Tel: 07480172102 - 07705434650



هەڵەچن / ئاکۆ عبدولەجید

تـیـراژ/ ١٥٠٠دانـە

چـــاپ/ چاپخانەی شفان

ژمارەی سپاردن / ٤٠٤


هەواڵنامەی کتێب

## لەم ژمارەیەدا


| | | |
|---|---|---|
| ❖ هۆشیاری بۆ دوورنمای قۆناغی ئاینده. | سەرنووسەر | ٥ |


## لێکۆڵینەوە


| | | |
|---|---|---|
| ❖ قەیرانی ڕەوایی لە دیموکراسی کوردی دا. | ئەکرەمی میهرداد | ١٢ |
| ❖ سیاسەتی تورکیا و هەرێمی کوردستان. | ئازاد تۆفیق خەیات | ٤٩ |
| ❖ کورد فاکتەرێکی گرنگ لە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکە. | ئەنوەر ئەسعەدزادە | ٩٥ |
| ❖ لێبوردەیی و پێکەوە ژیانی ئاشتیانە. | کاروان محەمەد تەیب | ١١٦ |


## وەرگێڕان


| | | |
|---|---|---|
| ❖ ڕەوایی دیموکراسی. | و.یادگار حەمە غەریب | ١٣٨ |
| ❖ سێ چەمک دەربارەی ئازادی. | و . ئەردەڵانی فەرەجی | ١٥٧ |
| ❖ پێوەندیی نەپساوەی دیموکراسیو مافی مرۆڤ. | و. جەلال کشوەردوست | ١٧٧ |
| ❖ بنچینەو بنەماکانی دیموکراسی. | و. ڕەحمان ئەمیری | ٢٠٠ |


## وتار


| | | |
|---|---|---|
| ❖ لەبارەی ڕووناکبیرەوە . | ئازاد تۆفیق | ٢٤٤ |
| ❖ ڕەنگدانەوەی ململانێی شیعەکان بەسەر داهاتووی عیراقەوە. | فاروق عەبدول | ٢٥١ |
| ❖ یاساو کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە. | پاریزەر: ئارام ساڵح | ٢٦٢ |


## القسم العربي


| | | |
|---|---|---|
| ❖ ضغوط العمل. | د.رووخوش غريب | ٢٧٦ |


هەواڵنامەی کتێب

# هۆشیاری بۆ دوورنمای قۆناغی ئاینده

بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی باشوری کوردستان، دەتوانین بۆ دوو قۆناغی سەرەکی پۆلێنی بکەین. هەتا سەرهەڵدانی ڕاپەڕین، بە قۆناغی شۆڕش و خەباتی چەکداری و ململانێی سەخت بووە و لەبەرگریدا بووە بۆ داکۆکی کردن لە نەتەوەیەکی داگیرکراو و دابەشکراو لە دژی ستەم و چەوسانەوەی حکومەتە ناوەندییەکانی عێراق. لە هەندێك کاتی ئەم مێژووە کوردی هەوڵی داوە لە ڕێگای دانوستان و گفتوگۆ چارەسەری کێشەکان بکات، بەڵام دواجار ئەم ڕێگایە گەشتۆتە بنبەست و جارێکی دی کورد بەناچاری پەلاماری چەکی داوەتەوە. لەم پێناوەشدا بەهەزاران مرۆڤی کورد شەهیدبوون و چەندین کارەساتی گەورە لە کۆنەست و مێژووی ئەم نەتەوەیەدا ڕوویداوە. کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفال و چەندین پرۆسەی جینۆساید بە بەرنامەی دیاری کراو ئەو دەسەڵاتە داگیرکانەوەی پەیرەوکراوە. ئەمەش لە پێناوی سەپاندن و بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆیاندا بووەو لەم ڕێگایەشدا چەندین ڕێکەوتن و پرۆتۆکۆڵ لەنێوان حکومەتەکانی ناوچەکەدا ئەنجام دراوە.

بەڵام مێژوو ئەوەی سەلماند کە هیچ دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری تاسەر ناتوانێت ئەم نەتەوەیە ژێر دەستە بکات و سەرئەنجام کورد وەکو زۆرێك لەنەتەوەکانی تر لە ڕێگای خەباتەوە بە ئاواتەکانی ڕزگاری نیشتمانی شاد بوو. بەهۆی خەباتی بەردەوامی ئەم گەلەو لە ئەنجامی ئاڵوگۆڕی کاریگەر لە هاوکێشەی نێودەوڵەتیدا،



ڕاپەڕینی بەشکۆ و مەزنی کوردستانی باشوور بووە سەرەتای قۆناغێکی گرنگ لەمێژووی کوردا. ئەم ڕاپەڕینە وەرچەرخانی مێژوویی گەورەی دروستکرد و لە قۆناغی شۆڕش و چەکدارییەوە بەرەو قۆناغی نوێی دەسەڵاتداری کورد بە ئامانج گەیشت. دروست بوونی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم گەورەترین لوتکەی خەباتی باشووری کوردستان بەدیاری هێناو یەکێك لە وێستگە و پێداویسیە مەزنەکانی ئەم سەردەمەی بۆ کورد نەخشاند.ئەم وێستگە و مێژووە تازەیە بە چەند سەردەمی گرنگ و هەستیاردا تێپەڕی و زۆر پرس و کێشەی کاریگەری هێنایە بەردەم دەسەڵاتدارێتی کورد، کە بەداخەوە شەڕی ناخۆ و نەبوونی داهات و ئابلۆقەی نێودەوڵەتی و حکومەتی ناوەندی بەغداد بوونە سەرەتا و پاشان پیلانو گێچەڵی حکومەتەکانی ناوچەکە گورزی بەرچاوی لەم ئەزموونە شادەوەشاند. بەڵام بەرگەگرتن و گیانی بەرپرسیاری کۆمەڵانی خەڵك بەوپەڕی هەستکردن بە گیانی نیشتمانی و مرۆڤ دۆستی بوونە پێناوی پاراستنی ئەزموونی دەسەڵات لەم هەرێمە.

(ی.ن.ك) یەکێك بوو لەو حزبانەی باشوور کەلە دوای ڕاپەڕین بەشێك یان نیوەی دەسەڵاتی کوردی لە هەرێمدا لە دەست بوو. ئەگەرچی لەم سەردەمە چارەنوس سازەدا ئەزموونی دەسەڵاتدارێتی کورد بە هەردوو بەشی یەکێتی نیشتمانی و پارتی، خاوەنی کێشە و ئاستەنگ بووە و بەشێك لەو پرسانەش لەلایەن خودی یەکێتی و پارتییەوە چارەسەر کراون یان نەکراون، لە ئەنجامی پرۆسەیەدا هەندێك واقیع یان ڕاستی هاتوونەتە ئارا، بەڵام دەبێت لۆجیکی ئەم دەسەڵاتە و بەتایبەتی ئەوەندەی کە پەیوەندی بە (ی.ن.ك)ەوە هەیە، دەبێت لە ڕێگەی بەرپرسیاری و بەخشینی ماف و ئازادی و دادپەروەریەوە بە چارە بگەن. دەسەڵاتی دیموکراتی و مۆدێرن کەبۆخۆشی وا بیر دەکاتەوە، دەبێت سەرەتا و گرنگی کارەکانی بەو ئامانجانە دەست پێبکات، وە

هێشتاش درەنگ نییە، وە لەم ڕێگایەشدا دەتوانێت چاکی بکات بەلادا و ژیانی دیموکراتو ئازاد و دادپەروەر و شایستە بۆ مرۆڤەکانی کورد دابین بکات.

ئەرك و پەیامی ڕێکخستن و ئەندامان و کادران و سەرکردەکان، لەم ڕێوانەدا دەتوانێت ئایندەیەکی باشتر و گەشتر بەدی بکات و ڕێوانی ئەوەبن کە سەرجەم لایەنەکانی ژیانی خەڵك لەم هەرێمەدا لە ئەستۆ بگرن و قۆناغی دوای ڕاپەڕین بکەنە قۆناغی چەسپاندنی سیستمی دیموکراسی بە هەموو ئاسۆ و ئامانجەکانەوە. بەبڕوای ئێمە دوورنمای ئەم قۆناغە، یان لە ڕاستیدا بەرنامە و کارنامەی ئەم قۆناغە دەبێت لەم خاڵانەدا بەدی بێت، پرسی خزمەتگوزای و بەخشین و هێنانەدی ساز و کارێکی باشتر بۆ خزمەتکردنی خەڵك، گرنگی دان بەژیان و بژێوی خەڵك و دانانی ڕێگەچارەی یاسایی و ڕیفاهی لەم زەمەنەیەدا، هێنانەکایە یان ڕیفۆرمکردنی سیستمی حزبی و حکومی کە گونجاوبێت لەگەڵ ڕێساکانی دیموکراسی دا، و سەرئەنجام بیرکردنەوە لە پرس و کێشەکانی نوخبە و پسپۆڕی وەك گرنگی دان بە ڕوناکبیران، تەکنۆکرات، لاوان، ژنان و بیرکردنەوە لە ڕێگای زانستی و پسپۆڕییەکان بۆ ئەم پرسانە.

بۆ چارەسەکردنی ئەم پرس و کێشانە، و ئەوەندەی کە پەیوەندی بە ئێمە و کاری گۆڤارەکەمان و بەشی ڕاگەیاندن و ڕوناکبیری یەوە هەیە، پێمان باشە ئەم پێشنیازانە بخەینە بەردەستی خوێنەرانی گۆڤارەکە و هەڤاڵانی ڕێکخستنی (ی.ن.ك):

١- هۆشیاری بەرفراوان و بەرپرس سەبارەت بە پرسی کورد لە عێراقدا، هەتا ئێستا بە شێوەی دیموکراسی و هاوچەرخ، نەتەوەی عەرەب و بەتایبەتی دەسەڵاتی ناوەندی لە عێراقدا، دان بە مافی دیاریکردنی چارەنوسی کورددا نانێتو لەم ڕێگایەشدا یان پرسەکە فەرامۆش دەکات یان کات دەکوژێت و موماتەڵە بە



چارەسەری کێشەی کورد و مادەی ١٤٠ دەکەن. بڕوای ئێمە ئەوەیە کە دەبێت کورد بەیەکگرتوویی و هۆشیاری باشەوە مامەڵە لەگەڵ پرس و کێشەی ناوەندی خۆی بکات لە عێراقدا.

٢- گرنگی و کاریگەری هۆشیاری سەبارەت بە دورنمای خەباتی دیموکراتی و ئامانجەکانی دیموکراسی لەم قۆناغەدا بۆ (ی.ن.ك) و بۆ ئەندامان پرسێکی هەستیارەو لە ڕێگای ئەمانیشەوە کۆمەڵانی خەڵك دەتوانن بڕوا یان ئایندە خوازی باشتر بۆ ئەم قۆناغە پەیدا بکەن، گرنگیدان بە پرس و داوای خزمەتگوزاری و هۆشیاری ئەندامانی (ی.ن.ك) وێسگەیەکی بەرچاوی خەباتی ئەم قۆناغەمانە و پێشنیار دەکەین کە ئەندامان لە کۆمیتە و مەڵبەندەکان ڕێنوانی ئەم کاروانەبن. ئەگەر خزمەتگوزاری گشتی لە هەرێمەدا سەرەتاکانی دەست پێکردووە، بەڵام ئەم هیوایە هێشتا لە ئەندازەی ژیانی شایستە بە مرۆڤی ئەم سەردەمە نییە.. خەڵکی کوردستان دەخوازن کارەبا، ئاو، ڕێگاوبان و تەندروستی و بیمەکانی تری کۆمەڵایەتی هاوشانبێت لەگەڵ خەبات و بەرپرسیاری ئەوان لە پرسی نەتەوەی کوردا. (ی.ن.ك)و ئەندامانی لە هەردوو زەمینەی هۆشیاری و بەرپرسیدا دەبێت پێشڕەو و بەرچاوبن و بیرلەوە بکەنەوە کە خزمەتگوزاری گشتی یەکێکە لە هەستیارترین ئەرکەکانی ئایندە، کە دەبێت هەموومان بە هۆشیاری کاری بۆ بکەین و پلانی زانستیمان بۆی هەبێت و هێزی توانای ئەقلانیمان بۆ بخەینەگەڕو نزیکترین پردی پەیوەندی حزب و خەڵك لەم کاروانەدا دروست بکەین یاخود چاکتریان بکەینەوە.

٣- هۆشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و فیکری بۆ ئەرك و مافێکی دیکەی ئایندەمان کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ژیان و بژێوی ڕۆژانە و بەردەوامی خەڵکەوە هەیە، ئەویش بیرکردنەوەی پەیگیر و کارکردنی بەرپرسانەیە بۆ چاککردن و باڵاکردنی ئاستی ژیانی گوزەرانە لە کوردستان. هەر هێزێکی سیاسی چەند دەتوانێت

کاریگەر بێت لەسەر باشکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵك و چەند بتوانێت ژیانێکی شایستە بۆ کۆمەڵانی خەڵك فەراهەم بکات، ئەوەندەش و زیاتریش دەتوانێت لە خەڵك نزیك بێتەوە. دابینکردنی ژیانی گونجاو یان لانی کەمی ژیان، بۆ هەر تاکێك وادەکات کە (ی.ن.ك) بەرەو سەرکەوتن بڕوات. دەبێت هۆشیار بین و بیربکەینەوە و بەرنامە و کارنامەمان بۆ ئەوە هەبێت کە ئەرکی سەرشانی دەسەڵاتە بەشێوەی دادپەروەر ژیانی هەمووان دابین بکات و ڕێزو کەرامەتی مرۆڤ لەم زەمینەدا پارێزراوتر بکات. هەتا خەڵك بەرەو و ژیان و بژێوی باشتر و شایستە بڕوات، زەمینەی گەشەکردنی ئابوری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی دەوڵەمەنتر دەبێتو هەستی ناسنامە و یەکبوون لەگەڵ یەك بەرەو باڵاتر دەچێت.

یەکێك لە کێشەکانی ئەمڕۆی کوردستان نادادپەروەرییە لە ژیان و بژێویدا، و ئەرکی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانە کە لەڕێگای یاساوە کاربکات بۆ بەرزکردنەوەی داهاتی ئەوانەی کە لە چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگان و هەندێکیشیان لە ژێر هێڵی هەژارییەوە دەژین. هەوڵدان بۆ پەیداکردنی هەلی کارو چارەسەکردنی بێکاری و داهێنانی بەرنامەی زانستی و ئابووری بۆ ئەوەی تاکی کورد لە بەکاربەروە ببێت بە بەرهەم هێنەر. یاسای کار و داکۆکی کردنی یاسایی لەوانەی کە ناچارن هێزی کاری خۆیان بفرۆشن و دەرکردنی یاسایەك بۆ زەمانەتی کۆمەڵایەتی کرێکاران و کارمەندانی کەرتی تایبەتی ئابووری، لەم زەمینەیەدا دەتوانن کاریگەری باشیان هەبێت لەسەر باشترکردنی ژیان و بژێوی هاڵاتیان.

٤- یەکێك لەو پرسە گرنگانەی ئەمڕۆی کوردستان، کە دەبێت بە هۆشیاری مامەڵەی لەگەڵ بکەین، پرسی بەڕێوەبردن و نوێنەرایەتی هاوچەرخی سیاسیە. بەڕێوەبردنی دەسەڵات لە کوردستانی دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ هەتا ئێستا ڕووبەڕووی چەندین گرفت و ئاستەنگ بۆتەوە و نەیتوانیوە بەڕێوەبردنی مۆدێرن و شارستانی



دیموکرات پێشکەش بەکۆمەڵانی کوردستان بکات. نەبوونی دەستوور و زۆرجار کارنەکردن بەیاسا، یان وەرنەچەرخانی هێزی سیاسی بۆ دەسەڵاتی یاساییو نەبوون یان فەرامۆشکردنی فەلسەفەی حوکمداری دیموکراتی وای کردووە کە کابینەکانی حکومەتی هەرێم، وێڕی کارە باشەکانیان، چەندین کاری خراپ و گەندەڵی و نەبوونی سیستەم لەبەڕێوەبردنی توشی ئەزموونی دەسەڵاتداری کورد بکەن. لەو ڕوانگەیەوە کە بەڕێوەبردنی سیستەماتیکی دیموکراتی و دەسەڵاتی یاسا بەشێکە لە ئەرك و مافەکان و پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ژیانو بەڕێوەبردنی وڵاتەوە هەیە، بۆیە دەبێت بەشێوەی هاوچەرخ دامەزراوەکانی حکومەت لەسەر بنەمای عەقڵانیەتی خاوەن توانا بەڕێوە بچن. ئەمەش ئەو ئەرك و مافەیە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەحیزبە سیاسیەکانەوە هەیە، بەتایبەتی ئەو دوو حیزبە کە ئێستا دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە. پرسی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی حیزب و حکومەت، یەکێکە لەو وێستگە گرنگانەی بەردەوام (ی.ن.ك) و یەکێتیی دەتوانێ و دەبێت لەم کاروانەدا بگەڕێتەوە بۆ بەرنامە و پەیڕەوی خۆی و پەیگیربێت لەو کارنامەیەی کە لەسەردەمی کۆنگرە و هەڵبژرادنەکاندا ڕایدەگەیەنێت. ئەرك و مافی هەڤاڵانی ڕێکخستن لەم مەبەستەدا دەکرێت هەستیار و بەرچاو بێت و هۆشیاری ئەوان لە پێناوەدا دەتوانێت کاریگەربێت. ئەگەر ئەوان هۆشیار و بەتوانابن لەم ئامانجەدا، سەرئەنجام سەرکردەکانیش گوێ دەگرن و پەیڕەوی ئایندەی لێدەکەن.

لێرە بەدواوە ئەرکی گۆڤاری (نوێبوون) و پەیامی بەشی ڕووناکبیر و ڕاگەیاندنی مەڵبەندی یەك، کارکردن دەبێت لەم پێناوەدا و داواش لە هەڤاڵانی ڕێکخستن دەکەین هاوکار و هاوڕێمان بن!

سەرنووسەر

# لێکۆڵینەوە

- قەیرانی رەوایی لە دیموکراسی کوردی دا.
- سیاسەتی تورکیا و هەرێمی کوردستان.
- کورد فاکتەرێکی گرنگ لە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکە.
- لێبوردەیی و پێکەوە ژیانی ئاشتیانە.





# قەیرانی رەوایی لە دیموکراسی کوردی دا

ئەکرەمی میهرداد

## دیموکراسی و رەوایی

١) لە سیستمی دیموکراتیدا، مانەوە و جێگیری سیاسی ناتوانرێت لە رێگاو پەیڕەوی دەسەڵات یان هێزەوە دابینبکرێت، تەوەری ناکۆك لە بەرامبەر دەسەڵاتی هێز یان هەژموون و بەرژەوەندی، پێی دەوترێت (ماڤ حاکمیەت) یان ماڤ دەسەڵاتدارێتی، کە ئەمەش هەمان ئەو شتەیە کە فەیلەسوفان و بیرمەندان پێی دەڵێن (رەوایی) یان شەرعیەت.

(ماکس ڤێبەر) کە دانەری تیۆری رەوایی بوو، بڕوای وایە دەوڵەتەکان یان دەسەڵاتەکانی سەردەمی دیموکراسی بە سێ شێوە رەوایی و ماڤ دەسەڵاتدارێتی خۆیان پەیدادەکەن، زۆربەی وڵاتانی ئەورووپای باکوورو وڵاتانی خاوەن بەرژەوەندی (کۆمۆن وێلس)ی بەریتانیا، لە رێگایەکەوە رەوایی خۆیان دابینکردووە کە ڤێبەر ناوی ناوە (رەوایی نەریتی)، ئەم وڵاتانە بە پەیڕەوکردن لە رەوایی ئینگلیزی بەهۆی پاراستنی رەوایی لە درێژەی کاری حکومەتی



هەواڵنامەی کتێب

پاشاییەوە دەستیانکرد بە دامەزراندنی دامودەزگا و سیستمی دیموکراتی. سوودوەرگرتن لە نیهاد و نەریتەکانی دەسەڵاتی پاشاکان و پەیڕەوکردنی یەکەمین ریفۆرمەکانی دیموکراتی، دەبێتە کارنامەی دەوڵەتی بەریتانیا و وڵاتانی ئەوروپای باکوور. لەم وڵاتانەدا دیموکراسی بەبێ پشتبەستن بە پایەکانی دەسەڵات و هەژموونی پاشایی، ئەگەر نەڵێین هەرگیز، بەڵام زەمینەی بوون و مانەوەی بەمجۆرەی ئێستا نەدەبوو.

دووەمین شێوەی رەوایی (بە پەیڕەوی لە تیۆری ماکس ڤێبەر)، لە رێگای سیستمی یاسا و رێساکانەوە پەیدابوو کە بێگومان لەو سەردەمەو لە ئێستاشدا جێگای پەسەندکردنی هەموو خەڵکی بووە. ئەمەش بەوشێوەیە بوو کە دامەزراندنی دەوڵەت و دەسەڵاتی حکومەت لە رێگای دەستوور و یاساکانەوە فەراهەمدەکرێت ڤێبەر بەمشێوەیە لە رەوایی دەڵێت (رەوایی عەقلانی- یاسایی)، بۆ نموونە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، (دەستور)ی وڵات دەبێتە بنەمای دامەزراندنی هەموو دەسەڵاتەکان و ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، یاساکان، رای گشتیو بیرورای دادگاکان بە رێزەوە تەماشادەکرێن، چونکە (یاسایین)و بەپێی دەستووری گشتیی وڵات ئەو یاسایانە دارێژراون، بۆیەش یاسایین، چونکە بەرهەمی ئەو رەهەندو سیستمانەن کە خۆیان لە رەواییدا یاسامەند کردووە، لەکاتێکدا کە دەوڵەت و حکومەتەکانی بەریتانیا و ئەوروپای باکوور رەوایی خۆیان بەشێوەی نەریتی و مێژوویی پاراستووە، بەڵام دەوڵەت و دەسەڵات لە ئەمریکا رەوایی عەقلانی- یاسایی خۆیان لە رێگای دەستوور و یاساکانی هەڵێنجراو لەو دەستوورە بەردەوامدەکەن. جۆری سێیەم لە رەوایی بە بڕوای ڤێبەر پێی دەوترێت (رەوایی کارێزماتیك)، کە ئەمەش زەمینەی سەرەکی و هۆکاری مانەوەی خۆی لە بڕوابوونی زۆرایەتی خەڵك بە هێز و رەوایی هەژموونی رابەران پەیدا دەکات.





بڕوابوونی خەڵك بە هێز و توانای دەسەڵاتی دامەزراو بەهۆی رابەرانەوە، جۆرێکە لە توانا و کارێزمای کەسایەتی مەزن، کە یان لەلایەن خوداوە نێردراون وەکو پەیامبەران و پیاوانی ئایینی، یان بەهۆی توانای سیاسی و رابەرایەتی نائاسایی ئەو کەسانەوە پەیدابووە کە ئەو دەوڵەت و دەسەڵاتەیان دامەزراندووە. بڕوابوون بە کەسایەتی یان پەیڕەوکردن لە کەسایەتی نائاسایی، جۆرێکە لە توندڕەوترین شێوەکانی رەوایی کارێزماتیك، ئەو سیستم و رژێمانەی کە لەم رێگایەوە دامەزراون، هەرگیز یان زۆر کەم پەنا دەبەنە بەر رەوایی مانەوەو بەردەوامبوونی دەسەڵاتیان لە رێگای رەوایی عەقلانی و یاسایی و پەنا نابەنە بەر حکومەتی پەرلەمانی بۆ هەژموون و دەسەڵات و بەرژەوەندیی خۆیان، زۆربەی کات لە هەوڵی ئەوەدان لە رێگای دەسەڵاتی رابەری کارێزماتیکەوە یان بەهۆی رەوایی ئەو کەسایەتیانەوە، درێژە بە دەسەڵات و کارنامەی خۆیان بدەن ناپلیون پۆناپارت، بنێتۆ موسولینی، ئادولف هیتلەرو خومەینی و سەدام حسێن یەکسەر لەلای هەمووان دەبنە ئەو نموونانەی کە لەو رێگایەوە دەسەڵاتیان بەدەستهێناو هەر بەوجۆرەش درێژەیان دا بە دەسەڵات و رەوایی خۆیان.

بەڵام دەوڵەت و دەسەڵاتەکانی کۆمۆنیستی هەرچەندە کە ئایدیۆلۆژی ئەوان نکۆڵی دەکرد لە نەخش و رەهبەری (پیاوانی مەزن)و دەیانوت کە ئەوان بە پشتیوانی هێزەکانی ماتریالیستی و دەسەڵاتی خەڵك حوکمدەکەن، جۆرێکی دیکەیان لە رەوایی و هەژموونی کارێزماتیکیان داهێنا، کە ئەویش رەوایی و رەهبەرێتی ئایدیۆلۆژیایەك بوو کە لەسەر دەستی (پیاوانی بەهێزو مەزنی) وەکو لینین، ستالین، ماوتسی تۆنگ، فیدڵ کاسترۆ و جۆزیف برۆزتیتۆ پەیدابوو، هەر لەو رێگایەشەوە زەمانەتی دەوڵەت و دەسەڵاتی خۆیان دەکرد. (١)

٢) (کریستیان دولا کامپانی) کە یەکێکە لە بیرمەندە ناسراوەکانی فەرەنساو لە ساڵی ٢٠٠٠دا لە پاریس کتێبێکی بەناوی (فەلسەفەی سیاسەت لە جیهانی هاوچەرخدا) نووسیوە، بە بڕوای ئەو فەلسەفەی سیاسەتی دیموکراسی یان ڕەوایی دیموکراسی لەسەر سێ بناغە دادەنێت و بەوشێوەیەش بیردەکاتەوە کە ڕەوایی ئەم سیستمە یان فەلسەفەی بوون و مانەوەی ئەم سیستمە پەیدا دەبێتو درێژە بە ژیانی خۆی دەدات.

دولا کامپانی دەڵێت کە سیستمی دیموکراسی و بەتایبەتی دیموکراسی نوێنەرایەتی بنەما و پایەکانی لە سەردەمی فەیلەسوفان و بیرمەندانی سەردەمی (تاکگەرایی لیبرال)دا دامەزراوە و پەیوەندی بە دیموکراسی دێرینی یۆنانەوە نییە.

بنەمای یەکەم لەلایەن (جۆن لۆك)ی ئینگلیزییەوە دانراوە کە بنەمای خوێندنەوەی بەرامبەر و مودارات و لێبوردەییە، بەوپێیە دەوڵەت و حکومەت ناچارە و دەبێت لە چوارچێوەی دەسەڵاتی خۆیدا ئازادیی دەربڕینی بیروڕای سیاسی و فەلسەفی و ئایینی و نەژادی بۆ هەمووان دابینبکات، بەو مەرجەی کە یاسای گشتی یان سیستمی سەرەکی دەوڵەت پشێوی تێنەکەوێت، ئەم بنەمایە دەبێتە زەمینەی دانپێدانانی دەسەڵاتەکان بە ماف و ئازادییەکاندا و سەرئەنجام دەستووری هەردوو وڵاتی بەریتانیا و ئەمریکا لەبەر ڕۆشنایی ئەم بنەمایەی جۆن لۆکدا نووسرانەوە.

بنەمای دووەمی دیموکراسی لەلایەن فەیلەسوف و یاسازانی فەرەنساوە دانراوە کە ئەویش (مۆنتیسکیۆ)یە، کە خاوەنی وتە بەناوبانگەکەی گەوهەری سیستمی دیموکراسییە کە ئەویش ئەوەیە گرنگ نییە کە کێ حکومەت دەکات، بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە بە چ سیستمێك حوکمبکەین. مۆنتیسکیۆ بۆ ئەم مەبەستە بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی ناو سیستمی دیموکراسی بە





کارساز و کاریگەر دەبینێت، بە بڕوای ئەو جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی تەشریعیو تەنفیزی و دادوەری، گرنگترین بنەمان بۆ هێنانەدی سیستم و یاسای دیموکراسی بە بڕوای ئەم بیرمەندە هێزی یاسادانەر دەستوور و یاساکان دادەڕێژێ و هێزی تەنفیزی یان بەڕێوەبەر دەبێت ئەو بنەما و یاسایانە جێبەجێبکات و دەسەڵاتی دادوەریش چاودێری هەردوو دەسەڵاتەکەی دیکە دەکات، هەموو ئەو کەسانەش سزادەدات کە هەر یاسایەکیان پێشێلکردبێت.

مەبەست لەم بنەمایە (بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە یەکتری)، پەیداکردن و بەرقەرارکردنی (دەسەڵاتی یاساییە) (The rule of law)، کە پاراستن و داکۆکیکردن لە هاوڵاتییانی پێسپێردراوە لە بەرامبەر هەر خراپ بەکارهێنانێکی دەسەڵات و بەتایبەتی پاراستنی خەڵکە لە بەرامبەر ئەگەری سەرهەڵدانی سەرەڕۆیی و ملهوڕی لەلایەن کاربەدەستانی حکومەتەکانەوە.

بنەمای سێیەم لەلایەن جان جاك ڕۆسۆوە دانراوە، بنەمای دادپەروەریە کە کەمتر لەو دوو بنەمایەی دیکە لە سیستمەکانی دیموکراسی ئەمڕۆ پەیڕەودەکرێت، تەنانەت لە سیستمەکانی ئەوروپا و ئەمریکاشدا.

بەپێی ئەم بنەمایە، وڵاتێکی دیموکراتی کە شایانی ئەم وەسفە بێت، تەنیا بەپێی دیموکراسیەکی رووکەش یان دیموکراسی هەڵبژاردن و نوێنەرایەتی ناتوانێت ڕەوایی و فەلسەفەی بەردەوامبوونی خۆی دابینبکات، لە بەرامبەر نایەکسانی کۆمەڵایەتی و مادیی کە هاوڵاتییان لەیەك جیادەکاتەوە، بێکاربێت. بە بڕوای دولا کامپانی و بە پەیڕەوی لە ڕۆسۆ، بنەمای دادپەروەری دەبێت یەك ئامانجی ئاشکرا و ڕۆشنی هەبێت کە ئەویش بنەمای (دادپەروەری کۆمەڵایەتییە)، دولا کامپانی ئەو پرسیارە دەکات کە ئایا لە چ ڕەوش و زەمینەیەکدا دەتوانین بانگەوازی ئەوە بکەین کە لە وڵاتێکی دیاریکراودا، (دادپەروەری کۆمەڵایەتی)



هەواڵنامەی کتێب

بالادەستە یان حوکم دەکات؟ وەڵامی ئەو بەمجۆرەیە کە پرسەکە زۆر دژوارو نادیارە، بەڵام لانیکەم دەبێت بەوە دڵخۆش بین کە یاساو سازوکاری تایبەتی یاسای دادپەروەر بە جۆرێك بێت کە نایەکسانی و جیاوازی گەورەو مەزن لە زەمینەی ژیان و ئازادیو بەهرەمەندیدا بەرەو کەمبوونەوە بچێت.[٢]

وەڵامی ئەم پرسیارە بە رۆشنتر لەلای (جان راولز)، بیرمەندو فەیلەسوفی سیاسیی ئەمریکییە، کە لە ساڵی ١٩٧١دا کتێبێکی نووسی بەناوی (دەربارەی دادپەروەری). راولز بڕوای بەوەیە کە دادپەروەری کۆمەڵایەتی دوو بنەمای هەیە، بنەمای یەکسانی و بنەمای جیاوازی. بنەمای یەکسانی ئەوەیە کە دەبێت هەموو هاوڵاتییانی ناو سیستمی دیموکراسی یەکسانبن لە ماف و ئازادییەکاندا و دەبێت هەموویان لە بەرامبەر یاسا و دەستووردا یەکسانبن و هەمووکەس هاوڵاتی پلەیەك بێت.

بنەمای جیاوازی، واتە بڕواهێنان بە جیاوازییە مادیی و سروشتییەکان و جیاوازبوونی مرۆڤەکان لە دەرامەتی رۆژانەیاندا، بەڵام دەبێت ئەم نایەکسانی و جیاوازیانە بە جۆرێك لە یاسا و دەسەڵاتەکاندا دابنرێت، کە بەرژەوەندی ژیان و ئازادی و کەرامەتی خەڵکە هەرە لاواز و هەژار و دەستکورتەکان دابینبکات، واتە ئەم بنەمایە دەبێت ژیانی ئەوجۆرە خەڵکانە مسۆگەربکات لە هەموو زەمینەکانی مافە سروشتییەکانی: (خواردن، جلوبەرگ، شوێنی ژیان، تەندروستی، پەروەردەو فێرکردن، ئاسایش، ژیانی سۆزداری و سێکسی، کارو بیمەی بێکاری و ئازادی بیروڕا دەربڕین)، پاشان دان بەو نایەکسانی و جیاوازیانەدا بنێت کە لە دەرەوەی ژیان و ئازادی و کەرامەتی ئەو خەڵکانەدایە، گرنگ نییە یەکێك کارگەی هەیە، بەڵام دەبێت کار یان بیمەی بێکاری بۆ هەمووان دابینکرابێت، گرنگ نییە کەسێك خاوەنی نەخۆشخانە بێت، بەڵام دەبێت ژیانی تەندروست و بیمەی تەندروستی بۆ هەمووان زەمانەت کرابێت و. . . هتد.[٣]





(٣) (ئالان تۆرین)، فەیلەسوف و کۆمەڵناسی ناوداری فەرەنسی، لە کتێبی (دیموکراسی چییە؟) کە لە ساڵی ١٩٩٤دا نووسیویەتی، فەلسەفەی سیاسی یان بنەماکانی رەوایی دیموکراسی بەمشێوەیە و لەسەر سێ بنەما باسدەکات.

بنەمای یەکەم یان دەسەڵاتی یەکەم بۆ فەلسەفەی بوونی دیموکراسی و پەیدابوونی رەوایی ئەو سیستمە بریتییە لە دەسەڵاتی عەقڵ یان بنەمای عەقلانییەت کە بەرهەمهێنەری سیستمی نوێنەرایەتی و هەڵبژاردن و نوێکردنەوەی هەڵبژاردن و دەستاودەستکردنی دەسەڵاتەکانە بەهۆی ئەو هەڵبژاردنانەوە، ئالان تۆرین بڕوای بەوەیە کە بەرهەمهێنانی دەسەڵاتی سیستمو دەستوور و یاسا و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، بەرهەمی عەقڵ و دەسەڵاتی عەقلانییەتە کە تا ئێستا مرۆڤایەتی بەدەستیهێناوە و ئەزموونیکردووە. دەسەڵاتی عەقڵ و بیرکردنەوەی عەقلانیەت پێماندەڵێن کە دەبێت دەسەڵاتی زۆرایەتی لەلایەن هەڵبژاردن و سیستمی نوێنەرایەتییەوە بەدیبێت و ئەم دەسەڵاتەش دەبێت مودارات و ماف کەمینە بپارێزێت و سەرکوتیان نەکات.

بنەمای دووەم دەسەڵاتی فەرهەنگ و ناسنامەیە کە دەبێتە رەهەند و ناسنامەی کلتوری بۆ دەسەڵات و کۆمەڵگا، بە بڕوای تۆرین، ناسنامە و فەرهەنگی گشتی دیموکراسی دوو قۆناغی بڕیوەو یەکەمیان فەرهەنگ و ناسنامەی دەوڵەتی نەتەوە، دووەمیان ناسنامە و فەرهەنگی دەوڵەت و کۆمەڵگای هاوڵاتییە، بێگومان ئەوەی دووەمیان فراوانتر و دادپەروەرانەترە لەوەی یەکەمیان و ئەم فەرهەنگە وێڕای خوێندنەوەو موداراتی فەرهەنگەکانی نەتەوە، ئایین، ئایدیۆلۆژیاو تایەفە و نەژادەکان، بەڵام هیچکام لەوانە ناکاتە فەرهەنگ و ناسنامەی گشتیی دەوڵەت و وڵات.

فەرهەنگی هاوڵاتی، ناسنامە و کلتورەکانی دیکە لەبەرچاو دەگرێت و ماف

ئەوان دەپارێزێت، بەڵام هیچکام لەو ناسنامە و فەرهەنگانە ناکاتە فەرهەنگی گشتیی دەسەڵات و کۆمەڵگا، مانای وایە هەموو فەرهەنگەکانی دیکە ئازادن لە پەیڕەوی خۆیان و پاراستنی خۆیان، لە هەمانکاتدا هیچیان ناتوانن و نابێت بکرێنە فەرهەنگی گشتی لە هەموو ڕێگاکانی یاسا و ساز و کارەکانی دەسەڵات و قەڵەمڕەودا.

بنەمای سێیەم دەبێتە دەسەڵات و ڕەهەندی ئازادی کە توانیویەتی مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتیبوون و ماڤ تاکەکان بەرهەمبهێنێت، ئەم سێ بنەماو ڕەهەند و دەسەڵاتە دەبنە سیستمی پەیوەندی و کاریگەری بۆ ئاواکردنی دیموکراسی و پایەداربوونی، هەریەکە لەم سێ ئاست و بنەمایە بەهۆی هێز و کاریگەری ئاستەکانی دیکە سنووردار دەکرێت و لە حاڵەتی داکۆکیکردن، نەک هێرشبردن دەیپارێزێت.(٤)

سەرئەنجام فەلسەفەی بوون و ڕەوایی دیموکراسی لەوەدایە کە سیستم و ناسنامە و ماف و ئازادی و عەدالەتی گشتی بپارێزێت، لە هەردوو تیۆرەکەی دولا کامپانی و ئالان تۆرینیدا هەمان دەرئەنجامی دەبێت.

ئەگەر سیستمێك یان دەوڵەت و دەسەڵاتێك نەتوانێت پابەندبێت بەو بنەمایانەوە، بێگومان بنەماکانی ڕەوایی و زەمینەکانی بوون و مانەوەی دەکەوێتە ئاستەنگەوەو چارەسەرنەکردنی ئەو ئاستەنگانەش دەبێتە هۆکارەکانی پەیدابوونی قەیرانی ڕەوایی لەو سیستمانەدا.

(٤) لەناو بیرمەندان و فەیلەسوفانی ئەم سەردەمەدا هیچکەس هێندەی (یۆرگن هابرماس)، فەیلەسوف و بیرمەندی ئەڵمانی، لە نووسین و کتێبەکانیاندا گرنگیی بە پرسی ڕەوایی و عەقلانیەت و دەوڵەتی یاسا نەداوە، پرسیاری مەزنی ئەو بۆ هەمیشە باسکردن لەو هەلومەرجە بووە کە باس و گفتوگۆی عەقلانی





دەربارەی کاروباری گشتی و بڕیاردانی دیموکراتی فەراهەمدەکات.

هەندێك لە خوێنەرانی هابرماس بە ئاشکراو ڕۆشنی ئەو پرسە دەخەنەڕوو کە ئەندێشە تۆباوییەکانی مەعریفە و کاری ڕزگاریخواز، ڕەوشی ئامانجداری پەیوەندی و کرداری پەیوەندیدار و ئەخلاقی گفتوگۆ، بە چ شێوەیەك دەتوانرێت لە واقیعیەت و هەلومەرجی ناهەموار و کردارەکانی خۆپەرستانەی هەندێك پێکەوە هەڵبکەن یان بگونجێن؟

لەم زەمینەیەدا هابرماس بۆ یەکەمین جار لەدوای ساڵی ١٩٦٨ باسەکانی دەربارەی (قەیرانی ڕەوایی) لە کتێبێکدا نووسی، پاشان لە دەیەی ١٩٨٠دا باسەکانی خۆی دەربارەی یاساو ئەخلاقیات و نوێکردنەوەی چەمکی نەریتی دەوڵەتی یاسا درێژەپێدا، مەبەستی هابرماس لە دەوڵەتی یاسایی ئەو دەوڵەتەیە کە بەرجەستەکاری یاسایە، ئەمەش بەوە دەبێت کە پرسە سەرەکییەکانی ڕەوایی دەوڵەت چارەسەر و نوێبکرێتەوە: شێوەکانی یاسایی و مافدانی دەسەڵاتی دەوڵەت چۆن دەتوانێت خاوەنی ڕەوایی بێت یان لە دیدگای هاوڵاتییاندا ڕەوابێت؟ وەڵامی هابرماس ئەوەیە کە پرسە گرنگەکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ماف و ئازادی و بەشداریی زیاتری هاوڵاتییان لەلایەك و ئاڵۆزی و وردەکاری یاسا و ڕوخسارەکانی موحاسەبەکەری ئەو دەسەڵاتە یاساییە لەلایەکی دیکە، دەبێت لە ڕوانگەی ئەخلاقی بەرژەوەندییەکانی گشتەوە دیاریبکرێت.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە پرسە گرنگەکانی هابرماس بۆ ڕەوایی دەوڵەت و کۆمەڵگا دەبێتە ئامانجەکانی: دەوڵەتی ڕەوایی یاسایی، بەشداری زیاتری هاوڵاتییان و پرسی دادپەروەری و ئازادی.

هابرماس لە یەکێك لە باسەکانی خۆی بەناوی (ئاڵوگۆڕی بونیادی لە کۆمەڵگای گشتی)دا، باس لە پرسی بەشداری و هۆشیاری زیاتری هاوڵاتییان لە

کاروباری دەوڵەت و کۆمەڵگادا بەمشێوەیە دەخاتەڕوو:

چۆنایەتی عەقڵانی یاسادانانی سیاسی تەنیا پابەندنییە بەوەی کە زۆرایەتی هەڵبژێردراو و کەمایەتییەکانی ژێر دەسەڵات و پاراستنی ئەوان چۆن لە پەرلەمانەکاندا کاردەکەن، بەڵکو پەیوەندیدارە بە ئاستی بەشداری و هۆشیاریو زانیاریی گشتی دەربارەی پرسەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگا و تەنانەت پەیوەستە بە سەرهەڵدانی هۆشیاری و بیروباوەڕی نارەسمی کۆمەڵگای مەدەنیش.

هابرماس بەڕوای هەندێك لە تیۆرسازانی سیستەم و یاسا وەکو (نیکولاسلۆمان) بەتەواوی ڕەخنە دەکات و دەڵێت ئاڵۆزبوونی کۆمەڵگا مۆدێرنەکان و سیستمی یاسایی و مافدانیان، نابێت بکرێتە هۆکارێك کە ئاڕاستەی یاسا یان کارایی یاسا بەدەربێت لە بنەمای ئەخلاق و دادپەروەری و فەزیلەت و بەشداری گشتی. عەقلانیەتی یاسا دەبێت بەوشێوەیە بێت کە (ماکس ڤێبەر) بە دروستی باسی دەکات، ئەمەش دەبێتە پێشمەرجی پێویست بۆ سەربەخۆیی یاساو بەپێی ئەم پرەنسیپە دەبێت ئەم عەقلانیەتە رووکەش نەبێت و تەنها سەرپۆش نەبێت بۆ سەلماندنی کارەکانی هێز یان دەسەڵات، بەڵکو دەبێت لە بەرژەوەندیی گشتی بێت، چونکە یاسا لە دەروونی خۆیدا پابەندە بە ئەخلاق و دادپەروەریەوە، ئەم ئامانجەش لە خۆیدا ئامانجێکی سیاسییە و لێرە بەدواوە (دەوڵەتی یاسا) دەچێتە جێگای یاسای سروشتی عەقلانی کانت، سەرئەنجام بەهۆی ئەخلاق و عەدالەت و بەرژەوەندیی گشتییەوە، یاسا دەبێتە هێزێکی خودموختارو سەربەخۆ. لەلای هابرماس سەربەخۆیی سیستمی حقوقی تەنیا بەوە پابەندە کە لە یاسادانان و بڕیارداندا بێلایەن و سەربەخۆبێت بەرامبەر بە هێزو بیروباوەڕەکان، بەم هۆیەشەوە عەقلانییەتی ئەخلاقی بچێتە ناو یاساو سیاسەتەوە، هیچ یاسایەك بەبێ هاتنەدی دیموکراسی ناتوانێت





سەربەخۆ بێت، پاشان وتە بەناوبانگ و پڕ بانگەوازەکەی خۆی دەدات بە گوێی هەمووانداو دەڵێت: سیاسەتی سەراپا بێلایەن و خاوەن ڕەوایی گشتی دەوڵەتی حقوقی بەبێ دیموکراسی رادیکاڵ شایانی هاتنەدی و پاراستن نییە.[٥]

یەکێکی دیکە لە بڕواکانی هابرماس سەبارەت بە ڕەوایی و دەوڵەتی مۆدێرن، نیشاندانی ئەو لایەنەیە کە دەوڵەتی مۆدێرن بەرهەمی مانەوەی سەرمایەداری و خزمەتکاری ئەو سیستمە ئابووری و سیاسییەیە. لە سەرەتاکانی دەیەی ١٩٧٠دا هابرماس لەکاتی لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی خۆی لە بەرهەم و نووسینەکانی هەندێك لە ئابووریناسانی سیاسی، دەیوت دەوڵەتێك کە نەیەوێت خەڵك لەدەستی کارەساتە خراپەکانی قەیرانی ئابووریی سەرمایەداری رزگاربکات، بەو ئەندازەیە ڕەوشی کۆکردنەوەو پەیداکردنی پشتیوانی خەڵك بۆ بەرنامەکانی لەدەستدەدات و بەمشێوەیە ڕەوایی دەوڵەت و دەسەڵاتی دیموکراسی سنووردار دەبێت، چونکە هەرچەندە دەوڵەت لە رزگارکردنی خەڵك لە دەستی قەیرانە ئابووری و سیاسییەکان لاوازتر بێت بەو ئەندازەیە ڕەوایی کەمتر دابیندەکات.[٦] سەرئەنجام بڕواو تیۆری هابرماس سەبارەت بە ڕەوایی دەوڵەتی دیموکراسی لەم خاڵانەدا کۆدەبێتەوە، دەسەڵاتی دەوڵەتی یاسایی و عەقڵانی، بەشداری هەرچی زیاتری خەڵك لە دیاریکردنی چارەنووسی دەوڵەت و کۆمەڵگا، پرسەکانی ئازادی و دادپەروەری و مەسەلەی رزگارکردنی خەڵك لە چەنگی ئاستەنگ و قەیرانەکانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی، واتە فەراهەمکردنی زەمینەکانی دەوڵەتی یاساو ماف، بەشداری سیاسی گشتی و ئازادی و دادپەروەری نەهێشتن یان کەمکردنەوەی کاریگەری قەیرانەکان لەسەر ژیانی خەڵك، دەبنە زەمینەکانی ڕەوابوونی دەوڵەتی دیموکراسی مۆدێرن.



هەواڵنامەی کتێب

## سەرئەنجام و بەکورتی

### ڕەوایی دیموکراسی لەم خاڵانەدا کورت دەکەمەوەو بەمجۆرە بەئەنجامدەگەن:

١- فەلسەفەی دەسەڵات و سیستمی دیموکراسی لە ڕێگای هێزی مەوجودەوە نابێت، بەڵکو لە ڕێگای (مافی حاکمیەت)و ڕەواییبوونی ئەو دەسەڵاتەوە بەدیدێت کە لە ڕێگای دەستوورو یاساوە شەرعیەت پەیدادەکات.

٢- دەبێت ئەم دەستوور و یاسایە عەقڵانی بێت، بەرژەوەندی گشتی، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و ماف و ئازادییەکان بە یاسا بسەلمێنێت.

٣- بنەمای دادپەروەری کۆمەڵایەتی یان ئەوەی کە بیرمەندانی کلاسیك پێی دەڵێن خێرو چاکە (فەزیلەت)، دەبێت بکرێتە ناوەرۆکی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەو سیستم و کۆمەڵگا یاسایی و عەقڵانییە.

٤- بەشداری گشتی بۆ دیاریکردنی چارەنووسی دەسەڵاتی سیاسی لە ڕێگای هەڵبژاردن و دیاریکردنی چارەنووسی کۆمەڵی مەدەنی لە ڕێگای کارو کاریگەری هۆشیارانەی خەڵك لە نیهاد و ڕێکخراوەکانی خۆیاندا.

٥- دیموکراسی هەر بە تەنیا دەسەڵاتی زۆرایەتی هەڵبژێردراو نییە، بەڵکو دابینکردنی ماف و ئازادی و پاراستنی کەمینەکانیشە.

٦-دەسەڵات و نوێنەرایەتی دیموکراسی لە ڕێگای یاسای عەقڵانی، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، دابینکردنی ماف و ئازادی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و بەشداری گشتی و دابینکردن و پاراستنی مافی کەمینەکان دەبێتە





دەسەڵاتی بێلایەن لە هێزو بیروباوەڕەکان، ئەمەش هێنانەدی دیموکراسی رادیکاڵە لە بەرژەوەندی هەمووان.

٧- سیستم و دەسەڵاتی دیموکراسی وێڕای پاراستنی ماف و ئازادی و عەدالەت، دەبێت لەکاتی ئاستەنگەکاندا لە خەمی رزگارکردنی هەمووان‌دا بێت، نەك بە تەنیا دەسەڵات یان چین و توێژە دەوڵەمەندەکان.

★★★★ ★ ★★★★

## قەیرانی ڕەوایی لە دیموکراسیدا

یەکەمین کەس کە بۆ یەکەمینجار چەمکی زانستی قەیرانی سیستمی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی سەرمایەداری باسکرد، کارل مارکس بوو یۆرگن هابرماس بە پەیڕەوی لە مارکس و لەسەر بناغەی تیۆری دەوڵەتی سەرمایەداری مۆدێرن‌و بە خستنەڕووی کێشەکانی سیستمی سەرمایەداری پێشکەوتوو، باس و تیۆری قەیرانی ئەو کۆمەڵگایە دەخاتەڕوو.

هابرماس بە نووسینی کتێبێك دەربارەی (قەیرانی ڕەوایی) تیۆری خۆی دەربارەی دەوڵەتی سەرمایەداری مۆدێرن دەخاتەڕوو، لەم دیدگاو تیۆرەدا هابرماس باس لە چوار شێوەی قەیران دەکات، بە بڕوای ئەو ئەم قەیرانانە لە زەمینەی ئەو کێشانەدا سەرهەڵدەدەن کە ئەو بە کێشە و ئاستەنگی ڕەسەنی ئەم سیستمەی دەزانێت، بە بڕوای هابرماس (قەیرانی ئابووری و سیاسی) سەرەتای سەرهەڵدانی قەیرانەکانە و چارەسەرنەکردنی ئەم قەیرانە و بەشداری و دەستتێوەردانی دەسەڵات بۆ چارەسەر دەبێتە زەمینەی سەرهەڵدانی (قەیرانی عەقڵانیەت) و مانەوە و بەردەوامبوونی، ئەمەش دەبێتە هۆی پەیدابوونی

(قەیرانی ڕەوایی)و کەمبوونەوە یان نەمانی پشتیوانی و وەفاداری خەڵك بۆ دەوڵەتی مۆدێرن، سەرئەنجام (قەیرانی بەهانە یان متمانە) هۆکارەکانی بوون و مانەوەی دەوڵەتو سیستەم دەخەنە ژێر پرسیارو گومانەوە.

بابەتی تەوەری لە تیۆری قەیرانەکانی هابرماس بریتییە لە سەرلەنوێ باسکردن و هەڵسەنگاندنەوەی هەلومەرجەکانی (گۆڕانکاری دەروونی یان خودی) لە پەیدابوون و شێوەسازبوونی سەرمایەداری پێشکەوتوو. [٧]

بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی میتۆدی دیدگای هابرماس دەربارەی قەیرانی ڕەوایی لە دیموکراسی و سەرمایەداری پێشکەوتوودا باس بکەم، چاکتر وایە هەنگاوەکانی ئەو تیۆرە بە خاڵ باس بکەم.

یەکەم: کەموکوڕییەکان یان نابەسامانییەکانی سیستمی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی کە دەبنە ئاستەنگ یان کێشە بۆ خەڵك و دەسەڵات، ئەوکاتە یان ئەو سەردەمە دەبنە قەیران کە کار و خزمەتگوزارییەکان یان کارکردەکانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی دەسەڵات بەشێوەیەکی ئاشکرا، کەمتر یان نزمتربێت لە ئاستی چاوەڕوانی و داواکارییەکانی خەڵك و نەتوانێت بگاتە ئاستی ژیانی شایستە بۆ مرۆڤی سەردەم و نەبێتە هۆکارێك بۆ سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی ڕوخسارەکانی ژیانی سەردەم و ڕێگربێت لە بانگەوازەکانی خەڵك و کاردانەوە بەرگریخوازەکانی ئەوان لەم هەلومەرجەدا هەوڵدانی کۆمەڵایەتی و جەماوەری ژیانی گشتی ڕاستەوخۆ دەکەونە ژێر کاریگەری خراپی کەموکوڕییەکان یان ئاستەنگەکان، بەڵام پێشئەوەی کە ئەم ناکۆکی و دژایەتیانە ئەتۆم و بونیادی یەکپارچەی کۆمەڵگا بخەنە بەردەمی هەڕەشە لەناو ڕووبەر و بەرینایی کۆمەڵگادا، بلاودەبنەوە.

دووەم: بەمشێوەیە هابرماس دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە گومان دەکات لەوەی





قەیرانەکانی ئابووری و سیاسی هەمیشە شایانی چارەسەرکردن بن و ئەگەر چارەسەریش بکرێن، بێگومان چارەسەرێکی کاتی یان بۆ سەردەمێکی دیاریکراون، ئەم کارە بەشێوەیەك ئەنجامدەدرێت کە زەمینەو مەیلی دەرکەوتنی قەیرانی دیکە پەیدا دەکات.

سەرئەنجام قەیرانی ئابووری و نابەسامانی ئابووری دەبێتە قەیرانی سیاسی، ئەمیشیان دەبێتە قەیرانی کۆمەڵایەتی و بەرەو قەیرانی فەرهەنگی و برینداربوونی وتاری سەردەم دەچێت و لەکۆتاییدا تەواوی سیستمی مەوجود یان دەسەڵاتدار دەکەوێتە قەیرانەوە، هەر لێرەدا هابرماس لەوە دڵنیامان دەکاتەوە کە ڕەوش و ڕوخساری ئابووری یان قەیرانی ئابووری تایبەتە بە سەرمایەداری لە سەرەتای پەیدابووندا، بەڵام لە سەرمایەداری پێشکەوتوودا پرسی دەوڵەت و دەسەڵات دەچێتە پێش پرسەکانی دیکە، هەربۆیەش هەموو قەیرانەکان دەبنە دەرئەنجامی کاری دەوڵەت و دەسەڵات.

سێیەم: دەخالەتی دەوڵەت یان دەسەڵاتی سیاسی و بەرەو زیادچوونی ئەم هەوڵانە ئەو قەیرانە پەیدا دەکات کە هابرماس ناوی دەنێت (قەیرانی عەقلانیەت)، ئەمەش هەمان ئەو قەیرانەیە کە کارکرد و بەرژەوەندی خودی دەسەڵات دەبێتە زەمینەو هۆکاری دروستبوونی دەوڵەت یان دەسەڵات دەیەوێت لە بەرژەوەندی خۆی یان لە بەرژەوەندی چین و توێژی دەسەڵاتدار، بەتایبەتی ڕەوشی قەیراناوی چارەسەربکات، لەم چارەسەرەدا ناتوانا یان ناکام دەبێت و ناتوانێت پرۆسەی ئاشتکردنەوەی بەرژەوەندییە جیاوازەکان بە ئەنجام بگەیەنێت، سەرئەنجام پەنا دەباتە بەر جۆرێك لە چارەسەر کە دەبێتە قەیرانێکی دیکەو چارەسەری عەقلانی لە ئارادا نامێنێت و خوێندنەوەی ناسنامەو بەرژەوەندییە جیاوازەکان بەرەو نەمان دەچێت. نەبوون یان



هەواڵنامەی کتێب

دیارنەمانی چارەسەری عەقڵانی و گشتی لە چارەسەرەکاندا دەبێتە بناغەی ئەو شتەی کە مارکسیزم بە ئانارشی یان هەرجومەرجی سەرمایەداری ناوی دەبەن، چارەسەری عەقڵانی ئەو چارەسەرەیە کە لە بەرژەوەندی گشتی و پەیدابوونی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و ئاشتبوونەوەی گشتیدا بێت.

چوارەم: هەوڵەکانی دەوڵەت یان دەسەڵاتی وەخت بۆ پاراستنی سیستەم و بەرژەوەندی دڵخوازی خۆی، یان هەوڵدان بۆ یەکێتی و یەکپارچەیی سیستەمەکەی خۆی و بەدوور راگرتنی ئەو سیستەمە لە بەرژەوەندی جیاواز و ناکۆک و ناکام مانەوەی ئەو دەسەڵاتە بەشێوەی (قەیرانی رەوایی) دەردەکەوێت. ئەگەر دەوڵەت یان دەسەڵات نەتوانێت رێگاچارە یان ستراتیژی گونجاو بۆ ئاشتەوایی بەرژەوەندییە جیاوازەکان بدۆزێتەوە، رەوایی خۆی لە دیدو بیروڕای گشتیدا لەدەستدەدات و لێرە بەدواوە پشتیوانی خەڵك لەو سیستەمە بەرەو کەمبوونەوە یان نەمان دەچێت.

پێنجەم: دەوڵەت یان دەسەڵات کە ناتوانێت (یان لە راستیدا نایەوێت) چارەسەری گشتی و بەرژەوەندی گشتی بدۆزێتەوە، پەنا دەباتە بەر (وردە چارەسەر) یان چارەسەری لاوەکی و سیستەمێکی تازە یان لە راستیدا وردە سیستەمێکی سیاسی بۆ ئیدارەدان و کۆنترۆڵی قەیرانی عەقڵانیەت دەدۆزێتەوە سەرئەنجام رەوشەکە یان مەیدانەکە ئاڵوگۆڕی بەسەردێت و پرسەکان بەم وردە سیستەمە یان وردە چارەسەرە رازی نابن و قەیرانێکی دیکە یان قەیرانی چوارەم سەرهەڵدەدات کە پێی دەوترێت قەیرانی متمانە، قەیرانی متمانەش بەرەو (قەیرانی بەهانە) دەچێت و نە متمانەو نە بەهانە نامێنێت بۆ پابەندبوون و وەفاداری بەو سیستەمە، سەرئەنجام بەهانە یان هۆکارەکانی خودی سیستەمی مەوجود دەکەونە بەر هەڕەشە، قەیرانی متمانە یان بەهانە تەنیا لەسەر ئاستی





سیستەمی دەسەڵاتدارو باڵەکانی ئەو سیستەمەدا نامێنێت و تەواوی پشتیوانی و وەفاداری و ناسنامەی کۆمەڵگاش بۆ ئەو سیستەمە دەکەوێتە قەیران و لەناوچوونەوە، ئەمەش دەبێتە قەیرانی فەرهەنگ و وتاری سەردەم بێئامانج دەبێت و خەڵك وتارێکی ئامانجدار پەیدا ناکەن بۆ پشتیوانی دەسەڵات. لێرەدا زۆربەی خەڵك نەخش و پشکی خۆیان لە بەڕێوەبەردن و دەسەڵاتدا لەدەستدەدەن، یان لەوەش زیاتر بەشداری خەڵك بۆ دیاریکردنی دەسەڵات و سیستەم و چارەنوسی کۆمەڵگا بەرەونەمان دەچێت، بەمشێوەیە جۆرێك لە نامۆبوون و بێگانەبوون لەنێوان خەڵك و دەسەڵاتداو لەنێوان باڵەکانی خودی ئەو دەسەڵاتەش دەبێتە بەشێك لە ژیانی گشتی.

شەشەم: ئەگەر قەیرانەکانی ئابووری (پاشان سیاسی) قەیرانی سەرانسەری سیستەم بن، بەڵام قەیرانەکانی عەقڵانیەت قەیرانی وردە سیستەمی ئیداری یان بەشێك لە کۆمەڵگان، چونکە لێرەدا هەوڵەکانی خودی دەسەڵات و بەرنامەکانی ئەو بۆ بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵی تەکنیکی و بیرۆکراتی، لە خەمی ئەوەدان بەشێك لە دەسەڵات بە بەشێکی تری بگۆڕن و ئیدارەیەك بخەنە شوێنی ئیدارەیەکی دیکە.

قەیرانەکانی ناسنامە یان نەمانی بەهانەی وەفاداری و پابەندبوون بەو دەسەڵاتەوە، دەبنە قەیرانی تەواوی سیستەمی فەرهەنگی کۆمەڵگاو رەوشی ئامانجداری وتار یان هەلومەرجی وتاری ئامانجدار لەناودەچێت و کرداری پەیوەندیدار یان هاوبەش و کۆدەنگی ناو کۆمەڵگا بەرەو دیارنەمان دەچێت، لەم سەردەمەدا تەواوی شێوەکانی قەیران (ئابووری، سیاسی، عەقڵانی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی) جێگایان لەگەڵ یەك دەگۆڕنەوەو بۆ هەر کوێ دەچێت شێوازێك لە قەیران یان رەوشێکی قەیراناوی لە بەرامبەر شێوازو رەوشێکی دیکە پەیدا

دەبێت و سەراپای ژیان و کۆمەڵگا دەکەوێتە قەیرانەوەو مەیل و ئارەزووی خەڵك بۆ بەشداری یان وەفاداری لەو سیستمەدا لەناودەچێت. (٨)

**** * ****

## كاریگەرییەکانی قەیرانی رەوایی

**یەکەم:** سەرمایەداری پێشکەوتوو یان دەسەڵاتی سیاسی ئەو سیستمە کە دیموکراسی لیبرالییە، بەسەختی دەکەوێتە ناو قەیرانی رەوایی و ئەو هەڕەشەیە لە ئاستی کۆمەڵگادا سەردەردەهێنێت کە کۆمەڵانی خەڵك دەستیان بشۆن لە وەفاداری و پابەندی خۆیان بەرامبەر بەو سیستمە و چیدی زەمینەو بەهانەو هۆکارێکیان نامێنێت بۆ پشتیوانی خۆیان لەو دەسەڵات و چوارچێوەیە.

**دووەم:** دارمانی رووخسارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و رێگاگرتن لە سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەو تازەبوونەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و نەمانی هاوپشتی و هاوکاری کۆمەڵایەتی، سەرئەنجام لێکترازان و ناکۆکی و دژایەتی.

**سێیەم:** رەوشی گشتی و کۆمەڵی مەدەنی کە مەیدانی ئاڵوگۆڕو سازدان و پێشبینی و پەیوەندییەکانی نێو کۆمەڵگایە، بەهۆی فراوانبوونەوەی رووبەری قەیران و دەخالەتی سیاسی دەوڵەت بەرەو کەمبوون یان دیارنەمان دەچێت، رێکخراوە جەماوەرییەکان زیاتر لە دەوڵەت یان دەسەڵات دووردەکەونەوە، باڵەکانی ناو دەسەڵات یان حیزبە سیاسییەکان لەگەڵ یەکتردا بەجۆرێك لە سازش دەگەن و جەماوەری خەڵکیش بێبەشدەکرێن لەم بەشداری و سازشەو لە





دوورەوە چاوەڕوان دەمێننەوە، یان ئەو باڵ و لایەنانە لەیەکتری دوور دەکەونەوەو بەشێکیان دەچنەوە ناو کۆمەڵگا، ئەوانی دیکەش پابەند دەمێننەوە بە دەسەڵات. یەکێك لە بەرهەمە نارەسەنەکانی ئەم هەلومەرجە سازشی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگییە لە قەڵەمڕەوە جیاوازەکانداو لاوازبوونی تواناو گیانی رەخنەگرانەیە لەناو بەشێك لە دەسەڵات و کۆمەڵی مەدەنی و رووناکبیراندا، لەهەمانکاتیشدا سەرهەڵدانی شێوەیەکی تازەیە لە هەوڵی ریفۆرم و چاکسازی لە بەرامبەری ئەواندا، ئەم سەردەمە بە هەموو پێوەرەکانی سەردەمی بێباوەڕی و بێمتمانەییە لەنێوان باڵ و لایەنەکاندا.

**چوارەم:** بە بڕوای هابرماس لەناوچوون یان دیارنەمانی بە شێنەیی رەوش و بەرژەوەندی گشتی و کۆمەڵی مەدەنی کاریگەری بەرچاوی لەسەر رەوایی کۆمەڵی سەرمایەداری داناوە، لەکاتێکدا کە سیستمی دەسەڵاتدار پێویستی بە پەیداکردنی شەرعییەتە بۆ ئەوەی لانیکەم بتوانێت تا رادەیەك دەستێوەردانی دەوڵەت یان دەسەڵات بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و بەرژەوەندی تایبەتی زەمانەت بکات، بۆ ئەمەش پێویستی بە هاوپشتی و وەفاداری گشتی هەیە بۆ سیستمی سیاسی. یەکەمین کار لەم زەمینەیەدا ئەوەیە کە شێوەیەك لە دەستێوەردانی تەکنیکی و ئیداری بیرۆکراتی ئەنجامبدات (وەکو سازشی سیاسی نێوان باڵەکانی دەسەڵات، یان ریفۆرم لە روخسارو شێوازی دەسەڵات)، لێرەشدا جۆرێك لە هۆشیاری بیرۆکراتیك و دوور لە خەڵك پەیدادەبێت و دەسەڵاتخوازی جێگای ئامانجی بڕیاردانی گشتی لە کاروباری وڵاتدا دەگرێتەوە.

**پێنجەم:** بەهێزبوونی ئەم رەوتە وادەکات کە سیاسەت رۆژ بە رۆژ زیاتر ببێتە روخسارو تایبەتمەندی نێگەتیف و بێزراو، بۆ چارەسەری قەیرانەکان سنوورەکانی سیاسەت و ئابووری تێکەڵاو دەبن و هەندێکجار یەکتریش

بریندارەکەن، بەتایبەتی لە زەمینەی کارو بەشداری گشتیدا، سەرئەنجام سیاسەت بە تەنیا ئەو چەمکە نییە کە تایبەتمەندی سەرخان و فەرهەنگ بێت، بەڵکو دەیەوێت بە هەموو شێوەیەك بەرژەوەندی ئابووری دڵخوازی خۆی یان چین و دەسەڵاتی دڵخواز بپارێزێت، هەر لەم دیدگایەشەوە سیاسەت (بەتایبەتی سیاسەتی دەسەڵاتخواز) لە کایەو بەرژەوەندی گشتی دوور دەکەوێتەوە و سەنگەری تایبەتی دەوڵەمەندان یان خاوەن هێز و هەژموون و بەرژەوەندی بەهێز دەکات. بەهێزبوون و فراوانبوونی دەستتێوەردانی دەسەڵات دەبنە کارێکی بەردەوام و رۆژانەو سیاسەت دەبێتە ئەو روخسارە نێگەتیفەی کە هەمووان لێی بێزاردەبن.

شەشەم: دەوڵەت یان دەسەڵات لەلایەك دەیەوێت بەردەوامی بدات بە دەسەڵات و بەرژوەندی خۆی، لەلایەکی دیکە دەیەوێت لانیکەم ئاستێکی دیاریکراو لە پشتیوانی و وەفاداری خەڵك دابینبکات، یەکەمین کاریش بۆ ئەم مەبەستە ئەوەیە کە دەستتێوەردانی دەسەڵات لە سنوورەکانی کاروباری تایبەتی کەس و تاکەکان پەرەدەستێنێت، لێرە بەدواوە چارەنووسی کۆمەڵایەتی هەمووان بەندە بە دەسەڵاتی دەوڵەتەوە، دەستێوەردانی دەسەڵات یان سیاسەت لە ژیان و رەوشی گشتی دەبێتە زەمینەی سەرهەڵدانی لایەنێکی دیکە و دیدگایەکی دیکە لە سیاسەتدا، ئەویش سەرهەڵدانی داوا و خواستەکانی خەڵکە بۆ بەشداری لە بڕیارو کاروباری سیاسیدا گەشە دەکات. (٩)

★★★★ ★ ★★★★





## روانگەی فیکری بۆ چارەسەری قەیران

### دیدگاو ڕوانگەی بیریاری بۆ

لێکۆڵینەوە دەربارەی پرسی قەیران و چارەسەرەکانی، دەبێت هەوڵ و بۆچوونی عەقلانی و گەڕانەوە بێت بۆ عەقلانیەت، بەوپێیەی کە سروشتی عەقلانی سروشتێکی ئازادی و گشتییەو لە هەوڵی ئەوەدایە کە هەموو پارچەکانی گشت لەبەرچاو بگرێت و ژیان و ئازادی و کەرامەت و بەشداری ئەو بەشانە بکاتە بناغە و میتۆد بۆ چارەی کێشەکان، هەر لەم روانگەیەشەوە دەیەوێت پەیوەندی نێوان ئابووری، سیاسەت و ئازادی و فەرهەنگ سەرلەنوێ ئاوابکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستە دیسان هابرماس لە هەوڵی ئەوەدایە کە لە دیدگاو بەرژەوەندیی نێوان کارو عەقڵ و ئازادی کێشەکان بە چارەسەر بگەن، یان شێوەی بەکارهێنانی مارکس بۆ ئاواکردنی سیستم و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی سیستم بەکاربهێنێت، کە ئەویش دابینکردنی ژیان، کەرامەت و ئازادییە لە هەر سیستم و لە هەر رەوشێکی ئەو سیستمەدا ئەگەر سیستمێکیش ئەم لایەنانەی تێدا پەیدا نەبێت، بێگومان دەکەوێتە ئاستەنگ و قەیرانەوە، هەتا لەم قەیرانەشدا بەردەوام بێت، رەوایی لەلای خەڵك کەمدەبێتەوە یان لەناودەچێت.

سەرەتای کاری فیکرو فەرهەنگ بۆ باسکردن و چارەسەری قەیران، هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان (وتار و ئامانج)، یان هەروەکو هابرماس دەڵێت هەوڵدانە بۆ ژیانەوەی (رەوشی وتاری ئامانجدار) یان سازدان و پەیداکردنی ئیرادەیە لە رێگای گفتوگۆوە، تەنیا بەمشێوەیە دەتوانرێت پەیوەندی نێوان (کرداری پەیوەندیدار) و (عەقلانیەتی پەیوەندیدار) بگاتە

ئاستی (حەقیقەت) و لە ڕێگای بەشداری و ڕێککەوتن و کۆدەنگییەوە ڕاستی پەیدابکرێت.[١٠]

زۆربەی بیریاران و فەیلەسوفان بە بیروباوەڕ و ئاڕاستەی جیاواز سەرچاوەی سەرەکی سەرهەڵدانی قەیرانی ڕەوایی دەبەستنەوە بە ناکۆکی و دژایەتی چینایەتی (یان باشتر بڵێین نەبوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی)، هەربۆیەش دەبێت ئامانجی سەرەکی بۆ لێکۆڵینەوە و چارەسەری قەیرانەکان، گەیشتن بێت بە وتارێکی ئامانجدار دەربارەی پرسی دادی کۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی دادپەروەریەوە پرسەکانی دیکە بەرەو شیکردنەوەو چارەسەر بەرێت، تەنانەت کە دەچینە سەر پرسی بەشداری گشتی بۆ چارەسەرو نەهێشتنی کێشەکان، دەبێت لە ڕوانگەی بەشداری هەمووان و پشکی هەمووان بێت لە دیاریکردنی چارەنووسی گشتی و بەشەکانی ئەو گشتەدا.

پرسی بەشداری گشت و نەخشی بەشەکانی هەر گشتێك لە بەشداری و چارەسەری چارەنووسی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەرهەنگیدا، وێڕای ئەوەی کە تواناو ئەگەری تازە بۆ چارەسەر دەدۆزێتەوەو لە هەمانکاتیشدا نەخشی میحوەری و سەرکردایەتیی سیاسەت بەرەو کەمبوونەوە یان لاوازبوون دەچێت، لە باشترین حاڵەتیشدا سیاسەت دەکاتەوە بەشێك لەو گشتەی کە دەبێت ئاوابکرێت یان لە ڕەوشی قەیراندا چارەسەر بکرێت. هەروەکو لە کاریگەرییەکانی قەیراندا باسمانکرد، یەکێك لە کارکردەکانی قەیران ئەوەیە کە سیاسەت دەکاتە هێزی بڕیاردەرو ناوەندی، بەردەوامبوونی کاریگەریی ئەم هێزەش زیاتر قەیران بەرەو فراوانبوون و قوڵبوونەوەی دەبات، دەبێت ئەوەش بزانین یان باشتر بیری خۆمانی بهێنینەوە کە خودی سنووردارბوون یان نەمانی بەشداری گشتی یەکێکە لە زەمینە و هۆکارە بەهێزەکانی سەرهەڵدانی قەیران.





سەرئەنجام لەدوای وتار و کرداری ئامانجدارو پەیوەندیدار، پرسی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە بەشداری و پشکی گشتیداو مەسەلەی بەشداریی هەموو بەشەکانی ماف و ئازادی و چارەنووسی تاك و کۆمەڵ باشتر پەیدا دەبێتو درەخشانتر جێبەجێدەبێت، لەوانەیە لە هەندێك لەو سیستمانەدا کە بەشداری گشتی لاوازە یان نییە، بەشێك لە ماف و ئازادییەکان هەبێت، بەڵام ئەوەی کە بەشێوەی بەردەوام و پایەدار ئەو سیستمە هەموو ماف و ئازادییەکان دەهێنێتەدی، مەسەلەی بەشداری گشتییە لە ڕێگای وتار- فەرهەنگ، کۆمەڵی مەدەنی، پارتەکان و میدیای گشتییەوە دەبێت.

★★★★ ★ ★★★★

## قەیرانی ڕەوایی لە حیزب و دەسەڵاتی کوردیدا

### (١) دەسەڵاتی یاسا یان یاسای دەسەڵات

لە سیستمی دیموکراتیدا،
مانەوەو جێگیری سیاسی ناتوانرێت لە ڕێگا و پەیڕەوی دەسەڵات یان هێزەوە دابینبکرێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە بیرمەندان و فەیلەسوفان بڕوایان وایە کە دەبێت لە بەرامبەر دەسەڵاتی هێز، هەژموون و بەرژەوەندی ڕەوشێکی دیکە دەسەڵاتدار بێت کە پێی دەوترێت (ماف و یاسای دەسەڵاتدارێتی)، یان سەلماندنی ئەو دەسەڵاتە بەپێی دەستوور و یاسا، کە وەکو باسمکرد پێی دەوترێت ڕەوایی و هێز یان دەسەڵاتی یاسایی. بێگومان حیزب و دەسەڵات لە سەردەمی مۆدێرندا بەشێکن لە دەسەڵاتی سیستمی یاسایی و دیموکراسیش لەم ڕێگاو پەیڕەوەدا

یەکەمین بناغەی ڕەوایی خۆی پەیدادەکات، سەرئەنجام ناوەڕۆك و فەلسەفە و ڕەوایی دەسەڵات تەنیا بریتی دەبێت لە دەسەڵاتی یاسا.

بەپێی دەسەڵاتی دەستوور و یاسا دەبێت نیشتمان و وڵات ئەو چوارچێوە یان ڕووبەرەبن کە یاسا تێیدا سەروەر و سەربەخۆیە و هەموو هاوڵاتییان بەهرەمەندبن لە ماف و ئازادییەکان، دەسەڵاتی دەوڵەت و حکومەتیش کە هەڵبژێردراوی زۆرینەن، دەبنە هێزی جێبەجێکاری ئەو ناوەڕۆکە یاسایی و مافدارە نییە، بەکورتی دەوڵەت و حکومەت لە دیموکراسیدا پێیان دەوترێت دەوڵەتی یاسا و ماف.

واتە دەسەڵاتی دیموکراسی دەبێت لە ڕێگای دەستوور و یاساوە شەرعیەت پەیدابکات، نەك لە ڕێگای هێز و هەژموون و بەرژەوەندی. ئەگەر هێزێك یان حیزبێك هێز و دەسەڵاتی واقیعی هەبێت، زۆربەی خەڵکیش بە نوێنەری خۆیانی بزانن، دەبێت هەر بەوجۆرە هێزی خۆی بکاتە هێزێکی یاسایی و بە یاسا دەسەڵات و وڵات بەڕێوەبەرێت بەڵام لە کوردستاندا ئەوەی کە ئێستا دەسەڵاتدارە و کارنامەی ساڵانی ١٩٩٢ هەتا ئێستاش ئەوە دەسەلمێنن دەسەڵاتی یاسا نییە، بەڵکو بەپێچەوانە یاسا و شەرعیەتی دەسەڵاتی مەوجودە، جگە لە هەڵبژاردن، هیچکام لە کارنامە و سازوکاری ئەم دەسەڵاتە بەشێك نییە لە سیستمی یاسایی، بەڵکو سیستمی هێز و بەرژەوەندی حوکم دەکات. لە دەسەڵاتدا یاسا و هێز تەنیا لە بەرژەوەندی خودی دەسەڵاتدایە، لە کۆمەڵگاشدا یاسا و هێز تەنیا لە بەرژەوەندیی دەسەڵات و لایەنە بەهێزەکانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا تەواودەبێت. دەوڵەمەندەکان یان خاوەنانی بازاڕی بەناو ئازاد، سەرکردە و بەرپرسەکان، دەسەڵاتی خێڵ و عەشیرەتەکان، ئەو هێزانەن کە تەواوی ڕەوشی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیان کۆنترۆڵکردووە و یاساکانیش لە





بەرژەوەندی ئەوان تەواودەبێت.

جگە لەم بناغەیە، بنەمای ماف و ئازادییەکان تائێستا بە دەستوور و یاسا لەم نێوەدا قسەیەك لەئارادا نییە، ئەگەر جاربەجار حکومەت یان حیزبەکان باسێك لەم پرسانەش بکەن یان لە بەرنامەی خۆیاندا نووسیبێتیان، بەڵام لەڕاستیدا جێبەجێنەکراوە و بەردەوام پێشێلدەکرێن، چ لەلایەنی حکومەت بەرامبەر بەتەواوی کۆمەڵگا یان لەلایەن هێزی دەسەڵاتداری ناو حیزبەکان بەرامبەر بە ئەندامان و جەماوەرەکەیان، یان لەلایەن دەوڵەمەندان و بەرپرسانی حیزبی و حکومی و سەرۆك و سەرداری خێڵەکان بەرامبەر بە تەواوی هاوڵاتییان و دانیشتووان.

یەکێکی دیکە لە بنەماکانی دەسەڵاتی یاسایی ئەوەیە کە دەبێت دەسەڵاتی دادوەری، سەروەر و سەربەخۆ بێت و لەسەرووی هەموو هێزێکەوە بێت هەمووانیش لە بەرامبەر یاسادا یەکسانبن، بەڵام لە کارنامەی ڕەوشی دادوەریی لە کوردستان لە ماوەی (١٩) ساڵی ڕابردوودا ئەم ڕەوشانەی هەبووە، یەکەم هەموو دەسەڵاتەکانی تەنفیزی، یاسایی و دادوەریی لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتدا کاریانکردووە و دەسەڵاتیش بەدەست حیزبەوەیە و حیزبیش لەلایەن سەرکردەکانەوە کۆنترۆڵکراون. دەسەڵاتی یاسادانان و دادوەریی نەك سەربەخۆنین لە دەسەڵاتی تەنفیزی، بەڵکو خودی دەسەڵاتی تەنفیزیش لەلایەن حیزب و سەرکردەوە کۆنترۆڵکراون و لە بەرژەوەندیی ئەوان کاردەکەن، سەرئەنجام لە کوردستان نەك دەسەڵاتەکان لەیەك جیا و سەربەخۆنین، بەڵکو هەموویان لەژێر ڕەحمەتی حیزب و سەرکردەدا بوون و ڕەوایی خۆیان لەدەستداوە.

## (٢) یاسای عەقڵانی یان بەرژەوەندی یاسایی دەسەڵات.

تەواوی بیرمەندانی

کلاسیك و مۆدێرنی دیموکراسی بڕوایان وایە کە دەبێت سیستمی یاسایی لەسەر دوو بناغە دارێژرابێت، یەکەمیان ئەوەیە کە دەبێت ماف و ئازادی و بەرژەوەندیی هەمووان لەبەرچاوبگرێت، واتە ئەوەی کە دەبێت روانگەی گشتی هەبێت، دووەم ئەوەیە کە دەبێت تاك بکرێتە بەردی بناغە بۆ دەسەڵاتی یاسایی و بەهرەمەندی هەمووان لەو سیستمە، بۆیەش (تاك) کراوەتە ستاندارد یان پێوەر، چونکە هەموومان تەنیا لە تاکبووندا لەگەڵ یەك هاوبەش و یەکسانین، ئەگەری ئەوە هەیە جگە لەوەی تاکین، نەتەوەمان، نەژادمان، ئایینمان، باوەڕمان، تەمەنمان و رەگەزمان لەگەڵ یەك هاوبەش و یەکسان نەبێت، سەرئەنجام تاکبوونمان دەبێتە گەورەترین کۆڵکەی هاوبەشمان.

چارەسەری عەقڵانیش پێمان دەڵێت کە ناسنامەی گشتیی وڵات و نیشتمان دەبێتە ناسنامەی هاوڵاتیبوون و هەموومان لە ئەرك و مافدا دەبێت هاوبەش و یەکسان بین لەو هاوڵاتیبوونەدا.

یاساکان لە کوردستان نەك تەنیا روانگەی عەقڵانی و گشتی نییە، بەڵکو هێشتا ئەو یاسا کۆنانە بەکاردێن کە لە سەردەم و بەرژەوەندی بەعسدا دارێژراون، لە کوردستان هێشتا یاسای کار بوونی نییەو هەموو ئەو کەسانەش کە دەبێت هێزی کاری رۆژانەیان بفرۆشن بۆ ژیان، بەبێ هیچ هێز و پاڵپشتێکی یاسایی کەوتوونەتە یان خراونەتە ژێر رەحمەتی دەوڵەمەندان و خاوەنانی بازاڕی ئازاد.

لە کوردستان هێشتا یاسای ماف و بیمەی تەندروستیمان نییە و تائێستا لە کوردستان خەبەرێك لە ماف و پێوەری تەندروستی نییە، ئەگەر هاوڵاتییان





بۆخۆیان توانایەکی ماڵیان نەبێت، دەبنە قوربانی بێدەسەڵات لە بەرامبەر نەخۆشی و بێ مافی تەندروستی، بەرژەوەندی و تەماحی کەرتی تایبەتیش لەولاوە بوەستێت کە هەموو ساڵێك یان کەمتر نرخی کاڵاو پێداویستییە تەندروستییەکان بەرزدەکەنەوە.

هێشتا لە کوردستان دەستوور و یاسایەك نییە بۆ بەهرەمەندیی هەمووان لە ماف و ئازادییەکان، ئەوانەش کە ئەم و ئەو بەدەستیانهێناوە، بە هێزو توانای تایبەتی بەدەستهاتووە، لەم رەوشەدا لاواز و پەراوێزەکان دەبنە قوربانی، لەکاتێکدا دەبێت ئەوە بزانین کە عەقڵانیەتی دەستووری بۆ ماف و ئازادییەکان لەوەدایە کە ئەو ماف و ئازادیانە دەبێت "بدرێت" بەو کەسانەی کە لاواز و پەراوێزن و ناتوانن بە توانا خودییەکانی خۆیان بەدەستیانبهێنن.

هێشتا لە کوردستان روانگەی گشتی بۆ ماف و ئازادی ئەوەیە کە دەبێت مافو ئازادی بسەنرێن، هێشتا هەموو کورد بڕوای بەوەیە کە ماف نادرێت بەڵکو دەسەنرێت. ئەوەی کە داگیرکەران بە نەتەوەی کوردیان کردووە لە زەمینەی مافو ئازادییەکان، یان هێزو بەرژەوەندی نێودەوڵەتی هەڵوێستی چۆن بووە بەرامبەر بە هاوڵاتییان و تاکی کوردی ئەوە دەکەن، ئەویش ئەوەیە کە ماف و ئازادی نادرێت، بەڵکو دەبێت بسەنرێت. لێرەوە فەرهەنگی گشتیش لەم زەمینەیەدا هێشتا لە رەوشی کۆندا ژیان بەسەردەبات.

سەرئەنجام تەواوی رەوشی ژیان لە کوردستاندا دەبێتە ئەوەی کە بەهێزان و دەسەڵاتداران تەواوی مەیدانەکانی ژیانی خەڵك کۆنترۆڵ بکەن، لەم نێوەشدا دەنگی یاسایی ئازاد و دادپەروەر نامێنێت، ئەگەر رەوش و ساز و کارێکی یاساییش هەبێت (کە زۆربەی جار گەڕانەوەیە بۆ یاساکانی بەعس)، دەبێتە یاسایەك کە لە خزمەتی بەرژەوەندی و هێزی دەسەڵاتداراندایە.

جا ئەو دەسەڵاتدارانە سەرکردەکان، حیزبەکان، خێڵەکان، دەوڵەمەندەکان و بەرپرسەکان هەرکامیان بن و هەریەك بەپێی سەنگ و سووکی خۆی بەشێك لە قازانج و بەرژەوەندی و هێزی بەردەکەوێت.

## (٣) لە کوردستان هەوڵێك لە داد پەروەری کۆمەڵایەتی نییە!

هـــــــەروەکو

باسمکرد پێوەری گشتی و عەقڵانی بۆ دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە دوو بنەمادا دەردەکەوێت، بنەمای یەکەم بنەمای یەکسانییە ئەوەیە کە دەبێت تەواوی هاوڵاتییان بە یاسا یەکسانبن لە ماف و ئازادییەکاندا، بەتایبەتیش مافە سەرەتاییەکانی (خواردن، پۆشاك، شوێنی ژیان، تەندروستی، ئاسایش، پەروەردەو فێرکردن، کار یان بیمەی بێکاریی، ژیانی سۆزداری و سێکسی و سەرئەنجام ئازادیی بیروڕا و کارکردن و شوێنی ژیان). بنەمای دووەم کە بنەمای جیاوازییە، ئەوەیە کە دەبێت جیاوازی و نایەکسانییەکان بە جۆرێك بە یاسا ڕێکبخرێن کە لە بەرژەوەندی کەسان و چینە هەژار و لاوازەکاندا بێت، واتە دوای ئەوەی کە مافە سەرەتایی و ئازادییە یاساییەکان بۆ هەمووان دابیندەکرێت، پاشان باس لە جیاوازیی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی دەکرێت، هێشتا لە کوردستان خەبەرێك لەم بنەما یاسایی و دادپەروەریە نییە!

ئەم بنەمایە دەبێت لە سێ زەمینەی گرنگدا جێبەجێبکرێت، ئەمەش بە پاڵپشتی یاساو حکومەت و رای گشتی:

زەمینەی یەکەم، زەمینەی ماف و ئازادییەکانە بۆ هەمووان و دەبێت هەموو کەسێك (بەتایبەتی هەژارترین و لاوازترینەکان)، لەو ماف و ئازادیانە بە یاسا بەهرەمەندبن مافی ژیان (خواردن، پۆشاك، تەندروستی و شوێنی ژیان)،





دەبێت بۆ هەمووان دابینبکرێت، ئەگەر کەسەکان خۆیان توانییان بە توانا و دەرامەتی خۆیان ئەم مافانە بەدەستبهێنن و حکومەت خەمیان نەخوات، دیارە چی لەمە باشتر دەبێت، بەڵام ئەگەر ئەو کەسانە نەیانتوانی لەم مافانە بەهرەمەندبن، بێگومان دەبێت دەسەڵات و یاسا لەو مافانە بێبەشیان نەکات.

ئەگەر کەسێك کاری هەبوو، دەبێت داهاتی کارەکەی بەشی پێداویستی و خۆشگوزەرانییەکانی بکات، ئەگەر کاری نەبوو یان دەستینەکەوت، دەبێت بیمەی بێکاری (یان خانەنشینی)، ئەو مەبەستانە بهێنێتەدی.

پەروەردە و فێرکردن لە هەموو قۆناغەکاندا، بە قۆناغی خوێندنی پسپۆڕیشەوە دەبێت بە خۆڕایی و لەبەردەستی هەمووان بێت، بەڵام ئەگەر خوێندنی کەرتی تایبەت و بە پارە لە وڵات دامەزرا، نابێت ئاستی خوێندنی رەسمی و خزمەتگوزارییەکانی ئەو خوێندن و پەروەردەیە لەوان کەمتر و نابەهرەمەندتر بێت.

زەمینەی دووەم، پرسی مووچەی مانگانە و سەرمووچە و دەرماڵە بۆ ئەو کەسانەی کە کاریان هەیە. سیستەمی مووچە دەبێت بە جۆرێك ڕێکبخرێت کە کەمترین مووچە (بۆ سادەترین کار) بە جۆرێك بێت، کە بەشی هەموو پێداویستییەکانی ژیان بکات و بەشێکیش بۆ لایەنی رەفاهی و خۆشگوزەرانیشی تێدابێت، پاشان مووچە باڵاکان لەدوای ئەو ستاندارده دیاریبکرێت، بەڵام لە کوردستان تەنیا مووچە باڵاکان دەتوانن دەرۆستی ژیان بدەن و مووچە کەمەکان هەرگیز بەرگەی ئەو گرانییە ناگرن کە دەوڵەمەندان و دەسەڵاتدارانی کوردستان کردوویانەتە بەری بازاڕی کوردستان.

زەمینەی سێیەم، نرخی کاڵاکان لە بازاڕدا دەبێت بەپێی سیستمی بازاڕی ئازاد بێت، واتە دەبێت بەپێی دوو پێوەر دیاریبکرێت:

پێوەری یەکەم ئەوەیە کە دەبێت هاوڵاتییان ئازادبن لەوەی کە چ جۆرێك دەکڕن و ئەوجۆرەیان دەستبکەوێت کە خۆیان دەیانەوێت و ستانداردی نێودەوڵەتیان تێدابێت، بۆ ئەم مەبەستە حکومەت دەبێت سیاسەتی دەسەڵاتی جۆرایەتی (السیطرة النوعیة) ڕەچاوبکات بەرامبەر بە کاڵاکان و ئەو کاڵایانەی کە لەو پێوەرەیان تێدا نەبێت، نابێت بهێنرێنە کوردستانەوە یان بەرهەمبهێنرێن لە ناوخۆدا.

پێوەری دووەم ئەوەیە کە دەبێت کەمترین نرخ بکرێتە ستاندارد و ململانێی نێوان بەهای کاڵاکان، بۆ ئەوەی هەمیشە هاوڵاتییان بە کەمترین نرخ شتیان دەستکەوێت، بەتایبەتی ئەو پێداویستی و کاڵایانەی کە ژیانی ڕۆژانەی پێوە بەندە.

سەرئەنجام کام پێوەری نێودەوڵەتی و دادپەروەری لەم زەمینانەدا جێبەجێکراون، ناهەقمانە بڵێین خەبەرێك لە دادپەروەری نییە لە کوردستان و تەنانەت لە هەڵوێست بەرامبەر بە بەرژەوەندی و کارو کاسبی نێوان دەوڵەمەندەکانیش، سیاسەتی فرسەت و چانسی یەکسان و عەدالەت بۆ وەرگرتنی کار و تەندەرەکان لەئارادا نییە، ئەو کەس و کۆمپانیانەی کە شەریك یان نزیکن لە بەرپرس و دەسەڵاتەکان، فرسەتی وەرگرتنی کارو بەرژەوەندیی زیاتریان هەیە. لە کوردستان ڕەوشەکە بە جۆرێك ترسناك و نادادپەروەرە، بۆ وەرگرتنی کار یان دامەزراندنی حکومیش دەبێت تەزکیەی حیزبی یان بەرپرسێك یان تەکەتولێکت هەبێت، بۆیە نەبوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و قەڵەوبوونی بەرژەوەندیی حیزب و سەرکردە و بەرپرس و خاوەن خێڵەکان و





دەوڵەمەندەکان کراوەتە پێوەرو ڕەوشی گشتیی سیاسەتی دابەشکردنی سامانی کۆمەڵایەتی و گشتی.

### (٤)نەبوونی بەشداری گشتی لە دیاریکردنی چارەنووسی دەسەڵات و کۆمەڵگا

زۆربەی بیرمەندان و ئەزموونی دیموکراسیی وڵاتانی خۆرئاوا ئەوەیان کردووەتە پێوەر بۆ بەشداری گشتی لە دیاریکردنی چارەنووسی دەسەڵات و کۆمەڵگا لەو سیستەم و دەسەڵاتانەدا کە پێیان دەوترێت دیموکراسی، لەو ڕێگایانەوە دەبێت کە باسمانکرد، واتە بوونی دەسەڵاتی دەستووری و یاسایی بە هەموو بەشەکانییەوە پرسی یاسایی و گشتی بوونی ماف و ئازادییەکان و مەسەلەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی ئەو ڕەوش و ڕێگایانەن کە بەشداری گشتی و تاکەکان دەکەنە پرسێکی بەردەوام و هەمیشە، چونکە بەشداری گشتی لە سیستمی نوێنەرایەتیدا ئەوە نییە کە هەمووان نوێنەری خۆیان بن و بەشداربن لە کاروباری بەڕێوەبردنی دەسەڵات و کۆمەڵگا، بەڵام مەسەلەکە بەوجۆرەیە کە هەمووان لە ڕێگای نوێنەرەکانیانەوە بەشدارو بەهرەمەندبن لە ئەرك و ماف و ئازادی و عەدالەتدا.

کۆمەڵگایەك یان دەسەڵاتێك کە بێبەش بێت لەم پرسە (نموونەی حکومەتو کۆمەڵگای کوردستان)، بوونی بەشداری گشتی و کاریگەری تاکەکان لەسەر چارەنووسی حکومەت و کۆمەڵگا یان زۆر لاواز یان هەر نییە، دەسەڵاتێکیش بەوجۆرە بێت ڕەوایی و پشتیوانی لەلایەن خەڵکەوە کەمدەبێتەوە یان نامێنێت. ڕوانگەی بیرمەندان و ئەزموونی دیموکراسیی وڵاتانی پێشکەوتوو بەهۆی دەسەڵات و نوێنەرایەتی دیموکراسی لە ڕێگای یاسای عەقڵانی، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، دابینکردنی ماف و ئازادی و دادپەروەری



هەواڵنامەی کتێب

کۆمەڵایەتی و بەشداری گشتی و دابینکردن و پاراستنی مافی کەمینەکان دەبێتە دەسەڵاتی بێلایەن لە هێز و بیروباوەڕەکان، ئەمەش دەبێتە دیموکراسیی رادیکاڵو بەهرەمەندو یەکسان لە بەرژەوەندیی تاك و گشتیدا، لەم سەردەمەدا ئەو بناغە شەرعی و یاسایی و رەوایە کە دیموکراسی لە قەیران دەپارێزێت یان رزگاری دەکات لەو قەیرانانە، بەڵام دیموکراسی لە کوردستان نەك بەهرەمەند نییە لە هیچکام لەو بنەمایانە، بەڵکو خودی دەسەڵات و حکومەت بوونەتە یان کراونەتە قەیران بۆ خەڵك.

**** * ****

## سروشت و پێکهاتەی قەیراناویی حیزبی کوردی

### ئەوەتەی حیزبی کوردی

هاتووەتە مەیدانی خەبات و سیاسەت و بەڕێوەبردنی پرسەکان، خاوەنی سروشت و پێکهاتەیەکی قەیراناوییە، تەواوی حیزبەکانی هەموو پارچەکانی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزراندنیانەوە خاوەنی ئەو قەیرانانەن کە باسمانکردن، یان لەڕاستیدا بۆخۆیان دروستکەری ئەو قەیرانانەن، هیچ حیزبێك نییە لە کوردستانداو لە هەموو کات و سەردەمێکی بوونیاندا، کارکردیان بەشێك نەبێت لە قەیرانی سیاسی و ئابووری و بەتایبەتی قەیرانی دەسەڵات و بڕیاردان لەناو خودی حیزبەکەی خۆیاندا.

هەموو حیزبەکان لەکاتی چارەسەری قەیرانی ناوبراودا پەنایان نەبردووەتە بەر پەیڕەو و یاسای عەقڵانی، هەرگیز حیزبی کوردی کاری بە





بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆ نەکردووە، ئەگەر بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆ بە دەستوور و یاسا یان عەقڵی گشتیی حیزب سەیربکەین، لەکاتی ئاستەنگ و قەیرانی ئابووری و سیاسیدا کار بەو عەقڵە گشتییە نەکراوەو لە بەرامبەر دەسەڵات و بەرژەوەندی هێزی باڵادەستدا کراوەتە روانگە و پێوەر بۆ چارەسەری کێشەکان زۆربەی کات و سەردەمەکانیش دەسەڵاتی سەرۆك یان سکرتێرەکان، دەسەڵاتی باڵا و بەرژەوەندیی سەردەست بووە، لێرەشەوە و لەپێناوی ئەو دەسەڵات و بەرژەوەندیەدا هەموو سەرۆك و سکرتێرەکان هەتا لە ژیاندابن هەرخۆیان دەسەڵاتی باڵاو نەگۆڕن، هیچ حیزبێکی کوردی نییە سکرتێرەکانیان کەمتر لە چارەکە سەدەیەك حوکمیان نەکردبێت.

دەستتێوەردان و دەسەڵاتی ئەو هێزە باڵایانە لە حیزبی کوردیدا هەرگیز لە بەرژەوەندیی گشتیی حیزب نەبووە، زۆربەی کاتەکان و هەموو جارەکان مانەوەو بەرژەوەندی ئەو هێزە باڵادەستانە کراونەتە پێوەر و دیدگا و بڕیار بۆ چارەسەری قەیرانەکانی ئابووری و سیاسی و دەسەڵاتی ناو حیزب، لەم هەلومەرجەدا بێگومان قەیرانەکان لە قەیرانی کاتییەوە دەگۆڕێن بۆ قەیرانی عەقلانیەت، تەواوی یاسا و پەیڕەوی گشتی و یاسای عەقلانی (بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆ)ی حیزب کاری پێناکرێت، تەواوی سیستمی راگەیەنراوی حیزب دەکەوێتە ناو قەیران و کێشەوە، ئەم قەیرانە کە ناتوانێت و نایەوێت بەرژەوەندی باڵای حیزب و عەقڵی گشتیی حیزب بەهەند بگرێت، سەرئەنجام ناتوانێت نوێنەرایەتی گشتی لە کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسییەکاندا بەرجەستە بکات، بەمجۆرە ناسنامە و پابەندی گشتیی هەموو حیزب و ئەندامان دەکەوێتە ژێر پرسیار و گومان، ئەمەش بەشێوەی قەیرانی رەوایی ناو حیزب دەردەکەوێت.



هەواڵنامەی کتێب

زۆربەی جاران یان هەموو کاتەکان چارەسەری کەمبوونەوە یان نەمانی پشتیوانی و وەفاداری گشتیی حیزبی، یان بەشێوەی دروستکردنی تەکەتولات بووە (نموونەی (ی.ن.ك) و حیزبەکانی دیکە)، یان بەشێوەی دەسەڵاتی ڕەهای سەرۆك و هێزی باڵادەست بووە (نموونەی (پ.د.ك) و (پ.ك.ك)). تەنانەت خودی فراکسیۆن و تەکەتولەکانیش لەدەوری بەرنامە یان دیدگایەکی سیاسی و فیکری نەبووە، ئەمانیش هەر لە روانگە و بەرژەوەندی کۆمەڵێك و لەدەوری کەسێکی بەهێز و کۆمەڵێکی دیاریکراودا بووە لەو حیزبانەدا.

چارەسەرنەکردنی قەیرانی ڕەوایی و نەخوێندنەوەی هەموو باڵ و هێز و کەسەکانی ناو حیزب هەتا هاتووە پەرەیسەندووە، سەرئەنجام تەواوی بونیاد و ناسنامە و وتاری ئەو حیزبانە کەوتووەتە ڕەوشی قەیران و یان گرنگینەدان بەو بەرنامە و ناسنامانە بووەتە، یان لەڕاستیدا کراوەتە کاری بەردەوامی حیزبەکان، لێرەشەوە ناسنامە و وتاری ئامانجداری حیزب یان لاوازبووە یان فەوتاوە، کارنامەی دووروودرێژی حیزبەکانی کوردستان لەم زەمینەیەدا باشترین بەڵگەن بۆ سەلماندنی ئەو قسانە.

هیچ یەکێك لە حیزبەکانی کوردستان نییە کە پابەند و وەفاداربێت بەرامبەر بەرنامە و ناسنامەی خۆیان، چەپەکان زیاتر لە ڕاستەکان لە هەوڵی کۆکردنەوەی سامان و بەرژەوەندین، عەلمانییەکان زیاتر لە ئیسلامییەکان کەوتوونەتە داوی کۆنەپەرستی دینی و مەزهەبییەوە، ئیسلامییەکانیش بوونەتە پاشکۆی دەسەڵاتی کوردی و سازش لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە، تەنانەت ئەگەر ئەو سازشە لەسەر خودی پێکهاتە و ناسنامەی ئاینیشیان بێت. کارەساتەکە لەوەدا نییە



هەواڵنامەی کتێب



کە تەنیا سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسیی ئەو حیزبانە بەوجۆرەبن، بەڵکو لەوەدایە کە تەواوی ئەندامان و کارگرد و سیاسەت و ڕەوشی ڕۆژانەش گیرۆدەی داوی قەیرانەکانی ئابووری و سیاسی، عەقڵانی، ڕەوایی و ناسنامەو متمانەن هیچ کەس و ئەندامێکی حیزبی کوردی نییە کە پابەندبێت بە وتار و ناسنامەی حیزبەوە و کار بە پەیڕەوی ناوخۆی ئەو حیزبە بکەن. دیدگا و ڕوانگەی هێز، تەکەتولات، بەرژەوەندی و پەیداکردنی دەسەڵات و هەژموون، ئەو میکانیزمەیە کە تەواوی کەس و ئەندامانی حیزبی پەیڕەویدەکەن و پێوەی دەناڵێنن.

سروشت و پێکهاتەی حیزبی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا کە مەیداندار و دەسەڵات و بەڕێوەبەری هەرێم و حکومەتەکەیەتی، گوێزراوەتەوە بۆ ناو حکومەت، حکومەتیش بەوشێوەیە بەڕێوەدەچێت یان بەوشێوەیە تووشی قەیران کراوە. لەناو حیزبدا سەرۆك و سکرتێرەکان دەسەڵات و بەرژەوەندی بێ ئەملاولایان هەیەو حکومەت کراوەتە پاشکۆی ئەو دەسەڵات و بەرژەوەندییە، یان لە باشترین حاڵەتدا (بۆ حیزب) کراوەتە سەرچاوەی پاوانکردنی ئەو هێز و بەرژەوەندییە و ڕەوشێکی هەتا بڵێیت خراپ و نالەباری بۆ خەڵك و کۆمەڵگا و حکومەتیش دروستکردووە.

ئێستا لە کوردستان قەیرانەکانی ئابووری و (سیاسی)، قەیرانی عەقڵانیەت، قەیرانی ڕەوایی و سەرئەنجام قەیرانی ناسنامە، لە هەردوو کایەی حیزب و حکومەتدا درێژەی هەیە و ماوەی زیاتر لە شانزە ساڵە (لە ساڵی ١٩٩٤و شەڕی ناوخۆ هەتا ئێستا)، حیزب و حکومەتی کوردی تەواوی کۆمەڵگای کوردستانیان خستووەتە ناو قەیرانەوە، هەموو ئەو ئاستەنگ و قەیرانانەی کە لە لاپەڕەکانی پێشوودا ئاماژەم بۆ کردن، بوونەتە و کراونەتە هەلومەرجی ڕۆژانە و بەردەوام لە کوردستان.

بەبڕوای بیرمەندان خراپترین کاریگەری قەیران، جگە لەو قەیران و کاریگەرە ترسناك و خراپانەی کە لە لاپەڕەکانی پێشوودا ناومهێناون، ئەوەیە کە سیاسەت و نوێنەرایەتی سیاسی، روخسار و ناسنامەی نێگەتیف و بێزراوی دەبێت لەلای خەڵك، چونکە سیاسەت ئەو هێزەیە یان ئەو دەسەڵاتەیە لە سەردەمی قەیراندا، کە رێگر و لەمپەڕە لە بەرامبەر تەواوی ماف و ئازادی و بەشداریی و نوێنەرایەتی خەڵکدا، لەمەش خراپتر ئەوەیە کە سیاسەت یان دەسەڵات و نوێنەرایەتی سیاسی، کارێکی وادەکات کە تەواوی خەڵك لە بیروڕا و دیدگای سیاسی دووربکەونەوە و دیسانەوە بچنەوە ناو کایەو سنوورەکانی ژیانی تایبەتی خۆیان، واتە پەیڕەوکردنی کاردانەوەیەکی سلبی لە بەرامبەر زیادەڕۆیی‌و درۆزنی و بێوەفایی سیاسەت و سیاسییەکان. روخسار و ئاماژەکانی ئەم رەوشە ئەوەیە کە گیان و ناسنامەی هاونیشتمانی و هاوڵاتی لاوازدەبێت و لای هەندێك کەس یەکسان دەبێت بە سفر. بەشداری سیاسی و هەوڵدان بۆ گۆڕین و ریفۆرم بەرەو بێئومێدی دەچێت و ناسنامەی فیکری و ئازادیخوازی بەرەو هەڵدێر دەڕوات، هەوڵ و گیانی خۆپەرستی و بەرژەوەندیخوازی پەرەدەسێنێت، سنوورەکانی کەسانی ئازادیخوازو دادپەروەر و رادیکاڵ لەگەڵ سنوورەکانی کەس‌و لایەنە پاوانخواز و گەندەڵ و کۆنەپەرستەکان لەلای خەڵك جیاوازیی نامێنێت، سەرئەنجام جۆرێك لە تەسلیمبوون و پاکانە و بێهودەیی دەبێتە رەوشی گشتی.

★★★★ ★ ★★★★





سەرچاوەکان:

١ـ دائیره المعارف دیموکراسی، زیر نظر سیمۆر مارتین لیپست، جلد اول، ترجمەی کتابخانەی تخصصی وزارت امور خارجه ایران، بابەتی مشروعیت و حاکمیت قانون لە نووسینی لیپست، ل ل ١٩ـ٢٠. چاپ اول، تهران ١٣٨٣.

٢ـ کریستیان دولاکامپانی، فلسفەی سیاست در جهان معاصر، ترجمەی بزرگ نادرزاد، انتشارات هرمس، چاپ اول ١٣٨٢، ل ل ١١-١٢.

٣ـ رابرت بی. تلیس، فلسفەی راولز، ترجمەی خشایار دیهیمی، انتشارات طرح نو، چاپ اول ١٣٨٥، ل ل ٦٥-٦٦.

٤ـ الان تورین، ماهي الديموقراطية (حكم الاكثرية ام ضمانات الاقليمة) ترجمە، حسن قبیسی، دارالساقی، الطبعة الثانیه ٢٠٠١، بیروت.

٥ـ ویلیام ئۆسوایت، (هابرماس) معرفی انتقادی، ترجمەی لیلا جو افشانی، حسن چاوشیان، نشر اختران، چاپ اول ١٣٨٦، ل ل ١٩٧-٢٠٠.

٦ـ جان لچت، پنجاه متفکر بزرگ معاصر از ساختارگرایی تا پسامدرنیته، ترجمەی محسن حکیمی، انتشارات خجسته، چاپ اول ١٣٧٧ ، ل ٢٩٠.

٧ـ یۆرگن هابرماس، بحران مشروعیت (تئوری دولت سرمایه داری مدرن)، ترجمەی جهانگیر معینی، نشر گام نو، چاپ دوم ١٣٨١ تهران، ل ل ٨-٩.

٨ـ استیون وایت، (خرد، عدالت، نوگرایی) نوشتەهای اخیر هابرماس، ترجمەی محمد حریری اکبری، نشر قطرة، چاپ اول ١٣٨٠ تهران، ل ل ٢١-٢٣.

٩ـ یورگن هابرماس، بحران مشروعیت. ل ل ١١-١٤.

-١٠یورگن هابرماس، هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل ٨

**هەموو وشەکانی ناو کەوانەکان شێوەی بەکارهێنانی هابرماسە**

# سیاسەتی تورکیا و هەرێمی کوردستان

ئازاد تۆفیق خەیات

## بەشی یەکەم/ ستراکتووری دەوڵەتی تورکیا

### ١- پێگەی دەوڵەتی تورکیا

ئاشکرایە کە دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، جارێکیتر لەبەرواری (٢٩/١٠/١٩٢٣ز)، سەرلەنوێ دەوڵەتی تورکیا بەڕیتمێکی عەلمانی و بەشێوازێکی ئەوروپییانە، خاوەن دەسەڵات و نفوز و سەروەری، لەسەردەستی کەسایەتی ژەنەراڵ (مستەفا کەمال) * کە نازناوی (ئەتاتورک)ی پێبەخشرابوو بنیاتنرایەوە.

لەساڵانی (١٢٩٩- ١٩٢٢ز) ئەستەنبوڵ پایتەختی ڕۆحی و گرنگی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بووە، بەڵام دواتر لەساڵی (١٩٢٤ز) لەسەردەستی ئەتاتورک شاری (ئەنکەرە) وەك پایتەخت دەستنیشاندەکرێت، ئەمەش بەخواستی خۆی نەبووە، بەڵکو ناچاربووە ئەم کارە ئەنجامبدات بۆ ئەوەی





لەچاوی دەوڵەتانی زلهێز و خواستی هەرێمی بیپارێزێت و لەتورکیای دانەبڕن، بەمانای دەستێوەردان و فشاری دەرەکی لەسەر ئەستەنبوڵ کەمبکاتەوە..[1]

تورکیا خاکێکی بەپیت و گرنگ و ستراتیژی هەیە، بەوەی کیشوەری ئاسیا و ئەوروپا پێکەوە دەبەستێت، ئەمەش پێگەیەکی تایبەتمەندی پێبەخشیوە، زۆرجار وەك پردێك لەنێو دوو کیشوەردا وێنای دەکرێت. لەگەڵئەوەی تورکیا دەکەوێتە نێو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە و پێگەیەکی ستراتیژی هەیە، نابێت ئەوەش لەیاد بکەین کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش خاوەن پێگەیەکی ستراتیژی و جیۆپۆلەتیکی گەلێك گرنگە. لەبەرئەوەی هەرسێ کیشوەری ئاسیا و ئەوروپا و ئەفریقا بەیەکەوە دەبەستێتەوە، لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە (٪ ٧٥)ی نەوتی جیهان لەم ناوچەیە دایە. بێگومان ئەمەش وایکردووە کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی وڵاتانی زلهێز بەدرێژایی مێژوو چاوی تێببڕن.

ئاشکرایە کە ڕووبەری خاکی تورکیا (٧٧٩٤٥٢) کم چوارگۆشەیە. بەشی ئاسیای (٧٥٥٦٨٨) کم چوارگۆشەیە، کە (٪ ٩٧)ی خاکی تورکیا پێکدەهێنێت وە بە(ئاسیای بچوك) یان (ئەناتۆلیا) ناسراوە، کە دەریای (بسفۆر) و(دەردەنیل) لە بەشە ئەوروپییەکەی جیادەکاتەوە. ..[2]

هەرچی بەشە ئەوروپییەکەیەتی، ڕووبەرەکەی (٢٣٧٦٤) کم چوارگۆشەیە کە (٪ ٣)ی خاکی تورکیا پێکدەهێنێت و بە (تراکیا) ناسراوە، لەڕاستیدا (٪ ١٠)ی دانیشتوانی تورکیا لەم بەشەی خاکی تورکیادا نیشتەجێن..[3]

تورکیا بە (سێ) دەریا دەورە دراوە، کە دەریاکانی (ناوەڕاست، ئیجە، ڕەش)ن. هەروەها دەوڵەتانی دراوسێشی پێکهاتوون لە (هەشت) دەوڵەت، کە (عێراق بە ٣٥٢ کم)، (ئازەربایجان بە ٨ کم)، (سوریا بە ٨٢٢ کم)، (بولگاریا بە ٢٤٠ کم)، (یۆنان بە ٢٠٦ کم)، (ئێران بە ٤٩٩ کم)، (جۆرجیا بە ٢٥٢کم) ،

(ئەرمینیا بە ٢٦٨ کم) بەشداری لە سنووردا دەکەن.. [٤] لەبەرئەوەی خاکی تورکیا کەناراوییە و ئاووهەوایەکی لەباری هەیە و دەوردراوە بە چەند دەریایەك، بۆیە (گەشتوگوزار) بووەتە یەکێك لە پایە ئابوورییە گرنگەکانی وڵات، کە ساڵانە ملیۆنەها دۆلار داهاتی تورکیایە.

لەلایەکی ترەوە، تورکیا دەکەوێتە نێوان هێڵەکانی درێژی (٣٦- ٤٢) وە هێڵەکانی پانی (٣٦- ٤٥) باکوور. ئەمەش گرنگیی پێگەی تورکیا دەردەخات لەڕووی جیۆئیکۆنۆمی و جیۆسیاسییەوە، جگەلەوەی خاکی تورکیا وا هەڵکەوتووە کە خاکێکی بەپیت و ئاووهەوایەکی گونجاو و کەناراوی هەیە. ئەمەش هاندەرێکی باشە بۆئەوەی دەوڵەتانی زلهێز هاوپەیمانی لەگەڵدا ببەستن، وە ببێتە ئەندام لە (پەیمانی باکووری ئەتڵەسی) واتە (ناتۆ).. [٥]

بەپێی تازەترین سەرژمێریی، کە لە (ویکیپیدیا- ویکیبیدیا، الموسوعە الحرە)دا ئاماژەی پێدراوە، ئەمڕۆ ڕێژەی دانیشتوانی تورکیا خۆی لە (٧٧) ملیۆن کەس دەدات. لەم ڕێژەیە، (٧٠) ملیۆنی موسوڵمانی سوننە مەزهەبە، (٥) ملیۆنی عەلەوی شیعە مەزهەبە، هەروەها (٢) ملیۆنیش کریستیانی و جوو، کەمەنەتەوەکانی ترە. لە ڕێژەی (٧٧) ملیۆن موسوڵمانەکە نزیکەی (٢٠- ٢٥) ملیۆنی کوردە.بەپێی نەژادی نەتەوەیی، لەم ڕێژەیە (٪ ٧٠- ٨٠) تورکن، (٪ ٢٠- ٣٠) کوردن، (٪ ٢- ٣) زازایین (بێگومان ئەمانیش کوردن)، (٪ ٢) عەرەب، (٪ ٠،٥) جۆرجی و ....هتد. هەروەها بەپێی ئایین و ئایینزاش ئەم ڕێژەیە پۆلێن کراوە بۆ (٪ ٨٥) سوننە، (٪ ٢٠) شیعەی عەلەوی، (٪ ٥،٨) کریستیانی ئارتەدۆکسی، (٪ ٠،٠٤) جوو ...هتد. . [٦] (هەرچەندە ئەم ڕێژانە بەپێی سەرچاوەکان دەگۆڕێن)(نووسەر)





## ٢- بنەماکانی دەوڵەتی تورکیا

دوای ئەوەی دەوڵەتی نوێی تورکیا دامەزرێنرا، ئەتاتورك هەرگیز ڕازی نەبوو جارێکیتر مۆرکی ئیسلامی بەبەری وڵاتەکەیدا بکرێتەوە، بەڵکو ئەو خوازیار بوو دەوڵەتێکی نوێی هاوچەشنی وڵاتە ئەوروپییەکان دابمەزرێنێت، دەوڵەتێکی عەلمانی کە لەسەر بنەمای (جیاکردنەوەی ئایین لە دەسەڵات) کاربکات، هەوڵیدا شوناسێکی نەتەوەیی بۆ بپچڕێت. نابێت ئەوەش لەیاد بکەین کە(دەوڵەتی نەتەوەیی) خواستی زۆربەی وڵاتان بوو، بەڵکو مۆدێلێکی بەبڕشتی ئەو سەردەمە بوو. ئاشکرایە کە نەتەوەپەرستی و نەژادپەرستی خولیا و مەبەستی سەرەکی کەمالیستەکان بوو. ئەوان هەردەم شانازییان بەوەوە دەکرد کە تورکن، لەڕوانگەی ڕەگەزی تورکەوە سەیری نەتەوەکانی تری ناو تورکیایان دەکرد، واتە هەموو نەتەوەکانی نێو خاکی تورکیایان بە هاوڵاتی تورك دەزانی. ئەم کارەشیان بە شۆڕشگێڕی دادەنا.

لێرەوە دەتوانین ئاماژە بەوە بدەین کە ئەو بنەمایانەی دەوڵەتی تورکیای لەسەر دامەزرا بریتی بوون لە " کۆماری، عەلمانی، نەتەوەپەرستی، دەوڵەت پەرستی، گەل پەرستی، شۆڕشگێڕی." دەکرێت ئەم شەش بنەمایە کورتبکرێنەوە لە "کۆماری، عەلمانی، دیموکراتی." بەپێی ئەم میکانیزمە، هەموو حکومەتێکی تورکی کاتێك دەسەڵات دەگرێتەدەست، نابێت ئەم بنەمایانە پشتگوێبخات، بەڵکو دەبێت بەرەوی پێبدات. دیارە دۆستایەتیکردنی دامەزراوەی سەربازی و هەماهەنگیکردن لەگەڵیدا، لە ئەولەویاتی سیاسەتی تورکیایە، کەحزبەکان و حکومەتەکان نابێت لەبیری بکەن.

دەستوری تورکیا بەئاشکرا دەسەڵاتی ڕەهای بەخشیوەتە دامەزراوەی سوپا، ڕێگەش نادرێت لە پرەنسیپەکانی کەمالیەت لابدرێت، عەلمانیەتیش سیمای

سەرەکی وڵاتە. لە دەستوری (١٩٢٤، ١٩٦١، ١٩٨٢ز)دا بە(دەق) هاتووە کە دەبێت پارێزگاری لە عەلمانیەت بکرێت، بەوەی خەسڵەتێکی بنچینەییە بۆ سیستمی سیاسی تورکیا. لەگەڵئەوەشدا، ئایدیۆلۆژیای کەمالیست * بووە بەفەلسەفەی سیستمی سیاسی وڵات. هەر هەنگاوێك بۆ ڕەتکردنەوەی یاخود پێدانی لێکدانەوەیەکی نەرم (تفسیر مرن)، بە بەزاندنی هێڵە سوورەکان لەقەڵەمدەدرێت و بەرەنگاربوونەوەی دامەزراوەی سەربازییە، پێدەچێت ئەزموونی سێ کودەتای سەربازی دەرخستەی ئەم ڕاستییە بن..[٧]

کەمالیزم لە تورکیادا سەربە ئایدیۆلۆژیا گەورەکانی وەکو " کۆمۆنیزم، فاشیزم، نازیزم"ە کە تێکڕا لە سەدەی بیستەمدا سەریان هەڵدا و هەمان سەدەش هەرەسیان هێنا. گەرچی کەمالیزم تائێستا لەئارادایە، بەڵام فاکتەرێکی گەورەی دابەشبوونە لەنێو کۆمەڵگای تورکیدا..[٨]

لەڕاستیدا کەمالیستەکان هەردەم جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە دەوڵەت و شوناس یەکێکە. ڕاستە دەوڵەت یەکێکە، بەڵام هەرگیز شوناس یەکێك نییە، بەڵکو تورکیا خاوەنی چەندین شوناسی نەتەوەیی، نەژادیی، ئاییینی، مەزهەبیی، کەلتووریی ودیکەیە، ناکرێت دەسەڵاتدارانی تورکیا نکوڵی لەبوونی نەتەوەکانی تر بکەن، بەتایبەت نەتەوەی کورد. گەر ماوەیەکی کاتیش ئەو ڕواڵەتەی بەجیهانی دەرەوەدا واڵاکرابێت، چیتر ڕێگە لەڕواڵەتی ڕاستەقینەی تورکیا ناگیرێت..

لەگەڵ هەموو ئەو ڕاستیانەی باسکران، دەوڵەتی تورکیا سوورە لەسەرئەوەی کە تەنها یەك نەتەوە لەخاکی تورکیادا بوونی هەیە، ئەویش نەتەوەی تورکە، ئەم ڕاستییەش لە دەستووری وڵاتدا ئاماژەی پێدراوە، وەك ماددەی (٣٠١)ی دەستوور کەجەخت لەسەر تورك بوونی سەرجەم پێکهاتەکانی تورکیا دەکاتەوە.





ئەوەتا ماددەی (٨٨)ی دەستووری وڵات، بەئاشکرا دێتە گۆ کە "هەموو دانیشتوانی تورکیا بەبێ جیاوازی ئایین ونەژاد گشتیان تورکن. هەروەها بڕگەیەکی ماددەی (٢)ی هەمان دەستوور جەخت لەسەرئەوە دەکات کە "زمانی تورکی بەزمانی دەوڵەت دادەنرێت." ٩ ئەتاتورك لە تشرینی یەکەمی (١٩٢٢ز)دا لەبەردەم (ئەنجومەنی نیشتمانی گەورەی تورك) لە ئەنکەرە، ئاماژەی بەوە دابوو کە " ئەو دەوڵەتەی دروستمان کردووە بریتییە لە دەوڵەتێکی تورکی." لەوەش زیاتر وتەکەی (عیسمەت ئینۆنۆ) * بوو کە لە کۆنگرەی یانەکانی ڕاگەیاندنی ڕۆشنبیری تورکدا ئاماژەی پێدابوو کە " ئێمە بەئاشکرا نەتەوەپەرستین، ناسیۆنالیزم تاکە هۆکاری یەکێتییەکەمانە و ڕەگەزێکیتر جگەلە زۆرینەی تورك بوونی نییە، دەبێت بەهەر نرخێك بێت ئێمە هاونیشتیمانییەکانمان بکەین بە تورك، ئەوانەش لەناو ببەین کە دژایەتی تورك و تورکایەتی دەکەن. دەمانەوێت ئەوانەی خزمەتی وڵات دەکەن تورك و تورك پەرست بن..[١٠]

مەرج نییە کۆتوبەند تاسەر کاریگەری هەبێت، ڕۆژێك دادێت کۆتوبەند لەدژی چەقبەستوویی خۆی، کۆتوبەند بشکێنێت. واتە ڕۆژێك دادێت ئەقڵییەتو سیاسەتی تورکیا گۆڕانکاری بەسەردا بێت. حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی تورکیا لەگەڵئەوەی نکوڵییان لە بوونی کورد دەکرد لەخاکی تورکیادا، بەڵام گۆڕانکارییە سیاسی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان ئەم میتۆدەیان گۆڕی و دیموکراسی (تا ڕادەیەك) جێی بە ڕاسیزم و ناسیۆنالیزم و کەمالیزم لەقکرد، چیتر دەنگۆی نەتەوەی کورد کپ ناکرێت. پێشتر دەربڕینی وشەی (کورد) بەکارێکی تاوانکاری لەقەڵەمدەدرا، بەکورد دەگوترا (گەلی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ). بەڵام گۆڕانکارییە جیهانی و کاریگەرییەکانی ڕای گشتی جیهانی و گلۆباڵیزە و مافی مرۆڤ و گەشەسەندنی هزری ئیسلامی و تێڕوانین و کارلێکی بەرژەوەندی



هەواڵنامەی کتێب

زلهێزان، ئەم داکەوتەیان تاڕادەیەك گۆڕی. ناکرێت ئەم ڕستەیە والێکبدەینەوە کە تورکیا چیتر ناچاربووە مافە سیاسی و سیڤیلی و کەلتوری و ڕۆشنبیرییەکانی کورد لەشەوورۆژێکدا بدات. بەڵام هەموو کارێك کاردانەوەی هەیە، واتە ئەوانەی باسکران و گۆڕانکارییەکان تاڕادەیەك بەرهەمیان هەبوو.

ئاماژە بەوەدرا کە ناوبردنی وشەی (کورد) تاوان بوو، حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانیش بەم میکانیزمە کاریاندەکرد. بەڵام لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، گرنگیدان بە کورد بەگشتی و کوردی تورکیا بەتایبەتی زیادیکرد، ئەمەش دوای ئەو کردارە چەکدارییانەی (پارتی کرێکارانی کوردستان- pkk ) هەڵدەستا پێی لەهەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا. ئەم کارە سەرۆك وەزیرانی پێشوو (تورکۆت ئۆزال) (١٩٢٧- ١٩٩٣ز)ی ناچارکرد بۆ یەکەمجار وشەی (کورد) بەکاربهێنێت، وەك وەسفکردنی گەلی کوردی تورکیا، هەروەها ساڵی (١٩٩١ز) ئەو یاساغ (حظر)ە گشتییەی سەر زمانی کوردیشی سووککرد..[11]

دیارە قەدەغەکردنی زمان وشە و ڕەگەز و شوناسی کورد، هۆکارەکەی دەستوور و سیستمی وڵات و بنەماکانی ئایدیۆلۆژیای کەمالیزمە، یاخود ڕاسپاردەکانی ئەتاتورکە، کە جەختی لەسەر تورك بوونی وڵات دەکردەوە. دیارە خواستی سەرەکی ئەتاتورك، بنیاتنانی هاوڵاتییەکی تورك نەژادی عەلمانی ناسیۆنالیستی دوور لە ئایین بووە.





## ٣- دامەزراوەی سەربازی

گەر لایەنی ئابووری وەلاوە بنێین، دەبینین کە بڕبڕەی پشتی تورکیا دامەزراوەی سەربازییە، دروستکەری بڕیار (صانع القرار)ی ڕاستەقینەی وڵات ژەنەراڵە سەربازییەکانن، پارێزگاریکردن لە بوون و بنەماکانی دەوڵەت و دامەزراوەی سەربازی، بە ئەرکی سەرەکی و لەچوارچێوەی بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵاتدا هەژماردەکرێت. هەروەك پێشتریش ئاماژەی پێدرا، ناکرێت حکومەت پێکبهێنرێت بێگوێدانە پرۆگرام و خواستەکانی سوپا و ئەم دامەزراوەیە، یاخود هەوڵدان بۆ ململانێکردن و بەرەنگاربوونەوە و کێشمەکێشی دەسەڵات لەگەڵیاندا.

لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیای عەلمانییەوە، "مستەفا کەمال" بەڵێنی دابینکردنی مافی نەتەوەکانی تورکیای دابوو بە "کورد و ئەرمەن و چەرکەس و ئۆزبەگ و لاز و ئەوانی دی." ئەم بەڵێنە وەك مانفێستی دەوڵەتی تورکیا هاتەکایەوە، بەڵام دوابەدوای "ڕێکەوتننامەی لۆزان" (١٩٢٣/٤/٢٣ز) و گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییەکانی ئەو سەردەمە، دروشمی "یەك ئاڵا، یەك نیشتمان، یەك نەتەوە، یەك زمان" لەناوخۆی تورکیا پەیڕەوکرا و کوردەکان بە "تورکانی چیا" ناوزەدکران..[12]

ستراکتووری دامەزراوەی سەربازی تورکیا، پێکهاتووە لە (سێ) هێزی سەربازی سەرەکی کە هێزەکانی "زەمینی، ئاسمانی، دەریایی" یە. دیارە ئەم سێ هێزە سەرەکییە بە ستافی "سەرکردایەتی سوپا" وە بەستراوەتەوە بەتوندی، کە باڵاترین دامەزراوەی سەربازییە. کاتێك شەڕ بەرۆکی تورکیا بگرێت، دوو هێزی دیکە دەبەسترێنەوە بەم سەرکردایەتییەوە، ئەوانیش " هێزی جەندرمە وهێزی

پاسەوانانی کەنارەکانی دەریان." لەکاتی ئاساییدا ئەم دوو هێزە سەر بەوەزارەتی ناوخۆن. ئاشکرایە لەشکرەکانی سوپا سەر بەوەزارەتی بەرگری نین، بەڵکو ڕاستەوخۆ سەر بە ستافی سوپان، ئەم ستافەش لەڕێگەی سەرکردەکەیەوە ڕاستەوخۆ بەستراونەتەوە بە "سەرکۆماری وڵات." سەرەڕای ئەم هێزانە، دەوڵەتی تورکیا هێزێکی چەکداری تری لە خێڵە کوردییەکان دروستکردووە، بۆ پاسەوانیکردنی ناوچە سنوورییە کوردییەکان، ئەم هێزە بەکرێگیراوانە ناودەبرێن بە" پاسەوانی گوندەکان." ساڵی (١٩٨٩ز) ژمارەیان (١٦٠٠٠) کەس دەبوو، بەڵام لەساڵی (١٩٩٣ز)دا ژمارەیان دوو ئەوەندە بوو..[١٣]

لەمێژووی تورکیای ئەتاتورکیی میلیتاریدا، دامەزراوەی سەربازی سێ جار کودەتای ئەنجامداوە، دژ بەحکومەتە تورکییەکان، ئەویش لەساڵانی (١٩٦٠، ١٩٧١، ١٩٨٠ز). هەرچەندە لەحوزەیرانی (١٩٩٧ز) هێندەی نەمابوو سوپا کودەتایەکی سەربازی لەدژی حکومەتەکەی ئەربەکان ئەنجامبدات..





## بەشی دووەم/ ناسنامەی ئیسلامی

### ١- ململانێی ئایین و عەلمانیەت

پێشتر ئاماژە بەوە درا کە عەلمانیەت مەرجی سەرەکی بونیادی وڵاتە، بەڵام ئایا ئەم مەرجە تاسەر بڕ دەکات؟ ئەدی وڵات چۆن ڕێگە لەدروستبوونی پارت و ڕەوتی ئیسلامی دەگرێت؟ نموونەی ڕەفا و فەزیلە و سەعادە و...هتد

کەسێکی ناسیۆنالیستی تورك نەژاد، لەکاتی خۆیدا لەو باوەڕەدا نەبووە ڕۆژێك دادێت ڕەوتێکی ئایینی لەدەرگای ئیمپراتۆریەتە کەمالییەکەی بدات. بەڵام ئەمە داکەوت و ڕاستییەکە کە لادان لێی خۆگێلکردنە، هەرگیز بەری خۆریش بە بێژنگ ناگیرێت.

ئەوەی تورکیا لەژیانی سیاسیدا پێی ڕانەهاتبوو، ئەوەبوو کە حزبێکی ئیسلامی وەك " حزبی ڕەفا" کە میراتگری "حزبی سەلامەتی نیشتمانی"بوو، لە هەڵبژاردنە (لقییەکان)ی شارەوانیدا لەهەندێ ناوچەی ئەستانبوڵ کە لەسەرەتای تشرینی دووەمی (١٩٩٢ز) ئەنجامدرا، زۆرترین دەنگ بەدەستبهێنێت بەجیاوازییەکی زۆرەوە، لەچاو تەواوی حزبەکانی تردا (دەسەڵاتدار و ئۆپۆزسیۆن). ئەنجامە چاوەڕواننەکراوەکانی ئەم هەڵبژاردنانە سەرەتایەك بوو بۆ ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی ئەم حزبە بەدەستیهێنا لەهەڵبژاردنەکانی شارەوانیدا لە (٢٧/ ئادار/ ١٩٩٤ز) وە دواتر هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان لە (٢٤/ کانونی یەکەم/ ١٩٩٥ز). یەکەمجار بوو لەمێژووی تورکیادا حزبێکی خاوەن فەلسەفەی ئایینی زۆرینە بەدەستبهێنێت. بۆیە شەپۆلێکی وتووێژی فراوان لەنێوخۆی تورکیادا دروستبوو، دەربارەی ئەوەی " ئایا چارەنووسی سیستمی

سیاسی ودیموكراسیەت لە توركیادا بەرەو كوێ دەچێت؟" وە پرسیاری سەرەكیش ئەوە بوو كە " ئایا توركیا دەبێتە جەزائیرێكی تر؟" لەبەرئەوەی لە جەزائیر ڕێ لە "بەرەی ئیسلامی ڕزگاریخواز" گیرا بۆ گەیشتن بەدەسەلات..[١٤]

لەو هەڵبژاردنانەدا، ڕەفا ڕێژەی (٪ ٢١،٣٢)ی دەنگەكانی بەدەستهێنا، كە دەیكردە شەش ملیۆن دەنگ، بەمەش (١٥٨) كورسی پەرلەمانی بۆخۆی مسۆگەر كرد. بەڵام سوپا لەپشت پەردەوە، گوشاری دەخستە سەر هەردوو حزبی "نیشتمانی دایك، ڕێگای ڕاست" هەتا حكومەتێكی كەمایەتی ئیئتیلافی پێكبهێنن. بەجۆرێك كە پشتگیری حزبی "دیموكراتی چەپ" (لەدەرەوە) بەدەستبهێنن، ئەمەش بۆ ڕێگرتن بوو لە ئەربەكان بۆ پێكهێنانی حكومەت لەگەڵ "نیشتمانی دایك."

دوای ئەوەی لە (١٢/ ئادار/ ١٩٩٦ز)دا، هەردوو پارتی ڕاستڕەوی ناوبراو بەپشتیوانی سوپا، توانییان حكومەت پێكبهێنن بێبەشداری ڕەفا. بەڵام بەهۆی ناكۆكییەكانیانەوە، "تانسۆ چیللەر"ی "ڕێگای ڕاست" لە حكومەتەكەی"مەسعود یەڵمازی " نیشتمانی دایك" كشایەوە، دواجار "یەڵماز"ی سەرۆكی حكومەت پاش دوو مانگ و لە (٦/ حوزەیران/ ١٩٩٦ز) لەبەردەم پارتە ڕاست و چەپەكاندا، دەستلەكاركێشانەوەی خۆی ڕاگەیاند، بەمەش بۆشایی سیاسی و دەسەڵات دروستبوو.

بوار لەبەردەم سوپادا زۆر تەسك بووەوە، یان ئەنجامدانی بەپەلەی هەڵبژاردنی پەرلەمان، یان حكومەتێكی ئیئتیلافی بە بەشداری ڕەفا، وە یاخود كودەتایەكی سەربازی. بەڵام گەندەڵی و بەفیڕۆدانی دارایی گشتی وڵات و ترس لە لێپێچینەوە، چیللەری ناچاركرد لەگەڵ ڕەفادا حكومەت پێكبهێنن، ئەو چیللەرەی پێش چەند مانگێك ئاماژەی بەوە دابوو كە هاوپەیمانی لەگەڵ ڕەفادا،





توركیا لە "تاریكی"دا نقوم دەكات. دواجار لە (٢٩/ حوزەیران/ ١٩٩٦ز) چیللەر ناچار بوو لەگەڵ "نەجمەدین ئەربەكان"ی * حەفتا ساڵاندا حكومەت پێكبهێنێت.. [١٥]

گۆڕانكارییەكانی نێوخۆی توركیا هەر بەوەوە نەوەستا كە پارتی ڕەفا (حزب الرفاه)ی ئیسلامی زۆرینەی دەنگەكان بەدەستبهێنێت، وە خواستی ئەم پارتە باكگراوند ئیسلامییە ڕێز لێبگیرێت وە بەهەند وەربگیرێت. بەڵكو سوپا ئەم حاڵەتەی بە هەڕەشەیەك بۆ سەر دامەزراوەی سەربازی و ئایندەی وڵات لێكدەدایەوە، بەوەی ئەمە خاڵی وەرچەرخانی كۆمەڵگایە بەرەو دارمان و لێكترازان و لەبەریەك هەڵوەشانی كۆڵەكەكانی كۆمەڵگای توركی. وەها لێكیاندەدایەوە كە هەوڵێكە بۆ گۆڕینی وڵات بەرەو كۆمەڵگایەكی ئیسلامی وەرتكردنەوەی عەلمانیەت. بۆیە دواجار لەڕێی دامەزراوەی سەربازی ودادگای باڵای دەوڵەتەوە گوشارێكی زۆر خرایە سەر ئەربەكان و حزب و حكومەتەكەی، ئەم فشارانە ناوبراویان ناچاركرد لە (١٨/ حوزەیران/ ١٩٩٧ز) دەستلەكار بكێشێتەوە..١٦ دەكرێت ئەم كارە بە قووڵكردنەوەی ململانێی نێوان ڕەوتی ئیسلامی وعەلمانیەت لەقەڵەمبدرێت..

## ٢- ئەکەپە و سیاسەتی کرانەوەی دیموکراسی

دیـــارە دەستلەکارکێـــشانەوەی نەجمەدین ئەربەکان لە حکومەت ویاساغکردنی پارتەکەی لە بەشداری سیاسی، داکەوتی کۆمەڵگای تورکی نەگۆڕی، بگرە زیاتر و بەگڕوتینێکی زۆرترەوە بزاوتی ئیسلامی پەرەیسەند، کۆمەڵگا زیاتر خوازیاری پەیوەستبوون بە شوناسی ئیسلامییەوە بوو، چیتر دامەزراوەی سەربازی وەك چەندین ساڵی ڕابردوو، ناتوانێت زۆرترین فشار بخاتە سەر خواستی جەماوەر، عەلمانیەت لەوپەڕی کێشمەکێشی شەپۆلی ئیسلامییەتدایە. کاتێکیش ئاماژە بەو خواستە ئیسلامییەی گەل دەدەین، ئەمەش مانای خواستی تێکڕای گەل ناگەیەنێت، بەڵکو خواستی زۆرینەیە..

دوای حزبی ڕەفا بەماوەیەکی کەم، حزبێکی ئیسلامی تر توانی ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە کە حزبە عەلمانییەکان نەیانتوانی وەك پێویست پڕیبکەنەوە. بۆیە لە (٣/ ١١/ ٢٠٠٢ز) وە لە نیوکۆی هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیادا، پارتی "داد وگەشەپێدان"ی ڕەچەڵەك ئیسلامی توانی ڕێژەی (٪ ٣٤،٢)ی دەنگەکان کە دەیکردە (٣٦٣) کورسی پەرلەمان، بەدەست بهێنێت. ئەمەش ڕێخۆشکەر بوو بۆئەوەی پارتی ناوبراو تاکڕەوانە جڵەوی دەسەڵات بگرێتەدەست، دوور لەهەر هاوپەیمانێتییەکی پارتە عەلمانییەکان بۆ بەشداریکردن لەبەڕێوەبردن و پێکهێنانی حکومەتدا، کە پێشتر بۆ ماوەیەکی دووردرێژ، حکومەتی تورکی لەڕێی ئەم هاوپەیمانێتییانەوە پێکدەهێنرا و حوکمڕانی دەکرد. دیارە ئەم سەرکەوتنە بێوێنەیەی پارتی ناوبراو، وەرچەرخان و ڕووداوێکی سەرسوڕهێنەری تورکیای هاوچەرخ بوو، لەبەرئەوەی کرداری دیموکراتی





لەتورکیا داکەوتێکی سیاسی نوێی هێنایە ئاراوە. ئەو تورکیایەی شوناسی ئیسلامی و عەلمانیەت دوو ڕکابەری سەرسەختی یەکترن تێیدا.. [17]

پارتی داد و گەشەپێدان کەبە "ئەکەپە" ناسراوە، لە (١٤/ ئاب/ ٢٠٠١ز)دا لەلایەن "ڕەجەب تەیب ئەردۆگان، عەبدوڵڵا گول"ەوە دامەزرێنرا، لەو سەردەمەدا ئەردۆگان سەرۆکی شارەوانی "ئەستەنبوڵ" بوو. لەگەڵئەوەی ناوبراو سەرکردەیەکی سەرەکی پارتی ڕەفای ئیسلامی قەدەغەکراو بوو، بەڵام سەرباری ئەوەش توانیی گەنجان ولاوانی ڕەوتی ئیسلامی بەلای خۆیدا پەلکێش بکات. ئەمەش دوابەدوای هەڵوەشانەوەی پارتی ڕەفا و فەزیلە، بەسەرۆکایەتی نەجمەدین ئەربەکان بوو.. [18]

لە هەڵبژاردنی نۆڤەمبەری (٢٠٠٢ز)دا کاتێك تورکیا کەوتبووە تەنگژەیەکی ئابوورییەوە، داد و گەشەپێدان توانی (٪ ٣٤،٢)ی دەنگەکان بەدەستبهێنن (پێشتر ئاماژەی پێدرا). لەهەڵبژاردنی شارەوانییەکانی (٢٠٠٤ز)دا توانی (٪ ٤١)ی دەنگەکان بەدەستبهێنن، هەروەها لە هەڵبژاردنی (٢٢/ تەمموز/ ٢٠٠٧ز) توانی (٪ ٤٦،٧٧)ی دەنگەکان بەدەستبهێنن، کە دەیکردە (٣٤١) کورسی. بەمەش گەورەترین سەرکەوتنی بەدەستهێنا، ئەمەش بەهۆی چاکسازی بواری ئابووری و ئەو بەڵێنانەی بەکوردی دابوو بۆ چارەسەرێکی ئاشتییانەی دۆزی کورد. بۆیە دووبارە بەبێ هاوپەیمانێتی بەستن توانی بەتەنیا حکومەت پێکبهێنێتەوە.. [19]

بێگومان هەموو ئەوانەی وتراو ڕوویدا، ڕێخۆشکەر بوون بۆ پێداچوونەوە بەئایدیۆلۆژیای حوکم و فەلسەفەی ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای تورکیدا..

دوای باڵادەستبوونی پارتی داد و گەشەپێدانی خاوەن ڕەچەڵەك ئیسلامی (هەرچەندە خۆیان بە پارتێکی دیموکراتی محافزکار دادەنێن)، بەسەر حکومەت و پەرلەمان و سەرۆکایەتی تورکیادا، پارتە عەلمانیەکان کەوتنە بارودۆخێکی

تووڕەیی دیارەوە، ئەوان دەیانویست لەوە تێبگەن بۆچی حزبی ناوبراو زۆرینەی دەنگەکانی بەدەستهێناوە. چەندین لیژنە لە حزبی "گەلی کۆماری،" ئەو حزبەی ئەتاتورك دایمەزراندبوو، کۆبوونەوە بەمەبەستی تاوتوێکردنی ئەو ئەنجامانە و بارودۆخەکە. کاتێك ئەوان بەئاشکرا تووڕەیی خۆیان دەردەبڕی، گروپێکی سیاسی دی هەبوون کە لەبارودۆخێکی تووڕەیی شاراوەدا بوون، ئەو گروپەش تورکە ئیسلامییەکان بوون کە لەژێر عەباکەی ئەربەکاندا هاتبوونە دەرەوە، کە (٣٠) ساڵ بەر لەئێستا و لەڕێی حزبەکانی "ئاشتی نیشتمانی و ڕەفا و سەعادە"وە هاتبوونە ئاراوە. ئەربەکان و ئیسلامییەکانی دیکە کە ئێستا لەژێر ئاڵای حزبی "فەزیلە، سەعادە"دان، هەست بەوە دەکەن کە فریودرابن. واهەست دەکەن ئەزموونەکەی حزبی داد و گەشەپێدان لەئەزموونی ئەوانەوە دزرابێت، ودواتر شێواندویانە.

"ئەدیبە سوزان" ی پەرلەمانتار کە سەربە حزبی داد و گەشەپێدانە و ئافرەتێکی "بالاپۆش" نییە، لەپشتەوەی خۆی وێنەی "ئەتاتورك و ئەردۆگان"ی پێکەوە هەڵواسیوە، وتبووی "ئێمە بۆیە بردمانەوە، لەبەرئەوەی باشترین لێکدانەوەمان بۆ ئابووری تورکیا پێشکەشکردووە، نەك لەبەرئەوە بووبێ کە ئێمە حزبێکی ئیسلامین. ئێمە خۆمان بە حزبێکی ئیسلامی وەسفناکەین، لەبنەڕەتیشدا حزبەکەمان بیرۆکەی بەئیسلامیکردنی تورکیای نییە." پاشان دەربارەی هەڵواسینی وێنەی ئەتاتورك ئاماژەی دابوو کە "بەو پێیەی نووسینگەکەم نووسینگەیەکی حکومییە، بۆیە دەبێت وێنەی ئەتاتورکی تێدا هەڵبواسم. بەڵام تەنانەت ئەگەر بەحوکمی یاساکانیش ناچار نەکرامایە، من وێنەی ئەتاتورکم هەر هەڵدەواسی، چونکە من زۆر ڕێزی لێدەگرم بۆ ئەو کارانەی بۆ تورکیای کردووە." [٢٠]





بێگومان وتەکانی ئەم پەرلەمانتارە، واقعی سیاسەتی حزبەکەی دەگەیەنێت، هەر بەو میکانیزمە و بەو ئەقڵییەتەش کار دەکەن، زیاتر کار لەسەر لایەنی ئابووری و بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری وڵات دەکەن، سوودێکی زۆریان لەئەزموونی حوکمڕانی پارتە سیاسییە عەلمانی و ئیسلامییەکانی پێش خۆیان دی. ئەوان نایانەوێت کارێك بکەن، دامەزراوەی سەربازی بەدەردەکەی ڕەفایان بەرێت، ژیرانە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکەدا دەکەن، گرنگترین شت بەلای ئەوانەوە ئەوەیە کە لەنێوخۆی تورکیادا، پێگەیەکی جەماوەری بەهێز بۆ ئاییندەیان بنیاتبنێن، تاوەکو حزبێکی سیاسی میللی ئاسایی وەك زۆرێك لە حزبە سیاسییەکانی دیکەی جیهانیان لێدێت.

شتێکی بەڵگەنەویستە کە سوپای تورکیا دەستوەردەداتە هەموو کاروبارێکی وڵات، هەردەم بەچاوی گومانەوە دەڕوانێتە داد و گەشەپێدان، ترسی ئەوەی هەیە شوناسێکی ئیسلامی تەواو بەبەری وڵاتدا بکرێت. لەم بارەیەوە، دوابەدوای ئەوەی "عەبدوڵڵا گول"ی سەربەو پارتە خۆی بۆ سەرۆك کۆماریی هەڵبژارد، دامەزراوەی ناوبراو لەبڵاوکراوەیەکیدا ڕایگەیاند کە بەدوودڵییەکی زۆرەوە چاودێری ئەو هەڵبژاردنەی پەرلەمان بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری نوێ دەکات. دواتر لەبەیاننامەیەکی توند ئامێزدا، دەستەی ئەرکانی هێزە چەکدارەکانی تورکیا ڕایگەیاند کە هێزە چەکدارەکان تەنها و تەنها، ئەوان تاکە پارێزەری سیستمی عەلمانین لەوڵاتدا.

ئەوەی ئاماژەی پێدرا، ڕووی دەرەوەی پارتی داد و گەشەپێدان بوو، کە پارتی ناوبراو خۆیشی جەختی لەسەر دەکات، بەڵام دەشێت ناوەڕۆك و خواستی ئەم پارتە بەو شێوەیە نەبێت، واتە ستراتیژ و مەبەستێکی تری هەبێت، بۆ مسۆگەرکردنی مانەوە و گرتنەدەستی دەسەڵاتیش لە ئاییندەدا. ئەوەتا باس

لەکرانەوەی دیموکراتی و چاکسازی ئابووری و پێویستی هەموارکردنی دەستوور دەکـات. وردە وردە هەوڵی هەموارکردنی دەستووری وڵات دەدات، واتە ڕاستکردنەوەی ئەو مادده و برگانەی لەگەڵ بەرژەوەندی و خواست و ڕێڕەوی داد و گەشەپێداندا کە نوێنەرایەتی زۆرینەی کۆمەڵگای تورکی دەکات، ناگونجێت. ئەمەش بەگرنگترین کارەکانی ئەردۆگان دادەنرێت کە بەنیازە بەئەنجامی بگەیەنێت لەئایندەدا، ئەوجا بەهۆیەوە گۆڕانکاری ڕادیکاڵی لەسیاسەت و میکانیزم و ستراتیژییەت و تێڕوانینی تورکیای عەلمانیی هاوچەرخدا دێتە ئاراوە. واتە گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە دەبێت دەستووری وڵات هەموارکردنی تێدا بکرێت، بۆئەوەی کارەکان و باروودۆخ لەبەرژەوەندی ئەوان بەڕێوەبچێت. ئەمەش بەگرنگترین پرۆسەی ناوبراو دادەنرێت. نابێت ئەوەش لەیاد بکەین، کە هەموو گۆڕانکارییەک لەیاسای بنەڕەتی و تێڕوانینێک لەکلاوڕۆژنەی دیموکراتی، لەبەرژەوەندی کوردەکانی باکوورە.

دەیان ساڵ تورکیا دروشمی "یەک نیشتمانی نەتەوەیی" پەیڕەوکرد. دەرکەوت ئەم دروشمە بووەتە مایەی کوژرانی زیاتر لە(٤٥٠٠٠) تورک و کورد لەماوەی (٢٥) ساڵی ڕابردوودا، ئەمەش پێویستی بە پێداچوونەوە و دانوستان هەبوو. ئاشکرایە کە ئەردۆگان (١٠/ ١١/ ٢٠٠٩ز)ی وەک وادەیەک بۆ گفتوگۆکردن لەسەر دەستپێشخەری کرانەوەی دیموکراتی لەپەرلەماندا دیاریکرد. ناوبراو پرۆژەی "کرانەوەی دیموکراسی" ورووژاند و ڕاشکاوانە ئاماژەی دابوو کە "پێویستە ڕێگەچارەیەک بۆ کێشەی کورد بدۆزرێتەوە و پێویستیشە تا کۆتایی بەردەوام بن لەسەری." [٢١]

ڕوویەکی تری پرۆسەکە، ناوی "کرانەوە بەڕووی کورددا"بوو، ئەمەش بۆ دۆزینەوەی پێگەیەک لەنێوخۆی کورددا بوو، ئەویش بەپێدانی کۆمەڵێک مافی





کەلتووری و فەرهەنگی و ڕۆشنبیری. ئەمە لەلایەک، لەلایەکیترەوە مەبەستی پرۆژەکە ڕزگارکردنی ژێرخانی ئابووری وڵات و ڕێگرتن لەگەندەڵی ئیداری و کەمکردنەوەی دەستتێوەردانی سەربازی و هەموارکردنی هەندێک مادده و برگەکانی دەستوور بوو. ئەم پرۆژەیە، هەوڵێک بوو بۆ کورتکردنەوەی باڵادەستیی میلیتاری لەژیانی سیاسی وڵاتدا، تا دەستوەرنەداتە کاروباری وڵات. بەتایبەت کە ساڵانی پێشتر، سوپا لەتوانایدا بوو حکومەت بڕوخێنێت و کودەتا ئەنجامبدات. لەگرنگترین ڕێوشوێنەکانی ئەم پرۆسەیە، "نینۆککردنی سوپا"یە، تاوەکو چیتر نەتوانێت کودەتای سەربازی دژ بە پارتە سیاسییە یاساغەکان (ئەوانەی لەگەڵ بەرژەوەندی و تێڕوانینی سوپادا هاوڕێک نەبوون) ئەنجامبدات. ئەمەش بە هەموارکردنی ئەو یاسایەی، سوپا بەهۆیەوە پارتە سیاسییەکانی ناو تورکیای پەک دەخست. بەوپێیەی دادگای باڵای دەوڵەت (کە ئەندامانی لەلایەن سوپاوە دیاریدەکران) لەتوانایدا بوو بەبڕیارێک حزبێک لە بەشداری سیاسی قەدەغە بکات، وەک چۆن لەدوایین کاری لەو شێوەیەدا، قەدەغەکردنی پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی (دەتەپە)ی تەنها پارتی کوردی نێو پەرلەمانی تورکی پێ قەدەغەکرا..

ئەردۆگان سوور بوو لەسەر جێبەجێکردنی "پرۆژەی چاکسازی دەستووری تورکیا،" بۆیە ڕۆژی سێشەممەی بەرواری (٣٠/ ٣/ ٢٠١٠ز)، پارتی داد و گەشەپێدان توانی لەڕێگەی نوێنەرەکانیەوە ئەو پێشنیارانەی تایبەت بوون بە هەموارکردنی دەستوور بنێرێتە نێو پەرلەمانەوە، بەمەبەستی گۆڕانکاری لەچەند ماددەیەکدا. گەر ئەو مادده دەستوورییانە هەموار بکرێن، ئەوا ڕێگە خۆش دەبێت بۆ دادگاییکردنی "سەرۆکی ئەرکان و سەرکردە باڵاکانی سوپا" لەبەردەم دادگای باڵای دەوڵەتدا. پارتی ناوبراو ئاماژە بەوە دەدات کە مەبەست

لەهەمواركردنەكە، باشتر كردنی دەستووری وڵاتە كە لەگەڵ پێوەرە ئەوروپییەكاندا یەكبگرێتەوە. سەركۆماریش "عەبدوڵلا گول" لەلای خۆیەوە و لەسەردانێكیدا بۆ پاكستان، لەنێوخۆی كۆنگرەیەكی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند كە "گۆڕانكارییەكانی ناو دەستوور دوای سێ جار لەپێداچوونەوە بە (٢٩) ماددەدا نێردراوەتە پەرلەمان، لەگەڵ دەركردنی (١٥) ماددەی تری ناو ئەو دەستوورە كە ساڵی (١٩٨٢ز) لەئەنجامی كودەتایەكی سەربازی هاتەئاراوە.."[٢٢]

ئەمە بێجگەلەوەی گەر بێتو هەوڵەكانی پارتی ناوبراو لەبۆ هەمواركردن شكستبهێنێت لەناو پەرلەماندا، ئەوا لەڕێی ڕیفراندۆمێكی گشتی و سەرتاسەرییەوە ئەو بابەتە یەكلاییدەكرێتەوە. هەربۆیە گرنگترین ڕووداو لە (١٢/ ٩/ ٢٠١٠ز)دا ڕوودەدات كە ڕیفراندۆمی "پرۆژەی چاكسازی دەستوورە." [٢٣]

كاتی ئەوە هاتووە بەوردی هەڵوێستی كورد لەمەڕ چاكسازی و گۆڕانكارییەكان هەڵبسەنگێنین و بابەتییانە بیانخەینە ڕوو. خۆ ئەوە نەبێت كوردانی باكوور بێئاگا بن لەم ڕووداوانە و هیچ قسەیەكیان لەسەر بابەتەكە نەبێت، بگرە هەڵوێستێكی نەگۆڕی یەكگرتوویان هەبووە و هەیە، وە بەبابەتێكی چارەنووسساز و هەستیاری لەقەڵەمدەدەن. دوای ئەوەی لە (١١/ ١٢/ ٢٠٠٩ ز)دا، دادگای دەستووریی توركیا، تاكە پارتی كوردیی نێو پەرلەمانی توركیا (پارتی كۆمەڵگەی دیموكراتی- دەتەپە)ی یاساغكرد و دواتر پارتێكی كوردیتر (پارتی ئاشتی و دیموكراتی – بەدەپە) جێیگرتەوە، هەمان مەرجیان هەبوو بۆ پشتگیریكردنی ئەو پرۆژە چاكسازییەی دەستوور، كە خۆی لە "لابردنی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پارتەكان لەلایەن دادگاوە و لەبری ئەو بڕیارە، هاوكاری دەوڵەت لەهەر پارتێك ببڕدرێت كەسزا دەدرێت. پێناسەی هاوڵاتیبوون لەنێوخۆی توركیادا بگۆڕدرێت و جیاوازی ڕەگەزی نەمێنێت. هەڵوەشاندنەوەی





وانە ئاینییە سەپێندراوەكان و هەموو هاوڵاتییەك مافی ئەوەی هەبێت بەزمانی دایك بخوێنێت. هەروەها لێپێچینەوەش لەسەرۆكی ئەركانی سوپا، لەلایەن وەزارەتی بەرگرییەوە بكرێت." [٢٤]

كوردانی باكوور، بۆ پێشاندانی نیازپاكی خۆیان بۆ ئەم كارەی ئەردۆگان، ڕۆژی (١٩/١٠/٢٠٠٩ز) دوو وەفدی پەكەكە لەكەمپی مەخموور و چیای قەندیلەوە كە بە "گروپی ئاشتی" ناسرابوون، گەیشتنە توركیا بە مەبەستی دانوستان لەگەڵ لێپرسراوانی ئەنكەرە و خستنەڕووی چەند داواكارییەك. وەفدەكە لە (٣٦) كەس پێكهاتبوون، (٢٨)یان هاووڵاتی كەمپی مەخموور و (٨)ی دیكەیان ئەندامانی پەكەكە بوون.. [٢٥]

بەڵام پێدەچوو ئەم مەرج و هەوڵانەی نەتەوەی كورد لەباكوور، هەر لەسەرەتاوە وەلا نرابن، ئەو چاكسازییەی باسی لە گۆڕانكاری و دیموكراتی دەكرد، تەنها خەونی شاعیران بوو. بۆیە كوردانی باكوور لەڕێی تاقە حزبەكەیانەوە هەڵوێستیان وەرگرت، دواتر هێدی هێدی ڕاستییەكان ئاشكرا بوون. لەوبارەیەوە "ئەحمەد تورك"ی پەرلەمانتار و سەرۆكی پارتی (دەتەپە)ی پێشوو، ڕایگەیاندبوو كە "كرانەوەی حكومەتی ئەردۆگان بەڕووی كورددا، تەنها قسەیە."[٢٦]

شایەنی باسە، سەرۆكی "كۆما جڤاكێن كوردستان"ی سەر بەپارتی كرێكارانی كوردستان، "موراد قەرەیلان" ئەو هەنگاوە بە (شانۆگەری) وەسفدەكات و ئاماژە دەدات كە "هیچ ڕۆژێك لەڕۆژان، حكومەتی توركیا نیازی چارەسەركردنی پرسی كوردی نەبووە، ئەوەی دەیكات شانۆگەرییە." [٢٧]

"بەشیر ئەتەلای" وەزیری ناوخۆی توركیا، لەلێدوانێكدا بۆ ڕۆژنامەی "حورییەت" ڕایگەیاندبوو: "كرانەوەی دیموكراسی بەردەوامە، بەڵام ئەم كارە

کارێکی قورس و ئاڵۆزە، وەکو بیرێك بەدەرزی بکۆڵێت و کارەکەمان لەم بوارەدا لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە بەردەوامە. بەڵام "جەنگیز چاندار"ی گەورە ڕۆژنامەنووسی تورك، بە نووسینێك وەڵامی وەزیری ناوبراو دەداتەوە و دەڵێت: "نەخێر من لەگەڵ تۆدا نیم، کرانەوەی دیموکراسی بەڕێوەناڕوات، بەڵکو وەستاوە و لە ڕێڕەوی خۆی دەرچووە. چەندین نیشانە هەیە کە ئێستا ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم. سەرەڕای ئەمەش ئەگەر ئێمە بڵێین کرانەوەی دیموکراسی بەردەوامە، ئەمە وەکو فیکە لێدانێکە لەتەنیشت گۆڕستانەوە." [٢٨]

نووسەرێکی تری تورك "مستەفا ئاکیول" ئاماژە دەدات کە " تاکە ڕێگا لەبەردەم تورکیا بۆ دەرباز بوون لەم دێوەزمە چەندین دەیەیە، پێدەچێت ڕێککەوتن بێت لەگەڵ پەکەکە. ڕەنگە بەو شێوەیە بێت کە حکومەتی بەریتانیا لەگەڵ سوپای کۆماریی ئێرلەندا ئەنجامیدا. بەڵام تورکیا دەیەوێت بەردەوام بێت لەسەر سیاسەتی کرانەوە بەرووی کورددا (وەك مافە کەلتوورییەکان) و وەلانانی پەکەکە و تەنانەت بەگژداچوونیشی." [٢٩]





## بەشی سێیەم/ هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی دەوڵەتی تورکیاوە

کاتێك وەزیری دەرەوەی تورکیا "ئەحمەد داود ئۆغلو" سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد، هاوڕێ لەگەڵ سەرۆکی هەرێم بەڕێز "مەسعود بارزانی" لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا، ئۆغلو لەوەڵامی پرسیاری یەکێك لە ڕۆژنامە نووسەکانی (هاوڵی خۆی) لەبارەی ئەوەی کە ئایا ئەم سەردانەی، دانانە بە "شەرعیەت"ی حکومەتی هەرێمی کوردستان یان نا؟ ئۆغلو وتی: "هیچ کات ئەم سەردانە ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە شەرعیەتمان داوە بەسەربەخۆیی هەرێمی کوردستان." ناوبراو "هەولێر"ی وەك شارێکی فیدراڵی عێراقیی ناساند و ڕایگەیاند "هیچ جیاوازییەك نییە، تۆ بچیتە تەکساس لە ئەمریکا و هەولێر لەعێراق." [٣٠]

دەکرێت لەم ڕوانگەیەوە تێڕوانینی تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان هەڵبسەنگێنین. بەمانایەکی دی، تورکیا هەرگیز وەکو قەوارەیەکی سیاسی سەیری هەرێمی کوردستان ناکات، بەڵکو وەك هەرێمێکی تایبەتمەندی دروستکراوی ڕۆژئاوا، دەڕوانێتە خاکی کوردستانی باشوور. واتە هەوەسێکە و بووەتە دیفاکتۆ (الامر الواقع). ئەمەش ڕاستییەکە و تورکیا دەیزانێت، بەڵام پێی هەرس ناکرێت.

دوای تەواوبوونی شەڕی ڕزگارکردنی عێراق، ئەمریکا لەڕووی ئاسایشی ناو ئەو وڵاتەوە تووشی گیروگرفتی زۆر گەورە هات. ئەنکەرە دەرفەتەکەی قۆستەوە بۆئەوەی ئەمجارەیان لەجیاتی دەرگا، لەپەنجەرەی مەسەلەی پاراستنی ئاسایشی عێراقەوە بێتە ناو خاکی کوردستانەوە. ناوەندە سیاسییەکانی تورك لەو ماوەیەدا، گەیشتبوونە قەناعەتی ئەوەی کە وڵاتەکەیان هەڵەیەکی کوشندەی

کرد، بەوەی بەشداری شەڕی نەکرد لەدژی "سەدام حسێن." پێیان وابوو ئەم بەشداری نەکردنە، ڕێگەی خۆشکرد بۆئەوەی کوردی عێراق ببێتە فاکتەرێکی سیاسی بەهێز لەناوچەکەدا. هەروەها "پەکەکە" لە کوردستانی عێراقدا بمێنێتەوە، دواتریش دەسەڵاتی تورکیا لەناو تەواوی تابلۆی سیاسی عێراق بێبەش و بێدەسەڵات بێت..[31]

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، تەواو درکیان بەم ڕاستییە کردبوو، کە تورکیا هەوڵی کردنەوەی جێپێی خۆی لەعێراقی دوای ڕژێمی بەعس دەدات، ئەمریکا زۆر بەهەستیارییەوە چاودێری بارودۆخ و بابەتەکەیان دەکرد. هەربۆیە، "ڕۆبێرت گێیتس"ی وەزیری بەرگری ئەمریکا لەبەردەم کۆنگرێسدا، ئاماژەی دابوو "گەر بێتو پێشوەخت هێزەکانمان لەعێراق بکشێنینەوە، ئەوا تورکیا دێتە ناو عێراق بۆئەوەی بەگژ کورددا بچێت." هاوکات، "ئەردۆگان"ی سەرۆک وەزیرانی تورکیا لەمبارەیەوە ئاماژەی دابوو "کاتێك کە زەمەنی ئەوە کارە دێت، بێ دوودڵی وبێ جاڕدان ئەم هەنگاوە دەنێین." [32]

ئاخۆ وەزیری بەرگری ئەمریکا، کاتێك ئاماژەی بەناوی "کورد" کردبوو، بەوەی تورکیا هێرشی دەکاتە سەر، گەر بێتو پێشوەخت هێزەکانیان بکێشنەوە لەعێراق، دەبێت ئەو کوردانە کێبن؟ کوردانی دانیشتووان و نیشتەجێی هەرێم، یاخود کوردانی نێو بنکە و بارەگاکانی پەکەکە؟ وابزانم هەموو کورد لەڕوانگەی دەسەڵاتدارانی تورکیاوە یەك جۆرن.

ئەمڕۆ کەم تازۆر، گۆڕانکاری بەسەر سیاسەتی تورکیادا هاتووە. هەندێکجار نەرمییەك لەزمانی سیاسیدا دەبینرێت، هەندێکجاری تر جۆرە نزیکبوونەوەیەك لەدیالۆگ بەدیدەکرێت، جارجارەش زمانی هەڕشە ئامێز قوتدەبێتەوە و ڕیسەکە دەکاتەوە بەخوری. دیارە سەردانی ناوناوەی گەورە بەرپرسان و وەزیران و





باڵیۆزان و نێردراوانی تورکیا بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان، بەبێ مەبەست و ئامانج نییە. واتە هۆکاری "فشار و کارلێکی بەرژەوەندییەکان" داهێنەری ئەو سەردانە مەکۆییانەن کە ماوەیەکە لەبەرچاودان. دەکرێت مەبەستی سەرەکی ئەم سەردانانە، لەم بوارانەدا لێکدانەوەی بۆ بکرێت.

### بواری ئابووری:

بەهێزیی لایەنی ئابووری، گەرەنتی مانەوەی دەسەڵاتە. سەردەمانێکی لەمێژە، تورکیا بەدەست لاوازی بواری ئابوورییەوە دەناڵێنێت. وەك ئاشکرایە ئەم وڵاتە زیاتر پشتی بەلایەنی گەشتوگوزار بەستبوو، واتە گەشتوگوزار ببوە یەکێك لەپایە بەهێزەکانی ئابووری تورکیا. ساڵانە هەزاران گەشتیار لەناوچە جیاجیاکانی جیهانەوە ڕوودەکەنە ئەم وڵاتە، ئەمەش مانای چنگکەوتنی ملیۆنەها دۆلارە وەك داهات لە ساڵێکدا.

ئەمڕۆکە سەرباری گەشتیاریی، ئاڵوگۆڕی بازرگانیش بووەتە پایەیەکی بەهێزتری وڵات. زێدەبەرهەمی کاڵای تورکی، سەرانسەری بازاڕەکانی عێراقی تەنیوەتەوە، واتە تێکڕای بازاڕەکانی عێراق بووەتە ساغکەرەوەی کاڵای بیانی. شتێکی ئاشکرایە کە تاکی عێراقیی، تەنها کەسێکی بەکاربەرە (مستهلك)، ئەمەش دادەبەزێتە خوارەوە بۆ ناو کۆمەڵگای عێراقیی. عێراق تەنها پشتی بە بەرهەمهێنانی نەوت بەستووە، وەك سەرچاوەی داهات و بژێوی گەل، دەشێت لێرەولەوێ لەناوچە جیاجیاکانی عێراق بەرهەمی لۆکاڵی بەدیبکرێت، یان بەرێژەیەکی زۆرکەم هەناردە بکرێت، کەزیاتر بەرهەمی کشتوکاڵی و میوەهات لەخۆ دەگرێت. لەگەڵ بوونی چەندین کارگەی جۆراوجۆر لەنێوخۆی عێراقدا، بەڵام توانای بەرهەمهێنان و هەناردەکردنیان نییە، جا هۆکاری نەبوونی ماددەی

خاو بێت یان کۆنی و پەککەوتەیی ئەم کارگانە. لەبەرامبەردا، دەوڵەتی تورکیا خاوەنی چەندەها کارگەی جۆراوجۆرە و باشترین کاڵا لەڕووی چەندێتی و چۆنیەتییەوە بەرهەمدێنێت و بۆ جیهانی دەرەوەی هەناردە دەکات. ئایا هەموو ئەمانە گەورەترین سوود و قازانج بەدەوڵەتی تورکی ناگەیەنێت؟ ئایا لەبەرژەوەندی ئەودا نییە؟

وەك درێژەدانێك بەبابەتی ئابووری تورکیا بەگشتی، دەزانین کە ساڵەهای ساڵە، تورکیا لەهەوڵی بوون بەئەندامە لەیەکێتی ئەوروپا (EU)، خۆ ئەگەر ئەو کارە سەربگرێت، ئیدی گرێکوێرەی بەختی ئابووری تورکیاش دەکرێتەوە، ئەوجا بەمەزنترین و گرنگترین پایەی ئابووری تورکیا هەژمار دەکرێت. هەر لەگۆڕینی دراوی بەهادار و بەهێزبوونی ژێرخانی ئابووری و والابوونی دەرگا ئەوروپییەکان و بوژاندنەوەی کەرتی گەشتوگوزار و...هتد، هەموو ئەمانە بەسوود و قازانج لەبۆ کۆماری تورکیا دەگەڕێنەوە.

خەونی بەئەوروپایی بوون، لای تورکەکان زۆر کۆنە و بۆ سەرەتای سەدەی(١٩) دەگەڕێتەوە، کاتێك دەسەڵاتداران و ڕۆشنبیرانی ئەوسای تورك هەستیان بەدواکەوتوویی تورکیا لەئاست ئەوروپا کرد. ئەم هەستکردنە بوو بەسەرەتایەك بۆ هەوڵدانی تورکیای عوسمانی بۆ گەیشتن بەئەوروپا. پاش ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، لەسەردەمی ئەتاتورکدا ئەم خەونە جارێکیتر و لەبەرگێکی ڕوونتر دەرکەوت. لاساییکردنەوەی شێوازی دەسەڵات و بیرکردنەوەی ئەوروپی، کاریگەری بەهێزی لەسەر سەرجەم هەنگاوە ڕادیکاڵەکانی ئەتاتورك بۆ نوێکردنەوەی تورکیا بەجێهێشت. ئەم خەونە پاش





برانەوەی جەنگی دووەمی جیهانی و بەتایبەت پاش ساڵی (١٩٦٤ز)، چووە قۆناغێکی تازەوە، ئەو دەمەی تورکەکان بەشێوەیەکی ڕەسمی داوای بەئەندامبوون لە"بازاڕی هاوبەشی ئەوروپا"یان کرد، کە بەردی بناغەی "یەکێتی ئەوروپا"ی ئێستایە.. [٣٣]

**بواری سەربازی:**

دروستکردنی هاوپەیمانێتی سەربازی و لۆژیستی لەگەڵ عێراق و هەرێمدا، هەروەها هەوڵدان بۆ دروستکردنی بنکە و بارەگای سەربازی و هەواڵگری، بەتایبەت لەناوچە جیاجیاکانی خاکی هەرێمدا. دیارە بەم هەنگاوەش فشاری زۆری دروستکردووە لەسەر پێگە و ڕێگە و مۆڵگەی گەریلاکان و هێزەکانی پەکەکە، نابێت ئەوەش لەیاد بکەین کە حکومەتی عێراقی (سەردەمی ڕژێم و دوای ڕژێم) لەڕووی لۆژیستییەوە، هاوکارێکی باشی حکومەتی تورکی بووە. هەروەها دەنگۆی ئەوەش هەیە کە ڕێکەوتنێکی چوار قۆڵی لەنێوان ئەمریکا و تورکیا و عێراق و هەرێم، بۆ لێدانی مۆڵگەکانی پەکەکە لەناوچە دوورەدەستەکانی خاکی هەرێمدا لەئارادابێت، ئەمەش بەناوی ڕاوەدوونان و لەناوبردنی تیرۆریستان. ئەمە بێجگەلەوەی پێشتر و لەساڵی (١٩٨٢ز)دا، تورکیا و عێراق بەمەبەستی پاراستنی سنوورەکانیان، واژووی ڕێکەوتنامەیەکیان بەناوی ڕاوەدونانی گەرم کردبوو. دواتر، ساڵی (٢٠٠٧ز) هەردوو سەرۆك وەزیرانی تورکیا و عێراق، ڕێکەوتنێکیان ئیمزا کردبوو بۆ دووپاتکردنەوەی ڕێکەوتنامەی تورکی_ عێراقی ساڵەکانی (١٩٢٦، ١٩٤٦، ١٩٤٨ز) سەبارەت بەسنوورەکانی نێوانیان، تێیدا بنەمای یاساییان هێنابووەوە بۆ دەستێوەردانی تەواوی سوپای تورکیا لەهەرێمی کوردستان، ئەگەر ئەنکەرە بیەوێت.

ساڵی (١٩٩٧ز) بەپێی ڕێکەوتنێکی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و تورکیا، لەناوچەکانی "بامەڕنی، دێرەلوك، کانی ماسی، سیرسی" چەند بنکەیەکی سەربازی تورکی دامەزرا. ئەمڕۆ، دوای تێپەڕبوونی زیاتر لەسیازدە ساڵ بەسەر جێگیرکردنیان و دوو ساڵ بەسەر بڕیاری لابردنیان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، کەچی تائێستا ئەو بنکە سەربازییانەی هێزەکانی تورکیا لەچەند ناوچەیەکی پارێزگای دهۆك ماونەتەوە و لانەبراون. دیارە ساڵی (٢٠٠٨ز)، پەرلەمانی کوردستان داوای لەحکومەتی هەرێمی کوردستان کردبوو، کە کار بۆ لابردنی ئەو بنکە سەربازییانە بکات.

لە (٢٤/ سێپتێمبەر/ ١٩٩٧ز) شانزە هەزار سەربازی تورکی، بەمەبەستی لێدانی هێزێکی هەزار کەسی لەگەریلاکانی پەکەکە، هاتبوونە قوڵایی خاکی هەرێمەوە. دیارە ئامانجی ئەم لەشکرکێشییە، تەواوکردنی کارەکانی ئۆپەراسیۆنی "فولاز" بوو، بۆ جێبەجێکردنی پشتێنەی ئاسایش لەقووڵایی (٥- ١٥)کم بەدرێژایی سنووری نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان، بەبەکارهێنانی تازەترین ئامێری چاودێری و هاریکاری (پ. د. ك.) و سوود وەرگرتن لە "ڕێکەوتننامەی ئەنکەرە" (٢٢- ٢٤/ ٨/ ١٩٩٧). بەوهۆیەوە (١٠٠) تانك و(٨٠٠٠) سەربازی تورکی بەیەکجاری لە خاکی کوردستان نیشتەجێبوون..[٣٤]

ئەوەی وترا، هەرێمی کوردستان یاخود باکووری عێراق بوو، هەرچی ناوەڕاست و خوارووی عێراقیشە لەم دیاردەیە بێبەش نییە. خۆ ئەگەر تورکیا بنکەی سەربازیشی لەم ناوچانەدا نەبێت، ئەوا بوونێکی بەهێزی لەسیاسەتی ئەمڕۆی عێراقدا هەیە. بەئاشکرا دەستوەردەداتە کاروباری سیاسی عێراقەوە، پشتگیری خۆیشی بۆ لایەنێك یان هێزێکی سیاسی دووپاتدەکاتەوە، لەبەرامبەر





دژایەتیکردنی لایەن و هێزی سیاسی تردا. زۆرجار یەکلاکەرەوەی کێشە سیاسییەکانیش بووە.

لەڕاستیدا، پێویستی هەرێمی کوردستانی عێراق بەتورکیا، هیچی کەمتر نییە لەپێویستی تورکیا بەهەرێم، لەبەرئەوە پێویستە لەسەر تورکیا هەڵسوکەوت لەگەڵ کوردی باکوور وەك هاوبەش بکات نەك وەکو نەیار. ڕاستییەکیتر هەیە، ئەویش ئەوەیە کەجێگیریی عێراق و هەرێم لەبەرژەوەندی تورکیادایە، لەگەڵئەوەی کەس ناتوانێت نکوڵی لەوەش بکات کە ئەو گۆڕانکارییانەی عێراق دوای شەڕی دووەمی کەنداو تائێستاش، زیانێکی زۆری بەبەرژەوەندی نیشتمانی و ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا گەیاندووە. هەروەها ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە، ئەوەیە کەتوانای تورکیا بۆ کۆنترۆڵکردنی بارودۆخ و ناوچەکە، سنووردار بووە. ئەمڕۆ، تورکیا لەمیانەی "گەمارۆی زیانەکان"دایە، نەوەك سەپاندنی داخوازییەکانی و هەڕەشە و ئاڕاستەکردن. کەس ناتوانێت مێژوو بۆ دواوە بگەڕێنێتەوە، کوردانی باکووریش چیتر ئاوارە نابن، هەروەك چۆن جارێکیتر "سەدام حسێن" زیندوو نابێتەوە بۆ حوکمڕانیکردنی عێراق.. ٣٥

## بواری سیاسی:

لەوەتی کۆماری تورکیای نوێی عەلمانی دروستبووە، هەردەم خوازیاری بوون بەئەندام لە "یەکێتی ئەورووپا"بووە. چەندین هەوڵی داوە بۆ بەئەنجامگەیاندنی ئەو کارە، بەڵام سەرەنجام بێهودەبووە. داڕمانی ژێرخانی ئابووری و خەرجی زیادی سەربازی، هۆکاری ئەم خەونە لەمێژینەی تورکیان بۆ بوون بەئەندام. دیارە وڵاتانی ئەندام لەیەکێتییەکەدا، هەردەم ئەوەیان داوە



هەواڵنامەی کتێب

بەڕووی تورکیادا کە یەکێتییەکەیان وەکی یانەیەکی کریستییانی وایە، جێگەی وڵاتێکی موسوڵمانی تێدا نابێتەوە.

دوای چەندین ساڵ هەوڵدان بۆ بوون بەئەندام و چەندین ڕەتکردنەوە، پێدەچێت تورکیا تووشی نائومێدی بووبێت. ئاژانسی هەواڵەکانی "ئەنادۆڵ"ی تورکی، لەزاری سەرۆك وەزیرانی تورکیاوە، لەکاتی وەرگرتنی بڕوانامەی دکتۆرای فەخریدا، ڕایگەیاندبوو کە "تورکیا زۆر بەجددی هەوڵدەدات ببێتە ئەندامی تەواوی یەکێتی ئەوروپا." دواتر ناوبراو ئاماژەی بەوەش دابوو کە"یەکێتی ئەوروپا ماوەی (٥٠) ساڵە لەپرسی بەئەندام بوونی تورکیا لەو یەکیەتییەدا، سیاسەتی چەواشەکاری بەرانبەر تورکیا بەکاردەهێنێت."..[٣٦]

ڕاڤەکارانی سیاسی لەو باوەڕەدان، کەچیتر تورکیا وەکو ساڵانی پێشوو هێندە خۆی ماندوو ناکات بەو بابەتەوە، (ئەمەش وازهێنانی یەکجارەکی تورکیا ناگەیەنێت) بەڵام بەردەوامیشە لەهەوڵدان. ئەوان لەو باوەڕەدان، تورکیا ئێستا کەمێك پشتی کردووەتە ڕۆژئاوا و ڕووی بەلای ڕۆژهەڵاتدا وەرچەرخاندووە، بەتایبەت بەلای جیهانی ئیسلامیدا. بەئاشکرا سیاسەتی نوێی حکومەتی تورکی، دژایەتی حکومەتی ئیسرائیل و هەڵوەشاندنەوەی ئەو هاوپەیمانێتییانەیە کە حکومەتەکانی پێشوو بەستوویانە لەگەڵیدا. لەبەرامبەردا هاوکاری فەلەستینییەکان و ڕێنوێنی ئێران و خۆدەرخستنە وەك جەمسەرێکی ئیسلامیی زلهێزی ناوچەکە، کە دەستوەردەداتە کاروباری سیاسی وهاوکێشە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین. هەموو ئەمانە جۆرە نیگەرانییەکی لەلای ئەمریکا دروستکردووە، کە پێویست بەپێداچوونەوەیەکی بەپەلەی سیاسەتی دەرەوە دەکات، لەبەرانبەر تورکیا.





تورکیا بەهۆی گرنگی پێگەی ستراتیژی وڵاتەکەیەوە، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای ناچارکردووە کە چەندین هاوپەیمانێتی و ڕێکەوتننامەی لەگەڵدا مۆر بکات لەچەندین بواردا. ئاشکرایە کە ساڵانە بەوهۆیەوە چەندین کۆمەکی تورکیا دەکرێت. لەکۆتاییەکانی ساڵی (٢٠٠٢ز)دا، ئەمریکا چەند پێشنیارێکی خستە بەردەم تورکیا، بەوەی "واشنتۆن" بتوانێت خاکی تورکیا بەکاربهێنێت بەمەبەستی کردنەوەی بەرەی دووەمی هێزەکانی دژ بەعێراق. لەبەرامبەردا تورکیا داوای کۆمەکی (٩٢) ملیار دۆلار و ڕازیبوون لەسەر ناردنی (٦٠) هەزار سەربازی تورکی بۆ باکووری عێراق کرد. سەرەنجام ئەمریکا ڕازی بوو بەپێدانی (٦) ملیار دۆلار و بوونی سەربازانی تورکی لەخاکی عێراقدا (هەرچەندە ڕازیبوونی دووەمیان لەلایەن کەمینەیەك لەفەرماندە سەربازییە باڵاکانی ئەمریکاوە بوو). دواتر ئەم پێشنیارەی ئەمریکا لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانیی تورکیاوە ڕەتکرایەوە..[٣٧]

پاش ئەوەی ژێرخانی ئابووری تورکیا جۆرێك لەبوژاندنەوەی بەخۆوەدی، پێدەچێت حکومەتەکەی ئەردۆگان چیتر منەتی بەکۆمەکەکانی ئەمریکا نەمابێت. ساڵی (٢٠٠٣ز) لەکاتی پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا، ئەردۆگان ئاماژەی دابوو کە "دۆسییەی هاوکاریمان لەگەڵ ئەمریکا، سەبارەت بەجەنگی عێراق داخست." پاشان لە (٢٨/ ٣/ ٢٠٠٣ز)دا کاتێك پرسیاریان لەسەرۆك ئەرکانی سوپای تورکیا کردبوو، سەبارەت بەوەی کە گوایە (٪ ٩٣)ی گەلی تورك بەرهەڵستی جەنگ دژ بەعێراق دەکات، ناوبراو لەوەڵامدا ئاماژەی دابوو "نەخێر (٪ ١٠٠)ی گەل دژی ئەو جەنگەیە." [٣٨]



هەواڵنامەی کتێب

لێکۆڵەرانی سیاسی، پێیان وایە سیاسەتی ئەمڕۆی تورکیای ئیسلامی، پێچەوانەی سیاسەتی دوێنێی تورکیای عەلمانی کەمالیستییە. هەر لەباسکردنی کرانەوەی دیموکراتی و وتوویژ لەگەڵ هێزە سیاسییە کوردییەکانی ناو تورکیا و هەمواركردنی دەستوور و هەوڵدان بۆ پچڕاندنی پەیوەندییەکانی پێشوو لەگەڵ ئیسرائیل و لادان بەلای ئێران و دەستتێوەردان و.....هتد، پشتڕاستکەرەوەی ئەم ڕاستییەن. لێکۆڵەران لەو باوەڕەدان، چیتر سیاسەت و پێگەی ئەمریکا لەعێراق وەکو پێشوو نەماوە، واتە ڕای گشتی گەلی ئەمریکی وسووربوونی سەرۆکی ئەمریکا لەسەر کشانەوەی هێزەکانی، لەکۆتایی مانگی ئابی (٢٠١٠ز) بەقۆناغ و مایەپووچ بوونی گەورە کۆمپانیا ئەمریکی و جیهانییەکان و کێشەی دارمان و هەڵاوسان و ناچالاکی ئابووری جیهان، هەموو ئەمانە جۆرێك لە پاشەکشە و نائامادەباشی لەسیاسەت و هێزی ئەمریکای لەناوچەکەدا فەراهەمکردووە (بەڕای لێکۆڵەران)، کەدەتوانین (لانیکەم) بەجۆرێك لەبۆشایی هێز بیخەملێنین. ئێستا هێزە سیاسییە ئیقلیمییەکانی ناوچەکە، لەهەوڵی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە دان. ئەمڕۆ، بێجگەلەوەی ئەمریکا و هاوپەیمانانی بەئاشکرا دەستوەردەدەنە سیاسەتی ناوخۆی عێراقەوە، تورکیا و ئێران و سوریا و عەرەبستانی سعودیش، کێشمەکێش و کێبڕکێی یەکتر دەکەن لەم ڕووەوە و بۆ هەمان مەبەست، ئەمەش ڕاستییەکە نکوڵی لێناکرێت.





## بەشی چوارەم/ ئایندەی دەوڵەتی تورکیا

یەکێتی ئەورووپا، نیگەرانی خۆی بەرانبەر بەبەردەوامبوونی پێشێلکردنی مافی کەمایەتییەکان لە تورکیا نیشاندابوو، هانی ئەو وڵاتەیدا کە کاری زیاتر بکات بۆئەوەی بازنەی ئازادی ڕادەربڕین لەو وڵاتەدا بەرەوپێشببات. ئەوەی وترا، ڕۆژی پێنجشەممە بەرواری (١/ ١٠/ ٢٠٠٩ز) وەك ڕاپۆرتێك لەلایەن ئەنجومەنی مافی مرۆڤی سەر بەکۆمسیۆنی یەکێتی ئەورووپا بڵاوکرابووەوە، دەربارەی بارودۆخی نێوخۆی تورکیا. کەسایەتی "تۆماس هامەربێرگ" بەرپرسی ئەنجومەنی مافی مرۆڤی ئەورووپا و ئامادەکاری ڕاپۆرتەکە، نیگەرانی نیشاندابوو کە هێشتا لەتورکیادا کۆتوبەند لەسەر زمان و خوێندن و ئازادی ڕادەربڕینی کەمینەکان ماوە، داواشی کردبوو کە دەبێت تورکیا کاری زیاتر و هەنگاوی گەورەتر بنێت لەپێناو دەستەبەرکردنی مافی کورد.. [٣٩] پێدەچێت لەئێستاشدا، هەمان ئەنجومەنی سەر بەهەمان کۆمسیۆن، هەمان ڕاپۆرت دووبارەبکاتەوە، دەربارەی بارودۆخی ناوخۆی تورکیا وماف و ژیان و گوزەرانی کەمینەکان، بەتایبەت مافی گەلی کوردی باکوور.

ساڵانێك بوو، تورك نكوڵی لەبوونی كورد لەتورکیادا دەکرد. نەك وشەی کوردی بەکارنەدەهێنا، بگرە ناوبردنی ئەم وشەیە لەناوخۆی تورکیادا گەورەترین کارەسات و مەترسی لێدەکەوتەوە. ئەمڕۆ، بەهۆی گۆڕانکارییە جیهانیی و ناوخۆییەکانی تورکیاوە، چیتر نکوولیی لەبوونی گەلێکی خاوەن نەتەوەی ملیۆنەها ڕۆڵە و هەزاران شەهید ناکرێت، ناشێت تاسەر ڕاستی بەهەڵەدا ببرێت، چیتر بەری ڕۆژ بەبێژنگ ناگیرێت..

ئەوەتا نەك گەلی کورد و تێکڕای جیهان ئەم ڕاستییە دەزانن، کە تورکیا

نکوڵی لەبوونی کورد کردووە و هەردەم هەوڵی سڕینەوەی شوناسی ئەم گەلەی داوە و دەدات، بەڵکو ڕۆشنفیکران و نووسەران و مرۆڤدۆستانی تورکیش ئەم ڕاستییە دەزانن، چەندین نووسەری تورك لەسەر مەسەلەی کورد تووشی گرتن و کوشتن و ڕاوەدونان بوون. ئەممەیە ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر ناوخۆی تورکیادا هاتووە و داهاتووی ئەو وڵاتە و گەلانی ئەو وڵاتە دەخاتە بەر چەندین پرسیار، مەحاڵە دەرباز بوون لێی، ئەمە وەکی ڕێگرتن لە یاسای سروشتی وایە، گەر بکرێت ئەوا هاوسەنگی و چەمکی ژیان تێکدەچێت.

گەورە نووسەر و کۆمەڵناسی تورك "ئیسماعیل بێشکچی" * یەکێکە لەو کەڵە نووسەرانەی هەردەم داکۆکی لەمافی ڕەوای گەلی کورد کردووە، بۆیە بەدۆستی گەلی کورد ناوزەد دەکرێت. لەیەکێك لەنووسینەکانیدا ئاماژەی دابوو "تائێستا سیاسەتی تورکیا، سیاسەتێکە هەوڵی کوژاندنەوەی ناوی کورد دەدات." ئەوەتا چەند مانگێك لەمەوبەر لەگۆڤاری (مافەکان و کۆمەڵگا، لەسەردەمی ئێمەدا)، نووسەر وتارێکی بەناونیشانی "مافی چارەنووسی نەتەوەکان و کورد" بڵاوکردبووەوە، تیایدا باسی لەوە کردبوو "ئەمە (٢٠٠) ساڵە کورد بۆ ئازادیی وڵاتێکی ئازاد تێدەکۆشێت و لەو پێناوەدا زۆر قوربانی داوە. سوریا و ئێران و تورکیا، کورد لەژێر فشار و چەوساندنەوە و زوڵم و زۆرداریدا بەڕێوەدەبەن. مافی ڕەوای گەلی کوردە کە لەدژی ئەم چەوساندنەوە و زوڵم وزۆرەدا بۆ ئازادی تێبکۆشێت." نوێنەرایەتی گشتی دادگای ناوبراو ئەو بۆچوونەی بێشکچی وەك هەوڵێکی جیاخوازی دابووە قەڵەم و داوای سزای "هەشت ساڵ و نیو" بەندکردنی بۆ کردبوو..[٤٠]

تورکیا خاوەنی چەندین کەمینەی نەتەوایەتییە، کە کورد تیایدا زۆرینەیانە. واتە لەدوای نەتەوەی تورك، نەتەوەی کورد دووهەم نەتەوەیە،



کەچی وەك کەمینەیەکی بێشوناس مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. ناکرێت کردنەوەی کەناڵێکی کوردی (تەرەتە٦) و ڕێپێدان و گێڕانی ئاهەنگی نەورۆز و بەشداری سیاسی تاقە پارتێکی سیاسی کوردی (بەدەپە) و کەمێك مافی کەلتووری و فەرهەنگی، بەتەواوی مافە سیڤیلی و سیاسییەکانی گەلی کوردی باکووری هەژماربکەین. ئاشکرایە هەموو نەورۆزێك، کۆتاییەکەی بەگرتن و ڕاوەدوونان و مەینەتی دێت، کەناڵی (تەرەتە ٦) تەنها وەرگێڕانێکی کەناڵە تورکییەکانە (هەرچەندە بوونی ئەم کەناڵە خۆی لەخۆیدا زۆر گرنگە)، پارتێکی کوردی وەك (بەدەپە) کەخاوەنی چەندین کەسایەتی شۆڕشگێڕ و ڕۆشنبیرە، هەرگیز ڕێگای پێنادرێت سنوور ببەزێنێت، بەڵکو زۆرجار بەباڵی سیاسی پەکەکەی ناوزەد دەکەن. پێدەچێت کرانەوەکەی ئەردۆگانیش تووشی قەیران بووبێت، بەوەی هێشتا ئەنجامێکی ڕۆشنی ئەوتۆی نییە.

هەموو ئەو مافانەی کوردانی باکوور کە ئاماژەی پێدرا، سنووردارن، بگرە ئەوانە مافێکی زۆر سەرەتایین، کەدەبێت مرۆڤ خاوەنی بێت. ناکرێت لەئێستادا بوترێت، تورکیا کرانەوەی دیموکراتی بەخۆوە نەدیوە و هیچیش نەکراوە. بەڵام لەڕوانگەی کوردانی باکوورەوە، هێشتا زۆر شت ماوە بکرێت، ئەمەش ڕاستییەکە نکوولیی لێناکرێت. لەڕاستیدا حکومەتەکەی ئەردۆگان هەنگاوی باشی لەو ڕووەوە ناوە، بەڵام ناکرێت کۆسپەکان و ڕێگریی ناسیۆنالیستە تورکەکان و سوپاش لەبیربکرێت. بەلای ئەردۆگان و حکومەتەکەیەوە، بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری لەپێشینەی هەنگاوەکانە، پاشان هەمووارکردنی بڕگەکانی دەستوور و فەراهەمکردنی ئازادییەکان، دواتر کرانەوە بەڕووی دەرەوەدا، کە لەئێستادا زۆرتر خواست لەسەر جیهانی ئیسلامی و ڕۆژهەڵاتە.

وەنەبێت کرانەوە بەڕووی جیهانی ئیسلامی و ڕۆژهەڵاتدا هەروا ئاسان بێت، بەڵکو کۆششێکی زۆر و قوربانیی و هەوڵێکی بێوچانی لەتورکیا دەوێت، لەبەرانبەر پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنێکی نوێ، بەپێوەری ڕۆژئاوایی.. ناردنی "کەشتیگەلی ئازادی" بۆ کەرتی "غەززە"ی فەلەستینی، بەمەبەستی شکاندنی ئابلووقەی ئیسرائیلیی سەر ئەو کەرتە، کە لەنێویاندا کەشتی "مەرمەرە"ی تورکی ڕۆڵێکی کارای بینی لەگەیاندنی ئازوقە و پێداویستی مرۆیی، دەرەنجامێکی باشی نەبوو بۆ هەردوولا. بەوەی هێزە چەکدارەکانی ئیسرائیل هێرشیان بردەسەر کەشتییە تورکییەکە و نۆ کەسی تێدا کوژرا و چەندین کەسیش بریندار کرا، بەناوی پێشێلکردنی سەروەریی ئاوی ئیسرائیلی. لەبەرانبەردا، تورکیا ئەوپەڕی نارەزایی دەبڕی و داوای پۆزش و قەرەبووی لەحکومەتی ئیسرائیل کرد، هەرچەندە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش نارەزاییەکی زۆری لێکەوتەوە. دواتر لەسەر زاری وەزیری دەرەوەی تورکیا، "ئەحمەد داوود ئۆغلۆ" بڕیاری داخستنی بواری ئاسمانیی بەڕووی فڕۆکەکانی ئیسرائیل دەرکرا و بڕیاردرا پەیوەندییەکانی نێوانیان بپچڕێندرێت.

هەرگیز دەوڵەتی بەرانبەریش دەستەوەستان نەبوو لەوەڵامدانەوەدا. هەربۆیە وەزیری بەرگری ئیسرائیلی "ئیهود باراك" ئاماژەی دابوو کە "گەمارۆی سەر کەرتی غەززە لانابەین و داوای لێبوردنیش لەحکومەتی تورکیا ناکەین و هیچ قەرەبوویەکیش نادەین." [٤١] کێشەی نێوان ئەم دوو وڵاتە، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پەرە دەسەنێت و بارگرژی زیاددەکات، کە لەبەرژەوەندی هیچکامیان نییە. کاتێك سەرۆکی نوێی دەزگای هەواڵگری تورکی "هاقان فیدان" دەستنیشانکرا، ڕاستەوخۆ وەزیری بەرگری ئیسرائیلی، ئەوەی ڕاگەیاند کە ناوبراو





پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ئێراندا هەیە، وە وڵاتەکەی ترسی ئەوەی لێنیشتووە کە ناوبراو تێکڕای نهێنییەکانی ئیسرائیل بەئێران بدات. وەك شتێکی چاوەڕوانکراو، وەزارەتی دەرەوەی تورکیا، بانگهێشتی باڵیۆزی ئیسرائیلی لەئەنکەرە کرد و داوای ڕوونکردنەوەی لێکرد دەربارەی وتەکانی ناوبراو. هۆشداریشی دایە باڵیۆزی ناوبراو، کە وڵاتەکەی بۆچی هێندە لەو بابەتەوە دەدوێت؟ مەبەستی چییە؟ دواتر بەوتەیەکی هەڕەشە ئامێز و بەشێوەیەکی دیبلۆماسی، باڵیۆز ئاگادار کرایەوە کە "دەبێت بێدەنگ بن، ئەگینا ئێمەش قسەمان هەیە." [٤٢]

ئێستا قۆناغێکی نوێ هاتووەتە ئاراوە، کەپەیوەندییەکانی تورکیا و ئێران لەخۆ دەگرێت، ئەو پەیوەندییانەی هەرگیز بەڕۆژئاوا هەرسناکرێن. کاتێك سنوورەکانی نێوان هەردوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەوی، بەجێگیری مانەوە و پەیوەندییەکانی نێوانیشیان لەسەر بناغەی دەستێوەرنەدان و چاوتێنەبڕین لەیەکتر بنیادنرا، تا ئەوکاتەی تورکیا و ئێران بوونە بەشێك لەستراتیژی خۆرئاوا و هیچ لایەکیشیان لەدەرەوەی ئەو ستراتیژە نەیاندەتوانی هەنگاو بنێت. بەڵام بەهۆی هەرەسی سیستمی سیاسی ئێران و دواتریش ڕوخانی سیستمی نێودەوڵەتی دووجەمسەرییەوە، بەچەشنی دوو گۆڕانکاری سەربەخۆ، ئەمانە کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەو دوو وڵاتە دروستکرد. تورکیا لەدوای هەرەسی سیستمی دووجەمسەری، هەوڵیدا هەنگاو بەهەنگاو پەیوەندییەکانی لەگەڵ خۆرئاوا بگۆڕێت، کە بۆ سەردەمانێك ببوە فارگۆنی دواوەی شەمەندەفەری باکووری ئەتڵەسی. هەرچی ئێرانیشە گۆڕانکاری ناوخۆ و تێڕوانینی ئایدیۆلۆژیانەی وایکرد، کە نەك هەر بگۆڕدرێت، بەڵکو لەو

پەیوەندییەش یاخی ببێت، کە لەگەڵ ستراتیژی پێشووی خۆرئاوا لەناوچەکەدا هەیبوو. ئەو دیدە هاوبەشەی تورکیا و ئێران، لەبەرانبەر ستراتیژی خۆرئاوا لەناوچەکەدا، وایکرد لەیەکتر نزیکببنەوە، بەجۆرێك کە پێشتر پەیوەندییەکانیان لێکتر نزیکبوونەوەی لەو جۆرەی بەخۆوە نەدیبوو..[٤٣]

لەگەڵئەوەی تورکیا هەوڵی هەڵوەشاندنەوە و پچڕاندنی گشت پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیلدا دەدات، لەبەرانبەردا وەك هێزێکی ئیسلامیی ئیقلیمیی نوێ، هەوڵی خۆدەرخستن و هاوپەیمانی بەستن دەدات. لەلایەك دەیەوێت بەحوکمی ستراتیژییەتی خاکەکەی، فشار بخاتە سەر ئەمریکا و هەوڵی بەدەستهێنانی زۆرترین کۆمەك بدات و دەستوەردەداتە کاروباری عێراق. لەلایەکیترەوە، هەوڵی بێوچان دەدات بۆ بوون بەئەندام لە یەکێتی ئەوروپا و خۆدەرخستن وەك چاکساز و دیموکراتخواز و فریادڕەسی گەلانی تورکیا. جارێك باس لەکرانەوە بەڕووی کورد و مافەکان و گوێگرتن لەداخوازییەکان دەکات، جارێکیش هەوڵی حوکمڕانی تاکڕەوانە و قەدەغەکردنی هێزە سیاسییە کوردییەکانی باکوور و هاوڕێ لەگەڵ جەنەڕاڵەکاندا سەردانی ناوچە سنوورییەکان دەکات و فەرمانی ناردنی زۆرترین هێزی سەربازی بۆ ئەو ناوچانە دەدات، بگرە خوازیاری هێرشکردنە سەر هەرێمی کوردستانیشە. شرۆڤەکاران لەو بڕوایەدان کە تورکیا لەگەڵئەوەی بەسیاسەت و ژیرانە ئەم کارانە دەکات، بەڵام دەشێت دەرەنجامەکانی تاسەر خوازراو نەبن، واتە "مەرج نییە هەموو کاتێك گۆزە بەسەلامەتی لەکانی بهێنرێتەوە."

وەك لێدان لەبەرژەوەندی تورکیا، دەکرێت دەوڵەتی ئیسرائیل کێشەی پەکەکە بقۆزێتەوە. مانای لەڕێگەی وروژاندنی هەست و سۆزی کوردانی





باکوورەوە، دەکرێت گەورەترین و ئاڵۆزترین کێشە هەناردەی ناوخۆی تورکیا بکرێت. وەنەبێت ئەم کێشە لەمێژینەیە شتێکی نوێ بێت و تورکیای سەرقاڵ نەکردبێت، بەڵام دەشێت بەبەرگ و میکانیزمێکی نوێوە، جارێکیتر تورکیای پێبهەژێنرێت، جۆش و خرۆش بەبەری لاوان و شۆڕشگێرانی کوردی باکوردا بکرێت، ئەوانیش چەشنی برا کوردەکانی باشوور، هەوڵی فیدراڵی یان فیدراسیۆن یاخود هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی و داوای مافی چارەنووسی خۆیان بکەن. ئەوانەی وترا، ئەوە ناگەیەنێت کە کوردی باکوور بەهاندانی دەرەکی خەبات دەکات، یاخود هێندە گێل و نەفام بن وەك داشی دامە جوڵەیان پێبکرێت، بەفەرمانی ئەم و ئەو بجوڵێن. بەڵام لەبەرئەوەی خاوەنی مافە سەرەکییە سیڤیلی و سیاسییەکانی خۆیان نین، وروژاندنی هەستی نەتەوایەتی هێندە کارێکی قورس نییە..

لەکاتێکدا کە کورد بەگشتی، دۆستێکی سەرەکی متمانەپێکراوی نییە، ئەوەی دەشوترێت دەربارەی کورد و پشتگیریکردن لەمافە ڕەواکانی (لەهەر لایەکەوەبن)، تەنها بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکان و دیفاکتۆ (بەهۆی پێگەی مێژوویی و شۆڕشە کوردییەکانەوە) داهێنەرێتی، ئەمەش ڕاستییەکە، کە کورد نابێت لەبیری بکات و خۆی بەهەڵەدا ببات، باشتروایە هەردەم پشت بەخۆی و تواناکانی ببەستێت، نەك بەڵێن و وتەی بریقەداری یۆتۆپی.

تورکیا ئەگەر بەدوای چارەسەری کێشەی کورددا دەگەڕێت، ئەگەر نایەوێت چیتر ڕۆڵەکانی گەلانی تورکیا بەکوشت بدات، ئەوا دەبێت هەنگاوێکی بوێرانە بنێت. چیتر ئۆپەراسیۆن و ڕەشبگیری و کوشت و کوشتار و ڕاسیزم ئەنجامێکی ئەوتۆی نابێت. پێویستە ڕاستەوخۆ دانوستان لەگەڵ نوێنەرانی کوردی باکووردا بکات، لەگەڵ ئەوانەدا کە ئێستا بە "تیرۆریست"یان لەقەڵەمدەدات، بەوەی ئەوان و (بەدەپە) هەردووکیان هەڵقوڵاو و ڕۆڵەی ئەو گەلەن. با چیتر تورکیا کێشە بۆ

خۆی و گەلانی تورکیاش دروستنەکات، پێناچێت ململانێ و کێشمەکێش لەگەڵ زلهێزانیشدا دەرەنجامێکی خوازراوی هەبێت. باشتر وایە هەوڵ بۆ ئاوەدانی و گەشەپێدان و خۆشگوزەرانی و دیموکراتیزەکردنی بنەماکانی کرانەوە بەرووی کورد و جیهاندا بدات.

ڕاستە ئەمڕۆ تێڕوانینی جیهان بۆ ئازادییەکان و مافەکانی مرۆڤ بەگشتی گۆڕاوە، ڕای گشتی جیهان بەرەوپێشچوونێکی تەواوی بەخۆوە بینیوە، کەیسی کورد ئاشنایەتییەکی تەواوی لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و دۆستەکانیدا پەیداکردووە. بەڵام بەرژەوەندی باڵای دەوڵەتان و هاوکێشەکان و هاوپەیمانێتییەکان لەسەروو خواستەکانی کوردەوەن. ئەمریکا هەرگیز لەبەر بەرژەوەندییەکانی خۆی پشت لەتورکیا و وڵاتانی دەوروبەر ناکات لەسەر مەسەلەی کورد، بەڵام لەهەمان کاتیشدا پارێزگاریی لە شوناس و پێگەی کورد دەکات (بەتایبەت هەرێمی کوردستان)، ئەمەش تارادەیەك بۆ پارێزگاریکردنە لەهاوسەنگی هێز لەناوچەکەدا و بۆئەوەی بتوانێت بەهۆیەوە جۆرێك لەفشار دروستبکات. کەواتە کورد دەبێت ئەم ڕاستییە باش بزانێت کە ئەمریکا و وڵاتانی ئیقلیمی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەهەر هۆیەك بێت پێویستیان بەبوون و پێگەو خاکی کوردستان هەیە، خۆ ئەگەر دانیش بەو ڕاستییەدا نەنێن، ئەوە بابەتێکی ترە. باشتر وایە کورد ئەو هەلە لەدەستنەدات، ژیرانە و ڕامیارییانە مامەڵە بکات، بایاریزانێکی گەمەی سیاسی بێت نەك داشی گەمەکە بێت، هەست بەبوون و قورسایی خۆی بکات، نەهێڵێت هەڵەی مێژوویی لەمێژینە جارێکیتر بەسەریدا زاڵ بێت، لەبەرئەوەی لەلاپەڕەکانی مێژوودا تۆمار دەکرێن..

**** * ****





## سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان


- مەنال لوتفی: تورکیا لە ئەتاتورکەوە بۆ ئەردۆغان، و: مەجید ساڵح و موحسین ئەدیب، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان- سلێمانی، ٢٠٠٨
- سامی شۆڕش: تورکیا و ئەوروپا.. کورد لەو بازنەیەدا، زنجیرەی کتێب (٢٨)، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی- هەولێر، ٢٠٠٧
- د. ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد و چەند نووسەرێکی تر: تورکیای هاوچەرخ، و: سامان مستەفا ڕەشید، سلێمانی، ٢٠٠٨
- محەمەد نورەدین: تورکیا لەسەردەمی گۆڕاندا، و: ئازاد بەرزنجی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم- سلێمانی، ٢٠٠٠
- فەرۆز ئەحمەد و چەند نووسەرێکی تر: تورکیا نەبەرد لەپێناوی مانەوەدا، و: خەلیل بەکر مەحمود و چەند نووسەرێکی تر، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان- سلێمانی، ٢٠٠٦
- هێرش عەبدوڵلا کەریم: پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا ١٩٩١- ١٩٩٨، مەڵبەندی کوردۆلۆجی- سلێمانی، ٢٠٠٧
- حەمید بۆز ئەرسەلان: مێژووی تورکیای هاوچەرخ، و: نەجاتی عەبدوڵلا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس- هەولێر، ٢٠٠٩


### سەرچاوە عەرەبییەکان


- معتصم محمد عودة الله: جغرافيا العالم الجديد، الطبعة الاولى، دار أجنادين للنشر والتوزيع، ٢٠٠٧
- م. د. وصال نجيب العزاوي: قضايا سياسية- مجلة فصلية محكمة تعنى بنشر الابحاث والدراسات السياسية العربية والدولية، المجلد الثاني، العدد (٥، ٦)، جامعة النهرين، كلية العلوم السياسية- بغداد، صيف ٢٠٠٤

- تركيا: التطورات الداخلية والتفاعلات الاقليمية، التقرير الاستراتيجي العربي ٢٠٠٢-٢٠٠٣، مركز الدراسات السياسية والاستراتيجية بالاهرام، الطبعة الاولى، ٢٠٠٣
- بيار مصطفى سيف الين: تركيا وكوردستان العراق، الطبعة الاولى، تسلسل الكتاب (٣٤)، مؤسسة موكرياني للبحوث و النشر- اربيل، ٢٠٠٨
- د. ابراهيم خليل العلاف: دور تركيا في تحقيق الامن الاقليمي، اوراق تركيا المعاصرة، العدد (١٨)، مركز الدراسات الدولية- بغداد، ٢٠٠٢

## گۆڤارەکان

- نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی و رووناکبیری وەرزییە، ژمارە (٦)، بەشی رووناکبیری مەڵبەندی (١)ی رێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەریدەکات، ٢٠٠٩
- سیاسەتی نێودەوڵەتان: گۆڤارێکە لەمەسەلەکانی سیاسەت و پەیوەندی نێودەوڵەتان دەکۆڵێتەوە، ژمارە (٧)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان- سلێمانی، کانوونی یەکەمی ٢٠٠٦
- هەفتەنامە: گۆڤارێکی سیاسی گشتییە، خەندان بۆ پەخش و وەشاندن دەریدەکات، ژمارە (١٠٣)، ١١- ١٧ تەمموز، ٢٠١٠

## رۆژنامەکان

- رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژمارە (٤١٦٨)، دووشەممە، ١٥/ ١/ ٢٠٠٧
- رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژمارە (٤٩٦٢)، یەکشەممە، ٣٠/ ٨/ ٢٠٠٩
- رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژمارە (٤٩٨٨)، هەینی، ٢/ ١٠/ ٢٠٠٩
- رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژمارە (٥٠٠٣)، سێشەممە، ٢٠/ ١٠/ ٢٠٠٩
- رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژمارە (٥١٣٨)، پێنجشەممە، ١/ ٤/ ٢٠١٠
- رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژمارە (٥٢٤٠)، سێشەممە، ٢٧/ ٧/ ٢٠١٠
- رۆژنامەی ئاسۆ: ژمارە (١٠٧١)، ساڵی شەشەم، چوارشەممە، ٧/ ١٠/ ٢٠٠٩
- رۆژنامەی ئاسۆ: ژمارە (١٠٨٨)، ساڵی شەشەم، یەکشەممە، ١/ ١١/ ٢٠٠٩
- رۆژنامەی ئاسۆ: ژمارە (١٠٩٣)، ساڵی شەشەم، یەکشەممە، ٨/ ١١/ ٢٠٠٩
- رۆژنامەی ئاسۆ: ژمارە (١٠٩٩)، ساڵی شەشەم، دووشەممە، ١٦/ ١١/ ٢٠٠٩
- رۆژنامەی ئاسۆ: ژمارە (١١٨٧)، ساڵی حەوتەم، پێنجشەممە، ٣١/ ٣/ ٢٠١٠





- رۆژنامەی ئاسۆ: ژمارە (١٢٧٠)، ساڵی حەوتەم، دووشەممە، ٢٦/ ٧/ ٢٠١٠
- رۆژنامەی ئاسۆ: ژمارە (١٢٧٣)، ساڵی حەوتەم، پێنجشەممە، ٢٩/ ٧/ ٢٠١٠
- رۆژنامەی هەولێر: ژمارە (٨٠٢)، ١٤/ ٦/ ٢٠١٠

## ماڵپەڕەکان

- منتديات منتدانا: ٢٨/ ٨/ ٢٠٠٩ montadana. net[١]
- أكراد: ويكيبيديا، الموسوعه الحره، ١٥/ ٦/ ٢٠١٠ ar. Wikipedia. Org
- تركيا و تحديات الانضمام الى الاتحاد الاوروبى: شبكه المعلومات الدوليه على الموقع www.acpss.ahram.org
- اخبار العالم: sitemiz AA، تفاقم أزمه تصريحات باراك چد رئيس المخابرات التركيه الجديد، ٦/ ٨/ ٢٠١٠

**** * ****

## پەرەوێزەکان

* مستەفا کەمال: (١٨٨١- ١٩٣٨ز) لە سالۆنیك لەدایکبووە، دایکی ناوی (زوبێدە) بووە، باوکیشی ناوی (عەلی رەزا) بووە و فەرمانبەرێکی سادەی حکومی بووە. مستەفا کەمال کەسێکی زیرەك و لێهاتوو بووە لە خوێندن و ژیانیدا، توانیویەتی بەرزترین پلەی سەربازی بەدەستبهێنێت. بەشداری ئەو رەوت و بزوتنەوە شۆڕشگێڕانەی کردووە کە دژ بە دەسەلاتی عوسمانی بوون. کاتێك دەبێتە سەرۆك کۆمار، لەو بەڵێنانەی پاشگەز دەبێتەوە کە دابووی بە کورد، بگرە بەپێچەوانەوە بە چەپۆکێکی پۆڵایین لەگەڵ نەتەوەی کورد و شۆڕشە کوردییەکاندا دەجوڵێتەوە.

١ مەنال لوتفی: تورکیا لە ئەتاتورکەوە بۆ ئەردۆغان، و: مەجید ساڵح و موحسین ئەدیب، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان- سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ١١- ١٢

٢ معتصم محمد عودة الله: جغرافيا العالم الجديد، الطبعة الاولى، دار أجنادين للنشر والتوزيع، ٢٠٠٧، ص ١٦٠

[٣] سامی شۆڕش: تورکیا وئەوروپا.. کورد لەو بازنەیەدا، زنجیرەی کتێب (٢٨)، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە وبلاْوکردنەوەی موکریانی- هەولێر، ٢٠٠٧، ل ٢٥

[٤] معتصم محمد عودة الله: جغرافيا العالم الجديد، المصدر السابق، ص ١٦٠

[٥] د. ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد وچەند نووسەرێکی تر: تورکیای هاوچەرخ، و: سامان مستەفا ڕەشید، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٦- ٧

[٦] منتديات منتدانا: ٢٨/ ٨/ ٢٠٠٩
montadana. net

[*] کاتێك دەڵێین ئایدیۆلۆژیای کەمالیست، ناتوانین وەك چەمکێکی گشتگیری جیهانیی وێنای بکەین یان ئاماژەی پێبدەین، لەبەرئەوەی ئەم ئایدیۆلۆژیایە تەنها لەنێوخۆی تورکیادا بەکار بوو. (نووسەر)

[٧] أ. م. د. وصال نجيب العزاوي: قضايا سياسية- مجلة فصلية محكمة تعنى بنشر الابحاث والدراسات السياسية العربية والدولية، المجلد الثاني، العدد (٥، ٦)، جامعة النهرين، كلية العلوم السياسية- بغداد، صيف ٢٠٠٤، ص ٤

[٨] محەمەد نورەدین: تورکیا لەسەردەمی گۆڕاندا، و: ئازاد بەرزنجی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم- سلێمانی، ٢٠٠٠، ل ١٢٥

[٩] نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی وڕوناکبیریی وەرزییە، ژمارە (٦)، بەشی ڕوناکبیری مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەریدەکات، ٢٠٠٩، ل ١٨٠- ١٨١

[*] عیسمەت ئینۆنۆ (١٨٨٤- ١٩٧٣ز): گەورە ئەفسەری مستەفا کەمال ئەتاتورك بووە، لەدوای مردنی ئەتاتورك لە ساڵی (١٩٣٨ز)دا، ناوبراو بووە سەرۆك کۆمار. هەندێك دەڵێن ناوبراو بەڕەچەڵەك کورد بووە.

[١٠] نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی وڕوناکبیریی وەرزییە، ژمارە (٦)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٩- ١٢٠

[١١] أكراد: ويكيبيديا، الموسوعة الحرة، ١٥/ ٦/ ٢٠١٠
ar. Wikipedia. Org





[١٢] ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: زمانحاڵی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ساڵی هەژدەهەم، ژمارە (٤٩٦٢)، یەکشەممە، ٣٠/ ٨/ ٢٠٠٩، ل ٧

[١٣] سامی شۆڕش: تورکیا وئەوروپا.. کورد لەو بازنەیەدا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩- ٤٠

[١٤] محەمەد نورەدین: تورکیا لەسەردەمی گۆڕاندا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٧

[*] نەجمەدین ئەربەکان: کەسایەتییەکی ئیسلامییە، پسپۆڕ لەبواری تەکنیکی چەکسازیدا، لەزانکۆی ئەستانبوڵ کاری دەکرد. لەشاگردەکانی (محەمەد زاهیر ئەفەندی) شێخی تەریقەتی نەقشبەندی و ئیمامی مزگەوتی ئەسکەندەر پاشای گەڕەکی فاتیح لە ئەستەنبوڵ بوو.

[١٥] محەمەد نورەدین: تورکیا لەسەردەمی گۆڕاندا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٥- ١١٠

[١٦] فەرۆز ئەحمەد وچەند نووسەرێکیتر: تورکیا نەبەرد لەپێناوی مانەوەدا، و: خەلیل بەکر مەحمود وچەند نووسەرێکیتر، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان- سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ٣٤٠

[١٧] تركيا وتحديات الانظمام الى الاتحاد الاوروبي: شبكة المعلومات الدولية على الموقع
www.acpss.ahram.org

[١٨] تركيا: التطورات الداخلية والتفاعلات الاقليمية، التقرير الاستراتيجي العربي ٢٠٠٢- ٢٠٠٣، مركز الدراسات السياسية والاستراتيجية بالاهرام، الطبعة الاولى، ٢٠٠٣، ص ٢٢٧

[١٩] ڕۆژنامەی ئاسۆ: ساڵی شەشەم، ژمارە (١٠٩٣)، یەکشەممە، ٨/ ١١/ ٢٠٠٩، ل ١٢

[٢٠] نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی وڕوناکبیریی وەرزییە، ژمارە (٦)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٦- ٢٨٨

[٢١] ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژمارە (٤٩٦٢)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧

[٢٢] ڕۆژنامەی ئاسۆ: ژمارە (١١٨٧)، ساڵی حەوتەم، پێنجشەممە، ٣١/ ٣/ ٢٠١٠، ل ٦

[٢٣] ڕۆژنامەی ئاسۆ: ژمارە (١٢٧٠)، ساڵی حەوتەم، دووشەممە، ٢٦/ ٧/ ٢٠١٠، ل ١٠

[٢٤] ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: زمانحاڵی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ژمارە (٥١٣٨)، پێنجشەممە، ١/ ٤/ ٢٠١٠، ل ٣

[٢٥] ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: زمانحاڵی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ژمارە (٥٠٠٣)، سێشەممە، ٢٠/ ١٠/ ٢٠٠٩



هەواڵنامەی کتێب

[٢٦] ڕۆژنامەی ئاسۆ: ژمارە (١٠٧١)، ساڵی شەشەم، چوارشەممە، ٧/ ١٠/ ٢٠٠٩، ل ١٠

[٢٧] ڕۆژنامەی ئاسۆ: ژمارە (١٠٩٩)، ساڵی شەشەم، دووشەممە، ١٦/ ١١/ ٢٠٠٩، ل ١٠

[٢٨] ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ئەردۆغان بیر لەوە بکەرەوە کەتا ئێستا کەس بیری لێنەکردووەتەوە، ژمارە (٥٢٤٠)، سێشەممە، ٢٧/ ٧/ ٢٠١٠، ل١٠

[٢٩] ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: پێویستمان بەڕێکەوتنە لەگەڵ **pkk** نەك جەنگ،(٥٢٤٠)، سێشەممە، ٢٧/ ٧/ ٢٠١٠،ل١٠

[٣٠] ڕۆژنامەی ئاسۆ: ژمارە (١٠٨٨)، ساڵی شەشەم، یەکشەممە، ١/ ١١/ ٢٠٠٩، ل ٧

[٣١] سامی شۆڕش: تورکیا وئەوروپا.. کورد لەو بازنەیەدا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٣- ١٨٤

[٣٢] ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژمارە (٤١٦٨)، دووشەممە، ١٥/ ١/ ٢٠٠٧

[٣٣] سیاسەتی نێودەوڵەتان: گۆڤارێکە لەمەسەلەکانی سیاسەت وپەیوەندی نێودەوڵەتان دەکۆڵێتەوە، ژمارە (٧)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان- سلێمانی، کانوونی یەکەمی ٢٠٠٦، ل ١١١

[٣٤] هێرش عەبدوڵلا کەریم: پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان وتورکیا ١٩٩١-١٩٩٨، مەڵبەندی کوردۆلۆجی- سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ١٣٠- ١٣١

[٣٥] بیار مصطفی سیف الین: ترکیا وکوردستان العراق، الطبعة الاولی، تسلسل الکتاب (٣٤)، مؤسسة موكرياني للبحوث و النشر- اربیل، ٢٠٠٨، ص ٢٤٥

[٣٦] ڕۆژنامەی هەولێر: ژمارە (٨٠٢)، ١٤/ ٦/ ٢٠١٠، ل ١١

[٣٧] حەمید بۆز ئەرسەلان: مێژووی تورکیای هاوچەرخ، و: نەجاتی عەبدوڵلا، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی ئاراس- هەولێر، ٢٠٠٩، ل ١٧١- ١٧٢

[٣٨] د. ابراهیم خلیل العلاف: دور ترکیا في تحقیق الامن الاقلیمي، اوراق ترکیا المعاصرة، العدد (١٨)، مرکز الدراسات الدولیة- بغداد، ٢٠٠٢، ص ١٠

[٣٩] ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژمارە (٤٩٨٨)، هەینی، ٢/ ١٠/ ٢٠٠٩، ل ١

* ئیسماعیل بێشکچی: "پرۆفیسۆری قژ زەرد" ئەمە نازناوی ئەم نووسەرەیە کە لەلایەن کوردانەوە پێی بەخشراوە. ساڵی (١٩٣٢ز) لەدایکبووە، ساڵی (١٩٦٢ز) کۆلێژی ڕامیاری تەواوکردووە، (١٩٦٧ز) بڕوانامەی دکتۆرا لەبواری کۆمەڵناسیدا بەدەستدێنێت. ناوبراو هەمان





ساڵ بەشداری خۆپێشاندانەکانی باکووری کوردستان دەکات، ساڵی (١٩٨٠ز) بەهۆی ناردنی نامەیەك بۆ "یەکێتی نووسەرانی سویسرا" کەتێیدا باسی لەکێشەی کورد کردبوو، دە ساڵ حوکم دەدرێت. لەساڵەکانی (١٩٧١- ١٩٩٢ز) بەردەوام بەهۆی نووسینەکانیەوە زیندانی کراوە و تووشی لێپێچینەوە بووە. چەندین پەڕتووك و نووسراوی لەسەر مەسەلەی کورد بلاوکراوەتەوە، تائێستا چەندین خەلاتی جیهانی لەسەر نووسینەکانی پێبەخشراوە، بەلام هەمووی ڕەتکردووەتەوە تەنها خەلاتی (ئۆسمان سەبری) کە"د. جەمال نەبەز" سەرۆکایەتی کۆمیتەی ئەو خەلاتەی دەکرد، وەرگرتووە. ئیستاش لەچاوەڕوانی بڕیاری کۆتایی، دادگای تاوانەکانی ناوچەی "تەقسیم"دایە لەئەستەنبوڵ، کەبڕیار بوو هەشت ساڵ و نیو زیندانی بۆ ببڕێتەوە لەسەر نووسینەکانی کەهەردەم داکۆکی لەمافەکانی نەتەوەی کورد دەکات..

[٤٠] ڕۆژنامەی ئاسۆ: ژمارە (١٢٧٣)، ساڵی حەوتەم، پێنجشەممە، ٢٩/ ٧/ ٢٠١٠، ل ٣

[٤١] هەفتەنامە: گۆڤارێکی سیاسی گشتییە، خەندان بۆ پەخش ووەشاندن دەریدەکات، ژمارە (١٠٣)، ١١- ١٧ تەمموز، ٢٠١٠، ل ٦

[٤٢] اخبار العالم:**sitemiz AA** ،تفاقم أزمة تصریحات باراك ضد رئیس المخابرات الترکیة الجدید، ٦/ ٨/ ٢٠١٠

[٤٣] هةفتةنامة: طؤظاريَكى سياسى طشتيية، خةندان بؤ ثةخش ووةشاندن دةريدةكات، ذمارة (١٠٣)، ١١- ١٧ تةمموز، ٢٠١٠، ل ٣٤



هەولنامەی کتێب

# کــورد
# فاکتەرێکی گرنگ لە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکە

ئەنوەر ئەسەدزادە

## سەرەتا

ناسین و درکپێکردنی رووداوە سیاسییەکانی ئەمڕۆی جیهان و لێکدانەوەی زانستییانەی بەگشتیو بەتایبەتی ئاڵوگۆڕەکانی لەم سەردەمەدا، یەکێك لەبەهاو بایەخە سەرەکییەکانی رەچاوکردنی سیاسەتێکی گونجاوە لەم ساتەوەختە هەرە گرنگ و هەستیارەدا بۆ سەرجەم نەتەوەکانی سەر ئەم گۆی زەوییە. بۆ نموونە وڵاتانی پێشکەوتوو لە دونیای مودێرنی ئەمڕۆدا لەهەوڵی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی مەدەنیو دڵخوازن لەسەر بنەمای بیرێکی نوێخوازانە کە تێیدا کەرامەتی ئینسانەکانو ئازادی رادەربڕینو بیروڕا و رێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ، ژنان، کرێکاران و چین و توێژەکانی دیکەی تێدا بە دیموکراتیترین شێوە پارێزراو بێت. هاتنە ئارای کۆمەڵێك بیری نوێ و پێشکەوتنخوازانە بۆ چارەسەری کێشەکان یەکێك لە خاڵە هەرە گرنگەکانی ئەم





سەردەمەی وڵاتانی دیموکرات لەخۆ دەگرێ. لەلایەکی دیکەشەوە گەشەی زانستو تەکنەلۆژیا بەتایبەت راگەیاندن بووەتە هۆی ناساندنی زۆربەی کێشە سیاسی ئابوری و فەرهەنگییەکان لە ئاستێکی جیهانیدا. ئەم ئاڵوگۆڕانەش بە چەشنێك روویان کردۆتە ناوچەی رۆژهەڵات و ئەمەش بە شێوەیەك کاریگەری دەبێت لەسەر کورد و قورسایی ئەم نەتەوەیە لە هاوسەنگی گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە ناوچەکەدا.

ئەم بابەتە هەوڵئەدات لەسەرەتادا بە شێوەیەك باس لەرەچاوکردنی سیاسەتی زاڵ و نادیموکراتیی دەسەڵاتدارانی زاڵ بەسەر کوردستانو خەسارەکانی بەرەسمییەت نەناسینی مافەکانی گەلی کورد لە ژێر دەسەڵاتی چوار وڵاتی داگیرکەر لەچەند دەیە لەوەپێشەوە بکات، پاشان لێکدانەوەیەکی کورتی رووداوەکانی ئەم دواییانەی دوای ١١سێپتامبر و کاریگەرییەکانی لەسەر ئاستی کوردستان بەگشتی بکات. لەکۆتاییشدا هەڵوێستەیەکی کورتی دەبێت سەبارەت بە کوردستانی باشوور و کاریگەری ئاڵوگۆڕەکانی جیهانی لە ئاستی ئەم بەشە لەکوردستاندا.

کوردستان بەردەوام سەرچاوەی بزووتنەوەگەلی جۆراوجۆر بووە لەدژی ستەمی داگیرکەران. ستەمی نەتەوەیی یەك لەو ستەمانە بووە کە لەدژی خەڵکی کورد کراوەو تا ئێستاکەش لە هەندێك لەبەشەکانی دیکەی بەردەوامە. لەلایەکی دیکەشەوە کوردستانو بزووتنەوە رەواکەی بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بووە تاکو بەشێوەیەکی دیموکراتی کێشەی کوردو داوا نەتەوەییو سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی چارەسەر بکاتو تا ئێستاکەش بە پێی هەندێك بەڵگەی

مێژوویی ئەم گەلە بە هیچ شێوەیەك شەڕخواز نەبووەو بیری دیموکراسیخوازیو چارەسەری پێشکەوتنخوازانەی وەك گرنگترین شێوەی خەبات ڕەچاوکردووە. بەڵام ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێبدەین ئەو ڕاستیەیە کە ڕژێمە زاڵەکان بەسەر کوردستاندا بەهۆی ئەوەی هەڵگری بیرێکی دواکەوتووانەو دیکتاتۆریانەن‌و بە هیچ شێوەیەك خوازیاری چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ڕێگەی ئاشتیخوازانەوە نەبوون‌و بەردەوام بۆ ئاڵۆزکردنی ناوچەکە و بۆ ئەوەی بە شێوەیەك بیسەلمێنن کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد بزووتنەوەیەکی ناڕەوایە، کوردو بزووتنەوەکەی بە ئاژاوەگێڕو جیاییخواز و دەست و پێوەندی بێگانە ناودێر دەکەن. زۆرجاریش ئەم حکوومەتە دەمارگرژانە بۆ سڕینەوەی بەتەواویی شوناسی نەتەوەیی کورد لە هەر چوارپارچەکەدا دەستیانداوەتە کۆمەڵکوژیو ژینۆساید لەشێوەگەلی جۆراوجۆر.
هەروەك لەسەرەوە ئاماژەم پێدا سەرەڕای بیری پێشکەوتنخوازانەی گەلی کوردو هەوڵدان بۆ کردنەوەی فەزایەکی گونجاو بۆ لێکتێگەیشتن‌و لە پاڵ ئەوەشدا بۆ ئەوەی توندوتیژی نەبێتە تاکە فاکتەری چارەسەریو خەڵکانێکی زۆر نەبنە قوربانی لەم ڕێگەیەدا شێوازی گونجاوییان پێشنیارکردووە، بەڵام ڕاست بە پێچەوانەوە بیرۆکەی دوگم و نادیموکراتیی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان لە چەشنی نەڕەخساندنی دەرفەتێکی گونجاو و هەوڵدان بۆ لەمپەر خستنە سەر ڕێی پێکهێنانی فەزایەکی دیموکراتی بۆ زمانی دیالۆگ‌و دانوستان، لەسیاسەتە هەرە بیرتەسکەکانی ڕژێمە زاڵەکان لەچەند دەیە لەوە پێشەوە بووە لە کوردستان. ناوەرۆکی ئەم سیاسەتە لەلایەن داگیرکەرانەوە هەڵگری ئەو بیرەیە کە بە شێوەیەك هەوڵبدەن بزووتنەوەی کورد و داخوازییە دیموکراتیەکانیان لەنێو بیروڕای جیهانیدا نەناسرێت‌و دەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی نەبێت‌و ئەوەش





ئەم دەرفەتە بە داگیرکەرانی کوردستان دەبەخشێ کە ئەسپی خۆیانی لێتاودەن و دەست لەهیچ کردەوەیەکی نامرۆڤانە بەدژی ئەم نەتەوەیە نەپارێزن‌و کاتێکی زۆرتر بەدەستبێنن بۆ ڕەچاوکردنی سیاسەتگەلی دژە ئینسانی لەدژی ئەم نەتەوەیە.

## سیاسەتی هاوبەش

بەڕەسمییەت نەناسینی مافی کوردان و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی شوناسیی نەتەوەییان لەلایەن وڵاتانی دەسەڵاتدار وەك سیاسەتێکی هاوبەش بۆ گەلێك کە بەدرێژایی یەك سەدەو نیوە بەردەوام هەڵگری ئاڵای خەبات‌و بەرەنگاری بووە بەشێوەی جۆراوجۆر بە دژی داگیرکەران، دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە بیری ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگ‌و هێرشبەرانەی پان تورکیزم‌و پان عەرەبیسم‌و پان ئێرانیزم لەو وڵاتانەدا گەیشتۆتە لووتکەی خۆی. وڵاتانی داگیرکەری کوردستان بۆ لەباربردنی ئەم بزووتنەوە بەردەوام سیاسەتی هاوبەشیان ڕەچاوکردووە و بەشێوەیەکی جیددی لەوکاتانەی دەکەونە مەترسیەوە، دانیشتن‌و کۆبوونەوە سازدەدەن لە دژی بزووتنەوەی گەلی کورد.
خاڵی جێگەی سەرنج ئەوەیە کە بزووتنەوەی کورد هەر لەکۆنەوە لەهەوڵی خۆتازە کردنەوەدا بووەو بەردەوام لەڕێگەی هێزە پێشکەوتنخوازەکانیەوە لەهەوڵی گەشەپێدانی بیری تازەگەریو نوێ بوونەوەدا بووە. بوونی نێوەرۆکێکی ئاشتیخوازانە وەك هێمای خەبات لە بزافی کوردیدا دەرخەری ئەو بنەچە پێشکەوتنخوازانەیە کە لەواقیعی ئەم بزافەدا بناغەی داکوتاوە. گرتنەبەری سیاسەتی لەو چەشنە لەلایەن حیزب‌و لایەنە سیاسیەکان بەردەوام بۆتە هۆی ڕق و تووڕەیی داگیرکەرانی کوردستان بەچەشنێك کە بەردەوام‌و بەشێوەی هاوبەش لەهەوڵی پلانی تازەدابن بۆ بنەبڕکردنی ئەم بزافە ڕەوایە.

شایانی باسە کە رژێمە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان بەردەوام بوونەتە هۆی هەڕەشەو مەترسیو تاوانکاری بۆ سەر هاوڵاتیانی کوردو بەردەوامیش ئەم نەتەوەیان لەکاروباری دەسەڵاتداری وڵات و پۆستە باڵاکان بێبەش راگرتووەو بەزۆری هەوڵیانداوە بەهێنانە ئارای کۆمەڵێك لەمپەرو کوسپ بەر بەگەشەی دانیشتوانی لەبوارە جیاجیاکان بگرنو ئەم نەتەوە لە پاشکەوتوویی و لەچەقبەستوویدا بهێڵنەوە. ئەوەش پێشاندەری ئەو راستیەیە گرتنەبەری سیاسەتی سڕینەوەو خەمساردی بە نیسبەت خەڵکی کورد پیشاندەری بیری دزێوو هەڵوێستی نامرۆڤانەی ئەم دەوڵەتانەیە بەدرێژایی مێژوو بەدژی خەڵکی کورد. نموونەی هەرە بەرچاو بۆ سەلماندنی ئەم بانگەشەیە بوونی چەندین بزووتنەوەی رزگاریخوازانە لەپارچە جیاجیاکانی کوردستانە کە چ ئەوکاتو چ ئێستاکە بەورەیەکی لەبن نەهاتوو و بە هەڵگرتنی ئاڵای بیری پێشکەوتنخوازی خەریك بەدرێژەدانی خەباتو بەرخۆدانن بەدژی رژیمە دژە گەلییەکانی زاڵ بەسەر کوردستاندا.

## فاکتەری جیهانی

ئەوەی پێویستە لێرەدا تیشك بخەمە سەری هاتنە ئارای رووداوەکانی ١١ سێپتامبر و کاریگەرییەکانییەتی لەسەر ئەم ناوچەیە بە گشتی و بەتایبەتی کوردستان. رووداوی ١١ی سێپتامبەر و هاتنەئارای بیری بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ تیرۆریستان و وڵاتانی دیکتاتۆر لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانانی بووە هۆی رێکخستنی هێرشێکی بەرین بە مەبەستی سڕینەوەی حکوومەتە دیکتاتۆر و فەندەمێنتاڵەکانی ئەفغانستان و عێراق. دوابەدوای ئەم هێرشە و لەنێوبردنی حکوومەتەکانی بەعسو تاڵیبان و لە پاڵ ئەوەشدا هاتنە



ئارای کۆمەڵێك ئاڵوگۆڕی دیکە لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە چەشنی کێشەی ئیسرائیل و فەلەستین و لەملاشەوە زەقبوونەوەی کێشەی ئەتۆمی ئێران و هەوڵدانی ئەمریکا بە لەگەڵ خۆخستنی کۆمەڵگای جیهانی بۆ هەڵوێستگرتن لە دژی ئەم سیاسەتەی ئێران، نیشانەی قووڵبونەوەی قەیرانەکانە لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەمەش بۆخۆی هەلێکی بە پێزە بۆ دەنگدانەوە و ناساندنی هەرچی زیاتری کێشەی کورد لەئاستی جیهانیو لەهەمان حاڵیشدا دەرفەتێکی گرنگو گونجاوە کە بزاڤی کوردی دەبێت بەشێوەیەکی پۆزەتیڤانە کەڵکی لێوەرگرێ. دیارە هاتنە ئارای ئەم رووداوانە بە تایبەت نەمانی حکوومەتی بەعس بووە هۆی ئەوەی گەلی کورد لە عێراق کە ماوەی ١٥ساڵ بوو خاوەن حکوومەتێکی نیمچە ئازاد کراو بوو بە تەواوی هەناسەیەکی ئازادی هەڵمژێ. ئەمەش بە شێوەیەك توانی کاریگەری گونجاو دابنێت لەسەر پارچەکانی دیکەی کوردستان. لەلایەکی دیکەشەوە حکوومەتی هەرێم توانیوی خۆی ئامادە بکات بۆ هەنگاونان بەرەو داهاتوویەکی گەشتر لە بەڕێوەبردنی کوردستاندا.

## کاریگەرییەکانی کوردستانی باشوور

بەدەستهێنانی مافی کورد لە دوای رووخانی حکومەتی توتالیتاری بەعس و دامەزراندنی حکوومەتێکی فیدراڵی لە باشووری کوردستان و لەم هەرێمە (بەخاڵە پۆزەتیف و نێگەتیڤەکانیەوە) خۆی لەخۆیدا کاریگەری زۆری بووەو هیوا و ئۆمێد و ورەیەکی تازەی خستە ناو دڵی خەڵکی تینوی ئازادی و دیموکراسی. ئەم رووداوە گرنگە توانی بۆ جارێکی دیکە کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات و باقی پارچەکانی دیکە سەرەڕای ئەو ئاستەنگانەی وا لە بەر پێی خەڵکی ئەو ناوچانەیە بێنێتە سەرشەقام. بۆ نموونە



هەواڵنامەی کتێب

خۆشحاڵی دەربڕینی جەماوەری بەرینی رۆژهەڵاتی کوردستان لە پێوەند لەگەڵ بەرەسمییەت ناسینی مافی کوردان لە چوارچێوەی عێراقدا و لەشێوەی سیستەمی فیدراڵی و بوون بەسەرۆکۆماری مام جەلال تاڵەبانی، خۆی لەخۆیدا دەرخەری ئەو راستییە بوو کە رۆژهەڵاتی کوردستان و بزووتنەوە رزگاریخوازەکەی بە چەشنێك لەگەڵ رەوتی بەدیموکراتیزاسیۆنی ناوچەی رۆژهەڵاتە. لە لایەکی دیکەشەوە ئەوەی بۆ وڵاتانی داگیرکەری کوردستان سەلماند کە سەرەڕای هەوڵی بێ وچانی ئەم وڵاتە دیکتاتۆرانە بەدرێژایی مێژووی خۆیان بۆ لێکترازان و دابڕینی نەتەوەی کورد و سیاسەتی دوورخستنەوەی کوردان لەیەکتر، بەڵام جەماوەری کوردستان بەردەوام لە سەرجەم بەشەکانی هاوپشت و هاوخەمی بزووتنەوەی رەوای گەلی کوردن.

لەلایەکی دیکەشەوە ئەو هەستی هاوخەمی و داکۆکیکردنە لە یەکتر لە لایەن پارچەکانی کوردستان و هەروەها هەنگاونانی جیددی لەشێوەی کردەگەرێتی لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ بنەبڕکردنی ئایدیۆلۆژییە بەرتەسکەکان و سڕینەوەی بیری فەندەمێنتاڵ و دژە مرۆیی لەم ناوچەیدا، ئولتیماتۆمێکە بۆ حکوومەتەکانی لەچەشنی ئێران و تورکیا و سوریا کە دەبێ بە پێی ئەو ئاڵوگۆڕانە هەستیان بەو راستییە کردبێت کە دەورانی داسەپاندنی بیری زۆرەملی بەسەر خەڵکی کورد بەسەرچووە و دەبێ بە شێوەیەکی خێرا پێداچوونەوەیەکی قووڵو بنەڕەتی بکەن بەسەر سیاسەتو بۆچوونەکانیان بەنیسبەت نەتەوە بندەستەکانی خۆیاندا. ئەگەرچی ئەوە ئاشکرایە کە تەمەنی ئەم وڵاتانەی بەم شێوەیە لەدژی کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینییەکانیان هەڵسوکەوت دەکەن زۆری نەماوە و دەستی تۆڵەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی





خەڵکی کورد بەربینگیان دەگرێ و کورد وتەنی زبڵدانی مێژوو جێگەیان دەبێت. خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورد لەباشووری کوردستانداو پاش شەڕی کەنداو توانیان خەباتی چەندین ساڵەی پێشکەوتنخوازانەی خۆیان لەدژی رژیمی بەعسو لەپێناو مافە رەواکانی گەلی کورد بگەیەننە ئەنجام. لەوە بەدوا بوو کە گەلی کورد لەژێر سایەی حیزبە سیاسیەکانی ئەم بەشەی کوردستان هەستان بە پێکهێنانی حکوومەتو لەوە بەدوا توانیان حکوومەتێکی دیموکراتی پێکبێنن. دیارە گوزەر بۆ چەسپاندنی دیموکراسی کۆمەڵێك کێشەی تایبەتی و کەمێکیش پرۆڤەی پێویستە و لەلایەکی دیکەشەوە لەمپەرێکی دیکەی وەکو بوونی هێز و بزووتنەوەی توندڕەویی ئیسلامی کە دژی دیموکراسی و مافەکانی کورد بوون هاتنە ئاراوە و بوونە رێگر. ئەگەرچی کۆمەڵێك رەخنەی جیددی لەسەر کۆمەڵگای کورد و هەروەها حیزبە سیاسیەکانی ئەو پارچە ئازادکراوە لەئارادا بووە، بەڵام ئەزموونی خەبات و بەرەنگاری لەبەرابەر سەرکوتکاری و توندوتیژییەکانی رژیمی بەعس دەتوانێ هۆکارێکی باش بێت بۆ پاساودانی ئەم جۆرە رەفتارانە لەو بەشە. ناکۆکییەکان و شەڕی ناوخۆیی کوردەکان لەباشووری کوردستان عێراق ناتوانین وەك بەرهەمی جەوهەری و بنیاتە فیکری و رەفتارییەکانی کورد بخوێنینەوەو یان ئەوە بە شکستی بزووتنەوە و بیری نەتەوەخوازی لەم پارچەیە بزانین، رووداوگەلی لەو جۆرە لەواقعیدا نەخوازراو لەهەمانکاتدا رەنگدانەوەی عەقڵییەتی گوتاری خەبات و راوەستان بووە لەبەرابەر رژیمی داگیرکەری بەعسدا. شتێکی لەو جۆرەش رەنگبێ ئاسایی بێت بۆ قۆناغێك بەهۆی ئەوەی گەلی کورد لەماوەی سەدەی رابردوو هیچ کات مەجالو دەرفەتی گفتوگۆی ناوخۆییو هەروەها دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی بەشێوەیەکی ئاسایی نەبووە. چونکە بەردەوام لە بەرەنگاریو دەربازبوون لەسڕینەوەی

شووناسی نەتەوەییدا بوونو لەبەرابەریشیان رژێمێکی دیکتاتۆر بوونی هەبووە کە دەرفەت و رێگەی هەر جۆرە پێکهاتەیەکی فیکری و کۆمەڵایەتی جگە لە حیزبی بەعسی لێگرتوونو لەهەوڵی سڕینەوەی هەمیشەیی ئەواندا بووە لەسەر ئەم سەرزەمینە. شەڕی ناوخۆییو ناکۆکییەکانی نێوان کوردەکان لەهەرحاڵەتێکدا ناپەسەند و جێگەی رەخنە و ئەزموون لێفێربوونە، بەڵام ناکرێ ئەوە بگەڕێنینەوە بۆ ئەمرێکی جەوهەری لەهەناوی تاکی کوردو حیزبە سیاسییەکانیدا. بەڵکو لەواقیعدا دەتوانین وەك قۆناغێکی راگوزەر و کاتی سەیر بکرێت لە پرۆڤەی ئەزموونکردنی بەڕێوەبەری سیاسەتێکی مۆدێرن لەو سەردەمەدا. ئەو ئەزموونەی کە پاش رزگاربوون لەداگیرکاری بەعسەوە لەکوردستاندا بەو رادەیەی کە لەگوتار و بنیاتە فیکرییەکانی خەباتی چەکدارانەو بەرەنگاری دوور دەکەوینەوە، شاهیدی بەهێزبوون و سەرهەڵدانی بنیاتە فیکرییە پێشکەوتووەکانی سیاسەتێکی مۆدێرنین لەسەر بنەماکانی پێکەوە هەڵکردن و گفتگۆ و دیالۆگ. ئەو سیاسەتەی کە لەنێو هەمەڕەنگی و رەنگاڵەبووندا دەرفەتی هاوپشتی و یەکرێزی زیاتری لەپێناو گەشەی کوردستاندا پێکهێناوە. بێشك ئەم رەوتە هێشتاکە بەتەواوی رێگەی خۆی نەدۆزیوەتەوە، بەڵام دەتوانین بە چاوێکی خۆشبینانەوە داهاتووی گەشەسەندووی کوردستان پێشبینیبکرێت. هەروەك پێشووتریش وترا کوردەکان و بەتایبەتی بزووتنەوەی کورد لە باشوری کوردستان هەر لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە تا هەنووکەشی لەگەڵ بێت بەشێوەی جۆراوجۆر بەدوای بنیاتنانی بنەما و بوارە گونجاوەکان بوون لە پێناو دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی مۆدێرن و بەو پێیەش رەچاوکردنی سیاسەتێکی مۆدێرن بۆ کۆمەڵگای کوردستان. بێگومان ئەمەش لە هەر قۆناغێکدا بەنیسبەت قۆناغی پێش خۆیەوە گەشەی بەرچاوی بەخۆیەوە



بینیوەو توانراوە هەڵەکانی پێشوو دەرسی لێوەربگیردرێت و دووپاتنەکرێنەوە لەقۆناغێکی دیکەدا. ئەزموونی هەنووکەیی حکوومەتی هەرێم لەژێر سێبەری حکوومەتی فیدرالیزم لەکوردستان ئەزموونێکی گرنگە لەبەڕێوەبەرێتی کۆمەڵگای کوردی لەلایەن کوردەکانی باشوری کوردستانەوە. ئێستاکەش بەردەوامیی و درێژەپێدان بۆ چەسپاندنی دیموکراسی و بنیاتنانی رەگەزەکانی دیموکراسیی و کارپێکردنی لەلایەن پەرلەمان و حیزبە سیاسییەکانەوە توانیویەتی رێگرییەکان تا رادەیەکی زۆر لەسەر رێگە لابەرێت و هێدی هێدی بەپشتیوانی جەماوەری کوردستان ئاواتەکانیان بەجێگە بگەینن.

## دراوسێکانی حکومەتی هەرێم

خاڵێکی گرنگی دیکە بۆ هەر ناوچە و وڵاتێك کە تازە دەگاتە دەسەڵاتی سیاسی بێگومان بواری ژیۆپۆلەتیکی ناوچەکەیە. ئەگەر سەرنجی دەورووبەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەدەین لەچەند لاوە دراوسێی ئەو وڵاتانەیە کە هەر یەك بەجۆرێك کێشەی کوردیان تێدا بەرجەستەیە. بۆیە پاش دامەزراندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بینیمان کە هەر یەك لەوڵاتانی تورکیا و ئێران و سووریا بەجۆرێك نیگەرانیان تێدا بەدیدەکراو زۆرجاریش دیمان هەوڵدراوە بەشێوەی جیاواز بۆ لە باربردنی ئەم ئەزموونە کارکراوە. هەر یەك لەم وڵاتانەی کە باسیان کراوە لەو کاتانەی کە کە زانیویانە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو ئازادیەی لەکوردستانی باشووردا هاتۆتە ئاراوە دەبێتە بردنە سەرەوەی ئاستی باوەڕداری بەخەبات و تێکۆشان لەنێو ئەو کوردانەی کە لەباقی پارچەکانی دیکەی کوردستاندا جێگیر بوون، هەستاون بە دارشتنی پلان و گەلاڵە بۆ دژایەتی نواندن و لەنێوبردنی ئەو

ئەزموونە. بۆ نموونە پاش ڕووداوەکانی شەڕی کەنداو هەروەها ئەو ئاڵوگۆڕانەی لەباشووری کوردستان لەسەرەتای دەیەی ١٩٩٠ی زایینی هاتنە ئاراوە، هەر سێ وڵاتی ئێران و تورکیا و سووریا لەپەرچەکردار بەم گۆڕانکارییانە هەستان بەسازدانی کۆمەڵێك دانیشتن و کۆبوونەوە لەژێرناوی "کۆبوونەوەی سێ لایەنە". ئامانج لەو کۆبوونەوانەش ڕێگری بوو لەچوونە دەرەوەی ڕەوتی ڕووداوەکانی کوردستان لەژێر دەستی وڵاتانی دراوسێدا. بێگومان حکومەتی هەرێم سەرەڕای ئەوەی کە لەزۆر لاوە چاوی تێبڕابوو بۆ ئەوەی نەتوانێ ببێتە ئیلهامبەخشی باقی پارچەکانی دیکە، بەڵام لەگەڵ کەموکوڕییەکانیش توانراو بینیمان کە ببێتە چەترێك بۆ کۆکردنەوەی کوردی باقی پارچەکانی دیکە. لەپاڵ ئەوەشدا لەسەرەتاکانەوە ئەو وڵاتانەی کە بە هیچ شێوەیەك دانیان بە حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا نەدەنا و بەرەبەرە واقعییەتەکان سەلمێنراو ناچاربوون کە ئەم واقعییەتە وەك ئەمری واقیع قبووڵبکەن. بەجۆرێك کە لەدوایین سەردانی ئەحمەد داود ئۆغلۆی وەزیری دەرەوەی تورکیا بۆ حکوومەتی هەرێم، ناوبراو بەناوشاری هەولێردا گەڕا و شەوێك میوانی پایتەختی حکوومەتی هەرێم بوو. کوردستان هەرێمێکی ئارام و هێمنە و لەپاڵ ئەوەدا شاهیدی ئاوەڵاکردنی دەرگاکانن بۆ هاتنی خەڵکانی باقی ناوچەکانی دیکەی کوردستان. بێگومان سەرەڕای گشت ئەستەمی و دژوارییەکانی ڕێگا هەرێمی کوردستان بۆتە ناوەند و چەترێك بۆ باقی ڕۆشنبیران و لایەنە سیاسی و کەسایەتیە سیاسیەکانی ناوچەکانی دیکەی کوردستان. ئەمەش جێگەی دڵخۆشی لەلایەك و لەلایەکی دیکەوە نیشانەیەکی بەهێزە لەهاوپشتی و هاوخەمی ئەم پارچەیەی کوردستان بۆ کوردانی باقی پارچەکانی دیکە. بێشك مێژووی یارمەتیدان و کاری هاوبەش لەلایەن پارچە جیاجیاکانەوە مێژوویەکی





پرشنگدارەوە هەن ئەو کەسانەی کە ئێستاکە لەژیاندا ماون و ئاگادارن چۆن کوردستانی ڕۆژهەڵات لەقۆناغە ئەستەمەکاندا باوەشی کردۆتەوە بۆ چالاکوانانی سیاسی و فەرهەنگی و ئەدەبی و خەڵکی لێقەوماوی باشووری کوردستان بەتایبەتی لەکاتی کۆڕەوەکەدا. بێشك خستنە پاڵ یەکی ئەم تایبەتمەندییانەیە کە بۆتە جێگەی شانازی سەرجەم دانیشتوانی هەر چوارپارچەی کوردستان و ئەمەش نیشانەیەکی هەرە بەهێزە لەعەقڵییەت و ڕۆحییەتی بەدەم یەکەوە چوونو هاوپشتیکردنی یەکتری گەلی کورد لە هەر چوارپارچەکەیدا.

### هەوڵ بۆ بنیاتنانی بنەماکانی دیموکراسی و پێکەوە هەڵکردن

لایەنێکی دیکەی گرنگ کە دەبێت دەستی لەسەر دابنێین بواری گەشەی دیموکراسی و هەوڵە بۆ چەسپاندنی ئازادییە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان لەهەموو بوارەکاندا. ئەوەی جارێك هاتبێتە ئەم هەرێمە بە ڕوونی بۆی دەرکەوتووە کە سەرباری گشت ئەو نیگەرانی و لەمپەرانەی کە لەسەر ڕێگەی گەشەی ئەم هەرێمە لە زۆر لایەنەوە ڕوودەدەن، هەرێمی کوردستان بەجیدییەتەوە بەرەو چەسپاندنی دیموکراسی و ڕێزگرتن لەئازادییە تاکەکەسی و مافەکانی مرۆڤ هەنگاو دەنێت. بێشك لەم بوارەدا زۆر ڕێگەی ئەستەمی لەبەردەمدایە و بەرپرسانی حکوومەتی هەرێم و خەڵکی بە ئەمەکی کوردستان دەبێت بە هاوپشتی و لێکنزیکی زیاتر باڵی لێهەڵماڵن بۆ تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە ئینتیقالییە و ڕۆشتن بەرەو دامەزراندنی یەکجارەکی بنەماکانی دیموکراسی. حکوومەتی هەرێم لەهەوڵی ئەوەدایە تاکو بەشێوەیەکی خێرا بتوانێت بنەماکانی دیموکراسی لەئاستە جیاوازەکانی کۆمەڵگا، کاری ئیداری، پەروەردە، داد و زۆر بەشی دیکەی کۆمەڵگا بنیاتبنێت. لەم

رێگەیشدا وەك دەبینـدرێ تارادەیەك سەركەوتنی گرنگی بەدەستهێناوە. بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەكان، دامەزراندنی پەرلەمان، سەربەخۆیی دەزگایی قەزایی، هەوڵ بۆ جیاكردنەوەی حیزب و دەسەڵات و زۆر شتی دیكەی لەو جۆرە چۆتە نێو ئەجێندای كاری پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران و حكوومەتی هەرێمەوە. بێشك دیموكراسی گرنگترین ئامانجی حكوومەتی هەرێم دەبێت لەئێستا و لەداهاتوو و حكوومەتی هەرێمی كوردستان دەبێت بتوانێت هاوكات لەگەڵ چەسپاندنی دیموكراسی لەكوردستاندا هەوڵبدات بۆ بەهێزكردنی فەرهەنگی دیموكراسی لەنێو خەڵكی كوردستاندا. كۆمەڵگایەكی سالم و تەندروست دەتوانێت زامنی بەهێز و راگرتنی ئەو دەستكەوتانە بكات و لەهەمانكاتدا ببێتە رێگە خۆشكەرێك بۆ چەمكی پێكەوە هەڵكردن لەئەگەری هەر جۆرە بیرجیاوازیی و ناكۆكییەك.

## دیبلۆماسی

بۆ ماوەیەكی یەكجار زۆر پرسی كورد هیچ رەنگدانەوەیەكی لەباس و خواسە جیهانییەكاندا نەبوو. جگە لەهەندێك سەرنج سەبارەت بەكۆمەڵێك رووداو و كارەساتی وەك كیمابارانی هەڵەبجە و كەڵك وەرگرتن لەچەكی كیمیایی و ژەهراویی لەدژی كورد لەم ناوچەیە، ئەوەش نەبەشێوەیەكی هەمەلایەنە و گشتگیر بۆیە بەگشتی ئێمە شاهیدی رەنگدانەوەی بەهێزی رووداوەكانی كوردستان لەئاستی بیروڕای جیهانیدا نەبووین. بێگومان هەمووان ئەو راستییە دەزانن كە نەتەوەیەكی بێ دەوڵەت و بێ بوونی پشتیوانی دڵسۆزیی نێوتەوەیی ناتوانێت لەجیهانێكی ئاڵۆزی دیبلۆماسی ركاربەرێكی گرنگ بێت و خاوەن قورسایی بەهێز. بۆیە زۆر هۆكار بوون وەك رێگر لەبەردەم گەشەی





بواری دیبلۆماسی گەلی كورد لە باشووری كوردستاندا. زۆرجار بینراوە كە بەهۆی ئایدیۆلۆژی بوونی توند و تارادەیەك دەمارگیرانەی هێزە سیاسیەكانی كورد خۆیان بواردووە لەپێوەندی لەگەڵ وڵاتانی رۆژئاوایی و ئەمەش بۆتە خاڵێكی نێگەتیف لە ژیانی دیبلۆماسی گەلی كورددا. بەڵام بەخۆشیەوە تا هاتووە بەدركێكی قووڵ لەكاروباری سیاسی و هەروەها بەخوێندنەوەی واقعییانەی ئاڵوگۆڕەكان ئێمە شاهیدی گەشەی بەرچاوین لەم بەشەی كوردستان بۆ هەنگاونان بەرەو ئەو شێوازە لەكاری سیاسیو پێوەندیگرتن.

دیبلۆماسی بەو مانای كە لەگەڵ بوونی جیاوازەكان هەوڵ بۆ دۆزینەوەی رێگەیەك بۆ دیالۆگ و مامەڵە لەخاڵە هاوبەشەكان لەكوردستاندا دەبینین خەریكی جێگیركردنی خۆیەتی. ئەگەر سەردەمانێك گەلی كوردی ئەم پارچەی كوردستان بۆ رۆشتنە دەرەوە لەسنوورەكانی خۆی ناچار بوو پەنا بۆ وڵاتانی ئێران و سووریا و توركیا بەرێت، ئێستاكە لەسایەی سیاسەتێكی ژیرانەی حكوومەتی هەرێم ئێمە شاهیدی گەشەی بەرچاوین لەو بوارەدا، شاهیدی ئەوەین كە توانیومانە لەو مەیدانە هەرە گرنگەدا جێپێیەك بۆ خۆمان بدۆزینەوەو هەوڵبدەین بۆ ناساندنی هەرچی زیاتری گەلی كورد و كێشەكانی و مێژووە پڕ لە سەروەرییەكەی بە باقی وڵاتانی جیهان. دیبلۆماسی بێشك لە جیهانی گلۆبالیزاسیۆندا دەتوانێ رۆڵێكی بەرچاو و كارتێكەر دابنێت لەسەر زۆربەی رووداوەكانی دەورووبەر. دانانی باڵوێزخانە و كونسوولییەكان لەشارەكانی سلێمانی و هەولێر و هەروەها سەردانی بەرپرسانی باڵای وڵاتانی جیهان بۆ ئەم دووشارە و لەپاڵ ئەوەدا رۆشتنی بەرپرسانی سەرەوەی حكوومەتی هەرێم بەمەبەستی سەردان بۆ وڵاتانی گەورەی جیهانی پەیامێكی رۆشنە لە



هەواڵنامەی كتێب

هەوڵ و تێکۆشانی بەرپرسانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەو بوارەدا.
بێگومان هاتنی بەشێکی بەرچاو لەبەرپرسان و سەفیرانی وڵاتانی بیانی بۆ کوردستان دەبێتە چوونە سەرەوەی ئاستی قورسایی ئەم هەرێمە کە توانیویەتی لەدژوارترین دۆخەکاندا لەهەوڵی پاڵپێوەنان بێت بەکولتووری کۆن و هەوڵ بۆ جێگیرکردنی بنەماکانی دیموکراسی. بۆیە بەشێکی زۆری بەرپرسانی وڵاتانی بیانی پاش سەردانەکانیان لەپرێس کۆنفرانسەکانیدا ئاماژە بەو راستییە دەدەن کە کوردستان جێگەی شانازییە. بێشك وەك زۆربەی بوارەکانی دیکەش دیبلۆماسی و شارەزایی لەرەگەزەکانی دیبلۆماسی دەتوانێت ببێتە سەفیرێکی بەهێز و گرنگ لەناساندنی کوردستان بەشێوەیەکی واقعیی و سڕینەوەی ئەو وێنا ناحەز و سەقەتەی کە وڵاتانی داگیرکەری کوردستان لەماوەی دەسەڵاتدارییەتیان لەکوردیان پیشانداوە.

## ئابووری

بوارێکی دیکەی چالاکی حکوومەتی هەرێم بواری ئابوورییە.
بێگومان هەڵکەوتەی ژیۆپۆلەتیکی کوردستان بەجۆرێکە کە ئاو وەك فاکتەرێکی گرنگ بۆ بازرگانی و پێوەندیدانمان بە وڵاتانی دەوروبەرەوە وجوودی نییە و بەداخەوە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەهیچ لایەکەوە بە ئاوەوە پەیوەست نییە. بەڵام لەپاڵ ئەوەدا ئەم هەرێمە خاوەن کێڵگەی دەوڵەمەندی نەوت و وزەیە و ئەمەش دەتوانێ سەرچاوگەیەکی دەوڵەمەند و فرەلایەن بێت بۆ گەشەپێدانی حکوومەتی هەرێم و بۆ بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووری ئەم ناوچەیە. هەر لەو پێناوەدا ئێمە شاهیدی ئەو راستییەین کە بەرپرسانی حکوومەت لەهەوڵی ئەوەدان کە ژێرخانی ئابووری حکوومەتی هەرێم لەپێناو





سەربەخۆبوونی بواری ئابووری لەشێوەگەلی جیاوازدا ببوژێننەوە. هاتنی سەرمایە زەبەلاحەکانی وڵاتانی جیهان بۆ کردنەوەی سەرمایەگوزاری لەبوارە جیاوازەکان لەکوردستاندا خۆی لەخۆیدا دەتوانێت لەدرێژماوەدا ببێتە سەرمایەیەکی بەهێزی ئابووری. لەلایەکی دیکەوە بوژاندنەوە و هەوڵ بۆ هاندانی خەڵکی لادێکان بۆ گەڕاندنەوەیان بۆ کاروباری کشتوکاڵی و بەهێزکردنی ئەو بوارە دەتوانێ دەستکەوتی بەکەڵکی لێبکەوێتەوە بۆ کوردستان. بێشك ئەوەی دەبینڕێ هەوڵی حکوومەتی هەرێم بووە بۆ دانی پارە و تەرخانکردنی بوودجەی پێویست بۆ ژیاندنەوەی بواری کشتوکاڵ و باخداری و ئاژەڵداری و هتد. ئەمەش بێگومان دەتوانێ رۆڵی بەرچاو ببینێت لە گەشەی ژێرخانی ئابووری ئێمە لەداهاتوودا. لەلایەکی دیکەوە وەك ماوەیەك لەوە پێش هەواڵەکەی بڵاوبووە باسی ئەوە هەیە کە حکوومەتی هەرێم دەچێتە نێو پرۆژەی گەورەی غازی نابۆکۆوە کە ئەمە دەکرێت وەك دەستکەوتێکی بەهێز و پڕ نرخ بۆ کوردستان ئەژمار بکرێت. ئەگەرچی بەهۆی هەندێك گیروگرفت هێشتاکە حکوومەتی هەرێم نەیتوانیوە بەتەواوەتی خۆی لەو بوارەدا بەهێز بکات، بەڵام پرۆژە و گەڵاڵەکانی بەدەستەوەبوو نیشانەی ئەو راستییە کە لەئایندەیەکی نەك زۆر دووردا کوردستان لە بواری ژێرخانی ئابوورییەوە دەتوانێت هەنگاوی گرنگ بنێت.

## رۆشنبیری

لەبواری رۆشنبیریداو هەوڵ بۆ کردنەوەی فەزا و شوێنی گونجاو هەر لەدەزگاکانی راگەیاندنەوە بگرە تا بوار خۆشکردن بۆ رۆشنبیران و رۆژنامەنووسانی سەربەخۆ و دەرکردنی رۆژنامە و گۆڤار و کتێب، حکوومەتی



هەواڵنامەی کتێب

هەرێم توانیویەتی هەندێك هەنگاوی گرنگ هەڵبگرێت. بێگومان بواری هەوڵدان بەگەشەی رۆشنبیری و هەروەها هەوڵ بۆ بردنە سەرەوەی ئاستی وشیاری کۆمەلانی خەڵکی کورد لەرێگەی کەسانی لێزان و شارەزا و پسپۆر بۆ ئەوەی بتوانین ئەو هەژاریە فەرهەنگی و رۆشنبیرییەی کە بەرهەمی سیاسەتی دوژمنکارانەی رژێمی بەعس بووە قەرەبوو بکەینەوە خاڵێکی زۆر گرنگ و بەهێزە کە دەبێت حکوومەتی هەرێم لەوەی تا ئێستاکە کردوویەتی هەوڵی زیاتری بۆ بدات. ئێمە ئێستاکە لەکوردستاندا خاوەنی چەندین کەناڵی سەتەلایەتی و سەدان و دەیان گۆڤار و چاپ و پەخشی کتێب و نووسراوەین کە توانیویەتی رۆڵی گرنگ بگێرن لەبردنە سەرەوەی ئاستی رۆشنبیری خەڵکی کورد. لێرەدا پێویستە ئەوەش بڵێم کە هەنووکە بەشێك لەرۆشنبیرانی بەشەکانی دیکەی کوردستان توانیویانە دەرگایان بۆ بکرێتەوە و لەو ناوەند و دەزگا رۆشنبیریانە جێگەی خۆیان بکەنەوە و لەو رێگەوە هەوڵەکانیان لەپێناو گەشەی بواری رۆشنبیری و نەتەوەیی بخەنەگەڕ. بێشك ئەمەش دەبێتە چەترێکی بەرین و بەرفراوان بۆ کۆکردنەوەی سەرجەم رۆشنبیرانی باقی پارچەکانی دیکەی کوردستان تاکوو بتوانن بە هاوەدنگی و لێکنزیکبونەوەی بیروراکانیان لەهەوڵی بونیاتنانی فەرهەنگێکی شیاوی مرۆیی بن و لەهەمانکاتدا بتوانن لەم رێگەیەوە چیان بۆ بکرێت بۆ گەشەی بواری فەرهەنگی و هونەری و نەتەوەیی و رۆشنبیری و هتد دریغنەکەن. هەر چەند حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەندێك گەرەنتی داوە بە دراوسێکانی خۆی بۆ رێگری لە چالاکیی نەیارانی ئۆپۆزسیۆنی کوردی ئێرانی، بەلام ئەمە ناتوانێت بەمانای زیندانیکردنی ئەندێشە و بیرۆکەی ئازادیخوازی و نەتەوەیی بێت لە چوارچێوەی باشووری کوردستاندا. بۆیە باشوری کوردستان و حکوومەتی هەرێم بەگشتی بۆتە





پێگەیەکی بەهێز بۆ پەرەپێدان و گەشەپێدان بە بیری نەتەوەیی و خەباتکاری بۆ باقی رۆشنبیران و کەسایەتییە سیاسیەکانی کوردی پارچەکانی دیکە و ئەوەش بۆتە هۆی هاتنی بەشێکی بەرچاو لە رۆشنبیران و کەسانی ئازادیخواز و خەباتکار بۆ ئەم بەشە لەکوردستان. نابێت حکوومەت هیچ کات ئەوە لەبیر بکات کە وڵاتی بێ رۆشنبیر و بێ کەسایەتی لێزان و پسپۆڕ رەنگبێ هەژاریی کولتووریو هەژاری زانستی بەدواوە بێت و ئەمەش لەسەردەمەدا کە زانست و رۆشنبیری رۆڵێکی دیاریکەری هەیە دەتوانێ مەترسیدار بێت بۆ ئێستا و داهاتووی نەوەکانی کوردستان.

## ئەنجام

بەلەبەرچاو گرتنی ئەو چەند خاڵەی کە هەڵمبژارد و بە پێی توانای خۆم هەندێك شیکردنەوەم بۆ کردن دەتوانم بڵێم لەم بارودخەدا و بەگوێرەی ئەوانەی باسکرا دەتوانم بڵێم لەگەڵ گشت کەموکورییەکان و رێگری و لەمپەرەکانی رێگەی کورد و بەتایبەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێ رۆڵێکی دیاریکەری هەبێت لە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکە. بوونی ئەو دیموکراسیەی باسکرا لەپاڵ گشت ئەو لایەنانەی دیکەی وایکردووە کە وڵاتانی دەرەکی حیسابی جیاواز بۆ خەڵکی کورد و بۆ هەرێمی ئازاد کراو بکەن و ئەمەش هەروەك باسمانکرد بۆتە هۆی قورسایی و بەهێزی حکوومەتی هەرێم لەئاستی ناوچەکەدا. بێشك گشت پێشهات و رووداوەکانی ماوەیەك لەوەپێشی وڵاتانی دراوسێی وەك کۆماری ئیسلامی و تورکیا بەنیسبەت حکوومەتی هەرێمەوە ئەوە نییە کە دەبێت چاوەڕوانی لێبکرێت. تورکیا و کۆماری ئیسلامی ماوەیەکە لەژێر بیانووی جۆراوجۆر هەستاون بە تۆپبارانکردنی ناوچە سنوورییەکان و تەنانەت هێزەکانی

سوپای پاسداران لەهەندێك شوێندا دزەیان کردۆتە نێو سنوورەکانی کوردستان. گشت جموجۆڵەکانی وڵاتی تورکیاش ئاماژە بەو راستیەن کەدەیهەوێت ببێتە کارتێکی فشار بۆ سەر حکوومەتی هەرێم تاکو ئەم هەرێمە هەوڵبدات بۆ لەنێوبردنی هێزەکانی پ ك ك. لەسەرەتادا پێویستە ئەوە روونبکەمەوە هێرش بۆ سەر سنوورەکانی کوردستان بەهەر بیانوویەکەوە بێت دەستبەجێ جێگەی ئیدانەکردنە و هیچ وڵاتێك بەپێی پرەنسیپە نێونەتەوەییەکان بۆی نییە سەروەری خاکی وڵاتێکی دیکە ببەزێنێت و هەوڵەکانی ئەم دوو وڵاتەش تا ئێستاکە دەچێتە خانەی سەرکەشی و خستنە ژێر پێی یاسا نێونەتەوەییەکان. هۆکارەکانی ئەمەش لەم سەردەمەدا ناگەڕێتەوە بۆ بەداواچوونی هێزەکانی پژاك و پ ك ك بگرە بە درێژایی نزیك بەدوو دەیەی رابردوو ئێمە شاهیدی ئەم رەفتارو جموجۆڵە سەربازیانە بووین لەلایەن هێزە سەربازییەکانی ئەم وڵاتانە.

بێشك یەك لەهۆکارەکان دەگەڕێتەوە بۆ قورسایی حکوومەتی هەرێم و تەشەنەسەندنی بواری دیبلۆماسی ئەم هەرێمە لەگەڵ باقی وڵاتانی جیهانی کە ئەمە بۆتە هۆی نیگەرانی و مەترسی بۆ سەر وڵاتانی دراوسێی هەرێم. بۆیە هەر جارە و بەبیانوویەك هەوڵەکانیان دەخەنەگەڕ تاکو بەمشێوەیە لەو قورساییە کەمبکەنەوە و ئەو پێگەیەی هەرێم لە ناوچەکە بەدەستیهێناوە کەمبکرێتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە هەر دوو وڵات لە هەوڵی ئەوەدان تاکو بەتوپبارانەکانیان بەحکوومەتی هەرێمی نیشانبدەن کە بەهێزن و ئەگەر لەگەڵمان دووری بکەن دەتوانین ئەو ئارامییەی کە بەرهەمی چەندین ساڵ خەبات و تێکۆشان بووە بشوێنین. بۆیە لەم نێوەدا کەوتوونە رکابەری یەکتر و هەر کات حکوومەتی هەرێم لە تورکیا نزیکبۆتەوە کۆماری ئیسلامی پێی هەڵبەزاوەتەوە پێچەوانەکەشی بەبارەکەی دیکەدا دەشکێتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە ئەم دوو





وڵاتە بەهۆی ئەوەی کێشەی کورد تێیاندا بەرجەستەیە، سەرباری پێوەندیەکانیان لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا لەبواری فەرهەنگی و ئاڵوگۆڕی بازرگانیی و کەلوپەلەوە رەفتارەکانیان ئاماژەن بەوەیە کە دڵخۆش نین بە سەقامیگری و هێمنی ئەم ناوچەیە و هەوڵەکانیان زیاتر دەچێتە خانەی ناسەقامگیر راگرتنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان. گومان لەوە دانییە کە هەر جۆرە گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕێك لە باشووری کوردستان کاریگەری راستەوخۆی دەبێت لەسەر کوردەکانی پارچەکانی دیکە. لەوێوە کە ئێران وڵاتێکی فرەچەشنەو خاوەن چەندین نەتەوە و قەومی جیاواز و ئایین و زمانی جیاوازیشە هەر جۆرە گۆڕانێك لەدۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەر یەك لەم گرووپانە دەتوانێ کاریگەری هەبێت لەسەر باقی نەتەوە و گرووپەکانی دیکەی پێکهێنی ئێران. لەم پێوەندییەدا دەتوانین باس لەکاریگەری گرنگی دوو نەتەوەی کورد و تورك بکەین لەسەر یەکتری. نموونەی مێژوویی ئەوەش دەتوانین باس لە کۆماری کوردستان و ئازەربایجان بکەین لەساڵەکانی ١٩٤٦. بۆیە بێشك بزووتنەوەی کورد لەباشووری کوردستان لەهەوڵی دەستبەرکردنی دامەزراوە سیاسیو مەدەنییەکانە لەم بەشە لەکوردستان و ئەمەش بێگومان دەبێتە هۆی دڵخۆشی و هەروەها کاریگەری دانان لەسەر باقی پارچەکانی دیکە و هەروەها رۆڵی گرنگی کوردەکانی ئەم پارچەیە دەتوانێت بەهێز بکات لەبردنە سەرەوەی ئاستی وشیاری و پتەوترکردنی ئیرادەی درێژەدان بەخەبات و تێکۆشان لەنێو کوردی باقی پارچەکانی دیکەی کوردستان لەپێناو گەیشتن بەمافە رەواکانی خۆیان. ئەمەش لەلایەن ئێرانەوە وەك مەترسییەك بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆیەوە خوێندنەوەی بۆ دەکرێ و بۆیە چی بۆ بکرێت لەپێناو شێواندنی ئەم ئەزموونە رەنگبێ درێغ نەکات.

لێرەدا ئەرکێکی گرنگ دەکەوێتە سەرشانی حیزب و لایەنە سیاسیەکانی ناوچەکانی دیکەی کوردستان کە لەهەرێمی کوردستاندا جێگیرن و ئەوەی بەحەق تا ئێستاکەش کراوە ئەوە بووە و دەبێت چیان بۆ بکرێت بۆ پاراستنی ئەو هێمنی و ئاسایشەی لەم هەرێمە هەیە و هەروەها ئەو دەستکەوتانەی کە تا ئێستاکە بەدەستهاتووە ئەنجامیبدەن. بێگومان هێز و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بۆ پاراستنی ئەم دەستکەوتە لەهەمانکاتدا هەوڵ بۆ زامنکردنی ئەم بەشە ئازادکراوە لەکوردستان هیچ کات درێغیان نەکردووە و هەڵسوکەوتی دەساڵ لەوە پێشی ئەم حیزب و لایەنانە سەلمێنەری ئەو راستیەیە. بۆیە بەهەموو ئەوانەوە پێویستە بوترێ کە بیانووەکانی کۆماری ئیسلامی و تورکیا زۆر جێگەی بایەخنین و بە حەقیقەتیش دەتوانم بڵێم تەنیا بیانو دۆزینەوە بووە بۆ شێواندنی سنوورەکانی حکوومەتی هەرێم بەو مەبەستانەی کە چەندین ساڵە پرۆژە و هەوڵیان بۆ داوە. ئێستاکە لەگشت ئەوانەی باسکرا حکوومەتی هەرێم دەبێت زۆر جیدیتر بە خوێندنەوەیەکی واقعبینانەوە بڕواتە بواری رەخنەی جیدیی لەم هەڵسوکەوتانە و دەبێت وەك هەمیشە و لەپێناو پاراستنی سەروەرییەکانی حکوومەتی هەرێم لەگەڵ پاراستنی سەربەخۆیی خۆی ئەم جۆرە هەوڵانە لەشێوەی دیبلۆماسی کۆتایی پێبێنێت. لەکۆتاییشدا پێویستە ئەوە بڵێم کە ئەم جۆرە هەوڵانەی دراوسێکانی حکوومەتی هەرێم بەهیچ شێوەیەك نابێتە هۆی ترس و نیگەرانی و هەروەها پاشەکشێی ئەم بەشە ئازادکراوەی کوردستان، بگرە حکوومەتی هەرێم چی بۆ بکرێت بۆ بەرفراونکردنەوەی خۆی لەهەموو بوارەکاندا ئەنجامی دەداتو هەر وەك باسیشمانکرد دەبێت ئیرادەی لەهەمیشە بەهێزتر و پتەوتر بێت بۆ جێبەجێکردنی گشت بەڵێن و پەیمانەکانی لەپێناو چەسپاندنی دیموکراسی و بەهێزکردنی قورسایی ئەم بەشەی کوردستان.





# لێبوردەیی و پێکەوە ژیانی ئاشتیانە

## Tolerance & Peaceful Coexistence

کاروان محەمەد تەیب

هەر کاتێك باس لە پێکەوە ژیانی ئاشتیانە ئەکرێت پێش ئەوە وا پێویست ئەکات ئاماژە بە زاراوەی لێبوردەیی بکەین، چونکە ئەم دوو چەمەکە زیاتر پێکەوە بەکارئەهێنرێن و وەك تەواوکەری یەکتر دێنە باسکردن. ئەویش لەو ئاراستەیەی کە لێبوردەیی هەمیشە پاڵپشتێکی بەهێزە بۆ پێکەوەژیان، ئەتوانین بڵێین یەکێکە لە پایە گرنگەکانی پێکەوەژیانی ئاشتیانە.

هەرچەندە لێبوردەیی پێکەوەژیانی ئاشتیانە پێویستیان بەچەندین توێژینەوەی جیاجیا هەیە و بابەتێکی هەروا ئاسان نین، بەڵام ئێمە لێرەدا، بەپێی توانا، هەوڵمانداوە چەند لایەنێکیان شرۆڤە بکەین و پەیوەستی بکەین بە عێراق و کوردستان و لەو نێوەندەشدا کەرکوکمان وەلا نەخستووەو چوینەتەسەر باسی لێبوردەیی پێکەوەژیانی ئاشتیانە لەو پارێزگایەدا، ئەویش بەهۆی ئەو دۆخەی کە هەیەتی.

## یەکەم/ لێبوردەیی Tolerance

بریتییە لە قبوڵکردنی تێڕوانینی خەڵکانی دیکە، کە لە ئاینی، کەلتوری، کۆمەڵایەتیی...هتد بن یان بیروڕای جیاوازیان هەبێت.

لە رووی پراکتیکییەوە، لێبوردەیی بە گوزارشت لەو کردەوانە ئەکات کە رێگرن لەبەردەم جیاکردنەوەی ئەتنیکیی و ئاینیی.

پێچەوانەی زاراوەی لێبوردەیی زاراوەی نالێبوردەیی (Intolerance) هەیە کە ئاماژە بە جیاکاریی ئاینیی و ئەتنیکی ئەکات.

مێژوو ئەوە دەرئەخات کە کارێکی سەختە بتوانرێت ئەمنییەت و ئاشایش و ئاشتی و خۆشەویستی کۆمەڵایەتی وەدەستبهێنرێت بەبێ لێبوردەیی. هەروەك هەر بە گەڕانەوە بۆ مێژوو ئەوەمان بۆ روون ئەبێتەوە کە ئەڵتەرناتڤی لێبوردەیی بریتییە لە بەیەکدادان و توند و تیژیی و لێکپچڕانی کۆمەڵایەتی و شەڕ و هەروەها لە بارچوونی پرۆسەی پێکەوەژیانی ئاشتیانە.

### أ- سەرهەڵدانی چەمکی لێبوردەیی Coexistence Concept Origin

لێبـــــوردەیی، وەك وشە، لە زمانی ئینگلیزدا، بەم شێوەیە (Tolerance) کە لە بنەڕەتدا لە وشەی (Tolerare یان Toleratus)ی لاتینییەوە هاتووە، کە بە مانای (خۆگۆتن، ئارامگرتن...هتد) دێت، لە زمانی کوردیدا.

بانگەشەی لێبوردەیی، بە چەمکی زاراوەیی، لە مێژووی نوێدا هاتە پەیدابوون بەهۆی کاریگەریی ئەو رووداوانەی کە ئەوروپا بەخۆیەوە بینی لە





نێوان هەردوو سەدەی شانزەهەم و حەڤدەهەمدا، لە ئاکامی گەرمبوونی دەمارگیریی ئاینیی و غیابی لێبوردەیی و هەروەها دروستبوونی جەنگ لە نێوان پێکهاتە جیاجیاکانی ئاینی مەسیحییەت لە ئەورووپا دا. لەلایەکی تریشەوە نزیکەی سێ بۆ پێنج سەدە پێش ئەو ماوەیەی کە لەسەرەوە باسمانکرد ئەورووپاو ئیسلام جەنگان لەدژی یەکتر. هەروەك کە دواتر ناونرا بەجەنگی خاچ درووشمەکان (Crusades).

سەرچاوە عەرەبییەکان سەرەتای دەرکەوتنی بانگەشەی لێبوردەیی، بەمانای زاراوەیی، لە ناو عەرەب ئەگەڕێننەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم. لەو کاتەدا کە هەندێ رووناکبیری عەرەب بە تایبەتیش مەسیحییەکان بانگەشەی لێبوردەییان راگەیاند.

لە رووی جیهانیشەوە، بانگەشەی لێبوردەیی کاتێك رەهەندی جیهانی یاخود نێودەوڵەتی رەسمی وەرگرت کە لە رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکاندا ئاماژەیپێکرا و ناوی هێنرایە ناو ناوانەوە. رەنگە لە رێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و پاشانیش جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ ( The Universal Declaration of Human Rights)ەوە دەستپێکردبێت.

هەوڵە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی کەلتوری لێبوردەیی بوو بە مایەی دەرکردنی (جاڕنامەی پرەنسیپەکانی لێبوردەیی) لە کۆنگرەی گشتی یونسکۆ لە ساڵی ١٩٩٥ و هەروەها ساڵی ١٩٩٦ وەك ساڵی لێبوردەیی راگەیەنرا. بانگەوازی نێودەوڵەتی بۆ لێبوردەیی گروتین و تەکانێکی زیاتری دا کاتێك کە توندوتیژی و تیرۆر و رقلێبوونی بیانی و چەوساندنەوە و خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ کەمینەکان و هەروەها ئەو کاتەی کە تیۆرەکانی ململانێ یاخود پێکدادانی شارستانییەتەکان یان کەلتورەکان برەویان پەیداکرد.



هەواڵنامەی کتێب

لەو كاتەوەی كە چەمكی لێبوردەیی بانگەشەی بۆ كراوە تاكو ئێستا لایەنگرو دژی هەیە، لە هەردوو ئاستی پراكتیكیدا دژایەتی ناكرێت بەڵكو لە ئاستی تیۆریشدا ئەكرێت.

هەرچی چەمكی زاراوەیی لێبوردەیی، لەسەرەتای پەیدابوونی بانگەشەكردن بۆی لە كەلتوری رۆژئاوادا، خۆی لە چواچێوەی لێبوردەیی ئاینیدا بینییەوە، بەتایبەتی لە نێوان بەشەكانی ئاینی مەسیحیدا پاشانیش ئاینەكانی دیكە.

دواتر ئەو چەمكە زیاتر پەرەیسەند لەگەڵ دەركەوتن و پەرەسەندنی بیروبۆچونەكانی سەردەمی رۆشنگەریی (The Enlightenment Age) لە سەدەی حەڤدەیەمدا، كە سەرەڕای لێبوردەیی ئاینیی، لێبوردەیی رۆشنبیریی و سیاسی و كۆمەڵایەتیشی گرتەوە.

چەمكی لێبوردەیی رۆژئاوا رووبەڕووی چەند رەخنەیەك و خراپ تێگەیشتن یان شرۆڤەكردن و لێكدانەوە بووەوە، لە هەریەكە لە رۆژئاواو جیهانی ئیسلامیشدا. بۆ نموونە هەندێ كەس وای ئەبینن كە بنچینەی ئەمە لە بنەڕەتدا لێبوردنی لایەنی بەهێزە لەگەڵ لایەنی لاوازدا، هەروەها وای هەژمار ئەكەن كە هاوڵاتییەك و یەكسانی نایەنێتە كایەوە لە نێوان لایەنەكانیدا و هەروەها ئەبێتە مایەی وروژاندنی خۆ بەگەورەگرتن و خۆ بەباشتر دانان لە نێوان لایەنەكاندا.

هەندێ كەسی دیكە وای بۆ ئەچن مەبەست لە لێبوردەیی برەودانە بە لێبوردنی گەلە لاوازەكان لەبەرامبەر زلهێزەكاندا، بۆ دەستەمۆكردنی ئەو گەلە لاوازانە و بۆ ئەوەیە بوەستێت لە راوەستان لەبەرامبەر هێزی داگیركەر.

لایەنی سێیەم وای بۆ ئەچن چەمكی لێبوردەیی یەكسانییەكی زۆر لە نێوان راست و هەڵە و خەڵكی خاوەن ماف خەڵكان ناحەق و شەریف و تاوانبار دابینئەكات.





بێگومان چەمكی ئەو زاراوانەی كە پەیوەندیان بە زانستە مرۆڤایەتییەكانەوە هەیە جیاواز لە زانستە پەتییەكان، هەمیشە لێكدانەوەی جۆراوجۆریان بۆ ئەكرێت. زاراوەی لێبوردەیش بەهەمان شێوەی جیگەی چەندین لێكدانەوە و شرۆڤەكردنە و هەریەكە و بەپێی ئاستی بیركردنەوەی خۆی لێكدانەوەی بۆ ئەكات.

### ب- لێبوردەیی ئاینیی Tolerance Religious

مەبەست لە لێبوردەیی ئاینیی، پەیڕەوكردنی پرەنسیپەكانی لێبوردەیی شوێنكەوتووانی ئاینەكانە لەبەرامبەر یەكتر، بەوپێیەی كە هەر كەسێك رێز لە كەسێكی تر بگرێت تا سروت و دروشمە ئاینییەكانی دیكەی ئەنجامبدات، بەبێ ئەوەی ببێتە مایەی سەرئێشە بۆ ئەوی تر.

واتای باوی لێبوردەیی ئاینیی بریتییە لە قبوڵكردنی ئەوانی دیكە كە جیاوازن. قبوڵكردنی ئەوی تر مانای ملدان و سەرنەویكردن نییە بۆ ئاینێكی دیكەن، بەڵكو رێگا چارەیەكە بۆ سود وەرگرتن لە هەندی تێكستی ئاینیی كە دورن لە رەتكردنەوەی ئەویتر. ئەمیش لەبەرئەوەی هەر ئاینێك كە دروستبووە زیاتر پەیوەندی بەو زەمەنەوە هەیە و كە دروستبووە. ئاینیش بۆخۆی دیاردەیەكی مێژوو كردە.

هەریەكە لە پرۆتستانت و كاسۆلیك، كە دوو مەزهەبی مەسیحین، بۆ ماوەی چەند سەدەیەك لەشەڕدا بوون پێكەوە، بەڵام داوجار بەهۆكاری جۆر بەجۆر ئەو ململانێیانە كاڵبوونەوە تا وایلێهات گەیشتە ئەو قۆناغەی كە ئێستا بەدیئەكرێت.



هەواڵنامەی کتێب

لەلایەکی ترەوە مەسیحییەت و ئیسلامییەت بۆ ماوەی چەندین سەدە لەجەنگی گەرمدا بوون پێکەوە. لە نێو ئاینی ئیسلامیشدا هەردوو مەزهەبی شیعە و سونە بۆ چەندین سەدەیە لە ململانێی توند دان. تەنانەت لە وڵاتێکی وەك عیراقدا و لە ساڵی ٢٠٠٦ دا ململانێی نێوان ئەو دوو مەزهەبە گەیشتە ترۆپك و بەدەیان کەسیان لەیەکتر کوشت. ئەوەش ئەوە نیشانئەدات لە ئیسلامدا هێشتا زۆری ماوە لێبوردەیی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە بەجدی باسی لێوەبکرێت.

هەریەکە لە مەزهەبی پرۆتستانت و کاسۆلیك تا رادەیەکی باش بەرەو پێشەوە چوون، هەروەها لە ئاینی مەسیحیدا بەهۆی چەند ریفۆرمێکی ئاینی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە گەیشتنە ئەو قۆناغەی ئێستا. ئەویش بەهۆی ئەو هەوڵ و تەقەلا زۆرانەی کە زانایان و رۆشنبیران و فەیلەسوفەکانی ئەورووپا دایان بۆ ریفۆرمکردنی ئاینی مەسیحی و هەروەها بۆ ناساندنی رووی راستەقینەی ئاین، تا گەیشتنە ئەو قۆناغە هیمنیەی کە ئێستا لە جیهانی مەسیحییەتدا ئەیبینین کە تارادەیەکی باش نمونەیەکی باشن بۆ لێبوردەیی و پێکەوە ژیان بە ئاشتی.

بەڵام لە ئاینی ئیسلامدا تا ئەم ساتەوەختە ریفۆرمی تێدانەکراوە و بەو شێوەیە تەقلیدییەیە کە دەبینرێت لە جیهانی ئیسلامیدا.

لە ئیسلامدا دەقەکان تا ئێستا تۆزیان گرتووە و کەم کەس هەیە بوێرێت خوێندنەوەیەکی جدی بۆ ئەو دەقانە بکات. هەرچەندە لێرەو لەوێ دەنگی چاکسازی ئەبیستین، بەڵام هەر زۆری پێناچێت ئەکەوێتە بەر هەڕەشەی خەڵکانی ئیمانداری تەقلیدی و ئەو گروپە ئیسلامییانە کە درووستبوونە و هەموو شت ئەگەڕێننەوە بۆ خۆیان و هەموو کات هەڕەشەی مەرگ لەوی تر ئەکەن. واتە لەم قۆناغەی ئێستادا چەمکی لێبوردەیی و پێکەوە ژیان لە کۆمەڵگا





ئیسلامییەکان بۆ خۆیان و دەرەوەشیان هەنگاوی باشیان نەبڕیوە و هێشتا رێگایەکی زۆر درێژیان لەبەردەمدا ماوە.

لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا تا ئەم ساتەیش مرۆڤەکان کۆیلەی دەستی دەقەکانو پیاوە ئاینییە دیماگۆجستەکان و دۆگماتیستەکانن، کە ئەوانیش ئەتوانن بەو ئاراستەیە تاك و کۆمەڵ ئاراستە بکەن کە خۆیان ئەیانەوێت واتە بەپێی میزاج و ویستی خۆیان. لە هەر ساتێك کە بیانەوێت ئەتوانن ببنە هەوێنی لێبوردەیی و پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی نێوان پێکهاتە ئاینییە جیاوازەکان، پێچەوانەکەشی راستە. واتە چەمکی تاکگەرایی (Individualism) وجودی نییە شتەکان گرووپین. ئەمە بە پێچەوانەی رۆژئاواوە کە تاکەکان بڕیار بەدەستن. ئەو کەلتورەیش چەندین ساڵە هەوڵی بۆدراوە و هەروا بە ئاسانی نەهاتووەتە بوون.

## دووەم/ پێکەوە ژیانی ئاشتیانە Peaceful Coexistence

### أ- لە ئاستی ناوخۆدا: Nationally

پێکەوەژیانی ئاشتیانە لە نێوان تەواوی پێکهاتە فرە ئاین و نەتەوە و کەلتورەکان، گرنگترین پایەی بەرەو شارستانی بوون و پێشکەوتنە. لێرەوە کاتێك مرۆڤەکان دەستیان خستە ناو دەستی یەکتر و جیاوازییەکانیان وەلانا و گفتوگۆو لێکگەیشتنیان کرد بە بنەمای پەیوەندییەکانیان ئەوکات بە ئاراستەیەکدا هەنگاو ئەنێن کە لێبوردەیی و دروشمی هێمنی و ئارامی و برایەتی خۆیان ئەسەپێنن.

سلوکی ئەخلاقی تاکەکانی کۆمەڵ یەکێکە لەو سیفەتانەی کە دەبێتەمایەی کۆنترۆڵکردن و خۆلادانیان لە تاوانکاریی، کە دەبێتە مایەی وێرانکاریی لە کۆمەڵگەدا و هەروەها بەشێوەیەکی نێگەتیف کاردەکاتە سەر پێکەوەژیانی ئاشتیانە لەنێوان تەواوی پێکهاتەکانی کۆمەڵگا فرە ڕەنگەکان.

لەو کۆمەڵگایانەی کە فرە ڕەنگن یان ئەوەی ڕۆژئاواییەکان پێی ئەڵێن مەڵتی کەلتوورالیزم (Multiculturalism) ئەگەر تا ماوەیەکی درێژ کێشە و ململانێ هەبوو لەنێوان پێکهاتەکانیدا ئەوا لێکترازانی کەلتوری و ئەخلاقی دروستئەبێت لەنێوانیان. هەر لە وێشەوە ئەو دەوڵەتانەی کە ئەو جۆرە کێشانەیان تێدایە پارچەپارچە و دارماو ئەبن. کەواتە هەر زوو پێویستە چارەسەر بۆ کێشەکان بدۆزرێتەوە. بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەك عیراق کە ڕۆژانە بەرەو ئەوە ئەڕوات کەلێنی زیاتر بکەوێتە نێوان پێکهاتەکانییەوە.

### ب- لە ئاستی نێودەوڵەتیدا : Internationally

لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ئاڕاستەیەکی تر وەردەگرێت و پێویستی بەناساندنی دیکە هەیە و بەیەکێك لە بنەما سەرەکییە پشتپێبەستراوەکانی نێوان دەوڵەتان، بەمەبەستی هاریکاریی هاوبەش لە نێوانیاندا، کە لەسەر بنەمای ئاڵوگۆڕی ئابوری و کەلتوری و بازرگانی بونیادنرابێت.

لەسەردەمی شاردەوڵەتەکان دا ئەوەی بە یۆنانی پێی ئەوترێت (polis) و بە ئینگلیزیش پێی دەوترێت (city-state) کە لە ساڵانی ٨٠٠ بۆ ٦٠٠ ی پێش زاین لە یۆنان بوونیان هەبوو بریتیبوون لە ڕێکخستنێکی سیاسیی، تەنها شارێکی وەك





ئەسینا یان سپارتا بریتی بوو لە دەوڵەتێك. واتە دەتوانین بڵێین شار دەوڵەت مۆدێلێکی یۆنانییە، دیسانەوە بەجۆرێك لەجۆرەکان پەیوەندی جۆراوجۆر هەبوو لە نێوانیاندا و هەندێجار بە ئاشتی لە پاڵیەکدا پێکەوە ژیاون و هەندێجاری دیکەیش کێشە کەوتووەتە نێوانیانەوە.

بەڵام دوای دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی لە ئەوروپا و دواتریش گەشەکردنی چەمکی دەوڵەتی نەتەوەیی بەهەموو جیهاندا بەتایبەتی دوای شەڕی جیهانی دووەم، چەمکی پێکەوەژیانی ئاشتیانە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ئاڕاستەیەکی جیاوازی وەرگرت و بەرژەوەندییە جۆراوجۆرەکانی نێوان وڵاتان وایان کرد وڵاتان هەوڵی چەسپاندنی ئەو چەمکە بدەن لە هەردوو ئاستی تیۆری پراکتیکیدا.

چەمکی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا لەسەردەمی جەنگی سارددا خرایەڕوو. دواتر لەلایەن ئەو وڵاتانەوە تەبەنی کرا کە سەر بە ڕژێمی کۆمۆنیستی بوون. مەبەستی یەکێتی سۆڤێتی پێشوو ئەوە بوو کە پەرە بە پەیوەندییەکانی نێوان رووسیا و وڵاتانی ڕۆژئاوا بەتایبەتی ئەمریکا و وڵاتانی ئەندامی ناتۆ لە بری سیاسەتی دژایەتیکردنی یەکتر بدات.

کارێکی زۆر ئاستەمە بەتایبەتی لەم سەردەمەدا کە دەوڵەتێك هەبێت هەموو دەرگاکان لە خۆی دابخات و نەیەوێت پەیوەندی هەبێت لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا بەشێوەیەك لە شێوەکان. جا ئەو تێکەڵ نەبوونە بەهەر هۆیەکەوە بێت ئاین بێت یان جیاوازیی کەلتووربێت یان هەر هۆیەکی تر بێت. بەتایبەتی لەم سەردەمەدا کە ئامرازەکانی کۆمۆنیکەیشن. لە ئێستا زۆربەی وڵاتانی ناوچەیەك لەهەوڵی ئەوەدان کە چەمکی سنوور لەنێویاندا کەمدەکەنەوە هاتووچۆ لەنێوانیاندا فراوانتربکەن.

هەواڵنامەی کتێب

## ج- کورد و پێکەوەژیانی ئاشتیانە لە عێراقدا: Kurds & Peaceful Coexistence in Iraq

گەلی کورد سەرەڕای ئەوەی کە لەو کاتەوەی وڵاتی عێراق دروستکراوە، لە چارەکی یەکەمی سەدەی رابردوودا، لەسەردەستی دەسەڵاتدارانی عەرەبی عێراق رووبەڕووی چەندین پرۆسەی جینۆساید و کۆچپێکردن و دەربەدەرکردن و زیندە بەچاڵکردن بووەوە، بەڵام لە کۆتاییدا و لەو کاتەی کە لە ساڵی ٢٠٠٣ کە ولایەتە یەکگرتووەکان عێراقیان رزگارکرد کورد رێگەی تۆڵەسەندنەوەی هەڵنەبژارد، بەڵکو پێکەوەژیانی ئاشتیانەیان هەڵبژارد لە تەواوی عێراق دا.

ئەگەر ببینین عەرەبەکان لە ناوەڕاست و باشوری عێراقەوە هەڵدێن و دێن لە هەرێمی کوردستاندا بە ئارامی دەژین و گەشت ئەکەن و یاخود ئەخوێنن. ئەمە لە کاتێکدا کە ئێستاش کوردێك ناتوانێت لە ناوچەیەکی عەرەبی عێراق دا خۆی دەربخات، چونکە دەکەوێتە بەر هەڕەشەی عەرەبە شۆڤێنی و تیرۆرستەکان.

وەك ئەوەی ئەبینین ئەوە رێگا چارەیەی کە کورد هەوڵی بۆ چارەسەرکردنی لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی عێراقدا ئەدات رێگە چارەی دبلۆماسییە و هەروەها لە رێگەی دەستورەوە دەیەوێت مامەڵە لەگەڵ ناوەندی عێراق دا بکات. پێم وایە ئەوەش خراپ نییە چونکە ئەڵتەرناتیڤێك نییە بۆ ئەو دەستوورە تا ئەم ساتەوەختەیش کەمن قسەی لێئەکەم.





بۆ ئەوەی دیالۆگی کوردی- عەرەبی و شەراکەتێکی عادیلانە دروستبێت لەنێوان کورد و عەرەبدا ئەوا پێویستە سەرنج لەم خاڵانەی لای خوارەوە بدەین:

١- داننانی راستەقینە بە مافی نەتەوەی کورد لە عێراقدا. ئەویش بە جێبەجێکردنی ئەو دەستورەی کە وەك چارەسەرێکی ناوەندیی هەژماردەکرێت. چونکە لەسەرووی ئەو دەستورە هیچ چارەسەرێکی دیکەنییە لە عێراقدا بۆ ئەم قۆناغەی کە ئێستا تێیکەوتووە نییە.

٢- رێزگرتن لە برگە و ماددەکانی دەستوری عێراقی نوێ. چونکە ئەو دەستورە تاڕادەیەکی باش زامنی پێکەوەژیانی ئاشتیانە دەکات لە نێوانە عێراقییەکاندا.

٣- کارکردنی هاوبەشی پێکهاتەکانی عێراق بەگشتی بۆ سڕینەوەی ئاسەواری تەعریب لەو شوێنانەی کە تەعریبی تێدا ئەنجامدراوە. بەوەی دەسەڵاتدارانی عەرەبی عێراق لەوکاتەوەی کە دەوڵەتی عێراق دروستبووە تاکو ساڵی ٢٠٠٣ واتە تا ئەو کاتەی ئەمریکا هاتە عێراقەوە گەلانی عێراق ئازادبوون لەژێردەستی دیکتاتۆرییەتدا، کورد دەربەدەرکراوە و عەرەبی لە جێگەدا نیشتەجێکراوە. بەڵام ئەوەی جێگەی داخە تاکو ئەم ساتەوەختەیش هەندێ لایەنی عەرەبی لە عێراقدا بەشێوەیەك لە شێوەکان لە هەوڵی تەعریبکردنەوەی ناوچە جێناکۆکەکان (Disputed Territories)ن.

هەروەها هانی ئەو خێزانانە بدرێت کە راگوێزراون و لە نەتەوەی کورد بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان و هانی عەرەبی تەعریبیش بدرێت بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان.

٤- رێزگرتنی نەتەوە گەورەکانی عێراق لە ئەتنیك و پێکهاتە بچوکەکانی

هەواڵنامەی کتێب

عیراق و هەروەها پێویستە نەتەوە گەورە و دەسەڵاتدارەکانی عیراق داکۆکی بکەن لە مافی نەتەوە بچوکەکانی عیراق.

٥- هەوڵبدرێت مادەی ١٤٠ جێبەجێبکرێت یان ئەوانەی ئەڵێن بەسەرچووە با ئەڵتەرناتیفێکی بۆ بدۆزنەوە ئەگەر نا دیسانەوە عیراق بە ئەزموونی رابردوودا تێپەڕدەبێتەوە. کە ئەبێتە مایەی دەردەسەری بۆ هەموو پێکهاتەکانی عیراق نەك تەنها کورد.

٦- لە پرۆگرامی خوێندنی خوێندنگاکاندا، لە تەواوی عیراقدا، کارێکی وابکرێت کە گەلی کورد وەك گەلێك جیاواز لە عەرەب بەپێکهاتەکانی دیکە بناسرێت و ئاماژە بەو نەهامەتیانە بکرێت کە کورد و پێکهاتەکانی دیکەی عیراق رووبەڕووی بوونەتەوە بەهۆی ئەو سیاسەتی ئەوی تر قبووڵنەکردنەی کەلەلایەن حکومەتە عەرەبییە یەك لەدوای یەکەکانەوە پەیڕەوکراوە. هەروەها ئەو بچەسپێنرێت کە لە عیراقدا تەنها نەتەوەی عەرەب وجودی نییە و بە ویستی خۆی بڕیار لەسەر چارەنووسی پرسەکان بدات، بەڵکو نەتەوەی دیکەی وەك کورد و کەمایەتییە بچووکەکانی دیکە لە عیراق بوونیان هەیە و پێویستە رێزیان لێبگیرێت. بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە سویسرا بکرێت بە نموونە کە چەند نەتەوەیەکە وەك رەگەز جیاوازی وەك ئەڵمانی و فەرەنسی ئیتالی و رۆمانش و هی دیکەشی تێدایە و لە بیست کانتۆن (Canton) و شەش نیوە کانتۆن پێکهاتووە . ئەبینین ئەڵمان نزیکەی ٦٥٪ و فەرەنسی نزیکەی ١٨٪ و ئیتالی نزیکەی ١٠٪ و رۆمانش نزیکەی ١٪ ی ئەتنیکەکانی دیکەیش ٦٪ ی سویسرا پێکدێنن. بەڵام یەکێکە لە وڵاتە سەقامگیرەکانی دنیایەو مافی هیچ لایەکی تیا پێشێلناکرێت بە ئاشتی پێکەوە ئەژین و نمونەی پێکەوەژیانی ئاشتیانەیە و چەندین وڵاتی لەو جۆرە لە جیهاندا هەن بەڵام لێرەدا هەر ئەوەنە





دەرفەت هەیە، کە ئەکرێت سودیان لێوەربگیرێت بۆ وڵاتێکی فرە ئەتنیك (Ethnic) ی وەك عیراق.

٧- رۆشنبیران یاخود دەستەبژێری عەرەب رۆڵبگێڕن لە دروستکردن و بەرەوپێشبردنی دیالۆگی کوردی-عەرەبی. هەورەها هاوکاری سیاسییەکانی عەرەب بن بە ئاڕاستەیەکی ئیجابی نەك سلبی بەمەبەستی دروستکردنی کەلتوری پێکەوە ژیان. بۆ ئەو مەبەستەش رۆشنبیران و دەستەبژێری کورد پێویستە هاوکار بن، چونکە جۆرێك لە دوره پەرێزی بەدیئەکرێت لە نێوان رۆشنبیرانی کورد و عەرەبدا، کە ئەویش رەگ و ریشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی رژێمی دیکتاتۆری حزبی بەعس و هەروەها ئەو رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی دیکەی عیراق.

٨- بێگومان لەماوەی رابردوودا وڵاتانی دراوسێی عیراق بەتایبەت و وڵاتانی عەرەبی بەگشتی رۆڵی سلبیان هەبووە لە هاندان و سەرکوتکردنی کورد، بۆ ئەو مەبەستەیش پێویستە لەسەر سیاسیی و رۆشنبیرانی عەرەب چیتر نەکەونە ژێرکاریگەریی ئەو وڵاتانەوە بۆ دژایەتیکردن و بەدوژمن ناساندنی نەتەوەی کورد.

٩- پیاوانی ئاینیی ئیسلام (یان مەلاکان) لە عیراقدا تا ئەم ساتەوەختەیش زۆربەی جارەکان ماشەی دەستی دەسەڵاتدارانی عیراق بوون و رۆڵێکی زۆر سلبیان گێڕاوە. زۆربەی جارەکان دەسەڵات بەکاریهێناون بۆ دەرکردنی فتوای نائەخلاقی نموونەشیان ئەو فتوا ناسازە بوو کە لە کاتی ئۆپەراسیۆنی ئەنفالدا پیاوانی ئاینیی ئیسلام دەریانکرد و تێیدا شەرعییەتیاندا بە ئەنفالکردنی کورد. وەك ئەزمونێك لەبەرامبەر ئەو هەڵەگەورەیەی کە پیاوانی ئاینیی ئیسلام کردیان لەڕابردوودا لە ئێستادا پێویستە رۆڵی ئیجابی خۆیان بگێڕن لە بەرەو پێشبردنی گیانی پێکەوە ژیان و لێبوردەیی. ئەوکارەیش لە رێگەی مینبەری مزگەوتەکانەوە بێت یان هەر رێگەیەی دیکەوە چونکە کۆمەڵگای عیراقی تا ئەم

ساتەیش کۆمەڵگایەکی تەقلیدی ئاینی و موحافیزکاری ئاینییە و تاکەکان وابەستەی دەقەکانن و ئامادەن بەگوێی پیاوانی ئاینی بکەن.

## سێیەم/ ڕۆڵی ماس میدیا لە لێبوردەیی و پێکەوەژیان

Mass Media Role in Tolerance & Coexistence

پێش ئەوەی باس لە ماس میدیا یان دەزگاکانی راگەیاندن بکەم وا بەباشی ئەزانم بەپەلە ئاماژەیەك بۆ چەمکی کۆمۆنیکەیشن بکەم. چونکە ماس میدیا ئەو ئامرازانەن کە لەرێگەیانەوە کۆمۆنیکەیشنی لێوە ئەنجامئەدرێت، پێی ئەوترێت ماس کۆمۆنیکەیشن (Mass Communication).

کۆمۆنیکەیش بریتییە لە ئاڵوگۆڕکردنی مانای جۆراو جۆری وەك ئایدیا و بیرۆکەکان، لە نێوان تاکەکاندا لە رێگەی سیستمێکی هاوبەشی سیمبوڵەکانەوە.

یان بریتییە لە پرۆسەی بەشداریکردنی ئایدیا و زانیاریی و پەیامەکان لەگەڵ کەسانی دیکەدا لەکات و شوێنێکی دیاریکراودا.

کۆمۆنیکەیش یان لە رێگەی قسەکردنەوە یان لەرێگەی نوسینەوە یان ئەوەی پێی ئەڵێن کۆمۆنیکەیشنی نەن ڤێربال (وەك دەمووچاو و تەعبیرکردن Expression و زمانی جەستە Body Language و ئیمائات (Gestures)، یان کۆمۆنیکەیشنی ڤیژواڵ (وەك ئیمەیج و وێنەوە فۆتۆگراف و ڤیدیۆ و فیلم)، یان کۆمۆنیکەیشنی ئەلیکترۆنی (وەك تەلەفۆن و ئیمەیل و کابڵ تەلەفزیۆن و سەتەلایت ئەنجامئەدرێت.

کۆمۆنیکەیشن بەشێکی سەرەکی ژیانی تایبەتی مرۆڤە و هەروەها گرنگە لە کاروباری بازرگانی، رۆشنبیریی، یان هەر بوارێکی دیکە کە مرۆڤەکان تێیدا رووبەڕووی یەکتر ئەبنەوە. وەك ئەوتریت مرۆڤ بوونەوەرێکی پەیوەندیدار



(Communicative) یە، واتە ئەبێت پەیوست بێت بە کۆمۆنیکەیشنەوە. کە مرۆڤ بەهۆی زمان و پەرەسەندنی عەقڵەوەیەتی وای لێکردووە بەو شێوەیەبێت.

لێرەدا ئەمانەوێت ئاماژە بەڕۆڵی ماس میدیا یان دەزگاکانی راگەیاندن بکەین لەسەر لێبوردەیی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە.

راگەیاندن ئەتوانێت ببێتە فاکتەری پارمەتیدەر لە دروستکردنی گیانی لێبوردەیی و پێکەوە ژیان، لە رێگەی مامەڵەکردن لەگەڵ رووداوەکان بەشێوەیەکی راستگۆیانە و گەورەنەکردنی لە ئاستی خۆیاندا، بەشێوەیەك ببێتە مایەی دروستکردنی دڵەڕاوکێ و کە دواتر ببێتە مایەی دروستکردنی ئاڵۆزیی نەویستراو.

هەندێ کەناڵ کار دەکەن بۆ تێکدانی پێوەندی نێوان ئەتنیك یان ئاینەکان. نموونەشیان ئەو کەناڵە عەرەبیانە بوون کە لەدوای پرۆسەی ئازدی عیراقەوە رۆڵی نێگەتیڤیان هەبوو لە تێکدانی پەیوەندی نێوان مەزهەب و پێکهاتەکانی عیراقدا. کە بێگومان ئەوەش دورە لە ئیتنیك و ئەخلاقی کاری میدیایی. ئەوەش بووە مایەی ئەوەی راگەیاندنی عەرەبی نموونەیەکی خراپی کاری میدیایی پێشانبدەن و لە زۆر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە گلەییان لێبکرێت و بکەونە بەر نەفرەتی عیراقییەکان و چەند لایەنێکی دیکە.

ئەو شەڕە تایەفەگەریی (Sectarian)ەی کە دوای پرۆسەی ئازادی عیراق سەریهەڵدا، راگەیاندنی عەرەبی بەگشتی هی کەنداو بەگشتی دەزگاکانی راگەیاندنی کەنداو بەتایبەتی، رۆڵی نێگەتیڤیان تێیدا گێڕا لە خۆشکردنی ئاگری شەڕەکەدا.

بۆ ئەوەی ماس میدیا رۆڵی ئیجابی بگێڕێت لە دروستکردنی لێبوردەیی و گەشەپێدانی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە پێویستە رەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت:

١- خۆ دوورخستنەوە لە بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە هەواڵانەی کە ئەبنە مایەی دروستکردنی فیتنەی مەزهەبی و تایەفەگەریی.

٢- مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو وەك یەك و پەراوێزنەخستنی هیچ لایەك.

٣- بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵانەی کە گوزراشت لە پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی ئەتنیك و ئاینەکان ئەکەن.

٤- دەرکردنی یاسەیەك تا رێگە لەهەر ئامرازێکی راگەیاندن بگرێت کە ئەیەوێت پشێوی تایەفەگەریی دروستبکات.

٥- کارێکی وا بکرێت کە ئەوانەی لە پێشەوە ئاماژەمپێکرد نەبنە هۆی لێسەندنەوەی ئازادیی لە رۆژنامەنوسان و دەزگاکانی راگەیاندن و لەقاڵبدانی کاری میدیایی.





## کۆتایی/ لێبوردەیی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە لەکەرکوك

Tolerance & Peaceful Coexistence In Kirkuk

رەنگە زاراوەی لێبوردەیی و پێکەوە ژیانی ئاشتیانە زۆرترین بەکارهێنانی هەبووبێ لەو ناوچانەی کە فرە ئەتنیکن. لە کەرکوکدا بەحکومی ئەوەی پارێزگایەکی فرە ئەتنیك و ئاین و مەزهەبە. لێبوردەیی و پێکەوەژیان رەواجی باشتر بووە وەك لەو شوێنانەی کە یەك رەنگن لە تەواوی عیراقدا.

بۆ نمونە کاتێك گوێ بۆ دەزگایەکی راگەیاندنی کەرکوك ئەگریت زیاتر زاراوەی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەمان بەر گوێ ئەکەوێت.

پارێزگای کەرکوك لەبەر ئەوەی هەمیشەی جێگەی ململانێی نێوان وڵاتانی دەرەکی وەك وڵاتانی ئیقلیمی لە جۆری تورکیا و هەروەها وڵاتانی عەرەبی و وڵاتانی رۆژئاوا بووە، هەمیشە ترسی ئەوە هەبووە کە بارودۆخ لە کەرکوکدا بکرێتە ژێر گومانی جۆرێك لە تەقینەوەی شەڕی ئەتنیکی یاخود تایەفەگەریی. ئەویش بە پێدانی هاوکاری بۆ هەندێ لایەنی جۆراو جۆر لەبەر ژەوەندی هێزی دەرەکیی.

ئەوەی لەبارەی کەرکوکەوە باس ئەکرێت لە هەندی دەزگای راگەیاندنی عەرەبی و بیانی کە گوایە بارودۆخی کەرکوك ئاڵۆزە و لە هەرساتێك بێت ئەتەقێتەوە، تەنها وتەیەکی بێمانایە لە واقعی کۆمەڵایەتی پارێزگای کەرکوکدا، چونکە ئەوەی لە بارەی پارێزگای کەرکوکەوە باسئەکرێت لێکدانەوەیەکی تیۆریی سیاسیی پەتییە و بەزۆری ئەو کەس و لایەنانە ئاماژەی بۆ ئەکەن کە تەنها لەسەر نەخشە بارودۆخی ناوچەکە ئەخوێننەوە و هیچ شارەزای پەیوەندی نێوان ئەتنیکەکانی کەرکوك نین. رەنگە لەلایەن کەسانێکەوە بێت کە بۆ



هەواڵنامەی کتێب

ساتێکیش لە کەرکوك نەژیاون گریمانەکانیان تەنها لەسەر بنەمای ئەو هەواڵانەیە کە لێرەو لەوێ باس ئەکرێت.

رەنگە هەندێ کەس رووداوەکەی کۆتایی پەنجاکانی سەدەی بیستەم بکەن بە رەمزی ململانێی نێوان پێکهاتەی کورد و تورکمان. من لە وەڵامی ئەوەدا ئەڵێم ئەوەی روویدا لەو ساتەدا تەنها هەڵچوونێکی سیاسی بوو نەك کۆمەڵایەتی. واتە لە ساتە وەختێکدا بوو کە بارودۆخی کەرکوك بارگاویکرا بوو بە بارودۆخێکی سیاسی ناهەموار.

بۆ نمونە ئەگەر باس لە پەیوەندی نێوان کورد و تورکمان بکەین دەبینین رێژەیەکی زۆر زەواج لەنێوان کورد و تورکمان هەیە و پەیوەندی نێوانیان زۆر باشە. کە ئەوە وای کردووە پەیوەندی نێوان ئەو دوو ئەتنیکە قوڵتربێتەوە.

تا ئێستا رۆژێك لە رۆژان لە کەرکوکدا کورد تورکمانی نەکوشتووە لەبەرئەوەی لەرووی ئەتنیکییەوە توکمانە، پێچەوانەکەشی راستە. ئەو حاڵەتانەی هەبووە هەر هەموو سیاسی بوون. واتە پەیوەندی بەچەند لایەنێکی سیاسییەوە هەبووە یان ئەگەر توندوتیژییەکیش روویدابێت، هەروەکو لە پێشەوە ئاماژەمپێکرد، لە میانەی کەشێکی بارگاوی بووە بە سیاسەت.

من لێرەدا نامەوێت ببمە لایەنگری هیچ نەتەوەیەك یان ئەتنیکێك، بەڵکو زیاتر ئەمەوێت توزێك پەنجە بخەمە سەر هەندێ لە راستییەکان. لە پێش ئۆپەراسیۆنی ئازادی عیراق و دوای ئەوەش سەرکردایەتی کورد لەگەڵ داواکردنی مافی خۆیدا داوای مافی ئەتنیکی تورکمانی کردووە. پێشتریش حزبی بەعس دەستی نەئەپاراست لە دەربەدەرکردنی تورکمان لە کەرکوکدا و لە هەرێمی کوردستاندا جێگەیان ئەکرایەوە.

دەسەڵاتدارانی عەرەبی عیراق دانیان بە نەتەوەیەکی وەك کورد دا نەئەنا،





کە نەتەوەی دووەمە و نزیکەی یەك لەسەرچواری دانیشتوانی عیراقە و بەدەیان هەزار قوربانیداوە کە لە ئێستاشدا هێشتا لە زۆر ناوەندە عەرەبییەکان نکۆڵی لە مافەکانی ئەکرێت، ئەی چۆن دان بە بەتورکماندا ئەنێن کە کەمینەیەکی زۆربچووکی عیراقە و هەر یەکە لە تورکمان و ئاشوری و کلدانی و ئەرمەنی ئەو کەمینانەی دیکەیش هەرهەموویان ئینجا نزیکەی لە سەدا پێنجی عیراق پێکدێنن، بەپێی سەرچاوە بڕوا پێکراوەکان. ئەمە لەکاتێکدا بیرکردنەوەی سیاسییە عیراقییەکان ناوەندە عەرەبیەکان لە ئێستادا هەر وەك خۆی ماوە و هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەماوە.

هەرچی پێکهاتەی عەرەبە لە کەرکوك لە ئێستادا ئەکرێن بە دوو بەشەوە: بەشێکیان ئەوانە کە لە ناوەڕاست و باشوری عیراقەوە هێنراون بۆ تەعریبکردنی پارێزگاکە. بەشەکەی تریان ئەوانەن کە خەڵکی رەسەنی پارێزگای کەرکوکن و تەنانەت زۆربەیان زمانی کوردی ئەزانن. بەڵام عەرەبی هاوردەکان لە زۆر رووەوە لەگەڵ رەسەنەکان جیاوازن و تەنانەت زۆرجار گوێبیستی ئەوە بووم کە بوونەتە مایەی تێکدانی ناوبانگی عەرەبە رەسەنەکانی پارێزگای کەرکوك وەك و خۆیان باسی لێوە ئەکەن.

لەکاتی ئۆپەراسیۆنی ئازادی عیراق زۆر کەس و لایەن چی لەدەرەوە و چی لە ناوخۆ وای بۆ ئەچوون کەرکوك ببێتە ئوقیانوسێك لە خوێن بەوەی کورد رێگا چارەی تۆڵەکردنەوە بەکاربهێنێت، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەو شارە بەعس و دەسەڵاتدارانی دیکەی عیراق کردبوویان بە سیمبولی چەوساندنەوە و کوشتن و دەربەدەرکردن و ئەنفالکردنی کورد. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کورد لە بری ئەوەی رێگای تۆڵەکردنەوە بگرنەبەر، رێگاچارەی لێبوردەیی و پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی هەڵبژارد لەگەڵ نەتەوەکانی تردا.

کەواتە واباشترە عەرەب سوود لەو دەرفەتە وەربگرن و هاوکار بن ریز لەو لێبوردەییەی کورد وەربگرن. ئەوەی لە رابردوودا روویدا لەبەرچاوبگرن، چونکە گرتنەبەری سیاسەتی شۆڤێنی و رەگەزپەرستی و هەوڵدان بۆ بارگرژکردنی پارێزگای کەرکوك نە لە خزمەتی عەرەب و نە کورد و نە تورکمان ئاشوری و هیچ پێکهاتەیەك یان ئەتنیکێکی دیکەی پارێزگاکەدا نییە و رەنگدانەوەی خراپی ئەبێت لەسەر تەواوی عیراق.

**** * ****

**سەرچاوەکان:**

أ- بە زمانی ئینگلیزی:


**١- Encarta Encyclopaedia, ٢٠٠٩, all rights reserved.**

**٢- Encyclopaedia Britannica, ٢٠١٠, copy right British.**

**٣- www.wikipedia.org**

ب- بە زمانی عەرەبی:

١-Http/www.alnoor.se/article.asp?id=٤٧٣٠٦

٢http/www.arabency.com/inex.php?module=pnencyclopedia&func=display_term&id=٨٠٨٩٢

٣http/www.yomgedid.kenanaonline.com/topics/٥٧٠١٤/posts/٦٧٤٠٣

٤-http/www.ankawa.com/forum/index.php?topic=٤١٤٥٣٨,٠

٥- http/www.siironline.org/alabwab/josoor/٠٣٢.html

٦-http/www.atida.org/makal.php?id=١٤١




هەوالنامەی کتێب






# وەرگــێڕان

- ڕەوایــی دیموکـــــــــــراسی.
- سێ چەمک دەربارەی ئـــــازادی.
- پێوەندیی نەپساوەی دیموکراسی و مافی مرۆڤ.
- بنچینە و بنەماکانی دیموکراسی.

هەواڵنامەی کتێب

# ڕەوایـــی دیموکـــراسی

و. یادگار حەمە غەریب

ڕەوایی بەمانای شایستەبوون یان مۆڵەتی حوکمڕانی کردنە کە لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە پەسەند بێت. هەموو حکومەتەکان بۆئەوەی کە بمێننەوە پشت بەهێزو ڕەزامەندی دەبەستن. بەڵام حکومەتە دیموکراتەکان لەبەرئەوەی زیاتر پشت بە ڕەزامەندی زۆرینەی خەڵك دەبەستن کە ئەمەش جیایان دەکاتەوە لە حکومەتە سەرەڕۆکان. پشتبەستنی زۆر بەهێز یان ناچارکردنی خەڵك بۆ چەسپاندنی سەقامگیری دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕکابەری سیاسی و ئازادی سەرکوتبکرێن، کە بەشێکی جەوهەری دیموکراسی پێکدەهێنن.

لە تیۆرەکانی دیموکراسیدا، ڕەوایی کەم و زۆر کارێکی بەڵگەنەویست دەزانن و جەخت دەکەنەوە کە بەردەوامی دیموکراتی بەندە بەڕەواییەوە. دەبێت هەڵبژێردراوەکان و جەماوەر لەو بڕوایەدابن کە سیستەم — واتە کۆمەڵە بڕیار و ڕێکخستنێکی یاساییە، نەك یەك سیستمی تایبەتی حکومەت — باشترین (یان بێ زیانترین) شێوەی حکومەتە. سەرەڕای ئەمە سەرکردە هەڵبژێردراوەکان دەبێت



لەڕووی ئەخلاقییەوە لە ئاست خواست و داواکانی خەڵك دابن — لە لایەنی دارایی، خزمەتی ئالا، ڕێکخستنی بابەتە بڕیار لەسەر دراوەکان، دانانی یاساکان و جێبەجێکردنیان — تەنانەت دەبێت پاڵپشتی ئەو کەسانەش بن کە لە دژی ئەوانە دەنگیان داوە یان بەتوندی دژی سیاسەتەکانیان.

ڕەوایی، هەرچۆنێك بێت، بەرهەمی بڕوایەکی هاوبەشە، ئەم هاوبەشییە وردە وردە پێکدێت، مەبەست ئەوە نییە کە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا دەبێت یەك ڕاو بۆچوونی بنچینەیی هاوبەشیان لەبارەی حکومەتەوە هەبێت. لەناو هەموو کۆمەڵە خەڵکێك دا کەسانێك هەن کە هیچ حەزیان پەیوەندییەکی قوڵ بۆ حکومەت دەرنابڕن. لە هەموو کۆمەڵگایەکدا، زۆربەی ئەو کەسانەی کەلەو بڕوایەدان دیموکراسی شێوەیەکی ویستی حکومەتە ئامادەنین بەرگری لێبکەن لەکاتێك دا کە ڕووبەڕووی مەترسی دەبێتەوە. لە هەموو سیستمێکی دیموکراسی دا، هەندێك کەس کە ئازادی بە بنەمای ویستی خۆیان دەزانن باوەڕیان بەوە نییە کە ئازادییە سیاسییەکان لەگەڵ بارودۆخ و هەلومەرجە تایبەتیەکانی وڵاتەکەیاندا بگونجێنن. هەندێك خەڵك لە ساتە مێژووییە تایبەتەکاندا دیموکراسی بەرز دەنرخێنن لەوانەیە لە هەندێك لە ئامانجەکانی تر بە گرنگتری بزانن یان پێیان وایە کە لەشێوەکانی تر گونجاوترە بۆ فەراهەمکردنی ژیانی سیاسی یان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان.

تێڕوانینی ئەندامانی کۆمەڵگایەك بۆ دیموکراسی وەك سیستمی سیاسی، نابێت لە هەڵسەنگاندنی ئەوانەدا بۆ پرۆسەی بنەما تایبەتەکان یان دادوەری کردنیان لەبارەی فلانە پلەو پایەوە هەڵە بکرێت. ئاشکرایە کە بڕوا و بۆچوونی



هەواڵنامەی کتێب

نێگەتیف لەبارەی پەیامەکانی دیموکراتییەوە لە قۆناغە دور و درێژەکانی مێژوودا لەبارەی ناکامڵی یان گەندەڵی ڕابردووە لەناو ئەو سەرکردانەی کە بەشێوەیەکی دیموکراتی هەڵبژێردراون، هەروەك ئەوەی کە لەدوو دەیەیی ١٩٨٠ و ١٩٩٠ دا لە ئیتاڵیا ڕوویدا، کە بووە هۆیی لەناوچوونی ڕەوایی. بەڵام بڕواکانی تایبەت بە ڕەوایی دیموکراسی و کارایی دیموکراسی دەبێت لەیەکتر جیابکرێتەوەو هەریەکەیان بەجیا شیبکرێنەوە.

ڕەوایی دیموکراسی، لەکاتێکدا کە لە چەسپاوترین و بێ مەترسیترین حاڵەتی خۆی دا بێت، زادەی پابەندبوونی بۆ دیموکراسی وەك ئامانجێکی خودی سیستمەکە، وەك باشترین شێوەی حکومەتە، تەنانەت لە دژوارترین هەلومەرجەکاندا. ئەگەر چی هیچ سیستمێکی سیاسی لە بەرەڵایی تێکەڵ و پێکەڵی و لەناوچوون بەتەواوی لە ئەماندا نییە، بەڵام سیستمە دیموکراتییە زۆر شەرعییەکان دەتوانن خۆیان لە قەیران و کێشە و بەرەی ترسناك ڕزگاربکەن. بەشێوەیەکی گشتی هەرچەندە ڕەوایی حکومەتێك زیاتر و قوڵتر بێت، ئەگەری ئەوە زیاترە کە بتوانێت بەرگەی فشاری توند بگرێت.

بەردەوامی دیموکراتی پشتی بە کاریگەری ڕەوابوون و کاراییەکەی بەستووە. ئەو سیستمانەی کە هەم ڕەوان و هەم کاران ئاسایی لە گوێڕایەڵی و ڕەزامەندی خۆبەخشانەی هاوڵاتییەکانیان تا ڕادەیەکی زۆر سودمەندن، ئەو سیستمانەی کە بەپێی پێناسەکە نارەواو ناکارامەن، ناچارن سەرکەشی بەرامبەر بە هاوڵاتیانی خۆیان بکەن و زۆرجار لەناو دەچن. مەگەر ئەوەی کە دیکتاتۆر بن هەتا بتوانن بەهێز و ساختەکاری لەسەرپێ بمێننەوە. لەبەرئەمە ئەو حکومەتە دیموکراتانەی



زۆر شەرعین ئاسایی توانیویانە لەناکارایی ڕزگاریان بێت. بەو شێوەیەی کە هۆڵەندا و بەریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکان بەدرێژایی (قەیرانی گەورە)ی دەیەیی ١٩٣٠ توانیان سەرکەوتوانە ئەو قۆناغە تێپەڕێنن. ئەو حکومەتانەی کە بەردەوامی دیموکراتییەکەیان تەنیا پشتی بەستووە بەکارایی سیستمەکە لەوانەیە لەناوبچن. بەو شێوەیەی کە ((کۆماری فایماری ئەڵمانی)) لە ١٩٣٣ دا لەناوچوو. چونکە ڕەوایی حکومەت لەوێ هیچ کاتێك لەلایەن قەوارەیەکی گەورەوە کە لایەنگری پاشایەتییان دەکرد پەسەندنەبوو، یان لە سیستمە سیاسییەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم، کە بێبەشبوون لە هەموو خواستێکی مێژوویی بۆ حکومڕانیکردن.

## ڕۆڵی نوخبەکان

وەك بەرچاو دەکەوێت پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان دیموکراسی و بەشداریکردن و پشتیوانی خەڵك دا هەیە. ڕەوایی ئەو سیستمانەی کە پێگەی جەماوەرییان هەیە بە پلەی یەکەم پشتی بەستووە بە پشتیوانیکردنی هەڵبژێردراوە سیاسیەکان — سەرکردە سیاسییەکان بە پلەی یەکەم، ئەفسەرەکانی سوپا، فەرمانبەرانی حکومەت، پلەو پایەکانی بازرگانی و کرێکاران و ڕابەرانی مەزهەبی و کاروبارە دینییەکانی تر — لێکۆڵینەوەکان پیشانیان داوە کە هێزی بزوێنەر بۆ گواستنەوەی دیموکراسی (وە بەمشێوەیە تاڕادەیەکی زۆر بۆ چەسپاندنی دیموکراسی) لە هەڵبژاردنە سیاسییەکان، کارو کردارەکان و لێهاتووی هەڵبژێردراوە سیاسییە چاودێرەکان هەم لەناو حکومەت و هەم لەبەرەی ئۆپۆزسیۆنەوە سەرچاوە دەگرێت.

ئەگەر کەمینە سەرەکییەکان (بە چاوپۆشین لەزۆرینە) لەناو هەڵبژێردراوەکاندا گومانیان لە بەهای دیموکراسی هەبێت (چ لەبەر کۆمەڵگا یان لەبەر دابونەریت) یان تەنانەت ئەگەر گوێ بە حکومەتی خوازراو نەدەن، دیموکراسی لە مەترسی دایە. ئەم بارودۆخە لە سەرەتاکانی دەیەی ١٩٢٠ لە ئیتاڵیاو دواتر لە بەشێکی زۆری ئەورووپای ڕۆژهەڵات لە وڵاتانی جێنشینی یەکێتی سۆڤیەت ڕوویدا. بۆ نمونە ئەگەر هەڵبژێردراوەکان بەشێوەیەك پابەندی سیستم نەبن، سەرچاوە و توانای ڕێکخستنەوە و ستراتیژی پێویستیان هەیە بۆ دروستکردنی قەیران لە حکومەتدا. جەماوەری خەڵك تەنانەت ئەگەر هەمەلایەنیش بن، ئاسایی دەسەڵات و کاریگەرییان لەڕووی پێگەو پایەوە لە هەڵبژێردراوەکان کەمترە، تارادەیەك بەهۆی ئەوەی کە سەرچاوەی سەرەکی ئەوانە —کە هەمان ژمارەیانە— دەستپێشخەری یەك لایەنەی ئەوان ڕووبەڕووی کێشە دەبێتەوە.

ئەگەر هەڵبژێردراوەکان پابەندنەبن بەهزری دیموکراتییەوە، تەنانەت ئەگەر دیموکراسی لە بنەڕەتەوە سودمەند بێت لە پشتیوانی فراوانی خەڵکیش، ئەگەری پاراستنی سیستمێکی ئازاد زۆر کەمە. لەلایەکی ترەوە، لەوانەیە هەڵبژێردراوەکان حکومەتێك لەسەر بنەمای زۆرینە پێکبهێنن بەبێ ئەوەی کە هاوڵاتیان حەز و ویستێکی زۆر بۆ دیموکراسی پێیانبدەن. بەهەمان شێوەی کە لە پرتوگاڵ لەدوای مردنی ئانتۆنیۆ سالازار لە ١٩٧٠ و لە ئیسپانیا لە دوای مردنی فرانسیسکۆ فرانکۆ لە ١٩٧٥ ڕوویدا. بنیاتنانی دیموکراسی و هەروەها لەناوبردنیشی زیاتر پەیوەستە بە پرۆژەو دانایی هەڵبژێردراوەکانەوە.

بەپێی ئەمە، تێڕوانینەکانی خەڵك دەتوانێت کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنی پاڵێوراوەکان بەجێبهێڵێت. هەرچەندە پابەندبوون بە دیموکراسی زیاتر بێت و



ڕەگوڕیشەکانی زیاتر بەقوڵایی کۆمەڵگادا بچێتە خوارەوە، ئەگەری ئەوە زیاترە کە سیستمەکان بتوانن لە قەیرانەکان ڕزگاریان بێت. وردە وردە لەناوچوونی ڕەوایی دیموکراتی، یان دەربڕینی گومان لەبارەی کارایی ئەوەوە، لە زۆر لایەنەوە بە ڕێکخستنێکی سەیر بەشێوەی هۆکارێکی ڕەها و گرنگ بۆ لەناوبردنی حکومەت سەرهەڵدەدات. ڕەوایی دیموکراتیی لاواز و پەککەوتوو دەبێتە هۆی ئەوەی کە فەرمانڕەوایانی مەدەنی یان فەرماندە سەربازییەکانی زۆربەی وڵاتان، دیموکراسی سنوردار یان لەکاربخەن. بەهەمان شێوەی کە لەفەرەنسا بەلایەنی کەمەوە لە دەیەیی ١٧٨٩ بەدواوە، لەڕووسیا لەشۆڕشی بلشویکی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ (کە دیموکراسی هەشت مانگەیان لەناوبرد)، لە ئەرجەنتین لەدەیەی ١٩٣٠ بەدواوە، یان لە هایتی بەشێوەیەکی بەردەوام و دوابەدوای یەك بەم جۆرە ڕوویدا، بەپێچەوانەوە ڕەوایی جەوهەری و ڕاستەقینە پشتی بە بەردەوامی سیستمی دیموکراتی بەستووە. تەنانەت لەڕۆژگاری پڕگێرەو کێشەشدا، وەك کۆستاریکا لە کۆتاییەکانی دەیەیی ١٩٤٠ و لەویلایەتە یەکگرتووەکان لە قەیرانی (واتەرگەیت) لە دەیەی ١٩٧٠ چۆنێتی سەرهەڵدان و لەناوچوونی دیموکراسی، قورسایی و ڕۆڵی ئەوە لە چەسپاندنی دیموکراتیدا، لە گرنگترین ئەو بابەتانەن کە یارمەتی تێگەیشتنی ئێمە دەدەن لەبارەی بەردەوامی و شکست و زیندووبونەوەی دیموکراسی.

## -ڕەوەندە جیهانییەکان:

هەڵبژێردراوەکان و (هەموو کۆمەڵگا) چۆن ڕازی دەبن کە دیموکراسی باشترین شێوەی حکومەتە؟ لە دەیەی ١٩٨٠ دا کەشێکی بەربلاو لە بیرو ڕایەك سەیهەڵدا کە ئەرکی سەرەکی دروستکردنی ئەم

ئایدۆلۆژیایە دیموکراتی بووە. ئەم کەشە دیموکراسیخوازانەیە زیاتر لە پێشوو ڕەهەندێکی جیهانی لەخۆگرتووە و ناوەندە نێودەوڵەتییەکانی وەك ((کۆمەڵگای ئەوروپا)) کە ئێستا پێی دەوترێت یەکێتی ئەوروپا، ((بانکی جیهانی)) و ((سندوقی دراوی نێودەوڵەتی)) پشتیوانیان لەوە کرد.

ڕەوایی لەخودی خۆیدا ڕێژەییە : بڕیارێکی دادوەرانە لەبارەی ئەوەی کە فلان سیستمی سیاسی نەك تەنیا گونجاو یان بەسوودە بەڵکو باشترین جۆری حکومەتە بۆ فلان وڵات پەیوەستە بەوەی کە چەند لایەنی جیاواز (بێ پێچ و پەناو شاردنەوە) هەڵسەنگێنین. و خەڵکیش نەك تەنیا لەبارەی ئەزموونی بەراوردکردنی وڵاتانی ترەوە، بەڵکو لەبارەی پێشینەی مێژوویی خۆشیانەوە دادوەری دەکەن. ڕەوایی سیستمە نوێیە دیموکراتەکان کە لە دەیەیی ١٩٨٠ لە ئەمەریکای باشور دەرکەوتن ((بەهەمان شێوە ڕەوایەتیان کەمبوو)) بەڵام بەرهەمی نرخاندنی سەر لەنوێی دیموکراسی بوو بە سەرنجدان لە حکومەتە دەسەڵاتگەرانەکانی ڕابردوو و سیستمە سەرکوتکارەکانی، وەك سیستمی حوکمڕانی ئەرجەنتین و ئیسپانیا، یان لەوانەیە لە دەوڵەتە پاوانخوازەکانی ڕابردوودا هاوڵاتیانی خۆیان بۆ ڕەواندنەوەی خواستەکانی دژی دیموکراتی ((بکوتن)).

لەدوای ئەو وتەیەی کە ڕەوایی لایەنێکی ڕێژەییە ناڕاستەوخۆ بەو مانایەیە کە خەڵکی لەوانەیە وردە وردە دیموکراسی بە باشتر بزانن، چونکە جگە لەمە هیچ چارەیەکی تریان نییە —چونکە هیچ نمونەیەکی سەرنج ڕاکێشتر و گونجاوتر بوونی نییە، چونکە دیموکراسی بەبەراورد لەگەڵ ئەڵتەرناتیڤەکانی تردا کەمترین لایەنی خراپی هەیە. ئەمە هەمان ئەو حکومەتەیە کە زۆرجار (بەتایبەت هەڵبژێردراوەکان) لەکاتی تێکچوون و ئاڵۆزبوونی بارودۆخی سیاسی دەریدەکەن و بەم ڕێگایە دیموکراسی پاڵپشتێك پەیدادەکات. ئەگەر چی ڕێژەیی لایەنی باشی





دیموکراسی بۆ بەڕێکردنی ئەوە بەتەواوی بەسە بەڵام کەمتر خراپبوونی جۆری حکومەت بنەمایەکی یارمەتیدەر نییە بۆ جەوهەری ڕەوایی. خاڵی کۆتایی ئەوەیە کە دیموکراسی لەکاتێکدا لەوپەڕی چەسپاوی دایە بەیەکێك لە شێوە ڕاستەقینەکانی حکومەتێکی باشی بزانین.

## -دابونەریتە مێژووییەکان و مەزنێتی

بەهەمان شێوەی کە کۆمەڵناسی ئەڵمانی، ماکس فیبەر (١٨٦٤ — ١٩٢٠) لە بەرهەمە کلاسیکییەکانی خۆیدا دەربارەی ئەم بابەتە دیاریکردووە، دابونەریتە مێژووییەکان دەتوانن سەرچاوەی سروشتی ڕەوایی بن، ئەم سەرچاوەیە لەوانەیە بایەخێکی زۆری بۆ یەکەمین قۆناغەکانی بەخشینی ئازادی و فراوانبوونی دیموکراسی لە کۆمەڵگادا هەبێت. هێزە کۆمەڵایەتییەکان پشتاو پشت چەسپاوە، مەگەر لەبەرامبەر گۆڕانی دیموکراتیدا هەست بە مەترسی بکەن. لەوانەیە دەستبەکاربن بۆئەوەی بەسود وەرگرتن لە دژایەتی نێوان دابونەریت و نوێخوازی دیموکراسی لاواز بکەن.

هەندێك لە بنەماکانی دابونەریتی ڕەوا، وەك سیستمی پاشایەتی، ڕێگایان بۆ گۆڕانکاری دیموکراتی خۆشکردووە. یەکێك لە تەنزە هەمیشەیی و سەرسوڕهێنەرەکانی سیاسەتی بەراوردکردن ئەوەیە کە زۆربەی دیموکراسییە زۆر کۆنەکانی جیهان هەمان ئەو وڵاتانەن کە سیستمی پاشایەتیان هەبووە. ئەم وڵاتانە (کە زۆربەیان کەوتونەتە ئەوروپای باکورەوە)، دیموکراسی بەشێوەیەکی لەسەرخۆ دەرکەوت کە لەوەدا پاشاکان یەکەمجار مافی دەسەڵاتدارییان بەخۆیاندا و پاشان هەمان ئەو مافەیان دا بەو دەوڵەتانەی کە بەشێوەیەکی دیموکراتی بەرپرس و

وەڵامدەرەوە بوون. لەکاتێکدا کە خۆی لە پایەی سەرۆکی وڵات و مەرجەعی دەسەڵاتی جیا لە نوێنەرەکانی دەسەڵات، کە بەشێوەیەکی کاتی هەڵدەبژێردران و لە شوێنی خۆیان دەمانەوە.

لە سەرکەوتووترین حکومەتی غەیرە پاشایەتیدا، واتە ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕەوایەتی بەرهەمی ئەو شتەیە کە بەدەسەڵاتی پیرۆز ناوی دەبات، وە ئەوە هەر هەمان (دەستوری ویلایەتە یەکگرتووەکان)ە بەڵام زیاتر لە سەدەیەك درێژەی کێشا تا ئەوەی کە میللەت ڕەوایی بەدەستبهێنێت. ئەم وڵاتە بەدرێژایی هەفتاو پێنج ساڵ کە بەسەرپێکهاتنی ئەوەدا تێپەڕی، بەلایەنی کەمەوە پێنج جار بەهۆی مەترسی جیابونەوە و بەشبەشبوونەوە، لەلایەن ویلایەتەکانی نیو ئینگلاندەوە بەدرێژایی شەڕی ١٨١٢ تا ویلایەتەکانی باشور لە ١٨٦١ — ١٨٦٩ ڕووبەڕووبونەوە و دەسەڵاتی نەتەوەیی بە ئاشکرا لە باشوری هێڵی میسۆن — دیکسۆن تا چەندین نەوە یەکێك لەدوای شەڕی ناوخۆ ڕەوایی نەبوو. ویلایەتەیەکگرتووەکان لە دوایی شەڕی ناوخۆ، وردە وردە بووە خاوەنی وە بەرهەمهێنترین ئابوری و بەرزترین ئاستی ژیان لە جیهاندا، ڕەوایی بە دەستهێنا.

بە پێچەوانەوە فەرەنسا لەدوای شۆڕش نەیتوانی حکومەتێکی دیموکراتی ڕەوا پێکبهێنێت. ئەم وڵاتە لەماوەی ساڵەکانی ١٧٨٩ — ١٨٧١ حەوت حکومەتی هەبوو. پاشان سێ سیستمی کۆماری لەگەڵ سێ دەستوری جیاواز لە ١٨٧١ تا ١٩٥٨ هێنایە دنیاوە.

بەسەرنجدان لە نەمانی جەوهەری ڕەوایی لە سیستمی نوێکاندا. ئەو سەرکردانەی کە دەیانەوێت پێویستی بەکارهێنانی هێز بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆیان کەمبکەنەوە زۆربەی جار پەنادەبەنەبەر هێزی کەسێتی خۆیان. بەهەمان شێوەی کە فیبەر بۆ بوونی ڕەوایی بەهۆی کارێزماوە —جەختی لەسەر پیاهەڵدانی



لە ڕادەبەدەر— دەکردەوە. ئەم بەشەی ڕەوایی زۆرجار لەو لایەنەوە دەردەکەوێت کە هێز و قورسایی دابونەریت لاواز بێت.

تیۆری مارکسی ڕۆڵی سەرکردەکان لە دروستکردنی مێژوودا بەکەم دەزانێت.

وێڕای ئەم وەسفە، زۆربەی وڵاتە کۆمۆنیستییەکان ئەم بنەمایەی ئایدۆلۆژییان خستۆتە ژێرپێیانەوە، سەرکردەکانیان بەخاوەنی تایبەتمەندی کاریزما دەزانن، لینین و یوسف ستالین لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، مائوتسەدونگ و تینگ شیائوپینگ لە چین، هۆشی مین لە ڤێتنام، یوسیپ تیتو لە یۆگۆسلاڤیا، ئەنوەر خوجە لە ئەلبانیا، نیکولایی چاوشسکۆ لە ڕۆمانیا و هتد. هەروەك ئەو گۆڕانکارییانەی لە زۆربەی وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقاش دا ڕوویانداوە.

ئینجا، ڕابەری کاریزما، بەهۆی پابەندبوونی توند بەکارەکانی کەسێکەوە، لەڕادەبەدەر ناسەقامگیرە. سەرچاوەی دەسەڵات لە کاروبارەکاندا دەسەڵاتی تایبەتمەندنییە، لەبەرئەوە هەموو ناڕەزاییەکی بچووك و تایبەت لەوانەیە بە ئاسانی بگۆڕێت بۆ بەرهەڵستییەکی گشتی. سەرەڕای ئەمە، سەرکردەی کاریزما یان دەبێت ڕەخنەی ئازادی نایاسایی ڕابگەیەنێت یان دەبێت رۆڵی پاشایەتی مەشروتە لەسەروو ناکۆکییەکانی لایەنەکانەوە بێت. تەنانەت لەو جێگایەشدا کە دژایەتیکردنی سیاسەتی تایبەت لە ئاستی تاکدا یان لە ئاستی گروپ و دەستە ناڕەسمییەکان دا — شایەنی سەپاندن بێت، هەلی دامەزراندنی حزبی ئۆپۆزسیۆن کە سەرکردەی تایبەتی خۆی هەبێت نییە. لەبەر هەمان هۆیە کە کاریزما بە دەگمەن بنەمایەکی پتەو بووە بۆ دیموکراسی ڕەوا.

## -ڕۆڵی سەرکەوتوانە

ڕەوایی چەسپاو زۆرجار لەسەرکەوتنێکی دور و درێژ، واتە لە دەرەنجامی کاریگەر و بەسودەوە دەردەکەوێت، لێکۆڵینەوەکانی بەراوردکار لەبارەی شێوەکانی گواستنەوە بۆ دیموکراسی پیشانیانداوە کە زۆرجار هەڵبژێردراوەکان، لەو ڕووەوە دیموکراسی هەڵدەبژێرن یان وەلاوەی دەنێن کە باشترین یان بێ مەترسیترین هۆکاری بنەڕەتیە بۆ زاڵبوون بەسەر ناکۆکی و دەستەگەری و کوتلەبازیدا و دەستگەیشتنە بە ئامانجەکانی تریان — نەك بەهۆی هیچ جۆرە پابەندبوونێك بە بەهای جەوهەری ئەوە وەك باشترین سیستم لە ڕووی هەموو مەرجەکانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەڵبژێرداوەکان وردە وردە پرۆسەی دیموکراتی بۆ ماوەیەکی دورودرێژ دەکەن بەپیشەی خۆیان، ئەرزش و دابونەریتیش لەوانەیە لە هەڵبژێردراوە سیاسیەکان و دەرەنجام بەیەکگرتوویەکی فراوانەوە لەسەرتاسەری کۆمەڵگادا بچەسپێت. مێژوو پیشانیداوە کە هەرچەندە حکومەت بە توانابێت کە خواستەکانی هاوڵاتیانی (بەتایبەت هەڵبژێردراوەکان) بۆ ماوەیەکی درێژخان و بە سەرکەوتنی زیاترەوە بەدەستبهێنێت، ڕەوایی زیاتر و قوڵتر دەبێت. درێژخایەنی پێشینەی حکومەتێك بۆ هێنانەدی سەرکەوتنە ئاساییەکان پاشکەوتێکی گەورە لە ڕەوایی بۆ ئەو سیستمە دەستەبەردەکات کە بەپشتبەستن بەو سەرکەوتنە باشتر دەتوانێت لە قەیران و تەنگ و چەڵەمەکان خۆی ڕزگار بکات.

سیستمی دیموکراتییە نوێکان پابەندبونێکی زۆریان بەسەرکەوتنەکانی ئێستای خۆیانەوە هەیە تا ڕەواییان هەبێت. ئەم سیستمانە بێبەشن لە کولتوری



وەفاداری دیموکراتی و پێشینەی دەستاودەستکردنی رابردوو تا بەشێوەی ڕووبەڕووبونەوە بەرامبەر شکستە کاتییەکان و پێشهاتەکان، بۆ چەسپاندن و کاریگەربوونی سیستمی پشت بە ئەوانە ببەستن، پەیوەندی نێوان پرۆسەی خێرایی حکومەت و ڕەوایی حکومەت بەشێوەیەکی تریش توند دەبێت و ئەوە ئەو کاتەیە کە نێوان سەرچاوەی دەسەڵاتی دیموکراتی (دەستور یان پاشایەتی مەشروتە) و هەڵبژێردراوەکان، واتە، نوێنەری کاتی ئەو سەرچاوەی دەسەڵاتە، تایبەتمەندییەکی تەواوی نەبێت.

ڕابەرانی سیاسی ڕاپەڕینەکان، ئەو پارتانەی کە بوونەتە هۆی گواستنەوەی دیموکراسی زۆرجار لەگەڵ خودی سیستمی نوێدا یەکدەگرن، شکستەکانیان لە جیاتی ئەوەی کە بیخەنە پاڵ کەموکوڕی تاك یان حزب یان گروپ، لەوانەیە سیستمەکە بە دیموکراسییەکی ناکامڵ بزانن، ئەم خاڵە لەبارەی زۆربەی دەوڵەتە نوێکانەوە لەدوای ئیستعماری ئەفریقا پشتڕاست دەکرێتەوە، ئەوە یەکێك بووە لە کێشە ئاڵۆزەکان کە حکومەتە دیموکراتە نوێکانی ئەوروپایی ڕۆژهەڵات ڕووبەڕووی بونەتەوە، بۆ نموونە لەناوچوونی خێرایی کۆمۆنیزم و گواستنەوەی ئابوری لە سۆسیالیزمی دەوڵەتەوە بۆ سیستمی بازاڕ پێشینەیان هەیە.

توانای دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆ مەسەلە بەردەوامەکانی کۆمەڵگا بۆ چەسپاندنی حکومەتەکان بەشێوەیەکی گشتی دەسەڵاتگەرا یان دیموکراتییە. حکومەتە دیموکراتەکانیش، سەرەڕایی ڕەوایی وەك مەرجی مانەوەی سیستمەکە زیاتر لە حکومەتە نا دیموکراتەکان پابەندن بە پرۆسەیەکی بەسوود و کاریگەر هۆکاری ئەمەش سەرنەکەوتنی پرۆسەی حکومەتە دیموکراتەکان بەشێوەیەك ئاشکرا و ڕوونە کە هیچ ڕاوبۆچونێکی لەسەر نییە. سیستمی دیموکراسی لە

کۆمەڵگا کراوەکاندا، زانیاری زۆر تەواوتر و وردتر لە بارەی شێوەی جێبەجێکردنی کاروبارەکانیانەوە لەبەردەستدا دادەنێن و ڕێگە بە پسپۆران و میدیای گشتی و کۆمەڵانی خەڵك دەدەن کە ڕەخنە و پێشنیار لە کەموکوڕی و ناکارایی حکومەت بەشێوەیەکی ئاشکرا و شەفاف بخەنە ڕوو.

بە تێپەڕبوونی کات تەنیا هۆکاری سەرەکی ڕەوایی، دیموکراسی نییە، ئەگەر سیستمەکە بەشێوەیەك کارا و کاریگەر بێت کە بتوانێت بۆ چەندان نەوە بەردەوام بێت. گروپی نەوەکانی داهاتوو بەشێوەیەك لەناو حکومەتی دیموکراتییدا پەروەردەدەکرێن کە بەتەواوی شارەزا و کارامەن دەڵێی هەڵبژێردراوەکان و هاوڵاتیان خویان بە دیموکراسییەوە گرتووە، ئەمە ئەو زاراوەیە کە واڵت ڕوستۆ بەکاریدەهێنێت، ڕۆبەرت دال بەتێپەڕینی بە پەنچا و دوو ناوچەی دیموکراسیدا لە نێوان ساڵەکانی ١٩٨٠ وە ١٩٨٥ بەم دەرئەنجامە گەیشت کە تەنیا لە یەك ناوچە، واتە ئۆرۆگوایی، لەناوچوونی دیموکراسی لە وڵاتێکدا ڕوویدا کە بەلایەنی کەمەوە بیست ساڵ بە بەردەوامی لە نیعمەتی دیموکراسی سودمەندبوو.

کاتێك کە دیموکراسی لە سیستمەکانی غەیرە کولتوریدا چەسپا، ڕەوایش ئاسایی بەپێی نموونەیەك بە دەستدێت کە بە تەعبیری فیبەر ڕەوایی ئەقڵانی — یاساییە. بە دەربڕینێکی تر، کارایی و بەرهەمداربوونی سیستم بەدرێژایی کات بۆتە هۆی ئەوەی کە سیستمی یاسا و ڕێسای بنەڕەتی مافی کەمینەکان و شێوەکانی چاودێری ئۆپۆزیسیۆن و پلە و پایەکان دیاریبکەن بەشێوەیەکی فراوان و قوڵ قبوڵبکرێن، بەڵام هەمان یاسای بنەڕەتی، لە کاتێکدا کە وەك سەرچاوەی ڕەوایی پەسەندکراوە، تایبەتمەندی بەرز لە خۆدەگرێت بەهەمان شێوەی کە لەدەستوری ویلایەتە یەکگرتووەکان دا هەیە.





## - پرۆسەی سیاسی

زۆرجار باسی ئەوە دەکرێت کە مانەوە و لەناوچوونی دەوڵەتە تازەکان بەستراوەتەوە بە پێشینەی ئابووری ئەوانەوە. ئەم مەسەلەیە لە زۆربەی شوێنەکاندا، نەك تەنیا لەوڵاتە پیشەسازییەکاندا بەڵکو لەو وڵاتانەشدا کە لە دۆخی فراوانبوون دایە ڕاستە، بەپێی ئەم وەسفە، پشتیوانی نەکردنی دەوڵەتێکی تایبەت (کە نوێنەری کاتی مەرجەعی دەسەڵاتە) سەرەتا بەمانای لەدەستدانی بڕوابوون بە سیستمی دیموکراتی نییە. ئینجا، پرۆسەی حوکمڕانی، ئەگەرچی یەکێکە لە هۆکارەکانی دروستبوونی ڕەواییەکەیان، تەنیا تایبەت نییە بە کاروباری ئابوری گومانی تێدا نییە کە بەرزبونەوەی داهاتی تاك و باشتربوونی کاروبارە ماددییەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵك یەکێکە لە گشتیترین ئامانجە شەخسییەکان و کە لە چاوەڕوانییەکانی هەموو حکومەتێکە، بەڵام خواستی تریشیان هەیە.

پرۆسەی حوکمڕانی چەندان ڕەهەندی سیاسی هەیە. خەڵك، لە هەموو شوێنێك و بەڕادەیەکی کەم و زۆر، داوا لە حکومەت دەکەن کە پارێزەری یاسا بێت، ململانێکان لە ڕێگایی ئاشتییەوە چارەسەر بکات و باردودۆخێکی ئارام و هێمن دروستبکات کە لەوەدا خەڵك بتوانن ئازادانە و بەبێ ترس و ئازادی خۆیان یان ئەندامانی خێزانەکانیان بەکاروبارەکانی ژیانی ڕۆژانەیانەوە خەریك بن.

هاوڵاتیان لەو بڕوایەدان کە حکومەت بتوانێت سیاسەتێك دابنێت کە وەڵامدەرەوەی مەسەلە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا بێت، بە واتایەکی تر، چاوەڕوانن

کە شێوەی جێبەجێکردنی کاروبارەکانی تایبەت بە حکومەت بەلایەنی کەمەوە بەشێوەیەکی دیاریکراو لە چالاکی و کارایی سیاسی سودمەندبێت، هاوڵاتیان، بە تایبەت لە وڵاتانی دیموکراتدا، خوازیاری رەفتاری دادپەروەرانە و یەکسانن لەلایەن کاربەدەستان و بەرپرسان و ئەوانەی سوود لە پلە و پایەکانی حکومەت وەردەگرن نەك ئەوەی کورسی دەسەڵات بۆ بەرژەوەندی تایبەت و مەبەستی خۆیان بەکاربهێنن.

دەرەئەنجام، چاوەڕوانییەکی تایبەت لە حکومەتە دیموکراتەکان دەکرێت:

هاوڵاتیانی کۆمەڵگا ئازادەکان لەو بڕوایەدان کە حکومەتەکانیان، جگە لە هەر شتێك دەبێت لەلایەنی دیموکراتی بوون، پاراستنی ئازادییە مەدەنی و سیاسیەکان، ڕێزگرتن لە بنەماکانی دەستور یان یاساکان، مسۆگەرکردنی سەروەری یاسا و هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەرانە، بەرپرسی و وەڵامدەرەوە لە بەرامبەر هاوڵاتیاندا، پێشەنگ و زۆرباش بن، ئەگەر حکومەتە هەڵبژێردراوەکان بەشێوەیەکی عورفی ڕێو ڕەسمی سەرەڕۆیی بگرنەبەر، هاوڵاتیانیشی لەوانەیە هۆکارێك بۆ ملکەچبوونی ئەوانە نەبینن مەگەر ئەوەی کە ئەو حکومەتانە بتوانن دەستکەوتە گەورەکانی تر پیشانی ئەوان بدەن.

ئاماژەی زۆری مەترسی قەیران و دارمانی ئابووری لە سیستمی دیموکراسییە نوێکان دا لە ئارادایە. ئەم خاڵە پرسیارێك دێنێتە پێشەوە: ئەی چۆن ئەم هەموو دیموکراسیە نوێیە لە ئەمریکای لاتین و لە وڵاتانی پێشووی کۆمۆنیستی ئەورووپای رۆژهەڵات سەرلەنوێ چەسپاون، لەگەڵ کەمبونەوەی ڕەواییەکە یان لە کاتی دروستبوونی ئەوانە لە دەیەی ١٩٨٠ تا ئێستا ماونەتەوە؟ ئەم دیموکراسیانە چۆن توانیویانە لە بارودۆخێکی ئابوری خراپتر لە هەلومەرجی ئێستا لەکاتی ڕوودانی



لێکهەڵوەشانەوەی دوو دەیەی ١٩٦٠ و ١٩٧٠ بەردەوام بن؟ ئەم وڵاتانە وەك دەبینرێت دوچاری هەڵئاوسانی نرخی زۆربەرز، دابەزینی ئاستی ژیان، بەرزبونەوەی زۆری ژمارەی تاکەکان کە لە خوار ئاستی هەژارییەوە دەژین، مەترسی باری تەندروستی، پەروەردە و فێرکردن و خزمەتگوزارییە گشتییەکانی تر، بێکاری و کاری ناتەواو، کەمبونەوەی حەقدەستە زۆر و زەبەندەکان. ئەم بارودۆخە ئابورییانە کاریگەری قوڵی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەبوو، بووە هۆی کەمبونەوەی پشتبەستن بە بنەماسەرەکییەکان.

بەڵام بۆچی ئەم گۆڕانکارییانە نەبوونە هۆی لەناوبردنی ڕەوایی لاواز و تێکشکێنەری دیموکراسییە نوێکان؟

چەندان بەڵگە هەیە کە بۆچی هەندێك لە دیموکراسییە نوێکان ڕزگارییان بووە.

یەکەم، زۆربەی قەیرانە ئابورییەکان دێتە بەردەم حکومەتە نوێکان، و هاوڵاتیانیان هێشتا دیکتاتۆرەکانی پێشوو بە بەرپرسی زۆربەی کێشەکان دەزانن. (بێگومان، پاکی و بێتاوانی حکومەتە نوێکان لەبەرامبەر بەرپرسیارێتیدا بە تێپەڕبوونی کات لەناودەچێت).

دووەم، ئەوەی کە زۆربەی کەسە خاوەن قورساییەکان ئاگادارن کە بارودۆخەکە، بۆ نمونە قەرزە قورسەکانی دەرەوە و هاتنە خوارەوەی نرخی کاڵاکان، ڕاستەوخۆ بە دەست حکومەتەکانیانەوە نییە و لەوانەیە جگە لە ڕێگاچارەی بوژانەوەی ئابوری هیچی تر نەبێت. بە تایبەت سەربازەکان، بەهۆی ئەو کێشانەی کە پێویستی بە دەسەڵاتە، لەوانەیە هەوڵدەدەن کە دەسەڵات بەدەستەوەبگرن، و سێیەم، ئەوەی کە دیموکراسییە نوێکانی دوو دەیەی ١٩٨٠ و

١٩٩٠ بەهۆی سەرکوتکاری بێ پێشینەی حکومەتەکانی رابردوو، لەبەرئەوەی کە لەوانەیە قەرزەکانی تری حکومەت کارا و سەرنجراکێش نەبن.

لە هەموو حکومەتە یاساییەکانی رابردوو زیاتر پەسەندن و بەناچاری ڕەواییان هەبووە.

هەمان ڕەوایی لەرزۆك و خۆنەگرە و بۆ پرۆسەی دیموکراسی ترسناکە و چەند رۆژێك بڕ دەکات.

## - ڕەهەندی نا ئابورییەکان

سێ خاڵ هەیە کە دەبێت سەرەرای پەیوەندی نێوان دەستکەوتەکانی ئابووری و ڕەوایی دیموکراتی جەختی لەسەر بکرێتەوە، یەکەم ئەوەی کە خەڵك بۆ ڕەهەندەکانی تری پرۆسەی حوکمڕانی، بە تایبەت بۆ ئازادی و ڕێکخستن و ئاسایشی کەسەکان دەنرخێن، ئاشکرایە کە ئازادی و بەشداریکردن و بەیاساییکردن و بایەخدان و ئەولەویەتی زۆر لە ئیسپانیای دوایی فرانکۆ، لە دوای چەندان دەیە فەرمانڕەوایی دەسەڵاتگەرایان هەبوو بەهەمان شێوەی کە لە ئەمریکایی لاتیندا هەیانە.

زۆربەی دیموکراسیە نوێکان خواست و چاوەڕوانییەکانی خەڵکیان زۆر باشتر لە چاوەڕوانییە ئابورییەکانی ئەوان دەستەبەرکردووە.

دووەم، ئەوەی کە دابەزین و وەستانی ئابووری (یان کەموکوڕییەکانی تری بەرهەمی کارەکانی حکومەت، لەسەر ڕەوایی، بە سەرنجدان لەم مەسەلەیە



چاکدەکرێت و کە ئایا جۆرە سیستمێکی ترە کە بتوانێت کاریگەتر لەم جۆرە سیستمە حوکمڕانی بکات یان نا. وتویانە کە کلیلی بەسەلامەتی مانەوەی دیموکراسی لە مەترسی لەناوچوون ئەوەیە کە سەرکردەکان بتوانن ئیئتلافی تازە پێکبهێنن یان دووبارە جەخت لە ئیئتلافە کۆنەکان بکەنەوە هەتا پەرە بە ئابوری نەتەوەیی بدەن، هەرچەندە سەرکردە سیاسییەکان زیرەك و لێهاتووتربن، خەڵکی کەمتر سیستمەکە بە بەرپرسی قەیرانی ئابوری دەزانن.

ئەگەرچی پرۆسەی باش دەتوانێت بنەمایەك بێت بۆ ڕەوایی سیستمەکە، بەڵام بوونی کەمێك ڕەوایی یەکێکی ترە لە پێویستیەکانی حکومەتێکی چالاك بەهەمان شێوەی کە دەوترا ئەو حکومەتانەی کە سەرکەوتوانە سەرنجی ملکەچی خۆبەخشانەی هاوڵاتیانیان بۆ لای خۆیان ڕانەکێشن ناچارن کە بۆ چەسپاندنی یاسا و حوکمڕانی پراکتیکی و بەکارهێنانی هێز لە ڕیزی پێشەوەن، سیستمی دیموکراسیەکان ناتوانن بە دیموکراسی بمێننەوە لە کاتێکدا کە بناغەی سەرەکی ئەوانە بەهێز دروستبووبێت.

چونکە ڕەوایی حکومەتەکان لەسەرەتادا کەمە. دیموکراسییە نوێکان بە توندی دەتوانن بڕیاری زۆر جدی لە بارەی سیاسەتە گرنگەکانەوە بدەن، کارمەندانی سەرەکی کاروبارە ئابووری و سەربازییەکان لەوانەیە بەو حەسانەیەی کە هەیانە ڕەخنە لە دەسەڵاتی حکومەت بگرن و بەشێوەیەکی پراکتیکی دەسەڵات لە حکومەت بسەننەوە لەبەرامبەر بە جیهێنانی خواستەکانی خەڵکدا. دەتوانرێت بە ئاسانی تێبگەین کە بۆچی لەم جۆرە سیستمانەدا، ئەو کەسانەی کە بە کورسی دەسەڵات دەگەن دەتوانن بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆیان تا دوایەمین دڵۆپە لە



هەواڵنامەی کتێب

سیستمەکەدا دەربکێشن، و ڕەوتێکی خێرای گەندەڵی و توندوتیژی زۆر دەجولێنن کە دەرئەنجامی ئەوە لەناوچوونی دیموکراسییە. جێگای سەرسوڕمان نییە زۆربەی هەوڵەکانی تایبەت بە چەسپاندنی دیموکراسی لە سیستمەکانی دوای شۆڕش یان کودەتا یان لەو وڵاتانەی کە تازە سەربەخۆییان بەدەستهێناوە بە ناکامڵی ماونەتەوە، سەرکەوتنی (شۆڕشی ئەمریکا) بەڕاستی پێشهاتێکی ناوازەیە.

لە پێناو سەرکەوتنی دیموکراسی بۆماوەیەکی درێژخایەن، ئەڵتەرناتیفی تر لە بەرامبەر چەسپاندن و پێشکەوتنی ئابوریدا نییە. ئەگەر ئەو حکومەتە نوێیانە دەست بەو جۆرە گۆڕانکارییانە نەکەن کەلەسەر بنەمای بازاڕ و بزوێنەری گەشەی ئابورین، ئەگەری زۆرە کە تەمەنێکی لەنگی لەگەڵ ڕەواییەکی کەمدا هەبێت، سەرکەوتنی سیستمە نوێکان زۆرجار گرەوی بەڵێن و ئیئتلاف سیاسی نێوان حزب و گروپە جیاوازەکانە، مەرجێکی تر هەمان هاوهەڵوێستی نێوان گروپە بازرگانی و کرێکاری و سیاسییەکانە لە کاروباری کۆمەڵایەتی و ئابوری بۆ بەشداریکردن لە فیداکاری پێویست لە ڕێگای گەشە و مانەوەیدا، دروستکردنی ئەم جۆرە گۆڕانکارییانە زۆربەی کات بەشێوەی پراکتیکی نەبووە.

**** * ****

سەرچاوە:

دائیرة المعارف دیموکراسي، سیمور مارتین لیشت، ترجمە کامران فانی، نور الله مرادی، جلد سوم، ص ١٣٥٠-١٣٥٥





# سێ چەمک دەربارەی ئازادی

## (لیبراڵی، دیموکراتیك و سۆسیالیستی)

ئێستێفانۆ پترۆسیانی
و. ئەردەڵانی فەرەجی

ئایا ئەندێشە سۆسیالیستییەکان، ئاسۆیەکیان بۆ هەیە؟ بێگومان وەڵامدانەوە بەم پرسیارە هەروا ئاسان نییە. لەم ڕووەوە هەوڵدەدەین کە ئەم پرسە لە ڕوانگەیەکی زۆر بەرینترەوە بێنینە گۆڕێ. ناوەڕۆکی باسی ئەم وتارە لەسەر تەوەرەی پێناسەی چەمکی ئازادی سۆسیالیستی، جیاکردنەوەی لە چەمکەکانی لیبراڵی و دیموکراتی دەبێ.[1] لەم ڕووەوە تێدەکۆشم توێژینەوەی مارکس دەربارەی چەمکی ئازادی بخەمەڕوو و تا ئەو لایەنانەی کە بە رای من هێشتا ئیعتباریان هەیە و ئەو لایەنانەی کە بە پێچەوانە ئیعتباریان نەماوە ڕۆشنکەمەوە.

تیۆرییەکانی ئازادی سیاسی، واتە تیۆری ئازادی بەکۆمەڵ (la liberte Collctive)، بێگومان دەتوانن بە شێوەگەلی جۆراوجۆر دابەشبکرێن. بۆ وێنە یەکێك لەم بەشکردنە گونجاوانە بەشێکە کە لەودا دوو شکڵی ئازادی پۆزەتیف (Liberte Positive) (ئەرێی) و ئازادی نیگەتیف (Liberte Negativ) (نەرێی) لە یەکدی جیادەکاتەوە. ئەم جیاوازییە، بەتایبەت لەم دەیانەی دوایی لە لایەن بیرمەندێکی لیبراڵی وەك ئایزایا بێرلین نووسەری ناوداری "دەربارەی دوو چەمکی ئازادی" و نۆربێر تۆ (Norberto Bobbio)، پێداگریان لەسەر کردووە و پشتیوانیان لێکراوە. (٢) لە روانگەی ئەم نووسەرانەوە ئازادی نیگەتیف بەمانای نەبوونی کۆسپی جۆراوجۆرە، بە واتایەکی تر: کۆلێکتیفێکی (Collective) کاتی ئازادییە کە هەموو کەس بۆی هەیە بێ کەمترین دخاڵەت و دەستتێوەردانی تاکەکانی تر و یا هێزی گشتی، بە وتەی لاك خاوە بژاردە و "سەروەت و سامانی"خۆیان بن. بە بڕوای بێرلین پارێزەرانی ئازادی نیگەتیف بیر لەوە ناکەینەوە "کێ دەبێ فەرمانبدا"، بەڵکو تەوەرەی سەرەکی باسەکانیان لەسەر ئەوەیە کە "لە چ هەرێمێکدا (بێ دەستتێوەردانی) فەرمانڕەواین". لە راستیدا ئازادی نیگەتیف لەم روانگەیەوە لە هەرێمی فەرمانڕەوایی کەڵەکەبوو (متمرکز)کە لەم هەرێمەدا هەر کەس لە هەڵبژاردنی خۆیدا بێ وەڵامدانەوە بە تاکەکانی تر ئازادە. هەر بۆیەش ئەندێشەی ئازادی نیگەتیف تیۆری دەوڵەتی کەمینە پاساو دەکات. ئەم پرسە ناوەڕۆکی ئەندێشەیەکە کە هزرڤانانی لیبراڵیزمی کلاسیك لە لاك (Locke)ەوە تا کۆنستان (Constan) و ستوارت میل (Stuart Mill) لە سەری دواون. هەڵبەت بوبیۆ لەو بڕوایەدایە کە ئەم دوو جۆرە ئازادییە لە ئەندێشەی کانتدا هەیە. (٣) لە راستیدا جیاکردنەوەی نێوان ئازادی پۆزەتیف و ئازادی نیگەتیف سەردەمێکی نوێ دیاریدەکا کە بنیامین کۆنستان وەك ئازادی رابردووان و ئازادی هاوچەرخان ناویان



دەبا. واتە ئازادی هاوچەرخان، ئازادی بەهرەمەندانی تاکەکانە، لە حاڵێکدا کە ئازادی رابردوان بەشداری لە دەسەڵاتی سیاسیدا بووە. لە راستیدا ئازادی پۆزەتیف لە ئەندێشەی بوبیۆ وەك "هێزی نەئافراندن بە شێوازێك جگە لە شێوازگەلێك کە تەنانەت لەبەرچاوگرتنیان بە ئەرکی خودی خۆشم دەزانم"(٤) پێناسەکراوە. بە گشتی دەتوانین بڵێین کە ئازادی دیموکراتی هەروا کە لە ئەندێشەکانی رۆسۆ هاتووە، بە مانای ئەمەیە کە: ئازادی هەر ئەو "ملکەچ بوونەیە بۆ یاسایە کە لەسەر خۆمانمان کردووە بە ئەرك". (٥)

سەرجەم جیاوازی نێوان ئازادی نیگەتیف و ئازادی پۆزەتیف دەرخەری ئانتی تێزی نێوان ئازادی لیبراڵی و ئازادی دیموکراتییە کە مێژووی ئەندێشەی سیاسی مۆدێرن، هۆکارگەلێکی زۆری لەم بارەیەوە بۆ پێشکەشکردووە. بەم هەمووشەوە بە رای من ئەم جیاوازییەی نێوان ئازادی نیگەتیف و ئازادی پۆزەتیف ناتوانێ بێ رەخنە قبووڵبکرێ. ئایا بە راستی دوو جۆر ئازادی وەها جیاوازییەکیان لەگەڵ یەکدی هەیە؟ ئایا پرسی ئازادی، تەنانەت ئەگەر لێکدانەوەی جۆراوجۆری لە پرۆسەی خەباتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان هەڵخزاندبێ، چەمکێکی تاقانە نییە؟

بە رای من گریمانەی دووەم جێی بڕواترە. من تێدەکۆشم لە دوو روانگەوە داکۆکی لێبکەم. روانگەی یەکەم ئەوەی کە ناتوانین ئازادی نیگەتیف بە خاڵی بەرامبەری ئازادی پۆزەتیف بزانین، چونکە ئەم جیاوازییە بایەخی ئیدیۆلۆژیکی و ناتیۆریی هەیە. خاڵی دووهەم کە دەمەوێ روونی کەمەوە ئەمەیە کە ئەگەر بمانەوێ سەرنج بدەینە گۆڕینی شکڵە مێژووەکانی چەمکی ئازادی، نابێ ئەو بە دوو چەمکی ئازادی، بەڵکو لە سێ لایەنەوە دابەشبکەین کە بریتییە لە: چەمکی لیبراڵی، چەمکی دیموکراتیك و چەمکی سۆسیالیستی ئازادی. لەسەر ئەم بنەمایە پێویستە خاڵە هاوبەشەکان و هەروەها خاڵی جیایی و دژواری سەرەکییان تاوتوێ بکەین.

## ڕەخنە لە ئازادی نیگەتیڤ

لە ڕاستی دا لایەنگرانی تێزی ناکۆکی بنەڕەتی نێوان ئازادی نیگەتیڤ و ئازادی پۆزەتیڤ ڕادەگەیەنن کە ئازادی دەتوانێ دوو شتی زۆر لێك جیاواز مانا بدات. بە مانایەك (ئازادی نیگەتیڤ) نەبوونی کۆسپ و بەرتەسکایەتی نەیاری کردەوە و کردارە تاکییەکان لە لایەن خەڵکانی ترەوە یان هێزە گشتییەکان، بە مانایەکی تر (ئازادی پۆزەتیڤ) پلەی بەشداری تاك لە دەسەڵاتی گشتی و دەرکردنی بڕیار یان یاسای گشتگر بەیان دەکات. بە ڕای ئەم بیرمەندانە هەر چی هەرێمی چالاکی دەسەڵاتی گشتی (دەوڵەت) بەرتەسکتر بێ، گۆڕەپانی ئازادی (گۆڕەپانی بێکۆسپ) لە ڕووی تاکەکان بەرینتر. هەر بۆیەش لەم ڕوانگەیەوە ڕێك پانتایی ئەم گۆڕەپانەیە کە ڕێژەی ئازادی نیگەتیڤ بە دەستەوە دەدا. بەڵام بۆچی ناتوانین بە ئاسانی لەم بیرۆکەیە پشتیوانی بکەین؟

بە ڕای من یەکەمین خاڵی لاوازی ئەم تێزە لە ناڕۆشنبوونی بەرتەسکی، واتە "نەبوونی کۆسپ"ە. چونکە دەرکردنی یەکجاری هێندێك لە بوارەکان لە بڕیارە گشتییەکان (وەك هەرێمی خاوەنداریەتی و هەرێمی بۆچوونە ئایینییەکان) نە تەنیا دەبنە هۆی بەرینتر بوونەوەی ئازادی تاکەکان و لەناوچوونی کۆسپی سەر ڕێی ئەوان، بەڵکو تەنیا ئەو کۆسپانە جێگۆڕکێ دەکرێن، بەڵام لەناو ناچن. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە پشتیوانی ڕەهای لیبرالیزمی توندڕەو لە مافی خاوەنداریەتی بکەین. بە پیرۆزبوونی مافی خاوەنداریەتی بڕیاردەرکردنەکان سەبارەت بە خاوەنداریەتی لە چوارچێوەی بڕیارە گشتییەکان دێتەدەرێ (کە لەگەڵ ئەندێشەی ئازادی نیگەتیڤ یەکتر دەخوێننەوە) بەڵام لەم



حاڵەتەدا کۆسپەکان جێگۆڕکێیان پێدەکرێت، واتە کۆسپ گەلێکی نوێ بۆ وەدەستهێنانی سەروەت و سامانەکان بۆ کەسی خاوەندار (مالك) نییە پێکدێ. لە ڕاستیدا دەتوانین بە تەوسەوە بڵێین کە هەر خاوەنێك خۆی بە "قەدەغە لە دەست پێڕاگەیشتن"(٦) دەزانێ.

تەنانەت ئازادی ئایینی خۆی شکڵێك لە قەدەغەییە. ئەم ئازادییە بەر بە ئازار و ئەزییەتی بێدین و بێبڕوایان دەگرێ. لەم ڕووەوە لە هەڵسوکەوت گەلێك کە ئەمڕۆکە بە بڕوای ئێمە تەواو دیکتاتۆرانەن، پێشگیریدەکات. لە حاڵێکدا کە ئەم ڕەفتارە دیکتاتۆرییانە لە سەردەمانی زۆر درێژی مێژووی مرۆڤایەتی پرسێکی سروشتی و سەلماو بوو، وەك بەشێك لە کۆسپەکان لە قەڵەمنەدەدرا. هەر بەمپێیە من پێم وایە کە ئازادی لیبرالی بۆ تاکەکان، لە ئازادی دیموکراتیك (یان ئازادی پۆزەتیڤ) کەمتر بەرتەسکایەتی دروستناکات. ئەوان تەنیا جێی ئەم قەدەغەکراوانە دەگۆڕن و تەنیا بۆ تاکە جۆراوجۆرەکان بە کاریاندێنن.

بەم هەمووەوە دەتوانین بڵێین بێبەکاربردنی چەمکی شێوازی "نەبوونی کۆسپ"، لە چەمکی ئازادی نیگەتیڤ ئەو جۆرەی کە جیاوازە لەگەڵ ئازادی پۆزەتیڤ درك پێدەکرێ. بۆ وێنە دەتوانین بڵێین کە پانتایی ئازادی نیگەتیڤ (کە لەودا تاك تەنیا بڕیاردەدا) بەهەمان ڕادە گۆڕەپانی ئازادی پۆزەتیڤ (کە بە بڕیارە گشتییەکانەوە بەستراوەتەوە)، بەرینترە. لەم حاڵەتەدا ئێمە جارێکی دی خۆمان لە بەرامبەر دوو جۆر ئازادی کە لە سەرتاوە لێك جیاوازن، دەبینینەوە، کە یەکیان خوازیاری فراوانبوونەوەی هەرێمی بڕیارەکانی تاك و ئەوی تر فراوانبوونەوەی هەرێمی بڕیارە بە کۆمەڵەکانن. بۆ وێنە لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا، تاك هەم بۆ شوێنی

ژیانی خۆی بە تەنیا بڕیاردەدا، هەم سەبارەت بەو بڕەپارەیەی کە دەوڵەت دەبێ بۆ دابینکردنی کۆمەڵایەتی تەرخانی دەکا، بە شێوەی دیموکراتیك لە بڕیاردان بەشداریدەکا. بەڵام چلۆن ئەم مەسەلەیە فراوانبوونەوەی هەرێمێك کە تاك لەودا بڕیاردەدا، دەتوانێ وەك چوونەسەری رادەی ئازادی، تێبگا و دربکرێ؟

بۆ وەڵامی دروست بەم پرسیارە سەرەتا دەبێ بەم پرسیارە پێشەکییە وەڵامبدەینەوە کە کێ سنووری نێوان هەرێمی بڕیاری بە کۆمەڵ و هەرێمێك کە لەودا تاك بە تەنیایی سەربەست و فەرماندەرە، دیاریدەکا؟ ئەگەر ئەم سنووربەندییە لە بڕیاری هاوبەش، واتە لە یەکگرتوویی گشتییەوە سەرچاوە دەگرێ، لەم حاڵەتەدا مەجالی وتوێژ دەربارەی ئازادی نیگەتیف نییە، چونکە دیاریکردنی هەرێمی تاکەکەسی، تەنیا لە سەر بنەمای کردەوەی راستەوخۆی تاکەکان دێتە دی. هەر بۆیە ئێمە لە بواری بەشداری هەمووان لە بڕیارە گشتییەکان، دەبێ بگەڕێنەوە گۆڕەپانی ئازادی پۆزەتیف. بە پێچەوانە ئەگەر ئەم بڕیارانە لە دەرەوەی بازنەی یەکگرتوویی و بڕیاری تاکەکان بێ (بڕیارێك کە دەتوانێ بە تەنیایی دەربکرێ و بایەخی یاسایی بێ) واتە ئەگەر بەرتەسکایەتییەکان بە دەسەڵاتی تاك یان بە شێوەی پاساوهەڵنەگر پێکبێ، لەم حاڵەتەدا هێنانەگۆڕی پرسی ئازادی دەچێتە ژێر پرسیارەوە. بە واتایەکی تر ئەم ئازادییە دەبێ ئازادی بەرابەر بێ. من تێناگەم چلۆن دەتوانین لە "ئازادی" بدوێن، لە کاتێکدا کە بۆ مافی یەکسان بۆ هەڵبژاردنە سیاسییەکان (واتە هەڵبژاردنەکانی بوار و هەرێمی بڕیارە هاوبەشەکان دیاریدەکرێ) بایەخێك دانەنێین. بە رای من ناتوانین قبووڵیکەین کە "ئازادی نیگەتیف" لەچاو پانتایی هەرێمی تاکەکان، بێ لەبەرچاوگرتنی باقی تاکەکان کە لەودا بە تەنیایی بڕیاردەدەن زیادبکرێ. لە



لایەکی دیکەوە هەرکات ئەم هەرێمە بە هاوبەشی لە لایەن هەموو تاکەکانەوە دیاریکرا، لەم حاڵەتەدا ئێمە بۆ ئازادی پۆزەتیف دەگەڕێینەوە. بەڵام ئەگەر هەرێمی ناوبراو بە ئیرادەی تاکێتی دیاریبکرێ، نەتەنیا نابێتە هۆی چوونە سەرەوەی ئازادی نیگەتیف بۆ تاکەکان کە لەم حاڵەتەدا ئەو تاکانەی کە لێشی بەهرەمەند دەبن کە لەگەڵی بەرەوروون، بەڵکو بەرگری لە ئازادی دەستەیی و نەفی ئازادی باقی تاکەکانی ترە. هەر بەمپێیە بە بڕوای من پێناسەی "ئازادی نیگەتیف" وەك نەبوونی کۆسپ یان پانتایی گۆڕەپانێك کە تاك تێدا دەتوانێ بە تەنیایی بڕیاربدا، ناتوانێ مانایەکی روونی هەبێ.

کورتە وتەکە، ئەو جۆرەی کە تێکۆشاوم ئەوە شیکەمەوە:

١_ئازادی نیگەتیف بە مانای نەبوونی کۆسپ نییە.

٢_بەرینبوونەوەی هەرێمێك کە لەودا تاك تەنیا بڕیاردەدا، ئەگەر لە سەر یەکگرتووی یان دیاریکردنی دۆخی هاوبەش نەبێ، نە بەمانای چوونە سەرەوەی ئازادی هەمووان، بەڵکو تەنیا دابینکردنی ئازادی هێندێك کەس لە زمانی خەڵکانی ترەوەیە."(٧)

هەر بەمپێیە ئەگەر دوو چەمك لە ئازادی: یەکیان پۆزەتیف و ئەوی تر نیگەتیف نییە، ئەی بۆچی لە مێژووی ئەندێشەی سیاسی هاوچەرخ تەنیا چەمکێك لە ئازادی ماوەتەوە کە بە جۆرێکی تەواو جیاواز درکپێکراوە. بە رای من یەکێك لە شێوە کاریگەرەکانی بیرکردنەوە لەم جیاوازییانە، تاوتوێکردنی سێ روانگەی جیاواز لە چەمکی ئازادی (ئازادی لیبراڵی، ئازادی دیموکراتی و ئازادی سۆسیالیستی)ە.

## سێ چەمك دەربارەی ئازادی

ئاساییە هەر هەوڵ و كۆششێك بۆ هێنانە گۆڕێی دابەشكردنێكی لەم چەشنە كە دەتوانێ لە بەردەم ڕەخنەیەكی زۆر دابێ. پێم وایە وەلانانی كاتی تایبەتمەندی دیاریكراو و ئاكامەكانی لۆژیكی ناوەرۆكە مێژووییەكانی بتوانێ لە هەوڵ بۆ پێناسە وەرگیراوە جۆراوجۆرەكانی ئازادی، بە پێی ڕەگەزی سەرەكییان بەكەڵك بێ. بۆ وێنە وەك پێناسەكی گونجاو سەبارەت بە ئازادی لیبراڵی دەتوانین پێناسەیەك قبووڵكەین كە ڕاگەیاندنی مافی مرۆڤ و هاووڵاتی لە ساڵی ١٧٨٩ (كە ماركس لە كتێبی "مەسەلەی یەهوود"دا ڕەخنەی لێگرت) هەیە: "ئازادی بریتییە لەسەربەستبوون لە ئەنجامی ئەو شتەی كە زیانێك بە تاكەكانی تری كۆمەڵگا ناگەیەنێ، بەكارهێنانی مافی سروشتی هەر مرۆڤێك لە چوارچێوەیەكدا كە ئەوان بۆ بەهرەمەندبوون لە هەمان ماف بۆ باقی ئەندامانی كۆمەڵ دابیندەكەن، سنوورێكی نییە. ئەم سنوورانە تەنیا بۆ ئازادی یان بە ئامرازی یاسا دیاریدەكرێ. (ماددەی٤)

پێناسەیەك كە لە هێندێك بەرهەمەكانی كانت بەرچاو دەكەوێ، هاوشێوەی ئەوە. ئەم پێناسەیە بووە مایەی سەرنجی هێگڵ و ڕەخنەی لێگرت. بە بڕوای من یەكێك لە تایبەتمەندییە سەرەكییەكانی ئازادی لیبراڵی، لانیكەم لە بواری ڕەگەزدا پێویستی بەرابەری مافە كە دوو تایبەتمەندی سەلماوی دیكەی لێهەڵدەهێنجدرێ: یەكیان پێوەندی نیوان تاكەكان وەك پێوەندییەكی سنووردداری دركپێكراو و ئەوی تر هێندێك مافی بنەڕەتی وەك پرسێكی چارهەڵنەگر و نەگوازراوە كە سەقامیگر دەبن، تەنانەت ئەگەر تایبەتمەندی ئەو مافانە بگۆڕدرێن. بۆ وێنە لیبراڵیزم و



گێڕانەوەكانی ئێستا ئەو مافە بێسنوورەی خاوەنداریەتی لەودا ناگونجێ، لە كاتێكدا كە داواكاری پێداچوونەوەیەكی نەزەریو یان ڕەخنەگرێكی لیبراڵی وەك راولز بابەتەكە بە جۆرێكی جیاواز تاوتوێ دەكات.

ئەگەری قبووڵی ناوەرۆكە جیاوازەكان پێوەندی بەم راستییەوە هەیە كە چەمكی لیبراڵی، هەروا كە ئێمە دركمان پێكردووە، چەمكێكی (صوری) ڕواڵەتییە. هەر بەمپێیە لە ڕوانگەی لیبراليزمی پەتییەوە، ئەو جۆرەی كە جان گری نووسەری لیبراليزمی هاوچەرخ لە كتێبی لیبراليزم [8]ی خۆیدا پێداگری لە سەردەكات، دەتوانین ئێمەش بڵێین كە لیبراڵیزم پێویستی بە دەوڵەتێكی مافی و پشتیوانی لە هێندێك لە ئازادی تاكەكەسییەكان_ و هەڵبەت نە مافی دیموكراتی_ـە. و هەروەها هاوڕێ لەگەڵ هایك دەتوانین دووپاتیبكەینەوە كە كاتێك دیموكراسی مۆدێرن دەست لە هەرێمی مافی خاوەنداریێتی وەردەدا بە جۆرێك لە تۆتالیتاریزم فۆڕم دەگۆڕێ. بەڵام بۆچی هێندێك لە مافەكان بۆ وێنە مافی خاوەنداریەتی بەرامبەر مافەكانی تری وەك مافی دیموكراتیی باشترن؟ بە بڕوای من وەها پرسیارێك یارمەتیمان دەكات كە ناكۆكی و دژواری بنەڕەتی لە ڕەگەزدا و لێكدانەوە لیبراليزمەكان بە زانیاری وەدەستبێنن، ئەم ڕەگەزە لە سەرەتادا نیشاندەدەن كە هێندێك ماف بۆ ئازادی، بنەما و گرنگترین و هێندێكیشیان لایەنی سەرەكییان نییە. بەرزتربوونی بنەماكانی دیموكراسیخوازی بەرامبەر بە بنەماكانی لیبراليزمدا ئەم راستییە دەخاتە ڕوو كە لە ئازادی دیموكراتیدا بڕیاردا دەربارەی شێواز لەسەر بنەمای پێخۆشبوونی فەرمانبەران مەشرووعییەتی دەبێت: واتە ئازادی دیموكراتی پەیڕەوكردن و فەرمانبەری لە یاساگەلێكە كە ئێمە خۆمان بەكۆمەڵ دامانناون. بەمپێیە دەتوانین بڵێین لە

حاڵێکدا کە ئازادی لیبراڵی خوازیاری بەرامبەری مافە، ئازادی دیموکراتی خوازیارو داواکاری بەرابەری دەسەڵاتە. بەم مانایە کە هەمووان وەك یەك لە دەسەڵاتدا بەشداریبکەن. لەم رووەوە ئازادی دیموکراتی لە ئازادی لیبراڵی ئەولاتر دەچێ. بەڵام لە هەمان حاڵدا، ئەو جۆرەی کە کلێسێن و بۆبیۆ پێیان لەسەر داگرتووە ئەم ئازادییە هێندێك لایەنی سەرەکیشی لەخۆیدا قەتیسدەکات. بۆ ئەوەی کە ئیرادەی بەکۆمەڵ بتوانێ لەسەر بناغەی ئیرادەی تاکەکان شکڵ بگرێ، پێویستە کە بواری بیروڕای گشتی، واتە مافی ئازادی بەیان و رادەربڕین، گەرەنتی بکرێ. رای گشتی لە کاتێکدا دەتوانێ ئازادانە پێکبێت کە ئازادییەکانی ئەندێشە، رادەربڕین، چاپەمەنی، ئایین، کۆبوونەوە و ئەنجوومەنەکان پارێزگارییان لێبکرێ. بۆیە ئەگەر بە دروست تێبگەین ئازادی دیموکراتیی، هێندێك مافی سەرەکی ئازادی لیبراڵی لەخۆ دەگرێ. بەڵام بە پێچەوانەی لیبرالیزم، پێوەرێکی بەهێز بۆ جیاکردنەوەی مافەسەرەکییەکان لە مافە ناسەرەکییەکان دەدات بە دەستەوە. لە روانگەی ئازادی دیموکراتییەوە مافە نەگوازراوەکان، ئەو مافانەن کە لە هەلومەرجی پێویستدا بۆ بڕیاردانی دیموکراسیخوازانە (واتە بۆ ئەو کەسانەی کە بتوانن ئەندێشەی گونجاوی تایبەتی خۆیان شکڵ پێبدەن و ئەو لە فەزای گشتی باس و لێکدانەوە لەگەڵ خەڵکانی تر هەڵبسەنگێنێت، دیاریدەکات. بە بڕوای من ئەندێشەی ئازادی دیموکراتی بەم بۆنەوە سنوور و بەربەستێك بۆ هەڵبژاردە بەکۆمەڵەکان دیاریدەکا. واتە هیچ بڕیارێك (خوازراو لەگەڵ زۆرینە، خوازراو بە کۆی دەنگ بدرێ) نابێ ئازادییە پێویستەکان بۆ بوونی هەڵبژاردنە بە کۆمەڵەکان کە هەمووان تێیدا بەشدارن، تەنانەت ئازادی ئەو کەسانەی کە نارەزایەتی و ناکۆکی خۆیان بەرامبەری راگەیاندووە و کەمینەن، رێزی لێبگیرێت.



بەڵام ئایا دەبێ ئەندێشەی ئازادی سۆسیالیستی_ کە هێشتا پێویستی بە پێناسە هەیە_ وەك ئەندێشەیەك کە ئەندێشەی ئازادی دیموکراتی گەرەنتیدەکات، پێناسە بکەین یا بە پێچەوانە، ئەو بسپێرین بە رەگەز یان خاڵێکی سەرەکی جیاواز و دواتر. بۆ ئەو کەسانەی کە جیاوازی نێوان ئازادی نیگەتیف و ئازادی پۆزەتیف وەك ئامرازێکی بنەڕەتی قبووڵدەکەن، سۆسیالیزم و دیموکراسی دەتوانن لە پانتاییەك کە هەر دووکیان دەچنەوە سەر ئازادی بەمانا پۆزەتیڤەکەی دەبنەوە بە یەك و بەیەك پەیوەست دەبن. بەم هەمووە و ئەم پەیوەستبوونە دەتوانێ بە جۆرێکی جیاواز هەڵبهێنجدرێ. ئەوها کە فرانك کۆنینگهام فەیلەسووفی کەنەدایی و رێڕەوی تیئۆریسیەنی دیموکراسی س.ب.ماکفرسۆن وەها هۆکارێك ئەخاتەروو.[٩] سۆسیالیزم دەتوانێ وەك ئەوپەڕی بەرابەری ئابووری، ماددی و فەرهەنگی مرۆڤەکان پێناسە بکرێ. هەڵبەت ئەم بەرابەرییە مەرجی پێویستی پەرەسەندنی بەرابەری دیموکراتی لە پانتاییەکدایە کە ببێتە کۆسپی سەر رێی بەهێزبوونی هێندێك کەسایەتی بۆ دانانی کاریگەری لەسەر بڕیاری دیموکراتی. هەر بۆیە ئەگەر دەمانەوێت پێشکەوتە گرنگەکان لە قووڵایی و لە جەرگەی دیموکراسی بێتە بەرهەم، پێویستمان بە سۆسیالیزمە، بە پێچەوانە، سەرمایەداری لەو رووەوە قبووڵ ناکرێ کە لە بنەڕەتدا دیموکراسی بەرتەسك دەکاتەوە. هەر بەم پێیە ئەم هێمایە لە ئازادی سۆسیالیستی بەرابەرخوازی، تۆخمی پێکهێنان و دامەزراوەی دەروونی و بنەڕەتی ئازادی ئابوورییە.

بەم حاڵەشەوە، بە جۆرێکی تریش دەتوانین لێکی بدەینەوە: بۆ وێنە لە روانگەی منەوە چەمکێك لە ئازادی (کە ئێمە ئەو بە ئازادی "مارکسی" ناوزەد دەکەین و ئەو بە جۆرێك تێگەیشتن لە ئازادی سۆسیالیستییە) بوونی هەیە کە ناتوانین بۆ چەمکی ئازادی دیموکراتیك دایبەزێنین، بەڵکو بە پێچەوانە لە خاڵە

سەرەکی و دیاریکراو جیاوازیان هەیە. لەم رووەوە تێدەکۆشم لە سەر بنەمای لێدانەوەکانم [١٠] هێندێك لایەنی ئازادی مارکسی بخەمەڕوو و دەستبدەمە ئەم هەڵسەنگاندنە کە چەمکی ئازادی مارکسی لە چ پانتاییەك دا دەتوانێ بۆ دەربڕینی ئەندێشەی ئازادی سۆسیالیستی لە هەلومەرجی ئەورۆدا بەسوود بێت.

## ئازادی مارکسی

ئازادی مارکسی، بێگومان رەهەندی سەرەکی بنەڕەتی ئازادی دیموکراتی لە خۆدەگرێ، بە پێی ئەو، ئازادی بریتییە لە چاودێریکردنێك کە تاکەکان بە کۆمەڵ لەسەر هەلومەرج و دۆخی ژیانی هاوبەشیاندا دەیکەن: "ڕەنیوهێنەرانی کۆمەڵ بەشێوەیەکی شیاو دانوستانی ئۆرگانێکی تایبەتی خۆیان لەگەڵ سرووشت هاوئاهەنگ رێکدەخەن، ئەوان لە جیات ئەوەی کە بە هۆی ئەم دانوستانە وەك هێزێکی کوێرانە هەڵخرێنەرێن، هاوبەشانە کۆنترۆڵی دەکەن، [١١]

سەرەڕای ئەمانە چەمکی ئازادی لە دیدی مارکسەوە، بە باقی پێناسەکان دەوڵەمەندتر دەبێت کە ناتوانن لە چەمکی دیموکراتیکی ئازادی بیبینین. خاڵێکی بنەڕەتی ئەندێشەی مارکس، ئەمەیە کە ئازادی بە کۆمەڵ پێویستی بە دەربازبوون لە پەیوەندی شەرەنگیز و رکابەرایەتی نێوان تاکەکان لە بەرژەوەندی پەیوەندی جۆری هاوکاری "یەکبوون"ـە. ئەو لە کتێبی "ئایدۆلۆژی ئەڵمانی"دا نووسیویەتی: "هەر بۆیە تەنیا لە یەکبووندایە" "کە ئازادی تاکەکەسی مانا پەیدا دەکات"[١٢] بەم رەهەندە کە دواتر روونەبێتەوە، شتێکی ئەوتۆی پێ زیاد ناکرێ. مارکس لە بڕگەیەکی بە ناوبانگیدا دەنووسێ: هەرێمی راستەقینەی ئازادی تەنیا "ئەو شوێنەی کار بەحوکم و ناچاری کۆتاییدێت" [١٣] دەستپێدەکات و ئەم رووەوە



خوازیاری گەشە و پێشکەوتنی توانستەکانی مرۆڤایەتییە و جگە لەمەش ئامانجێکی نییە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو سێ لایەنەی کە تا ئێستا روونمانکردەوە، دەتوانین بڵێین کە بۆ مارکس ئازادی بەکۆمەڵ_ کە بە وەك ئازادی سیاسی پێناسە ناکرێت_ پەیوەندییەکە کە دەتوانێت ئیرادەی سەربەخۆیی بنەڕەتی و هاوڕێیانە بەدیدێنێت و ئامانج شیاوی ئازادی هەموو مرۆڤەکان لە کۆت و بەندە ناچاری و بەڕێکەوتەکان خزمەتبکات، تا ئەوان بە شێوەی هاوبەش رەزامەندی لە ئەنجامی چالاکییەکانیان وەدەستبێنن کە جگە لەوە مەبەستێکی دیکەیان نییە. هەر بۆیە لە دەربڕینی ئازادی مارکسی (کە چەمکێکی زۆر ئاڵۆزە) چەند توخمێك لەگەڵ یەکتر تێکەڵدەبن. گەڕانەوە بۆ گەشەی هەر مرۆڤێك، توانست و توانا تایبەتە مرۆییەکانی ئەو (لە کاتێکدا کە کۆمەڵگا پێشووەکان گەشەی هەندێکیان بە زیانی ئەوانی تر دابیندەکرد) لە روانگەی مارکسەوە لایەنی سەرەکی هەیە. بە بڕوای مارکس بۆ گەیشتن بەم ئامانجە هاوڕێیانە، سەرکەوتنی پێداویستییە شیاو و پێویستەکان، پێویستی بە دەربازبوون لە دژبەیەکە توندوتیژئامێزەکانە و هەر بۆیەش پێویستی بە رەتکردنەوەی تایبەتمەندخوازی کۆمەڵگای مەدەنی، رەتکردنەوەی تاکگەرایی شمەکی (کاڵایی) و جۆرە دەستڕۆیشتووییەك بە هۆی خاوەندارییەتی تایبەتەوە بەسەر کەلوپەلی بەرهەمهاتووەکان هەیە. گەشەی هەموو تاکەکان پێویستی بە چاودێرییەکی پلان بۆ داڕێژراوە لە بواری بەرهەمهێنانەوە. ئەم چاودێرییە، بەرهەمهێنی ئازادی بەکۆمەڵە و ئەمە نەتەنیا بۆ ئەوەیە کە وەها چاودێرییەك دەربازبوون لە دژبەرە توندوتێژئامێزەکانی بەرژەوەندییەکان و تایبەتمەندییە چینایەتییەکان مسۆگەر دەکات، بەڵکو بەتایبەتی بەم هۆیەیە کە هەموو تاکەکان لەم ناچارییە دەرەکییە ئازاددەکات [١٤].

هەر بۆیە بەبڕوای مارکس، تایبەتمەندی دیاری ئازادی، دەربازبوون لە هەرێمی تاکەکەسی بورژوازی، بازاڕ پێکدێنێت. ئەم ئازادییە هەروەها خوازیاری دەربازبوون لە سیاسەت وەك هەرێم و جیا و جێگری ئەو لە لایەن دیاریکردنی چارەنووسی دیموکراتیی بەکۆمەڵ ( Autodetermination democratiquecollective) لە جۆری ناسیاسیە (ئەوجۆرەی کە نووسینە گرنگە ڕەخنەییەکانی مارکس دەربارەی دەوڵەت و ئانارشی لەگەڵ باکۆنین دەریدەخات). سەبارەت بەوەی کە پەیوەستە بە پەیوەندی نێوان ئازادی دیموکراتیی و ئازادی سۆسیالیستی، بە بڕوای من، پێناسە و دەستنیشانکردنی هەڵێنجانەکانی مارکسیستی زۆر سەخت و گران نییە. ئازادی لە ڕوانگەی مارکسەوە دەربازبوون و دەستەبەری دڵخوازانەی دیموکراتیی دیاریکردنی چارەنووسی عاقلانەیە. دیاریکردنی چارەنووسی وشیارانە تەنیا لە کاتێکدا دەتوانێت ببێتە ڕووداوێکی دیار و بەرچاو کە هەموو قەوارەی کۆمەڵگا بەتوندی گۆڕابێتن.

## پرسی داهاتوو

بەداخەوە، بەم هەمووەوە، لە تێگەیشتن لە مارکسێك کە ئێمە وەك شێوازێکی گونجاو بۆ تاوتوێکردنی ئازادی سۆسیالیستی پێیگەیشتووین، کۆمەڵێك دژواری و دژواری لۆژیکی شاراوەن. هەندێك لەوانە هابرماس لە وتارێك لە ژێر ناونیشانی "١٩٨٩ و داهاتووی سۆسیالیزمی ڕۆژئاوایی"(١٥) بە شێوەیەکی شیاو بەرجەستەی کردۆتەوە. بە بڕوای من لانی کەم دەتوانین سێ پرسی (پەیوەست لەگەڵ یەکتر) نیشانبدەین کە پێداچوونەوەی قوولی شێوازێك کە مارکس بە پشتبەستن بەوان، ئازادی سۆسیالیستی تاوتوێکردووە، ناچار دەکات.





١_ پرسی لیبراڵی: هەندێك مافی بنەڕەتی لیبراڵی بوونیان هەیە کە بیری لیبراڵ_دیموکرات قبوڵی دەکات. ئەم مافە بۆ فۆرم پێدانی ڕاستەقینەی ئیرادەی بەکۆمەڵ، هەلومەرجی بنەڕەتی پێکدێنێت. هەر بۆیە لەم حاڵەتەدا، هەروا کە ماکفرسۆن و کۆنینگهام پشتیان پێی بەستووە، مافە بنەڕەتییەکان دەبێت لە دەروونی ڕوانینی نۆژەنکراوی ئازادی سۆسیالیستی "بەخزمەت بگیردرێت"[١٦].

٢_ پرسی نوێبوونەوە و ئاڵۆزی: لە تیۆری کۆمەڵایەتی هاوچەرخ دووبارە ئەم تێزە (بیرۆکەیە) کە هابرماس بە شێوەیەکی شکۆدار و درەوشاوە شیکردۆتەوە، نزیکایەتی زۆر لە ئارادایە. بە پێی ئەم تێزە کۆمەڵگا مودێرن و گەشەکردووەکان (ئەگەر نایانهەوێت تووشی باجێکی قورس بن) ناتوانن خۆیان لە میکانیزمە هاوئاهەنگەکانی دژکردەوەی تاکەکەسی و گواستنەوەی زانیاری: لە لایەك بازاڕەکان و لە لایەکی ترەوە، دامەزراوە جۆراوجۆرە ئیدارەی دەوڵەتی کۆمەڵگای مەدەنی، تەیار بە "بورۆکراسی" تایبەت بێبەشبکەن. هەر بۆیە، سۆسیالیزمێکی مۆدێرن ناتوانێت لە گۆشە نیگایەکی ڕۆمانسی وەك ئاوێتەیەکی دووبارەی یەکە لێکدوورخراوەکان تاوتوێ بکرێت، واتە لە بەرامبەر ڕەوتی جۆراوجۆری ڕێكوپێك بەرەو دواوە، بگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگایەکی بێبازاڕ و بێ دامەزراوە نادەوڵەتییەکان (جیاواز لە دەوڵەت)، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەبێت بە کەڵك وەرگرتن لە هەموو ئامرازەکان و باوکردنی جۆراوجۆرییە نوێکان بچێتە ناو گۆڕەپانی ئەم ڕەوتەوە.

لە لایەکی دیکەوە، هەروا کە هابرماس و جان ئێلێشتێر(Elester)یش ئاماژەیان پێداوە، [١٧] نیشاندانی کاریگەری دوو لایەنەی کۆمەڵایەتی وەك شتێك کە تەواو ڕوون و شەفاف بێت کە بکرێت لە دیدێکی عاقلانەوە پلانی بۆ دابڕێژرێت، ئەگەری جێبەجێبوونی هەیە. لە ڕاستیدا ناکرێت چەمکی لە خۆنامۆبوون بە

تەواوەتی بدەینە پاڵ بازاڕەوە. دژواری پێشبینییەکان و چاودێریکردن و هەروەها بوونی کۆمەڵێك دینامیزمی پێشبینی نەکراو و نەگونجاو، بۆ ئەو پرسە ئاڵۆزانە دەگەڕێتەوە کە نەك تەنیا پەیوەستە بە ئابووری بازاڕەوە، بەڵکو پەیوەستە بە ئابوورییە پلان بۆ دارێژراوەکان و لەوانە جۆری "خۆ بەڕێوەبردن".

٣_پرسی بەسوودبوونی ئابووری: ئەم پرسە بەو پرسەی کە ئاماژە پێدراوە پەیوەندە، بەڵام ئەوەی کە پەیوەستە بە فەلسەفەی سیاسییەوە، راولز لە کتێبی "خاڵی ناکۆکی"ـیە بەناوبانگەکەی شیکردۆتەوە. تەنانەت ئەگەر ئێمە بە مەبەستی گەشەی هەموو تاکەکان پشتگیری سەرکەوتنی هاریکاری بەرپرسانەش بکەین، ناتوانین لە هەندێك حاڵەتی دیاریکراوی رکەبەرایەتی و نایەکسانی سەرچاوەگرتوو لێی کە هەلی گەشە و خوشگوزەرانی بۆ هەمووان بەرزدەکاتەوە، رەتکەینەوە. جگە لەوەش ئەم شێوازە لەگەڵ مارکس نامۆ نییە کە لەوبڕوایەدا بوو مزەی رێژەی لە کار و هەر بەم پێیە نایەکسانی و پاڵنەر لە یەکەمین قۆناغی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی پێویستە و تەنیا لەم رێگەیەوە دەتوانین بگەینە ئاستی هاوخەباتی و یەکێتی گشتی واتە بگەینە ئاستێك کە خاڵی سەرەکی " هەر کەس بە پێی توانست و بە هەر کەس بە پێی پێویستییەکانی" دەرخەری ئەوە.

بەڵام ئایا هەموو ئەم تێبینیانە ئێمە ناچار بەوە دەکات کە دەستبەرداری دڵخوازی ئازادی سۆسیالیستی بین؟ من لەو بڕوایەدانیم. بەپێچەوانە، ئەوان زیاتر ئێمە بەرەو پێداچوونەوە، چ لە بواری خاڵە بنەڕەتییەکان و چ لە بواری دامەزراوەو سیاسەتەکان هاندەدات. ئەگەر زیاتر لەوە ناتوانین ئازادی سۆسیالسیتی لە نووسراوەکانی مارکس بدۆزینەوە، ئەی دەبێت دووبارە چۆن ئەندێشەی ئەم ئازادییە بکەین؟ بە بڕوای من ئەندێشە سەبارەت بەم بابەتە دەبێت بە پێی



هەواڵنامەی کتێب

لایەنێك بێت کە لای مارکس بوونی هەبووە. ئەگەرچی ئەم لایەنە بەند بێت بە هەلومەرجی جیاوازەوە. رەنگە ئەوەی کە ئەمڕۆکەش بتوانین چەمکی ئازادی سۆسیالیستی جیابکاتەوە، هەر ئەو ئەندێشەی دیاریکردنی چارەنووسی بەکۆمەڵە کە پێویستی بە مافی هەموو تاکەکان بۆ گەشەی توانا و توانستەکانیانە و دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانیان بە شێوەیەکی بەرپرسانە و هاریکاریانەیە. ئازادی سۆسیالیستی لەم چەمکەدا تەنیا خوازیاری مافی یەکسان نییە و خۆی بە بژاردە یەکسانەکان نابەستێتەوە (تەنانەت ئەگەر ئەم داواکارییانە زۆر ئەستەم بێت، جێبەجێبێت). ئازادی سۆسیالیستی لەهەمانکاتدا خوازیاری ئازادی و بەرابەری و هەروەها برایەتی و یەکێتییە و بۆ یارمەتی بە گەشەی هەموو تاکەکان و بە تایبەتی بۆ یارمەتی بەوانەی کە زۆر بێتوانان و پێویستیان بە یارمەتی و سامان و هێزی گەورەی بەرهەمهێن کە لە کۆمەڵگادا کۆکراونەتەوە، پێویستیان پێیەتی. هەر بۆیە لەم چەمکەدا، ئازادی سۆسیالیستی تەنیا دەتوانێت دڵخوازێکی ئەخلاقی بێت، دڵخوازێك کە زۆر لە ئێمە دوورە و بۆ بیرکردنەوە لەم بابەتە پێویستە تێپەڕین لەو رەتکردنەوەی ئەخلاقییانەی ئەندێشەی مارکس کە توێژێکی رواڵەتی لەخۆ دەگرێت و پەیوەندییەکی بە قوڵاییەوە نییە. هەڵبەت، ئەم ئازادییە تەنیا دڵخوازێکی ئەخلاقی نییە، بەڵکو هێزێکی راستەقینەیە کە مێژووی ئەم سەدەیە لە پاڵ سەرکەوتن و ژێرکەوتنەکانی، کامەرانی و بێئاگاییەکانی قووڵاییەکەی نیشانداوە. شێوازێك کە رەنگە ئێستا دەتوانین لە جەرگەی رووداوەکان دەریبکێشین ئەمەیە کە سۆسیالیزم ناتوانێت وەك جیهانێکی تەواو جیاواز لە بان شمەکی، مۆدێلی جێنشینی کۆمەڵگا لە قەوارە پێش ئامادەکراوەکان تاوتوێبکرێت. پێشووتر سۆسیالیزم دەبێت وەك چالاکی گۆڕانکار لە ناو قەوارە جۆراوجۆرەکانی مۆدێرنیتە بناسین کە ئامانجی ئەو بریتییە لە بەدیهێنانی خاڵی بنەڕەتی (واتە مافی هەر کەسێك لە دابینکردنی پێداویستییەکانی و

گەشەی توانستەکانی) لەو فۆڕمانەی کە هەر چەشنە پێوەندێکی ناپێویست ڕەتدەکاتەوە و بەرابەری مافەکانی هەر کەسێك و بەرپرسایەتی هاوبەشی لە بەرامبەر چارەنووسی باقی تاکەکانی کۆمەڵگا، دەبێتە ئەنجام.

لەم چەمکە، ئازادی سۆسیالیستی دەبێت هەندێك لە ئازادییە لیبراڵییەکان و هەروەها ئازادییە دیموکراتییەکانیش لە خۆیدا بگونجێنێت. لە ڕاستیدا هەروا کە ڕۆبێرت داڵ تیۆریسیینی دیموکراسی لە دوایین بەرهەمەکەیدا [(١٨)] بە ڕوونی دەریخستووە، بەدیلێکی قبووڵکراو بوونی نییە کە بە پێی ئەو هەموو کەسێك دەبێت وەك باشترین ناوبژیوان و دادوەر و کاریگەرترین پارێزەری ئاشتی و بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆی سەیر بکرێت.

هەر بۆیە لە لایەکەوە ئازادی سۆسیالیستی و ئازادی دیموکراتی هاوتەریب لەگەڵ یەکتر بەرەو پێش دەچن، بەڵام ئەوەی کە خاڵی سەرەکی سۆسیالیستی جیادەکاتەوە، ئەمەیە کە سۆسیالیزم تەنیا لەسەر لایەنەکانی دەسەڵات پێداگری ناکاتەوە، بەڵکو لەسەر ڕەهەندەکانی یەکێتی کۆمەڵایەتیش پێدادەگرێت. هەر بۆیە وەڵامدانەوە بەم پرسیارە کە ئایا خاڵی بنەڕەتی سۆسیالیستی و خاڵی بنەڕەتی دیموکراتیك پێکەوە دەگونجێن یان نا، بەندە بە تێگەیشتنی ئێمە لە ئازادی دیموکراتییەوە. ئەگەر چەمکی دیموکراسی، لە مانای سنوورداری خۆی، وەك تەکنیکێکی سادەی دەرکردنی بڕیارێك سەیر بکرێت، لەم حاڵەتەدا ڕێککەوتنی نێوان دوو خاڵی بنەڕەتی ئاماژە پێکراو بوونیان نییە. بەڵام دەتوانین بە جۆرێکی دیکە لە بابەتەکە تێبگەین و بگەینە ئەم ئەنجامەی کە ئەگەر بمانەوێت ئەندێشەی دەسەڵات لە بەرامبەر شارۆمەندان (هاوڵاتیان) بە شێوەیەکی دروست بەڕێوەبچێت، ئەوسا خاڵی بنەڕەتی ئەخلاقی بەرپرسایەتی هاوبەش،



هەلومەرجی گونجاوی بۆ دەبێت. بەگشتی، جیاکردنەوەی خاڵی بنەڕەتی سۆسیالیستی لە خاڵی بنەڕەتی دیموکراتیی بێسوود نییە. بەڵام ئەگەر وەك ئاسۆی ئەخلاقی سەیری دیموکراسی بکەین، ئەوسا دەتوانین پێ لە سەر ئەم ئیدیعایە دابگرین کە لە نێوان دوو خاڵی بنەڕەتی ئاماژەپێدراو، نە تەنیا هێڵێکی دابڕاوی تۆخ بوونی نییە، بەڵکو هێڵێکی بەهێز ئەم دووانەی بەیەکترەوە گرێداوە.

**** * ****

**سەرچاوە:**

آیا اندیشه سوسیالیسم آینده دارد؟ PUF پاریس ١٩٩٢

**خاڵەکان:**

١-Sur ce point lire egalement I'essai d'Iring FETSCHER, Liberaler, demokratischer und marxistischer Freiheitsbegriff, in Karl Marx und der Marxisms, Munich, Piper Vering. ١٩٦٧.

٢- L'essai de Berlin se trouve dans ke volume Four essays on Liberty, Oxford University Press, ١٩٦٩. Voir aussi N.BOBBIO,.Politica e cultura, Turin, Einaudi, ١٩٥٥, p.١٦٠-١٩٤, et I'essai: Kant e le due liberta, in Da Hobbes & Marx, Naples, Morano, ١٩٦٥, p. ١٤٧-١٦٣.

٣-Cf.Kant e le due liberta, essai cite.

٤-N.Bobbio, Kant e Le due kiberta, essai cate, p.١٤٧.

٥-J.J.ROUSSEAU, le contrat social, liver. I, chap. VIII.

٦-Sur ce point, voir \١'article de G.A.COHEN, Freedom, Justice and Capitalism, New Left Review ١٢٦, ١٩٨١,p.٣-١٦.

٧-J'ai ete stimule, dans cette discussion de la "liberte negative", par I'essai de J.TEXIER, Les concepts de liberte "negative" et de liberte "positive" chez Isaiah Berlin, in J.Bidet et



هەواڵنامەی کتێب

G.Labica (eds), Les paradigms de la democratic, PUF (a paraftre).
g-J.GRAY.Liberalism, Open University Press, ١٩٨٦.

٩-Voir F.CUNNINGHAM, Democratic Theory and Socialism, Cambridge University Press, ١٩٨٧.

١٠-Sur ce theme, un volume revet une importance particuliere, celul de G.G.BRENKERT, Marx,s Ethics of Freedom, Londres, Routledge and Kegan Paul, ١٩٨٣.

١١-K.MARX, Le Capital, liv. II, section VII, chap ٤٨.

١٢-Id,L'Ideologle allemonde, Editions Sociales, trad.par G.Badia, ١٩٦٨, p.٧٤ (trad, it L'ideologia tedesca, in MARX, ENGELS, Opere, Rome, Editori Riuniti, ١٩٧٢, vol.V, p.٦٤).

١٣-Id, Le Capital, ibid.

١٤-Voir l'analyse que Texier a consacree au concept de Naturwilchsigkeit dans Actuel Marx ٩, ١٩٩١.

١٥-Nachholende Revolution und linker Revisionsvedarf, in Die Nachholende Revolution, Francfort-sur-le Main, Suhrkamp, p.١٧٩–٢٠٤.

١٦-Je renvoie, pour des reflexions supplementaires a propos de Marx et les libertes, a mon article: Marx et la critique de L'egalite politique, Actuel-Marx ٨,١٩٩٠, p.٦٧–٨٦.

١٧-Voir a ce propos les reflexions critiques que contient le paragraphe "Alienstion: Lack of Autonomy" du livre de J.EIster, An Introduction to Karl Marx, Cabridge University Press, ١٩٨٦.

١٨-Voir DAHI, Democracy and its Critics, Yale University Press, ١٩٨٩.





# پێوەندیی نەپساوەی دیموکراسی و مافی مرۆڤ

ن.دوکتور عەلیرەزا پارسا
و.جەلال کشوەردوست

## ســــــەرەتا:

دیموکراسی و مافی مرۆڤ ئەوڕۆکە ناوکەکەی ناوەندی ژیانی سیاسیو یاسایی مرۆڤ پێکدەهێنێ. چەمکگەلیکی وەك ئازادی، یەکسانی، دادپەروەری،و خودموختاری لەچوارچێوەی مافی مرۆڤ دا ڕووندەکرێنەوەو دەستەبەردەکرێن‌و، وادێتە بەرچاو دیموکراسی سەرکەوتنێکی مێژوویی بەسەر حکوومەتە جۆراوجۆرەکانی دیکەدا بەدەستهێناوە، بەو واتایە کە نزیك بەتەواوی سیستمە سیاسییەکانی جیهان ئیدیعای پێڕەوی لەبنەماکانی (دیموکراسی) دەکەن‌و ئەو ناوە لەسەر خۆیان دادەنێن. گەرچی لەنێوان ناو و لێدوان، هەڵسوکەوت و کردەوە، جیاوازیگەلێکی قووڵ هەیە، بەڵام وەك بڵێی ئەمجۆرە حکوومەتە جۆرێك ڕەوایی بەژیانی سیاسیی خۆی دەدا. دیموکراسی هەردەم شێوەیەکی دڵخوازی حکوومەت نەبووەو گەلێك لە فەیلەسوفان یەك لەوان

ئەفلاتوون بەخراپیان دەزانی. لەکتێبی کۆماری ئەفلاتوون دا، لەقۆناغە نزمەکانی گەندەڵیی سیاسی، دیموکراسی لەپاش حکوومەتی سەرەڕۆکاندا جێی گرتووە. ئەرەستوو لەنامیلکەی سیاسەت، لەپێناسەکردنی دیموکراسیدا دەڵێ:" دەبێ دیموکراسی بەحکوومەتێك بزانین کە لەوێدا پیاوە ئازادەکان حکوومەت بکەن...و سەرەکیترین دیموکراسی ئەوەیە کە تەواوی جۆرەکانی لە بنەمای یەکسانی نزیکتر بێ.

لەمجۆرە دیموکراسیەدا یاسا، هەژاران لە دەوڵەمەندەکان بەرزتر دەنرخێنێ‌و هیچ یەك لەوان بەسەر ئەوی دیکەدا زاڵ ناکا، بەڵکو هەموویان یەکسان‌و هاوتا دەژمێرێ". ئەم پێناسە کە هەڵبەتە لەخەڵك سالاری راستەوخۆوە سەرچاوە دەگرێ کە لە کۆمەڵگای وڵاتە بچووکەکان_ شارەکانی یۆنان حاکم بوون، سروشتییە لەگەڵ ئەوەی کە لە جیهانی ئەوڕۆکەدا بوونی هەیە، جیاوازی گەلێکی (ماهوی)و بنەڕەتی زۆری هەیەو و ئەرستوویش" لە کۆتاییدا، روانگەیەکی وەها دۆستانەتر زیاتر لە ئەفلاتوون نالێ". بەمپێیە ئەگەرچی واتای دیموکراسی دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانی کۆن‌و یەکەمین نموونەی بەڕێوەبردنی دیموکراسی راستەوخۆ لە وڵات_ شارەکانی یۆنان دەبینین، (وەرگێڕ: لە یۆنانی کۆن دا هەرکام لە دەوڵەتشارەکانی یۆنان بۆ خۆیان دەوڵەتێکی سەربەخۆ بوون‌و لێرەدا کە ئاماژە بە وڵاتانی بچووك دەکا مەبەستی هەمان دەوڵەتشارەکانی یۆنانی کۆنە). ئەوەی کە هەنووکە لە جیهاندا لەژێر ناوی دیموکراسیدا هەیە دیاردەیەکە کە ئاکامی چاخی رۆشنگەری و بیرۆکەی فەیلەسووف گەلێکی وەك ڤۆڵێتر، رۆسۆ، توکویل، هەروەها بەرهەمی فەیلەسووفانی سەدەی نۆزدەهەمی وەك میل و کانت. رۆسۆ لە پەیمانی کۆمەڵایەتیدا، سەرەتا مەسەلەکە بەمشێوە گەڵاڵە دەکا:" دۆزینەوەی جۆرێك



یەکێتی کە بە هەموو هێزی هاوبەش، پارێزگاری لە گیان‌و ماڵی هەریەك لە ئەندامانی بکاو لە رێگای ئەوەوە هەر تاکێك، ئەگەرچی لە کەسانی دیکەدا یەکدەگرێ، بەڵام تەنیا لە ژێر ئیرادەی خۆیدایەو هەروەك رابردوو ئازاد دەمێنێتەوە". رۆسۆ بەئامانجی گەیشتن بە فۆرموڵێك کە بتوانێ ئازادی تاك لەگەڵ پێویستییەکانی رێکخراوی کۆمەڵایەتی بەشێوەی تەواو ئاشتبکاتەوە، تیۆری دەسەڵاتداریەتی خەڵك و دیموکراسی سیاسی بێنێتە بەرباس کە بە هۆی ئەوەوە حکوومەت، تەنیا یەك ئورگان و دەزگای ئیداری، بەڕێوەبەری ئیرادەی هەموو خەڵك، بەتەواوی لەژێر چاودێری ئەوان دایە.

مافی مرۆڤ ئەوڕۆیش" هەرچەند یەکەمین رسکانی یاسایی_ سیاسی خۆی لەجاڕنامەی مافی مرۆڤ و شارۆمەندی ساڵی ١٧٨٩ی فەرەنسادا دۆزیەوە، بەڵام بێگومان بنچینەی وجوودی و لۆژیکی ئەوە دەبێ لە بزاوتی فیکری و فەلسەفی سەدەی هەژدەهەمی ئەورووپادا بدۆزیەوەو چاو لەبەرهەمی مەزنانی وێژەو ئەندێشەی فەرەنسا بکرێ.... ئەوەی کە بیری هەموو ئەم زانایانەی بەخۆیەوە خەریك کردبوو مەسەلەی بەختەوەری مرۆڤەکان و چۆنیەتی دەستڕاگەیشتن بەوە لە رێگای سەربەخۆیی فیکریی و ئازادیی مەدەنی لە کۆمەڵگادا بوو". ئەگەر دوو خەسڵەتی سەرەکی چاخی رۆشنگەریی ، رووناکبیری و دووربینی رەخنەییانەی بزانین، کانت زیاتر لەیەك رۆشنگەر بوو. داهێنانی نوێ ناوبراو" تەنیا لە باسکردنی بەهاکانی مۆراڵی و مافی چاخی رۆشنگەری نییە، بەڵکو لە پێوەندی لەگەڵ چۆنیەتی پێکهێنانی بارودۆخی شوناس و بەدیهێنانی ئەوانەیە".

کانت مەرجی پێویستی هاوئاهەنگی ئیرادەی مرۆڤەکان چ بۆگەیشتن بەحکوومەتی دڵخوازو چ بۆ دابینبوونی مافەکانی خۆیان لە سێ خاڵدا



هەواڵنامەی کتێب

دەبینێتەوە:

١_ هەر تاکێکی کۆمەڵگا لە پلەی مرۆڤدا ئازادە.

٢_ هەرتاکێکی کۆمەڵگا لە پلەی بکەر لەگەڵ ئەوی تردا یەکسانە.

٣_ هەر تاکێکی کۆمەڵگا لە پلەی شارۆمەندا سەربەخۆیە.

کۆی ئەم بنەماگەلە، باروددۆخ بۆ گەڵاڵەکردنی مافی مرۆڤی نوێ ئامادە دەکا.

بەڵام بەراستی پێوەندی نێوان ئەم دوو بابەتە چییە؟ ئاخۆ بەهرەمەندبوون لەمافی مرۆڤ بەشێوەی سروشتی ئێمە بەرەو لای حکوومەتێکی دیموکراتێک رێنوێنی دەکا؟ ئاخۆ بنەما بنچینەییەکانی دیموکراسی بەجۆرێك گارانتی پێویستی مافی مرۆڤ پێکدەهێنێ؟ ئامانجی هەریەك لەم دوانەچییە؟ دڵخوازبوونی دیموکراسی و پاکانە هەڵگری (توجیە پڕیزی) بابەتێکی دوور و درێژە کە لە تاقەتی ئەم وتارەدا نییە و چاوپۆشی لەو باوەڕە جیاوازانەی کە لەوانەیە لەو پێوەندیدا هەبێ، لەم نووسراوەدا سەیری پێوەندی نێوان دیموکراسی و مافی مرۆڤ دەکەین. ئامانج لەم نووسراوەیە سەلماندنی نەپساوەیی مافی مرۆڤ لە دیموکراسیو دیموکراسی لە مافی مرۆڤە. بەمپێیە ئەو کارە بە پێناسەی بنەما بنەڕەتییەکانی دیموکراسییەوە دەستپێدەکەین. پاشان، بەبڕوا بەوەی کە بۆ هەستکردنێکی دروست بەپێوەندی دیموکراسیو مافی مرۆڤ دەبێ بەهەمان رادە کە جەخت لەسەر مافی سیاسیو مەدەنی دەکرێتەوە، مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانیش تاوتۆی بکرێ (هەرچەندە ئەم، کارەکە ئاستەم ترو ئاڵۆزتر دەکا)، لە قۆناغی یەکەم مافی سیاسی و مەدەنی و لەگەڵ دیموکراسی و لە قۆناغی دووهەم پێوەندی مافی ئابووری، کۆمەڵایەتیو کولتووری لەگەڵ دیموکراسیدا تاوتۆی دەکەین.



## پێناسەی دیموکـــراسی

مافی مرۆڤ لە رووی روونکردنەوەی بەربڵاوی کۆڵەکەکانی (سەرەتا لە جاڕنامەی مافی مرۆڤ و شارۆمەندی ساڵی ١٧٨٩ی زایینیو پاشان لە بەڵگە نوێیەکانی وەك جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ و پەیماننامەکانی مافە مەدەنیو سیاسییەکان و مافە ئابووری و کولتوورییەکان) لە راشکاوییەکی تایبەت بەهرەمەندە و ئێمە لە ناو ئەم وتارەدا ناوبەناو و بە سەرنجدان بەئاستی گرنگی پێوەندی ئەو لەگەڵ دیموکراسیدا، دەست بەپێناسەکردنی گرینگترینیان دەکەین.

بەڵام پێناسەی خودی دیموکراسی چیرۆکێکی دیکەی هەیە. لە نێوان دەیان پێناسەی وەك حکوومەتی خەڵك، حکوومەتی نوێنەرانی گەل، حکوومەتی زۆرینە، ئەوپەڕی بەشداری سیاسی، ململانێی چینی بژاردە بۆ وەدەستهێنانی دەنگی گەل، سیستمی چەند حیزبی، پلورالیزمی سیاسی و کۆمەڵایەتی، کۆمەڵگای ئازاد، کۆمەڵگای مەدەنی، ئابوری بازاڕی ئازاد، مافی یەکسانی شارۆمەندان، و...... هتد،و ئەو لێکدانەوە جۆراوجۆرانەی کە لێیان بەرهەمهاتووە هیچکامیان بە تەنیایی تەنانەت جێی سازانی زۆربەی تیۆرێسیەنەکانیش نییە. لەگەڵ ئەوەشدا ناوکی سەرەکی لە مانای دیموکراسیدا بوونی هەیە کە دەتوانێ بۆ رونکردنەوەی پێناسە جۆراوجۆرەکان کەڵکی لێوەربگیرێو ئەو کێشانەی کە ئەم پێناسانە پێکیدێنن لای بەرن، بۆ چوونکە لەزۆر بواردا، پێناسەی دیموکراسی لەگەڵ پرسیار گەلێکی وەك ئاخۆ دیموکراسی دڵخوازە یان چ رادەیەك دیموکراسی دڵخوازە، بە هەڵە وەردەگیرێ

و ئەمە بۆ خۆی سەرلێشێواوی پێکدەهێنێ. ئەم ناوکە سەرەکییە بۆ خۆی لەسەر دوو بنەما راوەستاوە:

١_ چاودێری خەڵك بەسەر بڕیارە کۆییەکان(جمعی).

٢_ یەکسانی لەبەرانبەر چاودێریکردندا. چ هۆکارێك بۆ ئەم ئیدیعایانە هەیە؟ سەرەتا ئەوەی کە ئەم دوو بنەما بنچینەی زۆرێك لە پێناسەکانە کە لە سەرەوەدا ئاماژەمانپێکردو لە ژێر تیشکی ئەم بنەمایانە، ئەو پێناسانە کرچ و کاڵو نیوەناتەواو دێنە بەرچاو. دووهەم، بە ئاسانی دەتوانین نیشانی بدەین کە تەفگەرە خەڵکییەکانی ژێر ئاڵای دیموکراسی چاوپۆشی لە کاتی مێژوویی سەرهەڵدانیان، بە ئامانجی هاتنەدی ئەم دوو بنەمایە ئەنجامدراون و بەشوێن گشتگیرکردنی چاودێری خەڵکی بەسەر ئەو بڕیارانەی کە تایبەت بە بڕیارگەلو سیاسەتە گشتییەکانن، هەرچی کاریگەرترکردنی ئەم چاودێریانەو یان گشتیکردنیان یان پێکهێنانی یەکسانی زیاتر لە بەڕێوەبردنیان بوون. سێهەم ئەوەی کە دژبەرانی دیموکراسی هەردەم لە دژی نارەزایەتیان دەربڕیوە لەنێوچوونی چاودێری پاوانکاریی ئەوان بە سەر ئەم بڕیارانەداو هەروەها یەکسانی کەسانی ئاسایی لەگەڵ ساماندارانو دەسەڵات لە روانگەی پشکداری لە کاروباری گشتی بووە. ئەگەرچی پاساوگەلێکی زۆر بۆ ئەم بنەما بنچینەییانەی دیموکراسی هاتۆتە ئاراوە بەڵام تەواوی ئەوانە لەسەر یەك پاساوی سەرەکی راوەستاوە کە ئەوەش یەکسانی بەهاو ئابرووی مرۆڤەکانەو لەناوەندی ئەوەدا خودموختاری مرۆڤ جێی گرتووە.

هەرکەس مافی ئەوەی هەیە چاودێری بە سەر بڕیارەکانی ژیانی خۆیدا هەبێ.





## پێوەندی مافی سیاسی و مەدەنی لەگەڵ دیموکراسی

کاتێ لەسەر بنەمای بنچینەیی چاودێری خەڵکی بەسەر کاروباری گشتیو یەکسانی تاکەکان دەست بەجێبەجێکردنی ئەم چاودێرییە دەکەین پرسیارێك کە لە قۆناغی دواییدا دێتە ئاراوە ئەوەیە: بۆ ئەوەی کە ئەم بنەمانە لە چوارچێوەی وڵاتێکی مۆدێرن دا ئاکامی هەبێ چ شتێك پێویستە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە هاوکات ئێمە بەرەو دوور رێگا رێنوێنی دەکا. رێگای یەکەم، شرۆڤەکردنی دامەزراوگەلێکە کە لە تێپەڕبوونی کاتدا بە مەبەستی بەدەستهێنانی دڵنیایی لە چاودێری کاریگەری خەڵکی، بە پێویست ناسراون، هەروەك ململانێی هەڵبژاردنی نێوان حیزبە سیاسییەکان بە بەرنامەگەلێکی جۆراوجۆر کە بۆ پەسەندکردنی گشتی پێشکەش دەکەن، دەزگای یاسادانانی هەڵبژاردن کە لە لایەن دەنگدەرانو بە مەبەستی وەڵامدەرکردنی دەزگای بەڕێوەبەری کار دەکا، دەزگایەکی دادوەری سەربەخۆ بۆ بەدەستهێنانی دڵنیایی لەوە کە تەواوی بەرپرسانی دەوڵەتی بەهۆی یاساگەلی دانراو لە لایەن دەزگای یاسادانانەوە کاردەکەن، راگەیاندراوەکانو دەنگبەرانی سەربەخۆی پێوەندییە گشتییەکان بە مەبەستی شیتەڵکردنی کارەکانی حکوومەتو راگەیاندنی بیروڕای گشتی، دامەزراوگەلێك بۆ وەدەستهێنانی مافی تاکەکانی، و هتد.

هەموو ئەم دامەزراوانە دەتوانن لە کاتێکدا کە یارمەتی چاودێری خەڵك بە حکوومەت بکەن، دیموکراتیك لە قەڵەمبدرێن. بە وتەیەکی تر، ئەوەی کە دەبێتە هۆی ئەوە کە پەسنی دیموکراتییان لێبنرێ، ئەوەیە کە لە راستای، گەیشتن بە بنەمای بنچینەیی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا کار بکەن. بەڵام رێگای دووهەم:

بۆ ئەوەی کە شارۆمەندان بتوان بەشێویەکی کاریگەرتر مافی دیموکراتیی خۆیان لەسەر بنەمای پشکداری لە کاروباری گشتیدا ئەنجامبدەن پێویستی یان بە کام مافی دیکە هەیە؟ بە وتەیەکی دیکە، دیموکراسی کام ماف بە پێویست دەزانێ؟

لێرەدایە کە پێویستی ئەو بەشە لە مافی مرۆڤ کە لە ژێر ناوی مافی مەدەنیو سیاسی ناسراوە رووندەبێتەوە. بە هۆی ماددەی ۱۸ی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ " تەواوی تاکەکانی مرۆڤ مافی ئازادی بیرکردنەوە، ویژدان و مەزهەبیان هەیە"و ماددەی ۱۹ی ئەم جاڕنامەیە رادەگەیەنێ کە "تەواوی تاکەکانی مرۆڤ خاوەنی مافی ئازادی بۆ چوونو ڕا دەربڕینیان هەیە. ئەم مافە گەرانتی مافی هەبوونی باوەڕ، بە بێ دەستێوەردانی کەسانی دیکە بووەو ئازادی گەڕان (کاوش)، کار، بڵاوکردنەوەی زانیاری و بیروڕا بە هەموو کەرەستەیەکی گونجاو، چاوپۆشی لە (ملاحظات) تیبینییە سنووریەکانیش لە خۆ دەگرێ. دیسانەکە بەهۆی ماددەی ۲۰ "تەواوی تاکەکانی مرۆڤ لە مافی ئازادی کۆڕوکۆبوونەوەو پێکهێنانی کۆمەڵە گەلی ئاشتیخوازانە بەهرەمەند".ماددەی ۱۳ جاڕنامە هەروەها ئازادی بزاوتو جێگۆرکێ ئاماژەی پێدەکا. گرنگی مافگەلی ئاماژە پێکراو، واتە ئازادی بیرکردنەوە، رادەربڕین، یەکێتی، کۆبوونەوەو جێگۆرکێ لەوەدایە کە بە بێ ئەوانە خەڵك ناتوانن بەشێوەیەکی کاریگەر چ لە دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیو چ لە بابەتگەلی تایبەت بە سیاسەتگوزاری حکومەتی بەشداریبکەن. چۆن دەتوانرێ بە بێ بەهرەمەندبوون لە ئازادی کۆبوونەوە، ئەم بیروڕایانە لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیدا بۆ یەکتر بگوازرێنەوە.چۆن دەتوانین بێ ئازادی یەکگرتن لەگەڵ کەسانی دیکە، بۆ وێنە حیزب گەلێك کە بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی هاوبەشو جێبەجێکردنی رۆڵ لە حکومەتدا پێویستە پێکبێ؟ سەرەڕای ئەوەش بە بێ هەبوونی یەکسانیی سیاسی چەسپا و لە ماددەکانی ۱و۲ی



جاڕنامە، پشکداری لە کاروباری سیاسی بە جۆرێك کە تەواوی تاکەکان بەشێوەیەکی یەکسان لێی بەهرەمەند بن هیچ کات نایەتەدی. بەم پێیە وەك ئەوەی کە لە بەشی پێشوودا هاتبوو، مافی شارۆمەندان بۆ جێبەجێکردنی رۆڵ لە کاروباری گشتیو چاودێریکردنی بە سەر حکومەت لەسەر بنەمای یەکسانی لەگەڵ شارۆمەندانی دیکە، ناوکی ناوەندی دیموکراسی پێکدەهێنێ. بۆ ئەوەی کە ئەم مافە بە شێوەی کاریگەر ئەنجامبدرێ دەبێ لە لایەك ئەو بەشە لە دامەزراوە سیاسییەکانی وەك هەڵبژاردن، حیزبەکان، یاسادانانو...هتد کە لە رێگای ئەزمونی دیموکراسی گەلی جێگرتوو کە لەگەڵیدا شارەزاین بوونی هەبێو لە لایەکی دیکەوە ئەو بەشە لە مافی مرۆڤ کە لە ژێرناوی مافی مەدەنیو سیاسی لە پەیماننامەکانی وەك جاڕنامەی جیهانی مافی مەدەنی و سیاسی و کۆمسیۆنی ئەورووپایی مافی مرۆڤ رونکراوەتەوە گارانتی بکرێ. بۆ بەدیهێنانی بنەما بنچینەییەکانی دیموکراسی ئەم دووانە پێویستنو بەم پێیە مافی مرۆڤ بەشی پێویستی دیموکراسییە.کەوابوو پێناسەی ئەم جۆرە حکومەتە (دیموکراسی) تەنیا لە چوارچێوەی کۆمەڵێك لە دامەزراوگەلی سیاسی بە دوو هۆ هەڵەیە: یەکەم ـ ئەوەی کە ئەو بنەما بنچینەییانەی کە ئەو دامەزراوانە دیموکراتیك دەکا و رادەی دیموکراتیك بوونی ئەوانە لەسەرئەم بنەمایانە بەراورد دەکرێن لەبەرچاو ناگرنو دووهەم ئەوەیکە زۆر گرنگە ئەوەیەکە بۆ گەیشتن بە دیموکراسی ئەو دامەزراوانە بە مەرجێکی حەتمی و پێویست دەزانێ و مافی مرۆڤ کە بەشێکی جیانەکراوە و گرنگی ئەوە، لەبەرچاو ناگرێ.

هاتنە دیی مافی سیاسی و مەدەنیش راست لەبەرانبەر هەبوونی دیموکراسی دایە. ماددەی ۲۱ی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ لە بنەما بنچینەییەکانی دیموکراسییەوە سەرچاوەی گرتووە. بە پێی خاڵی ۱ی ئەم ماددەیە"هەرکەسێك

مافی ئەوەی هەیە ئازادانە لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی وڵاتەکەی راستەوخۆ یان لە رێگەی نوێنەرگەلێك کە ئازادانە هەڵبژێردراین بەشداریبکەن". ئەم خاڵە دەرخەری مافی بەشداریکردنی هاووڵاتیانە لە کاروباری گشتی واتە بنەمای سەرەکی دیموکراسییە. خاڵی ٣ی ئەم مادەیە رادەگەیەنێ (...هەڵبژاردنەکان دەبێ گشتیو رەچاوی یەکسانیش بکرێ) کە رەنگدانەوەی بنەمای بنچینەیی دووهەمە. سەرەرای ئەوەش خاڵی ٢ی مادەی ٢٩ی جاڕنامە بە راشکاوییەکی تەواوەوە، تەنیا سنوورگەلێك کە "لە هەلومەرجی کۆمەڵگایەکی دیموکراتیك دا دانراوە"، بە فەرمی دەناسێ. بەڵام دیموکراسیو مافە سیاسیو مەدەنییەکان تەنانەت لە ئاستێکی زۆر قووڵتردا پێکەوە بەستراون کە هەمان ئەو روانینە بەرانبەرەیە کە لە ناخی مرۆڤ دا هەیەو پاساوی هەردووی ئەوانە لەسەر ئەو بنەمایە دارێژراوە.

پاساوی فەلسەفی مافی مرۆڤ لەسەر بنەمای ناسینی پێویستیو توانای هاوبەشی تەواوی مرۆڤەکان، چاوپۆشی جیاوازییەکانی نێوانیان، راوەستاوە، بە تایبەتی مافەکانی ئازادی واتە مافی ئازادی تاکەکەسی، ئازادی بیرکردنەوە، ئازادی باوەڕ، ئازادی جێگۆڕکێ لەسەر توانای هەڵبژاردنی ئاگایانە و لۆژیکی یان بەخشینی زانایانەو ئامانجدار نوێنەرایەتی لە بابەتگەلێکی پێوەندیدار بە ژیانی تاکەکەسی راوەستاوە. مافە دیموکراتییەکانیش هەر ئەو تواناییەی بۆ بابەتگەلێك کە باندۆر لەسەر ژیانی گشتی یان هاوبەش دادەنێن بە شیاو دەزانێ. مافی دەنگدان یان هەڵبژێران گریمانەیان لەسەر هەبوونی توانای بەشداری لە بڕیاردانی پێوەندیدار بە بەرژەوەندیی گشتی جگە لە بەرژەوەندی تایبەتی دادەنێ. بە دڵنیاییەوە بڕیارە گشتییەکان بە جۆرێك ئازادی تاکەکەسی بەرتەسك دەکاتەوەو لەم رووەوە، ئامانجی مافی مرۆڤ پێناسەی ئاستی بڕیارە گشتییەکانە، وەك چۆن ئەرکی باسگەلی دیموکراتییش بڕیارادانو هەڤپەیڤین لەمەڕ پێکهێنانی هاوسەنگی



لە چوارچێوەی ئەو سنووردارکردنانەدایە. بەڵام هەم ئازادی تاکەکەسیو هەم وەڵامدەربوونی دیموکراتیی لەسەر گریمانەیەکی هاوبەش سەبارەت بە تواناییەکانی مرۆڤ و بەڵگەی بەرانبەری تاکەکانو چاودێر هەڵنەگری ئەوان راوەستاوە کە رادەگەیەنێ هیچ کەس یان کەسانێك لە هەڵوێستو بڕیاردان سەبارەت بە بەرژەوەندیی تاکەکەسی یان گشتی ئێمە بەسەر خودی ئێمەدا سەروەرییان (برتری) نییە مەگەر ئەوەیکە ئێمە بە راشکاوانەو لە چوارچێوەیەکی روونو ئاشکرا، وەها دەسەڵاتێکیان پێبدەین. هەتا ئێرە باسی ئێمە تەنیا مافە مەدەنیو سیاسییەکانی لەخۆدەگرت، بەڵام دەبێ بزانین کە هەرجۆرە تاوتوێکردنێکی دیموکراسیو مافی مرۆڤ سەرنج نەدان بە مافە ئابووریو کۆمەڵایەتیو کولتورییەکان بە دڵنیاییەوە کرچوکاڵو نیوەناتەواوە. یەکێك لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی باسە فەلسەفیەکانی پێوەندیدار بە پرسی ئازادی ئەوەیە کە پارێزراوبوونی ئازادییە تاکەکەسییەکان لە دەستتێوەردانی دەوڵەت یان کەسانی دیکە بە بێ بەهرەمەندبوونی تاك لە تواناییو سەرچاوەگەلێك کە بە کەڵکوەرگرتن لەوە بتوانێ ئازادییە دڵخوازەکان رەچاو بکا، بێمانایە. ئەگەر کەرەستەی پێویست بۆ دابەزاندنی مافی یاسایی تاکەکان لە ژێردەسەڵاتی ناوبراودا نەبێ ئەم مافە تەنیا لایەنی سیمبولێکی دەبێ. ئازادی رادەربڕین چ بەهایەکی دەبێ ئەگەر کەرەستەی راگواستنمان بۆ کەسانی دیکە لەبەردەستدا نەبێ؟ بەهرەمەندبوون لە مافی سەرچاوەی یاسایی چ بەهایەکی هەیە ئەگەر خاوەنی دەرەتانی ماڵی پێویست بۆ دەستڕاگەیشتن بەوە نەبین؟ ئازادی هەڵبژێردران بۆ وەئەستۆگرتنی بەرپرسایەتی و کارگەلی گشتی چ بایەخێکی هەیە ئەگەر ئەم دەرفەتانە تەنیا لە ژێردەستی ساماندارانو دەسەڵاتدا بێ؟ تێبینی گەلی لەو جۆرەیە کە پاکانە بۆ بەرنامەیەکی ئابووری، کۆمەڵایەتیو کولتووری دەکا.



هەواڵنامەی کتێب

## پێوەندی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان لەگەڵ دیموکراسی:

ئەم باسە بە چەندین پرسیارەوە دەستپێدەکەین: ئاخۆ دیموکراسی، گارانتی مافی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەکا؟ ئاخۆ مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بەنۆرەی خۆیان پێویستی بە بوونی دیموکراسی هەیە؟ دەبێ سەرەتا بە کورتی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بژمێرین چوونکە گەلێك جار مافەکانی ئابووری لەگەڵ پەرەگرتنی ئابووریدا بە هەڵە وەردەگیرێ. ئەم مافانە بریتین لە مافی کار یان پیشەگەری (اشتغال)، مافی دابینکردنی کۆمەڵایەتین مافی بەهرەمەندبوون لە ژیانێکی شیاوی وەك مافی بەهرەمەندبوون لە خۆراك، جلوبەرگ، خانوو، مافی بەهرەمەندبوون لە پێوانەکانی سەلامەتی و لەش و رۆحی، مافی پەروردەو فێرکردن و بەشداری لە ژیانی کولتووری و بەهرەمەندبوون لە بەرژەوەندی پێشکەوتنەکانی زانستی، کولتووری و وێژەیی. پەیماننامەی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتورییەکان کە مافگەلی ئاماژەپێکراو بە دوور و درێژی تێیدا هاتووە و ئەرك گەلێك کە بۆ دەستڕاگەیشتنی تاکەکان بەوانە وەئەستۆی دەوڵەتەکان نراوە تۆماری دەکا. بۆ وێنە ماددەی ٧ بڕیاردەدا وڵاتانی هاوپەیمان مافی کارکردن کە پێکهاتوو لە گارانتی لانیکەمی داهات بۆ هەموو ئەوانەی کار دەکەن بە فەرمی دەناسن. جگە لەوەش، خاڵی ٢ی ماددەی ١١ ئەرکی باشتربوونی شێوازەکانی بەرهەمهێنان، پاراستن و بڵاوکردنەوەی "مەودای" خۆراکی لە پێناوی بەرهەرمەندبوون لە ئاستی ژیانێکی شیاو دەخاتە ئەستۆی وڵاتانی ئەندامی پەیمان و خاڵی ٢ی ماددەی ١٢ش بە مەبەستی دابینکردنی مافی بەرهەرمەندبوون لە بەرزترین پێوانەکانی سەلامەتی لەشی و رۆحی، وەها لە وڵاتانی ئەندام دەکا لە



پێناوی باشتربوونی هەموو لایەنەکانی پاك و خاوێنی ژینگەی دەوروبەریان و پیشەیی. کەمکردنەوەی ئاستی مردنی ساوایان، پیشەگەری و کۆنترۆڵکردنی نەخۆشی گەلی سەرچاوەگرتوو لە کارکردن و نەخۆشیە گشتگیرە جۆراوجۆرەکان و پێکهێنانی هەلومەرجێك کە گارانتی خزمەتە پزیشکییەکان بۆ هەمووان بکا، ئەنجامبدەن.

لێرەوە دەردەکەوێ کە پەرەسەندنی ئابووری و پارێزگاری لە مافە ئابوورییەکان وەکیەك نییە. لەوانەیە پەرەسەندنی ئابووری بەهرەمەندبوون لە مافە ئابوورییەکان ئاسان بکا، بەڵام وەك چۆن کۆمیتەی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەمەڕ مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان چەندینجار ئاماژەی پێکردوە، نزمبوونی ئاستی گەشەی ئابووری، لە بەڵێنییەکدا کە وڵاتان بەهۆی پەیمانەوە هەیانە خەوشدار ناکا بەو واتایە کە دەوڵەتەکان" چاوپۆشی لە ئاستی گەشەیان" ناچارن پشتیوانی لە مافە ئابوورییەکانی هاووڵاتیانی خۆیان بکەن. هەر لەو کاتەشدا دەبێ ئەوەمان لە پێش چاو بێ کە پەرەگرتنی ئابووری بە بێ پاراستنی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و لە نەبوونی پێکهاتە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان گارانتیکەری ئەم مافانە، نە تەنیا لەوانەیە ببێتە هۆی نە پاراستنی مافە ئابوورییەکان بەڵکوو بە پێچەوانەش دەتوانێ ببێتە هۆی پێکهاتنی نایەکسانی ئابووری و بەفیڕۆچوونی مافە ئابوورییەکانیش. پاراستنی ئەم مافە گارانتی بڵاوبوونەوەی گەشەی ئابوورییە: ئامانج گەیشتن بە یەکسانی نییە بەڵکو گارانتیکردنی لانیکەمی ئاستێکە بۆ هەمووان.

پاش ئەم پێشەکییە شرۆڤەییە پرسیارەکانی ئەم باسە سەر لە نوێ

بەمشێوەیە گەڵاڵە دەکەین: دیموکراسی تا چ ئاستێك پێویستی بە گارانتیکردنی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانە هەیە؟ ئەم مافانە بە نۆری خۆیان تا چ رادەیەك پاڵیان بە دیموکراسییەوە داوە؟

پرسیاری یەکەم، پێویستی بە هەڵسەنگاندنی دواهاتەکانی نەپاراستنی مافە بنچینەییە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان بۆ دیموکراسییە. لێرە لە قۆناغی یەکەمدا سەرەتا دواهاتگەلێکی راستەوخۆ لە ئارادایە کە سەرنجدەداتە مافە مەدەنی و سیاسییەکانی شارۆمەندان کە ئەم بەشە لە مافەکانیان پێشێلکراوە پاشان دواهاتگەلێکی ناراستەوخۆیە کە سەرنجی پاشماوەکانی حەشیمەتو هەروەها وەرگرتنی دامەزراوە سیاسییەکان دیموکراتی دەبێ.

روونە کە یەکسانی سیاسی و مەدەنی پێویستی بە یەکسانی تەواوی ئابووریی نییە. بەڵام لە کاتێکدا کە سامانداران بتوانن لە سامان یان پێگەی خۆیان بۆ پێکهێنانی نفوزی سیاسی کەڵك وەربگرن یان ئەوانەی کە لە سەروەتو سامان بێبەهرەن بەشێوەك لە هەژاریدا بن کە نەتوانن مافی بنچینەیی سیاسیو مەدەنی خۆیان جێبەجێبکەنو لە ئاکامدا دوورەپەرێز بکرێنو لە پێگەی شارۆمەندێکی ئاسایی بێبەشبکرێن یەکسانی تاکەکان لەکەڵکوەرگرتن لە مافە سیاسی و مەدەنی بەتوندی خەوشدار دەبێ. لە وڵات گەلێکدا کە خاوەنی مێژوویەکی دووروودرێژتری دیموکراتین، بۆ پێشگیری لە کێشە خولقێنی سامان بۆ دیموکراسی بڕشتی سیاسی ئەوەیان سنووردار کردووە. بۆ وێنە یاساگەلێك دادەنێن کە پێش بەکۆبونەوەی خاوەندارێتی دەنگبەرەکان دەگرێ، رێژەیەك بۆ بیچمێك دەستنیشاندەکەن کە لەرەوتی هەڵبژاردنەکاندا هەزینەی بکەی، نوێنەران هەڵبژاردنەکان ناچاردەکرێن سەرچاوە داراییەکانی خۆیان رابگەیەننو...هتد. بەڵام پێشگیری لە وەڵاتانو



دوورەپەرێزکردنی تاکەکان، پێویستی بە سەرنجی دروستو گارانتی مافی ئابووری، کۆمەڵایەتیو کولتووری ئەوانە، ژیان، بنەڕەتیترین مەرجی بەکارهێنانی مافی سیاسیو مەدەنی ئێمەیەو ئەم کارەش پێویستی بە هەبوونی ئەمنیەتی جەستەییو هەروەها دەستڕاگەیشتن بە پێداویستییەکانی ژیان واتە بە کەرەستەگەلێك بۆ بژیو، خانوو، ژینگەیەکی پاکژ، لەشساغی کۆڵەکەیە. پێویستەو دەبێ مافی پەروەردە و فێرکردن بەو پێڕستە زیاد بکەین. بێگومان پەروەردە و فێرکردن بۆ دەستڕاگەیشتن بە مافەکانی دیکەی ئابووری پێویستە. بە بێ هەبوونی زانیاری لەمەڕ خواردن یان پاكو خاوێنی (بهداشت) گارانتی لانیکەمی داهات یان پاكو خاوێنی (بهداشت) بەس نابێ. پەروەردە و فێرکردن لێهاتووی پێویست بۆ کار پێکدێنێو ئەمە خۆی(مطمئن ترین) ئەرخایەنترین رێگای دەستڕاگەیشتن بە لانیکەمی داهاتو مافە ئابوورییەکانی دیکەیە. هەروەها بەکارهێنانی کاریگەری مافی سیاسی و مەدەنی و تەنانەت ئاگایی لەم مافانە لە گرەوەی بەهرەمەندبوون لە پەروەردەو فێرکردن مافێکی کولتووری و کلیلێکە کە بێبەشبوون لەوە بەتایبەتی زیان لە بنەمای دیموکراتیی یەکسانی سیاسی و مەدەنی دەدا. پەروەردە و فێرکردن نیشاندەری بەستراوەیی بەرانبەر مافە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤە، ئەم بەستراوەییە لە هیچ شوێنێك زیاتر لە مافی بەهرەمەندی لە کار یان مافی کار واتە یەکەمین مافی تۆمارکراو لە جاڕنامەی نێونەتەوەیی ئابووریی، کۆمەڵایەتیی و کولتووری بەرەوی پێنادرێ. بێکارییەکی بەربڵاو کەڵە دەیەکانی ١٩٨٠-١٩٧٠و سەرەتای دەیەی ١٩٩٠ی زایینی، داوێنگری بەشێکی بەرچاو لە جیهانی پێشکەوتووبوو، لە وڵاتانی لە حاڵی گەشەدا وەك نەخۆشییەکی نادیاری لێهاتبوو و بووە هۆی بێبەشبوون لە مافە مرۆڤییەکانی دیکە. مافی پیشەگەری چ بەهۆی کار بۆ خۆی یان بۆ کەسی دیکە، لە دوولایەنەوە

شیاوی گرنگپێدانە. یەکێك ئەوەکە لانیکەمی داهاتێك بەشێوەی ڕاستەوخۆ بۆ تاکی پیشەگەر پێکدێنێ و شتێکی دیکە ئەوەیە لە بواری بێکاری بەربڵاو، لێهاتوویی و داخوازی دامەزراوان بە دابینبوونی هەزینەی پێویست بۆ دابینکردنی کۆمەڵایەتی بێکاران ڕادەوەستێنێ و ئەم کارە، واتە خەوشداربوونی ماکە و پێکهاتەکانی کۆمەڵگای ئاسوودەو لە نێوچوونی بەرەبەرەی هەموو مافە ئابوورییەکان وەك مافی تەندروستی، مافی خانوو، مافی خۆراك، مافی بەهرەمەندبوون لە لانیکەمی داهات.

لایەنێکی دیکەی مافی پیشە کە بە تایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ مافی سیاسیی و یەکسانی شارۆمەندان گرنگی هەیە ئەوەیەکە کارکردنو لە نێوبردنی پێویستییەکانی مرۆڤ لە ڕێگای هەوڵدانی تاکەکەسیو لەم ڕێگایەوە یارمەتیدانی کەسانی دیکە بۆ هێنانەدی پێویستییەکانیان، دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێزو پشت بەخۆبەستنی مروڤەکان. بێبەرهەمبوون و بەستراوەیی یەکلایەنانە بەکەسانی دیکە بە جێگای بەستراوەیی بەرانبەر، دەبێتەهۆی لە نێوچوونی ڕێزو پشت بەخۆبەستن و لە ئاکامیشدا لە نێوچوونی لێهاتوویی پێویست بۆ جێبەجێبوونی مافەکانی دیکە. بەمپێیە دەبینین کە گارانتی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری لەلایەنی گارانتی لانیکەمی یەکسانی بۆ دەستڕاگەیشتنی هەموو شارۆمەندان بە مافە سیاسیو مەدەنییەکانی خۆیان، مەرجێکی پێویستە بۆ هاتنەدی دیموکراسی. هەرجۆرە بێبەشییەکی جیدی لە پێویستییەکانی ژیان یان پەروەردە و فێرکردن یان دەرفەتەکانی پیشەگەریی، گارانتی لاوازبوونی مافەکانی شارۆمەندی و خەوشەدارکردنی تواناییەکانی ژیانی مەدەنی بەشێوەیەکی یەکسان لەگەڵ کەسانی دیکەدایە. بەڵام جیاواز لەم ئاسەوارە ڕاستەوخۆیانە، ئاسەوارێکی ناڕاستەوخۆش لەسەر مافە دیموکراتییەکان و



چۆنیەتی یان شیاوی بەردەوامی دیموکراسی بۆ هەمووان، ڕاوەستاوە. لە وێڕاکە ئەم دەرەنجامە، (عواقب)ی کۆمەڵایەتی بەربڵاوتر بێبەشبوونی ئابووری بەئەژماردێن، لەرووی زەمەنیەوە درەنگتر سەرهەڵدەدەنو لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان بەشێوەی جیاواز گەشەدەکەن. یەکێك لەو دەرئەنجامانە دەتوانێ ببێتە هۆی تێداچوونی بەرهەم و خزمەتگوزاری، بەرزبوونەوەی تاوان، کۆچکردن بۆ شارەکان، زۆربوونی هەژارانی شارنشین، هێندێجار بزاڤگەلێکی ڕێکخراو و بەربەرەکانێی چەکدارانە، هێما بکەین، سەرنجدانی دیموکراسی بە پاراستنی مافی ئابووری، کۆمەڵایەتیو کولتووری شارۆمەندان لە دوولاوە کەوتۆتە بەر ناڕەزایەتی. ناڕەزایەتی یەکەم کە زیاتر لایەنی ئابووری هەیە، گریمانە لەسەر هەڵاواردنی بەرنامەی پاراستنی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان لەگەڵ ئامانجە پێویستییە ئابوورییەکانی دیکە دادەنێ. بۆ نموونە، سەبارەت بە وڵاتانی لە حاڵی گەشەدا، دەوترێ بەهۆی ڕاگواستنی سەرمایە بۆ بەشی مەسرەف لە ئاکامدا بەڕێوەبردنی مافگەلی ئابووری، لە نێوان مافە ئابوورییەکانو گەشەی ئابووری هەڵاواردن هەیە. بەڵام پێناسەی سەرمایەگوزاری دەتوانێ باشتر لەسەرمایەگوزاری لە پەروەردە و فێرکردن و تەندروستی خەڵکدا ئەمڕۆ و داهاتووی وڵاتێك بێ؟ ئەوەی کە دەبێ لەیەك بەرنامەی مافی بنچینەییدا بێتەئاراوە، نەك خودی گەشەسەندنی ئابووری بەڵکو جۆری گەشەی ئابووری و شێوەی دابەشکردنی بەرژەوەندییەکانیەتی. ناڕەزایەتی دووهەم کە زیاتر لایەنی سیاسی هەیە، ئەوەیە کە هەر جۆرە بەرنامەی پاراستنی مافە ئابوورییەکان لەگەڵ دامەزراوە بنچینەییەکانی کۆمەڵگایەکی دیموکراتیی ئازاد واتە خاوەنداریێتی تایبەتی، بە هۆی دانانی باجگەلی زۆر بۆ بڵاوکردنەوەی سەرلەنوێی بەرژەوەندی لەدژایەتیدایە و لەگەڵ ئازادی گۆڕینەوە، بەهۆی دەستتێوەردانی دەوڵەتو



هەواڵنامەی کتێب

دامەزرانی بۆرۆکراسیی تێکئالاو بۆ ئاسوودەیی گشتی. ئەگەرچی سەرەتای ئەم نارەزایەتییە دەتوانێ دروستبێ بەلام زۆرجاریش ئەنجامەکەی دروستنییە. پێویستی خاوەنداریێتی تایبەتی و گۆڕینەوەی ئازاد بۆ کۆمەلگای مەدەنی و لە ئاکامیشدا بۆ دیموکراسی جێگای باس نییە، بەلام ئامانجی بەرنامە پارێزگاری لە مافە ئابووری و کۆمەلایەتی و کولتوورییەکان لە نێوبردنی ئەم دامەزراوانە نییە بەلکو تەنیا رێکوپێککردن و تەواوکردنی ئەوان، بە مەبەستی گارانتی بەرژەوەندی گشتییەو ئەم کارە بۆ ئاسوودەیی گشتی نابێ بە پێکهاتەیەکی بۆرۆکراتییەتێکی مەزن. ئەم روانگەیە کە خاوەنداریێتی تایبەتیو ئازادی گۆڕینەوە، مافگەلی رەها و نەگۆڕن، ئەم راستییە لە بەرچاوناگرن کە پاساوی سەرەکی ئەم دوو دامەزراوە لە کاریگەربوونیان بۆ دابینکردنی ئامراز و کەرەستەی ژیان و مانەوەی خەلکییە و لە ئاکامیشدا سنووردارکردنی ئەوانیش لەکاتی دەستڕانەگەیشتنیان بەم ئامانجانە، پاسا و هەلگرە. بە وتەیەکی دیکە، بۆ ئەوەیکە دامەزراوەیەکی کۆمەلایەتی خاوەنداریێتی تایبەتی، رەوایی هەبێ دەبێ ئامرازی بنەرەتی ژیان بۆ هەمووان پێکهاتبێ. بەم پێیە ئەگەر بڕیارە کۆمەلگایەکی دیموکراتیی لەسەر بنەمای رەزامەندی گشتی راوەستابێ، جگە لە دامەزراوەکانی خاوەنداریێتی تایبەتیو گۆڕینەوەی ئازاد، پێویستی بەگارانتیکردنی مافە بنچینەییە ئابوورییەکان هەیە.

بەم پێیە دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە سەرنەکەوتن لە پارێزگاری لە مافە ئابووری، کۆمەلایەتیو کولتوورییەکان بەشێوازی جۆراوجۆر زەبر لە دیموکراسی دەدا. سەرەتا، بەشێوەیەکی راستەوخۆ بارودۆخی شارۆمەندانێك کە مافەکانیان پێشێلکراوە خەوشەدارو تواناکانیان بۆ دەستڕاگەیشتن بەمافەمەدەنیو سیاسییەکان و مافەکانی دیکە رادەوەستێنێ: پەراوێزنشینی کۆمەلایەتی یان ئابووری لەگەڵ پەراوێزنشینی سیاسی هاوڕێیە. دووهەم ئەوەکە بە گشتی چۆنیەتی ژیانی



کۆمەلایەتی بۆ هەمووان دادەبەزێ بۆ چونکە ئەمنیەتی تاکەکەسیو ماڵی لەنێو دەچێو لە ئاکامدا زوڵم و داخراوی توندتر دەبێ. لەئاکامدا، رەوایی سیستمگەلی دیموکراتی بەرەبەرە دەفەوتێو ئەم دامەزراوانە هەرچی زیاتر دەکەونە مەترسی هەلوەشانەوە. هەرچەندە نەبوونی مافە ئابووریو کۆمەلایەتییەکان بەرفراوانتر بێ ئەم ئاسەوارانە قووڵترو توندتر دەبێ.

## ئەنجام:

لە روانگەی مێژوییەوە، دیموکراسیو مافی مرۆڤ بەدوو مافی جیاواز لێکدراوەتەوەو هەر کام بیاڤێکی تایبەتی یان لە سیاسەت بۆ خۆیان تەرخانکردووە. یەکێکیان بابەتێکە تایبەت بە رێکخستنی حکوومەت، ئەوەی دیکە پرسێکە پێوەندیدارە بەمافی تاکەکەسو پارێزگاری لەو مافە. ئێمە بەوشێوەیە فێربووین کە کاتێ قسە لەسەر دیموکراسی دەکەین لەمەڕ دامەزاوەگەلێکی وەك هەلبژاردنەکان، فرەحیزبی، جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان، هتد بیربکەینەوە بابەتگەلێکی سەرەکی لەمەڕ رێکخستنی دەسەلات هەن. بەلام مافی مرۆڤ ناوەندێتی بە تاکەکەس دەداو تێدەکۆشێ لانیکەمی هەلومەرجی پێویست بۆ درێژەی ژیانی مرۆڤ گەرانتی بکا. پاشان، هەروەك لە چەمکی مافی مرۆڤ دێتە ئاراوە ئەم مافە بەردەوام جیهانیو لە خۆگری پێناسەو رێوشوێنی نێونەتەوەیی بووە لە کاتێکدا کە چۆناوچۆنی حکوومەتی وەك دیموکراسی، هەموو کاتێ لە بابەتگەلی نێوخۆیی ولاتان دێتە ئەژمار. ئەو دابەشکردنانەی کەلە کۆڕگەلی زانکۆیی دابڕاویان هەیەو لەسەر ئەو بنەمایە خۆیندوە و تاوتوێکردنی دیموکراسی لە بیاڤی زانستی سیاسی و باس لە مافی مرۆڤ بە زانستی ماف دەسپێردری، ئەم جیاکردنەوانەی بە هێزکردووە. بەلام ئەو جیاکردنەوانەی

ئەمڕۆ ئیتر شیاوی بەردەوامی نین. دارمانی سیستمگەلی کۆمۆنیستی لە ژێر گوشاری خەڵکیدا نیشانیدا کە دیموکراسی، لەگەڵ مافی مرۆڤ، خواستێکی جیهانییە، نەك جۆرە حکوومەتێکی سنووردار بە ناوچەیەکی تایبەت. هەروەها پێشینەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ژێر جۆری سیستمگەلی سەرەڕۆیی هەموو دیکتاتۆرەکانی چەپو راست، نیشاندەری گرنگی سیستمی حکوومەتی وڵاتێك بۆ پاراستنی مافی مرۆڤی شارۆمەندانە. دەبێ دان بەوەدابنێین کە دیموکراسیو مافی مرۆڤ بەشێوەیەکی نەپساو پێکەوە بەستراونو ناکرێ حاشا لە ئەم نەپچڕاوییە بکەین. لە ناخی ئەم باسەدا، پێناسەی خودی دیموکراسی جێی گرتووە. لاوازی پێناسەی سەرچاوەگرتوو لە دامەزراوە گەلی سیستمێکی حکوومەتیدا لەوە دایە کە بەشێوەیەکی ورد بە ئێمە ناڵێێ کە چ شتێکی ئەم دامەزراوانە لایەنی دیموکراتییان پێدەبەخشێ. ئەگەر وەڵامبدرێتەوە کە هەموو ئەو وڵاتانەی کە ئێمە بە دیموکراتییان ناودەبەین خاوەنی ئەم دامەزراوانەن ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە بۆ دەبێ ئەم وڵاتانە لەبنەڕەتدا بە دیموکراتی بزانین. بەمشێوەیە دەچینە نێو بازنەیەکی پڕوپووچ کە تەنیا رێگای چوونەدەر لەوە روونکردنەوەی ورد و بنچینەییە کە ئەم دامەزراوانەی لەسەر راوەستاون یان لە گەیشتن بەوانە کاریگەرن. هەروەك وتمان تێڕامانێك کە لە ناوکی سەرەکی دیموکراسیدا جێیگرتووە حکوومەتی خەڵکی یان چاودێری خەڵك بە سەر بڕیارگەلی گشتی دایە کە خاڵی دەستپێکیان شارۆمەندانن نەدامەزراوە حکوومەتییەکان. بنەمای ناسێنەری ئەم ناوکە یەکیان ئەوەیە کەهەموو شارۆمەندان مافی دەستتێوەردان لە کاروباری گشتی یان لە رێگای کۆمەڵەکانی کۆمەڵگای مەدەنیو هەمیش لە رێگای پشکداری لە حکوومەتدا هەیەو ئەوەی کە ئەم مافە دەبێ بەشێوەیەکی یەکسان لە بەر دەستی هەمووواندا بێ. کاری چاودێری شارۆمەندان بەسەر کاروباری گشتی و



یەکسانی شارۆمەندان لە بەڕێوەبردنی ئەم چاودێریەدا، بنەمای بنچینەیی دیموکراتین کە لە کۆمەڵگا بچکووکەکاندا راستەوخۆ و لە کۆمەڵگاکانی مەزنترو تێکئاڵاوتردا بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ بۆ وێنە لە رێگای هەڵبژاردنەکانەوە نوێنەر دەستنیشاندەکەن. لە دابەشکردنێکدا کە لە مافی مرۆڤ بەدوو بەشی سەرەکی سیاسی و مەدەنی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوری، پێکهاتووە دەتوانین ببینین کە مافە مەدەنیو سیاسییەکان بەشێکی پێوەندیدارو نەپساوەی دیموکراسییە. دیموکراسی بە بێ ئەم مافانە دەبێتە چوارچێوەیەکی بێنێوەرۆك.چوونکە نەبوونی ئازادی رادەربڕین، یەکێتی، کۆبوونەوە، بزاوتو ئەمنیەتی تاکەکەسی، لایەنێکی سیمبۆلێك دەدا بە هەڵبژاردنەکانو هەر جۆرە چاودێریکردنی خەڵکی بەسەر حکوومەتدا نەشیاو دەکا. بەڵام پیوەندی مافە ئابووریو کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ دیموکراسیدا پێوەندییەکە لەسەر بنەمای بەستراوەیی بەرانبەر، کەمبوونی گشتگیری ئەم مافانە، یەکسانی سیاسیو مەدەنی، چۆنیەتی ژیانی گشتی، شیاوی بەردەوامی درێژە ماوەی دامەزراوە دیموکراتییەکان لە مەترسی دەخاو لە لایەکی دیکەوە دیموکراسی، خۆی مەرجێکی پێویست بۆ پارێزگاری لە مافە ئابووریو کۆمەڵایەتیو کولتوورییەکانە. تایبەتمەندی ئەندێشەی مودێرن شێوەی روانینی مرۆڤە بۆ ژیانی خۆی. مرۆڤی مودێرن خۆی بە بکەر و خاڵی دەستپێکی تەواوی شوناسەکان دەناسێنێ بەو واتایە کە خۆی لە حاڵەتی ئوبژە یان بابەتی شوناس بوون دەچێتەدەرو بۆتە ناسکاریان بکەری شوناس. مافی مرۆڤ، هەڵقوڵاوی دەستدرێژی هەڵنەگری بکەر بوونی مرۆڤەو دەرخەری ئەو راستییە کە مرۆڤ بۆ مانەوە، دەبێ بۆ خۆی کۆنترۆڵی ژیانی خۆی بەدەستەوە بگرێو مافی مرۆڤی وەك تەنیا چوارچێوەی هاوبەشو لواو یان رێتێچو (امکان پژیر) راگەیەنێ. ئەم (اشراف) ئاگادار لە خۆبوونە، لە گەڕان و



هەواڵنامەی کتێب

هۆكار و نێوەرۆكی بوونو ئافراندنی میكانیزمگەلی پێویست، هەر ئەوشتەیە كە" كانت" ئەوەی بە" چوونە دەری مرۆڤ لە بچووكیی خۆی " ناودێر كرد. ئەمە هەمان ئەو شتەیە كە بۆتە هۆی ئەوەكە مرۆڤ، بەختەوەریی راستەقینەی تاكەكەسیو كۆمەڵایەتی لە هاتنەدی مافی پێوەندیدار بە خۆی، لە چوارچێوەی ئەوەدا، لە ژیان لەگەڵ كەسانی دیكە لەسەر بنەمای یەكسانی سیاسیو بەهرەمەندبوون لە لانیكەمی پێویستییە ئابووریو كۆمەڵایەتیو كولتوورییەكان بدۆزێتەوە. ئەمە خۆی پێویستی بەپێواژە( آیی‌ن) سیاسییە كە ژیواری (زیست) كۆمەڵایەتی لەگەڵ هاورەگەزی خۆی رێكوپێك بكا و هەروەها پارێزگاری لەمافی بێ ئەملاوئەولایشی بكا. دیموكراسی رێزلێنان لەم خواستەیە. كۆمەڵگای دیموكراتیك كۆمەڵگایەكە ئامانجی پێشەنگی ئەو بەرزترین رێژەی ئاسوودەیی بۆ زیاترین ژمارەی تاكەكانە. لەم كۆمەڵگایەدا، هێز، دەسەڵات، كەڵكوەرگرتن ئامانج نییە بەڵكوو فرەیی رۆزی و هێمنی ئامانجە. بەجێیە ئەم نووسراوەیە بەوتەیەكی زۆر پاراو رەوان لە " ئالێكسی دوتۆكڤیل" فەیلەسوف، مافناس، سیاسەتوانی فەرەنسایی سەدەی نۆزدەهەم كۆتایی پێبێنین. ناوبراو دەڵێ (ئەگەر بەباوەڕی ئێوە ئاوەز بۆ مرۆڤ بەكەڵكتر لە بلیمەتییە، ئەگەر ئامانجی ئێوە نەك دانانی هونەرگەلی قارەمانانەیە، بەڵكو ئافراندنی خووخدەی هێمنانەیە، ئەگەر ئێوە ناتەواوییەكان زیاتر لە تاوانەكان قبووڵدەكەنو بەباشتر دەزانن كە كەمتر شایەتی كردەوەی مەزن بن بەو مەرجەی كە رادەی خراپكاری بوێرانە لەم رێگایەوە كەمتربێتەوە، ئەگەر بە جێگای ژیوار لە كۆمەڵگایەكی دروشاوە بەژیان كردن لە كۆمەڵگایەكی ئاسوودەدا قانیعن، لە ئاكامیشدا ئەگەر بەبڕوای ئێوە ئامانجی سەرەكی حكوومەت ئەوەنییە كەزۆرترین هێز و بەرزترین شانازی گەلی گونجاو پشكی (نصیب) هەموو میللەت بكا، بەڵكو ئەوەیە كە بۆ هەركام لە تاكەكانی



نەتەوە بەرزترین ئاستی ئاسوودەیی دابینبكاو بە زۆرترین ئاستی گونجاو ئەو لە بێ توانایی رزگار بكا، بەم شێوازە بارودۆخی ژیانی هەمووان یەكسان بكەنو حكوومەتی دیموكراسی دابمەزرێنن. ئەگەر دەبینن كە ئێتر دەرفەتێك بۆ هەڵبژاردن نەماوە و هێزێكی سەرووتر لە مرۆڤ ئێوە والێدەكا تاوەكو بێ راوێژكاری بەوەسیەتەكانی خۆی یەكێك لەو دوو جۆرە حكوومەتە هەڵبژێرێ، كەوابوو بێن و لانیكەم تێبكۆشن تاكو لە هەموو ئەو چاكیانەی كە لەم رێڤینگەدا دەتوانێ وەدەستبێ بەهرەمەندبنو بە ناسینی تەواو سروشتی باشو هەروەها ویستە ناشیرینەكانی ئەوە، تێبكۆشن تاكو باندۆری ویستە ناشیرینەكانی سنووردار ببێو كاریگەری سروشتە چاكەكانی ئەوە پەرەی زیاتر بستێنی.

**** * ****

**سەرچاوە**

گۆڤاری سیاسی_اقتصادی ژمارەكانی ١٥٨_١٥٧

# بنچینە و بنەماکانی دیموکراسی

و. ڕەحمان ئەمیری

هەواڵنامەی کێبێر

## پێشەکی

ئەگەرچی لە جیهانی هەنووکەدا (دیموکراسی) چەمکێکی باوە، پێناسەکردنی ڕەنگە کێشە خوڵقێن بێت، ئەم بابەتە بە پێشکەشکردنی وێنەیەکی گشتی لە دیموکراسی دەستپێدەکات، داوای ڕاڤەی لایەنە تایبەتییەکانی حکومەتێکی دیموکراتی بە بابەتگەلی جۆراوجۆر دەکات، کۆی ئەم بابەتە، ڕەنگدانەوەی بیروبۆچوونی زۆرینەی هزرڤانەکان و هەروەها ئەو کۆمەڵگایانەن کە لەژێر سایەی وەها سیستمێکی دیموکراتیدا گەشەو نمایان کردووە.

دیموکراسی هەڵقوڵاوە لە وشەی یونانی دێموس، کە بەواتای خەڵک دێت، لە حکومەتە دیموکراتیەکاندا، ئەوە خەڵکن کە بەسەر یاسادانەرو حکومەتدا زاڵن، هەرچەندە هەندێك جیاوازیی لەنێوان حکومەتە جۆراوجۆرەکان لە جیهاندا وەبەرچاو دەکەوێت، هەندێك بنەماو شێوازگەلی تایبەتی حکومەتە دیموکراتەکان لە زۆربەی حکومەتەکانی دیکە جیادەکاتەوە.



## دیموکراسی چییە؟

- دیموکراسی حکومەتێکە کە هەموو هاوڵاتیانی، چ ڕاستەوخۆو یان ناڕاستەوخۆ لە ڕێگای نوێنەرانی هەڵبژێردراویان، کەڵکیان لە دەسەڵات دەگرن و ئەرکە مەدەنییەکانیان جێبەجێدەکەن.
- دیموکراسی کۆمەڵێك بنەماو میتۆدە کە بەرگریی لە ئازادیی مرۆڤ دەکات، دیموکراسی بنەجێکرانی ئازادییە.
- دیموکراسی لەسەر بنەمای دەسەڵاتی زۆرینەو پاراستنی مافە تاکەکەسییەکان و کەمینەکان ڕەنگرێژکراوە، هەموو دیموکراسییەکان لەگەڵ ڕێزگرتن لە خواستی زۆرینە، پارێزەری توندوتۆڵی مافە سەرەکییەکانی خەڵك و هەروەها گروپە کەمینەکانە.
- دیموکراسییەکان چاودێری پێکهاتنی حکومەتە ناوەندییە بەهێزەکان و بە ئامانجی ناکۆجێیی(نامەکەزی) هەوڵدەدەن کە دەسەڵاتەکە لەنێو وڵاتدا بەسەر هەرێم و ناوچە جیاجیاکانیدا دابەشبکەن.
- دیموکراسییەکان دەزانن کە یەکێکی دیکە لە کارکردە سەرەکییەکان، بەرگریی لە مافە سەرەتاییەکانی وەك ئازادیی بەیان، ئازادیی ئایین، مافی وەکوو یەك لە بەهرەمەندبوون لە یاسا، ڕێگادان بۆ بەشداریکردن لە بەڕێوەبەری کاروبارە سیاسی و ئابووری و کلتورییەکانی کۆمەڵگایە.
- دیموکراسییەکان بەشێوەی ڕێکوپێك هەڵبژاردنی ئازادو عادلانە بەڕێوەدەبەن کە هەموو هاوڵاتییان مافی بەشداریکردنیان تێدا هەیە، لە دیموکراسیدا هەڵبژاردن ناتوانێت تەنیا ڕواڵەتی بێت کە دیکتاتۆرەکان یان

حیزبێکی تایبەتی خۆی لە پێستیدا حەشار دابێت، بەڵکو هەڵبژاردن ململانێی راستەقینەیە لە هەمبەر راکێشانی پشتگیریی زیاتری خەڵك.

- دیموکراسی حکومەتەکان یاسامەند دەکاتو گەرەنتی ئەوە دەکات کە گشت هاوڵاتییان لە پشتگیریی یەکسانی یاسا بەهرەمەندبن، دەزگا یاساییەکان بەرگریی لە مافە یاساییەکانیان بکات.

- دیموکراسییەکان جیاوازییان هەیەو هەرکام لەوانە بەیانگەری هەلومەرجی سیاسیو کۆمەڵایەتیو کلتووریی تایبەت بە نەتەوەی خۆیانن، بەڵام دیموکراسییەکان هەموویان لەسەر بنەمای کۆمەڵێك بنچینەی سەرەکی دارێژراوە، نەك لەسەر شێوازگەلی بەرامبەر.

- لە حکومەتێکی دیموکراتیدا، هاوڵاتییان نەك هەر مافیان هەیە، بەڵکو ئەرکە لەسەریان کە بەشداریی سیستەمە سیاسییەکان بکەن کە بەرگریی لە مافو ئازادییەکانیان دەکات.

## حکومەتی زۆرینە، مافەکانی کەمینە

لە روالەتدا بنەمای حکومەتی زۆرینەو بەرگریی لە مافەکانی هاوڵاتییانو کەمینەکان، دوو بابەتی لەیەك جیاواز، بەڵام ئەم بنەمایە لەراستیدا ستونگەلێکی دوو لایەنن کە هەموو پایەکانی کە پێی دەڵێن حکومەتێکی دیموکراتی پێك دەهێنێت، حکومەتی زۆرینە شێوازێکە بۆ رێکخستنی حکومەتو بڕیاردان لەمەڕ پرسە گشتییەکان، نەك رێکارێك بۆ سەپاندنی زوڵمو چەوساندنەوە، هەر بەوجۆرەی کە هیچ گروپێك مافی ئازاردانی خەڵکانی دیکەی نییە، هیچ زۆرینەیەك تەنانەت لە دیموکراسیشدا، نابێت مافو ئازادییە سەرەکییەکانی تاکێكو یان گروپێکی کەمینە لەژێر پێ



بنێت.

- کەمینەکان چ بەهۆی نەتەوەیی، یان باوەڕە ئاینییەکان، یان هەڵکەوتەی جوگرافیایی، ئاستی داهات یان بەهۆی سەرنەکەوتن لە هەڵبژاردنەکان، لە مافە سەرەکییە گەرەنتییەکان بەهرەمەندن کە هیچ دەوڵەت یان گروپێکی زۆرینەی هەڵبژێردراو... مافی سەندنەوەیان نییە.

- کەمینەکان هەموو دەبێت دڵنیابن کە حکومەتەکان بەرگریی لە مافەکانیانو شوناسیان دەکات، کاتێك ئەم دڵنیاییە هاتەگۆڕێ، ئەم گروپانە دەتوانن لە دامەزراوە دیموکراتیەکانیاندا بەشداریی بکەنو کاریگەریان لەسەریان هەبێت.

- بۆ وێنە ئەو مافە سەرەکییانەی کە هەر حکومەتێکی دیموکراتی دەبێت بەرگریان لێبکات، دەتوانین ئاماژە بە ئازادیی ئاینو باوەڕمەندی، یەکسانی لە پشتگیریی یاساو ئازادیی بەیان، جیابیری، بەشداریی تەواو لە پرسەکانی پەیوەندیدار بە کۆمەڵگا بکەین.

- دیموکراسییەکان دەزانن کە بەرگریی لە مافەکانی کەمینەکان بەمەبەستی پاراستنی شوناسی کلتووری، دابونەریتە کلتوورییەکان، باری دەروونیی تاکەکەسییەکان، چالاکیە ئاینییەکان، بەشێك لە ئەرکە سەرەتاییەکانیان.

پرسەکانی پەیوەندیدار بە شەڕو ئاشتی، گرنگترین پرسگەلن کە نەتەوەیەك لەگەڵی رووبەروو دەبێت لەکاتی قەیراندا، زۆرێك لە نەتەوەکان بۆ رابەرایەتی پشت بە هێزە سەربازییەکان دەبەستن، بەڵام لە دیموکراسیدا بەمجۆرە نییە، لە دیموکراسییەکاندا شەڕو ئاشتیو مەترسییەکانی دیکە دژی ئاسایشی نەتەوەیی بە گرنگترین پرسەکان لەقەڵەم دەدرێن کە کۆمەڵگا لەگەڵیدا رووبەروو دەبێتەوە، لەئاکامدا خەڵك دەبێت لە رێگای نوێنەرانی خۆیانەوە لەمەڕ وەها پرسگەلێك

بڕیاربدەن، سوپایەکی دیموکراتی خەڵکەکەی خۆی ڕێبەری ناکات، بەڵکو خزمەتی پێدەکات، ڕێبەرانی نیزامی بڕیارەکانی ڕێبەرانی سیاسیی دیکە جێبەجێدەکەن، تەنیا ئەو کەسانەی کە هەڵبژێردراوی خەڵکن مافی بەرپرسیارێتی بڕیاردان لەمەر چارەنووسی گەلیان هەیە، لەئاکامدا ڕێبەرایەتییەکی سیاسی لەسەرەوەی ڕێبەرایەتی سەربازییەکە، ئەمە خۆی یەکێکە لە بنەما پێویستەکانی دیموکراسی.

کەسایەتییە سیاسییەکان دەبێت هێزە نیزامییەکانی وڵاتەکەیان ڕێبەرایەتی بکەن و لەمەڕ پرسە نەتەوەییەکان و بەرگری بڕیار بدەن، نەك بەو هۆیەی کە لە سەرکردە سەربازییەکان بەتواناترن، چونکە ئەوان نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵکن، هەر بەم هۆیە بەرپرسی بەڕێوەبردنی ئەم بنەما سەرەکییە دیموکراسییەن:

- زاڵبوونی خەڵکانی سیاسی گەرەنتی ئەوە دەکات کە بەهاکان و دامەزراوەکان و سیاسەتەکانی وڵات لەلایەن خەڵکەوە ئازادانە دەستنیشاندەکرێت، نەك هێزە سەربازییەکان، ئەرکی هێزە سەربازییەکان بەرگریی لە کۆمەڵگایە نەك شتی دیکە.

لە کۆتاییدا زاڵبوونی ڕێبەرانی سیاسی بەسەر سەرکردە نیزامییەکاندا، گەرەنتی ئەوە دەکات کە پرسەکانی پەیوەندیدار بە بەرگری و تەناهی نەتەوەیی وڵات، بەها سەرەکییە دیموکراتیەکانی وەك حکومەتی زۆرینە، مافە کەمینەکان، ئازادیی بەیان، ئازادیی ئایین و... ناخاتە ژێر کۆنترۆڵ و چاودێریی خۆیەوە.

## حیزبە سیاسییەکان

بۆ پارێزگاری و پشتیوانیی لە ماف و ئازادییە تاکەکان، نەتەوەیەکی خەڵك سالار دەبێت بە هاریکاریی یەکتر حکومەتی دەستنیشانکراوی خۆیان پێکبهێنن، ڕێگای سەرەکی گەیشتن بەم مەبەستەش، بوونی حیزبە



سیاسییەکانە.

حیزبە سیاسییەکان، ڕێکخراوە خوازیارەکانن بۆ پێکهێنانی پەیوەندی نێوان خەڵك و حکومەت. حیزبەکان، پاڵێوراوەکان دەستنیشاندەکەن، بۆ سەرکەوتنیان بۆ پۆستە حکومییەکان کێبەرکێ و ململانێ دەکەن و خەڵکی بۆ هەڵبژاردنەکان ڕێکدەخەن، حیزبی زۆرینە (یان حیزبێك کە بۆ هەڵسوڕاندنی حکومەت هەڵدەبژێردرێت)، هەوڵدەدات کۆمەڵێك پلان و سیاسەت بە یاسا زیادبکات. حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکان دەتوانن ڕەخنە لە سیاسەتی حیزبی زۆرینە بگرن و پێشنیازەکانی خۆیان بهێننە ئاراوە.

حیزبە سیاسییەکان ڕێگایەك بۆ شارۆمەندان دەکەنەوە تا بتوانن بەرپرسانی هەڵبژێردراوی حیزب بەهۆی کارکردەکانیان لە حکومەت بخەنە ژێر چاودێرییەوە.

باوەڕمەندی حیزبە سیاسییە خەڵك سالارەکان بە بنەمای خەڵك سالاری دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەوان ڕێز بۆ حکومەتی هەڵبژێراو، تەنانەت ئەگەر هی حیزبی خۆشیان نەبێت، دابنێن و بە فەرمی بناسن.

هەموو حکومەتە خەڵك سالارەکان، ئەندامی حیزبە جۆربەجۆرە ناسراو و کلتوورە جیاوازەکانن. هەندێك لەم حیزبانە بچووکن و لەدەوری کۆمەڵێك باوەڕمەندی سیاسی کۆبوونەتەوە، هەندێکیان لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی ئابووری یان ڕابردوویەکی هاوبەش، ڕێکخراون و یان پێکهاتوون، حیزبەکانی دیکە، کۆمەڵێك لە خەڵکی دیکەن کە لەدەرەوەی حیزبەکانن و تەنیا لەکاتی هەڵبژاردنەکان کۆدەبنەوە.

تۆلەرانس و تەحەموولکردنی یەکتر یەکێکی دیکەیە لە تایبەتمەندییەکانی حیزبە خەڵك سالارەکان، حیزبە سیاسییەکان تەنیا لە ڕێگای کۆبوونەوە

مەزنەکانو هاوکاریی لەگەڵ حیزبە سیاسیو ڕێکخراوەکانی دیکەیە کە دەتوانێت ڕێبەرایەتیو ڕوانینی هاوبەش کە ببێتە هۆی ڕاکێشانی خەڵك، بەدەستبهێنن.

حیزبە خەڵك سالارەکان ئاگاداری ناسەقامگیریو گۆڕانی بیرو هزری سیاسین، دەزانن کە دەنگی هاوبەش زۆرتر لە ڕێگای وتووێژو دانوستاندنو بەشێوەیەکی هێمنو لەسەرخۆیانە بەدەستدێت.

ئۆپۆزسیۆنی یاسامەند بە یەکێك لە چەمکە گرنگەکانی حکومەتە خەڵك سالارەکان بە ئەژمار دێت، ئەمە بەو مانایە کە لە سیاسەتدا هەبوو، لایەنەکان لەگەڵ بوونی هەموو جیاوازییەکان لە بەها سیاسییەکان، ئازادیی بەیانو باوەڕمەندی بە یاسای بنەڕەتی شەریك و هاوبەشن، لایەنە دۆڕاوەکانی هەڵبژاردنەکان، لە چوارچێوەی ئۆپۆزسیۆندا درێژە بە چالاکییەکانیان دەدەنو دڵنیان کە سیستمی سیاسی پشتگیریی لە نارەزایەتیو (NGO)کانیان دەکات.

لە حکومەتی خەڵك سالاردا، گێرەوکێشەی نێوان حیزبە سیاسییەکان لە ڕاستای هەوڵدانە بۆ هەرچی زیاتر خزمەتکردن بە خەڵك نەوەك شەر بۆ مانەوە.

## ئەرکەکانی هاوڵاتییان

حکومەتی خەڵك سالار بەپێچەوانەی سیستمی دیکتاتۆریی، بۆ خزمەتکردن بە خەڵك بیچمی گرتووە، بەڵام خەڵکیش دەبێت پابەندی یاساو ڕێساکانی دەسەڵاتی خەڵك سالاربن، حکومەتە دیموکراتەکان ئازادیگەلێکی زۆر لەوانە ئازادیی دژایەتیکردن لەگەڵ دەسەڵاتو ڕەخنەگرتن لێی، بۆ هاوڵاتییانی لەبەرچاوگرتووە. شارۆمەندانی حکومەتێکی خەڵك سالار دەبێت بەشدار لە دەسەڵاتو ناوەندە بڕیاردەرەکان بن، هاوڵاتییان ئاگادارن کە حکومەتەکانی خەڵك سالار، لەگەڵ ئەوەی کە دەبێت مافەکانیان ڕەچاو بکرێت،



بەڵکو دەبێت بەرپرسایەتیش وەئەستۆ بگرن، ئەوان دەزانن خەڵك سالاری پێویستی بە کاتو هەوڵدانێکی زۆرە، حکومەتێك کە لە دڵی خەڵکەوە هەڵقوڵابێت، پێویستی بە وردبینییو پشتیوانیی بەردەوامە لەلایەن خەڵکەوە.

لە هەندێك لە حکومەتە خەڵك سالارەکاندا، بەشداریی مەدەنیانەی خەڵك بەمەبەستی خزمەتکردنیان لە (هیات های منصفه)، یان خزمەتکردن بە سیستم یان خزمەتگوزارییە نەتەوەییو سڤیلانە ئیجبارییە، ئەرکەکانی دیکە پەیوەستە بە حکومەت وەك ڕێزگرتن لە یاسا. مافی هاوڵاتییان بە گشتی بریتییە لە دانی سەرانە، دانان بە دەسەڵاتی هەڵبژێراوو ڕێزگرتن لە مافی خەڵکانێك کە بیروباوەڕی جیاوازیان هەیە.

هاوڵاتییانی حکومەتێکی خەڵکی دەزانن کە بۆ کەڵك وەرگرتن لە پشتیوانی حکومەت لە مافەکانیان، دەبێت شان بەنەبەر وەرگرتنی بەرپرسیارێتییەوە.

دەوترێت لە کۆمەڵگایەکی ئازاد: حکومەتی زاڵ بەسەر خەڵکدا هاوتەریبە لەگەڵ بەهاکانی ئەو کۆمەڵگایە.

بۆ سەرکەوتنی گەل سالاری، پێویستە کە هاوڵاتیان ئاکتیف بن، چونکە سەرکەوتن یان شکستی حکومەت لەئەستۆی ئەوانە نە کەسێکی دیکە، لە بەرامبەریشدا بەرپرسانی حکومەت دەزانن کە لە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ خەڵکدا دەبێت یەکسان بنو بەرتیل وەرگرتن جێگایەکی لە حکومەتی گەلیدا نییە، لە حکومەتێکی خەڵك سالاردا، خەڵکانی ناڕازی لە ڕێبەرانی کۆمەڵگا دەتوانن ئازادانەو بە هێمنیو لە ئارامیدا، هەلومەرجی گۆڕان پێکبێنن، یان لەکاتی هەڵبژاردندا دەنگ بە خەڵکانی جیا لە ڕێبەرانی دەسەڵاتدار بدەن.

لە حکومەتێکی گەلی، هاوڵاتییان پەیوەست بە دەسەڵات دەبنو بۆ سەرکەوتنی نوێنەرانی هەڵبژێراویان تێدەکۆشن، ئەوان ئەو ڕاستییە هەست

پێدەکەن قبوڵیانە کە رەنگە دەسەڵات بەردەوام لەدەستی حیزبدا نەبێت.

ئەوان ئازادن خۆیان بپاڵێون بۆ هەڵبژاردنەکان دەسەڵات لەدەستی حیزبدا نەبێت، ئەوان بۆ هێنانەئارای پرسە خۆجێیی و یان نەتەوەیی کەڵك لە راگەیاندنە سەربەخۆکان دەگرن، ئەوان دەبنە ئەندامی رێکخراوە سینفی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان.

ئەوان لەسەر ویستی خۆیان لە بوارێکدا چالاکیی دەنوێنن کە خۆیان خوازیارین، ئەم رێکخراوانە رەنگە ئایینی، کلتووری قەومی، ناوەندی توێژینەوە زانستییەکان و وەرزش و هونەرو ویژەو خوێندکار... بێت.

گشت ئەم گروپانە، بەبێ ئەوەی کە لە حکومەت جیاببنەوە یان دووربکەونەوە، لە هەموو مافێکی حکومەتی گەلیدا بەهرەمەندن.

## راگەیاندنە ئــــازادەکان

لە کۆمەڵگای خەڵك سالاردا، راگەیاندنەکان نابێت لەژێر چاودێریی حکومەتدا بێت، لە حکومەتە خەڵك سالارەکاندا، نە وەزارەت یان ناوەندێکی چاودێریی بۆ کۆنترۆڵی بابەتی رۆژنامەکان یان چالاکانی رۆژنامەوانی لەئارادا هەیە، نە مەرج و پێوانە بۆ تاووتۆیی هەڵسەنگاندنی رۆژنامەوانان، نە بە زۆرەملێش رۆژنامەوانەکان ناچار دەکرێن کە ببن بە ئەندامی یەکێتییەکانی ژێر چاودێری حکومەت. راگەیاندنی ئازاد، خەڵك وریا دەکاتەوە، کارکردی بەرێوەبەرانی وڵات دەکاتە ژێر کۆنترۆڵەوەو هەلومەرجێك بۆ دیالۆگ و ئاخێوی ناوچەیی و سەرانسەری، بەرهەڤ دەکات.

حکومەتێکی گەلی پشتیوانی مادیی و مەعنەویی راگەیاندنە ئازادەکان دەکات، سیستمی دادوەریی سەربەخۆ، پشتیوانیی لە کۆمەڵگای مەدەنی لەژێر چاودێریی



یاساو ئازادیی بەیانی گشتی لە راگەیاندنە سەربەخۆکان دەکات.

رۆژنامەکان بە چاودێریکردن بەسەر دەوڵەتدا، مافی ئاگادارو ورياكردنەوەی خەڵك بۆ بردنەژێر پرسیاری کارکردەکانی بەرپرسان دابیندەکات، حکومەتێکی گەلی دەرفەتی بەرێوەبردنی کۆبوونەوەی گشتی و هەروەها دەستپێڕاگەیشتن بە دیکۆمێنتە میللییەکان دەرەخسێنێت، لەمجۆرە دەسەڵاتەدا هیچ چەشنە بەربەست و پەرژینێك بۆ ئاخاوتن و نووسراوەکانی رۆژنامەوانان پێکناهێنێت، پێویستە کە راگەیاندنەکان لەهەمبەر کارو کردەوەکانیان خۆیان بە بەرپرسیار بزانن.

راگەیاندنەکان لە رێگای ئەنجومەنە پەیوەندیدارەکان، شوراگەلی سەربەخۆی راگەیاندن و "نوێنەرانی تایبەتی" یان رەخنەگرانی ناوەندێك کە سکاڵاکانی خەڵك تاووتوێ دەکەن، بەرپرسی پێڕاگەیشتن بە سکاڵاگەلێك کە زیادەڕەویی تێداکراوە، هەن و بەمشێوەیە بەرپرسیارێتی ئەوان لە ناوخۆدا دەپارێزرێت، خەڵك سالاری پێویستی بە هەڵبژاردن و بڕیاردانی خەڵکە.

بۆ راکێشانی متمانەی خەڵك لەمەڕ راگەیاندنەکان، رۆژنامەوانان دەبێت راپۆرتەکانیان لەسەر بنەمای راستگۆیی و سەرچاوەکانیشی لە ناوەندگەلێکی جێی متمانە ئامادەبکات، راپۆرتی درۆ یان دزینی هەواڵ، دژی بنەماکانی چاکسازیخوازی راگەیاندنە ئازادەکانە، راگەیاندنەکان بۆ جیاکردنەوەو کۆکردنەوەی زانیارییەکان و بڵاوکردنەوەیان لە روانگەی داڕشتنەوە، دەبێت لێژنەیەك بەدوور لە چاودێریی دەسەڵاتەوە بڕیاری لەسەر بدات. رۆژنامەوان نابێت بکەوێتە ژێر کاریگەری بیروڕای خەڵك و پێویستە هەتا بۆی دەکرێت بەدوای حەقیقەتەوە بێت، خەڵك سالاریی رێگا بە راگەیاندنەکان دەدا تا بتوانن بەبێ ترس لە حکومەت یان لە بەرژەوەندیان لە هەوڵی کۆکردنەوەی هەواڵ و زانیاری و بڵاوکردنەوەی زانیاریدابن.

## فیدرالیزم

کاتێك گروپگەلێكی جیاواز لە خەڵكی سەربەست، بە زمانی جیاواز، باوەڕمەندی ئایینی و یان پێوانگەلی کولتووری جیاواز دەستنیشانیدەکەن، کە لە چوارچێوەی یاسایەکی سەرەکیدا ژیان ببەنەسەر، چاوەڕوانییان ئەوەیە کە سەربەخۆیی ناوچەیی و خزمەتگوزاری بەرابەری ئابووری و کۆمەڵایەتی بەهەرمەند بن. لە سیستمی فیدراڵدا کە دەسەڵات لە ئاستی ناوچەیی و یان ولاتدا دابەشدەبێ، دەسەڵات دەدرێتە خەڵکانی دەستنیشانکراو کە سیاسەتگەلێکی پێوەندیدار بە ناوچە فیدراڵەکەوە دەگیرێتەبەر کە هاوتەریب بێ لەگەڵ حکومەتی ناوەندا. ئەوان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی هاوکاری و هاوئاهەنگیان لەنێویاندا هەیە تاکو ئاریشەکانی ولات بە هاریکاری یەکتر چارەسەر بکەن.

فیدرالیزم سیستمی دابەشکردنی دەسەڵات و بڕیاردانە لەنێوان دوو یان چەند حکومەتەکە بە شێوەی ئازاد هەڵبژێراون و بیاڤی دەسەڵاتیشیان، خەڵك و ناوچەی جوگرافیا هاوبەشەکان لەخۆ دەگرێ. ئەم سیستمە ڕێگای بڕیاردان لەمەڕ هێندێك بابەت کە ئاکامەکەی پێویستە بە خێرایی ڕوونبێتەوە هەم لە ئاستی کۆبوونەوەی بەرینی ناوچەیی یان لە ئاستێکی بەرزتری حکومی دا دەداو پشتیوانی لێدەکات.

فیدرالیزم ئەو دۆخە دەرەخسێنێ کە دەبێ بەردەوام لە بەرانبەر خەڵکدا وەڵامدەربێ و بە دابینکردنی ئەو دەرفەتە بۆ هێنانە ئارای پلان و بەرنامەی ناوخۆیی، یارمەتی بە بەشداریکردنی هەرچی زیاتر خەڵکدا دەکات.سیستمی فیدراڵ لەلایەن یاسایەکی بنەڕەتی ڕوون و ئاشکرا دەسەڵاتی تەواوی پێدەدرێ.

لە هەمان کاتدا کە بە شێوەی سروشتی بۆ وەدیهێنانی پێویستییە خۆجێییەکان لەلایەن حکوومەتی ناوخۆییەوە، ڕێکەوتن لە ئارادایە، باشترین ڕێکار بۆ



ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەندێك پرس، ئەسپاردنیەتی بە حکومەتی ناوەندی.

بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە بەرگری، ڕێکەوتنە نێونەتەوەییەکان، بودجەی حکومەتی فیدراڵ و... بکەین.

یاسا هەرێمییەکان، بەیانگەری پێویستییە هەرێمییەکانە بۆ ژیان. پۆلیس و ئاگرکوژێنەوە، بەڕێوەبەری خوێندنگاکان و یاساکانی تەندروستی و بیناکان لەو چەشنە خاڵانەن کە زۆرتر لە هەرێمەکان باس و جێبەجێدەکرێن.

لە سیستمی فیدراڵدا، پێوەندییە حکومییەکان بەو مانایەیە کە حکوومەتە جۆراوجۆرەکان (ناوچەیی و هەرێمی) لەکاتی پێویستدا بۆ بەشداربوون لە پرسەکانی پێوەندیدار بە دەسەڵاتەکانی یاسا، هاریکاری یەکتری دەکەن، نێوبژیوانی لە هەمبەر کێشە هەرێمییەکان پتر لە ئەستۆی حکومەتی ناوەندی دایە.

لەولاتێکدا کە لەڕووی جوگرافیاییەوە بەربلاو و خاوەنی ئابوورییەکی جۆراوجۆرە، یەکسانبوونی داهاتی سەرانە و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییە هەرێمییەکان دەکرێ لەرێگای پلان دارێژییەکی نوێ ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێ.

سیستمی فیدراڵ، وەڵامدەرو گشتگیرە. هاوڵاتیان لە گشت ئاستەکاندا دەتوانن خۆیان بۆ پۆستە حکومییەکان بپاڵێون. حکومەتە هەرێمی و ناوچەییەکان زۆرترین پۆستەکان و ڕەنگە زۆرترین هەلومەرج بۆ هێنانە ئارای گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەکەیان پێکبێنن.

## دەسەڵاتی یاسا

سەردەمێکی دوورو درێژ لە مێژووی مرۆڤایەتی، دەسەڵاتداران و یاسا لەیەك ڕیزبەندیدا بوون، یاسا بە سانایی شتێك بوو کە دەسەڵاتدار دەیخواست. یەکەمین پێنگاڤ لە ڕاستای دوورکەوتنەوە لەم سەرەڕۆییە،

هێنانە ئارای یاسایەکە کە چەمکی لە خوارتربوونی هێزی دەسەڵاتداران لە یاسا لەخۆبگرێت. حکومەتە خەڵکییەکان بە دروستکردنی دەسەڵاتی یاسا، زۆرتر لەوەی چاوەڕوان دەکرا چووەتە پێش. هەرچەند هیچ کۆمەڵگایەك بەبێ کێشە نییە، بەڵام دەسەڵاتی یاسا پشتیوانی لە مافە سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکان دەکات و وەبیری ئێمە دەهێنێتەوە کە دیکتاتۆریو بێ یاسا لە هەڵبژاردنەکانی ئێمە نین.

دەسەڵاتی یاسا بەو مانایە کە هیچ کەس، چ سەرۆك کۆمار چ کەسێکی تر لە سەرەوەی یاسا نییە. حکومەتە گەلییەکان، هێز لەرێگای یاساوە بەکاردێننو خۆیشیان لەمەڕ پەیڕەوکردنی دەروەستن.

یاسا دەبێ لە راستای خواستەکانی خەڵك، نەویستە تایبەتیو زۆرەملیو بەرپرسە سەربازیو سەرکردە ئایینیو یان حیزبەکانیان بێت.

خەڵك لە حکومەتە گەلییەکان، لایەنگری پەیڕەویکردن لە یاسان، چونکە رێز لە بڕیار و یاساکانی خۆیان دەگرن کاتێك کە یاسا لەلایەن خەڵکێکەوە پەسندبکرێ، دەبێ پەیڕەوی لێبکرێ کە دواتر بەپێی یاسا دادپەروەری بە باشترین شێوە سەقامگیر دەبێ.

بۆ دەسەڵاتی یاسا، ناوەندێکی بەهێزو سەربەخۆی دادوەری پێویستە کە خاوەنی دەسەڵاتو ئابووریو بەها و بایەخی پێویست لە راستای بردنە ژێر پرسیاری بەرپرسە حکومییەکانو تەنانەت سەرکردە باڵاکان لە بەرانبەر یاساو بڕیارەکانەوە، لەم روانگەوە دادوەران دەبێ زۆر کارکوشتەو، سەربەخۆو بێلایەن بن. ئەوان بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە گرنگەکانیان لە سیستمی یاساو دادوەری دەبێ پابەندی بنەماکانی خەڵك سالاری بن.

یاساکانی حکومەتی خەڵك سالار مومکینە سەرچاوەی: یاسا نووسراوە





سەرەکییەکان، بڕیارەکانو پەروەردە ئایینیو مۆراڵیو دابونەریتە کلتوورییەکان بێت. یاسا بەبێ لەبەرچاو نەگرتنی سەرچاوەکانیان دەبێ بۆ پارێزگاری لە مافو ئازادییەکانی خەڵك شیمانەی زۆر شت بکەن.

لەو شوێنەی کە مەرجەکانی یاسا، پشتیوانی وەکوو یەکە لە هەمووی، ناکرێ تەنیا لەسەر کەسێك یان گروپێکی تایبەتی جێبەجێبکرێ. هاوڵاتیان دەبێ لە قوڵبەستکردنی لە ناکاو و پشکنینی بێ هۆی ماڵەکانو یان دەستبەسەرداگرتنی دارایەکانیان پارێزراو بن.

هاوڵاتیانی تۆمەتبار بە تاوان، پێویستە بەخێرایو بە ئاشکرا دادگایی بکرێنو هەروەها ئەوانیش مافی ئەوەیان هەیە کە پرسیار لە سکاڵاکەرەکەیان بکەن. گەر ئەو کەسانە تاوانەکەیان لە سەریان بسەلمێندرێ دەبێ دووربن لە سزای بێ روحمانەو نامرۆییانە.

نابێ هاوڵاتی بەزۆر ناچاری بکرێن کە دان بە شتەکاندا بنێن لەرێگای ئەشکەنجەی جەستەییو دەروونییەوە.

## مافی مـــــرۆڤ

هەموو مرۆڤەکان کاتێك لەدایکدەبن کۆمەڵێك مافی ئاشکراو روونیوەك یەکیان هەیە.

ئەم مافی مرۆییە رێگا بە خەڵك دەدا کە ژیانێکی شەرافەتمەندانە ببەنەسەر، هەربۆیە هیچ حکومەتێك ناتوانێ ئەم مافە ببەخشێ، بەڵام هەموو دەسەڵاتەکان ئەرکی پاراستنیان لەئەستۆیە. ئازادییەك کە لەسەر بنەمای بەرابەری، لێبوردەییو رێزگرتن بەبێ لەبەرچاوگرتنی رەگەز، ئایین، پێوەندیە سیاسییەکان یان پێگە کۆمەڵایەتییەکان بیچم بگرێت رێگا بە خەڵك دەدا تاکو بەدوای ئەم مافە

بنەڕەتییانەدابن. لەکاتێکدا سیستەمە سەرەڕۆکان نکۆڵی لە مافەکانی مرۆڤ دەکەن، کۆمەڵگا کراوەکان بەردەوام لە هەوڵی گەیشتن بەو ئامانجەن.

هەموو خاڵەکانی مافی مرۆڤ پەیوەستو لەیەك دانەبڕاون، ئەو خاڵانە هەموو لایەنە جۆراوجۆرەکانی پێوەندیدار بە مرۆڤ لەوانە پرسە کۆمەڵایەتی، سیاسیو ئابوورییەکان لەخۆدا جێ دەکاتەوە.

لێرەدا ئاماژە بە هەندێك خاڵی سەرەکیان دەکەین:

ـ گشت خەڵك دەبێ مافی بوونی بیرو باوەڕو هزری جیاواز چ وەك تاك یان چ لەڕێگای ئەنجوومەنە ئاشتیخوازەکانیان هەبێ. کۆمەڵگای ئازاد "بازاڕی بۆچوونەکان" پێکدەهێنێ کە لەناو ئەواندا تاکەکان لەمەڕ هەر بابەتێك دەتوانن ئاڵوگۆڕی بیرورا بکەن.

ـ هەموو خەڵك دەبێ مافی بەشداریان لە حکومەت دا هەبێ. حکومەتەکان دەبێ لە هەوڵی داڕشتنی یاساگەلێك لە پێوەندی لەگەڵ مافی مرۆڤ دابنو لە هەمان کاتدا ناوەندە دادوەریەکانیش دەبێ ئەم یاسایانە بە شێوەیەکی یەکسان لەنێو خەڵکدا جێبەجێبکەن.

ـ پێشگیری لە قوڵبەستکردنی سەرەڕۆیانە، ئەشکەنجەو ئازاردان چ بۆ ئەو کەسە لەڕیزی دژبەرانی حیزبی دەسەڵاتدار بێت، چ کەمینە نەتەوەو یان چ تاوانکارێکی ئاسایی بێت لە مافە سەرەتاییەکانی مافی مرۆڤ بە ئەژمار دێن. هێزێکی پۆلیسی لێوەشاوەو ئەزمونکار هاوکات کە بۆ هەموو هاوڵاتیان ڕێزدادەنێ، یاساکانی وڵاتیش بەڕێوەدەبات.

ـ لەوڵاتانێك کە فرە نەتەوەییە، کەمینە ئایینیو نەتەوەیی بەبێ نیگەرانی لە تۆمەتەکانی زۆرینەی خەڵك، لەمەڕ کەڵك وەرگرتن لە زمانو پاراستنی نەریتەکانیان ئازادن. حکومەتەکان هاوکات لەگەڵ ڕێزگرتن لە خواستی زۆرینە،



گرنگی بە مافەکانی کەمینەش دەدا.

ـ هەموو خەڵك دەبێ خاوەنی دەرفەتی کار، سەرچاوەی بژێویی ژیانو پشتیوانە لە بنەماڵەکانیان بن.

ـ پێویستە پشتگیری تایبەتی لە مناڵان بکرێت. ئەوان لانیکەم دەستیان بە پەروەردەی سەرەتایی، خۆراكو تەندروستی ڕابگات.

بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ پێویستە کە هاوڵاتیان هەر کۆمەڵگەیەکی ئازاد، وریا بن. بەرپرسیارەتی هاوڵاتیان بە شێوەی کۆمەڵێك چالاکی بەشداریو هاوبەشی، گەرانتیو وەڵامدانەوەی حکومەت بە خەڵکە.

بنەماڵەکانی کۆمەڵگا کراوەکان لە هەمبەر پاراستنی مافی مرۆڤ دەروەستن. ئەوان لە ڕێگەی کۆمەڵێك ڕێکەوتنو بەڵێنامەی نێونەتەوەیی لە هەمبەر مافی مرۆڤ بە شێوەی فەرمی دان بەم دەروەستییەدا دەنێن.

## دەسەڵاتی بەڕێوەبەری

ڕێبەرانی حکوومەتە خەڵك سالارەکان، بە ڕەزامەندی خەڵك حکومەت دەکەن. هێزی ئەم سەرکردانە بەهۆی زاڵبوون یان بەدەستەوە گرتنی سوپاکان یان سەرچاوەی سامانە ئابوورییەکانەوە نییە.

هۆکاری ئەم هێزو دەسەڵاتە، بەهۆی هەڵبژاردنێکی ئازاد، ئەو دەسەڵاتەی کە لەلایەن یاساوە پێناسەکراوەو ڕێپێدراوە بەرێبەرانیان دەسپێردرێ. لە خەڵك سالاری یاساییدا، بەپێی هەڵبژاردنێکی ئازاد، دەسەڵاتەکان بە جۆرێك دابەشدەبێ کە دەزگای یاسادانەر سەرقاڵی داڕشتنی ڕەشنووسی یاسا بێت، دەسەڵاتی بەڕێوەبەر جێبەجێیان بکاتو دەزگای دادوەریش بەشێوەیەکی سەربەخۆ چالاکی بکات.

ـ سەرکردەکانی حکومەتە گەلییەکان نە سەرەڕۆیی هەڵبژێراو و نە "سەرۆکە

هەتاهەتاییەکانن". ئەوان بۆ کاتێکی دیاریکراو دەسەڵات دەگرنەدەستو ئاکامی هەڵبژاردنە ئازادەکانیش تەنانەت بەواتای لاچونیان لە دەسەڵات قبوڵ دەکەن.

ـ لە حکومەتە یاسایەکانی خەڵك سالار، سنووری دەسەڵاتی بەڕێوەبەریان بەشێوەی ئاسایی بە سێ شێوە دیاریدەکرێت: لەلایەن سیستمێك تاوتوێو هەڵدەسەنگێنرێو دەسەڵاتی یاسادانەرو بەڕێوەبەرو دادوەری لەیەك جیادەکاتەوە، لەلایەن فیدرالیزمێك کە دەسەڵات لەنێوان حکومەتی ناوەندیو حکومەتە هەرێمییەکانو ناوچەییەکان دابەشدەکات، لەلایەن یاسای مافە بنەڕەتییەکان گەرانتی دەکرێت.

دەسەڵاتی بەڕێوەبەری بە شێوەی گشتی لەوڵاتدا لەلایەن ناوەندێکی هەڵقوڵاو لە یاساکە دەکەوێتە خانەی یاسادانانەوەو هەروەها لەلایەن ناوەندێکی دادوەری سەربەخۆ دەستنیشاندەکرێت.

ـ دەسەڵاتی بەڕێوەبەری لە حکومەتە گەلییەکانی هەنووکە بەگشتی دابەشدەکرێ بەسەر دوو شێوەدا: سیستمی شورایی یان سیستمی سەرۆك کۆماری.

ـ لە سیستمی شوراییدا، حیزبی زۆرینەی کۆری یاسادانەر، لقی بەڕێوەبەری حکومەت بە سەرۆکایەتی سەرۆك وەزیران پێکدێنێ.

لە سیستمی شوراییدا، لقەکانی یاسادانەر و بەڕێوەبەری بە تەواوی لەیەك دانەبڕاون یان لەیەك جیا نین، چونکە سەرۆك وەزیران و ئەندامانی کابینە لەناو پەرلەماندا هەڵدەبژێردرێن. لەوەها سیستم گەلێك، ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی بە کەرەستەیەکی سەرەکی بۆ کەمکردنەوەی چاودێری بەسەر کارو کردەوەکانی بەڕێوەبەری بەهەژمار دێت.

ـ لە سیستمی سەرۆك کۆماریدا، سەرۆك کۆمار جیا لە لیژنەی یاسادانەر هەڵدەبژێردرێت.



ـ لە سیستمی سەرۆك کۆماریدا، سەرۆك کۆمارو لیژنەی یاسادانەر، هەرکام خاوەنی سەرچاوەی دەسەڵات و بیاڤە سیاسییەکانی خۆیانن تاکو بتوانن لەکاتی خزمەتدا، یەکتری هەڵبسەنگێنن.

ـ حکومەتە خەڵك سالارەکان، تەنیا خوازیاری دەوڵەتگەلێکی چوارچێوەدار نەوەك لاوازن. لە ئاکامدا رێککەوتن لەمەر پرسەکانی وڵات زیاتر دەلوێ و رێبەرانی ئەم وڵاتە دەتوانن بەهێزو باوەڕ بەخۆبوونێکی تەواوەوە سەرقاڵی کارەکانیان بن.

ـ سەرکردەکانی حکومەتە گەلییە یاسامەندەکان، چالاکییەکانیان بەردەوام لە چوارچێوەی یاساکە دەسەڵاتەکانیانی دیاریکردووە، دەگونجێنن.

## دەســـــەڵاتی یاسادانەر

نوێنەرانی هەڵبژێردراو لە حکومەتێکی خەڵکیدا، ئەندامانی پەرلەمان، شورا یان کۆنگرە، ئەرکیانە کە خزمەت بە خەڵك بکەن ئەوان کۆمەڵێك ئەرکیان لەئەستۆیە کە بۆ تەندروستی حکومەتێکی گەلی پێویستییە.

ـ بە حکومەتێکی گەلی کەم وێنە، ناوەندەکانی یاسادانەری هەڵبژێراو، بە شوێنی باسو توێژینو دانانی یاسا بە هەژمار دێت. ئەم ئەنجومەنگەلە ناوەندگەلێکی یەکلاکەرەوەو بڕیاردەرنین کە تەنیا بڕیارەکانی رێبەرێکی سەرەرۆ پەسندبکەن.

ـ دەسەڵاتی چاودێریو لێکۆڵینەوە ئیزن بە ناوەندەکانی یاسادانەر دەدا کە کارو کردەوەکانی بەرپرسانی حکومی بخەنە ژێر چاودێری خۆیانەوەو جیا لەمەش چاودێری بەسەر وەزارەتە جۆربەجۆرە حکومییەکان، بەتایبەتی لە سیستمی سەرۆك

کۆماری کە کۆری یاسادانەرە جیا لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەریە، بکات.

لیژنەکانی یاسادانەر دەتوانن بودجەکانی وڵات پەسندبکەن، لە هەندێك کاتی پێویستدا کۆبوونەوەی نافەرمی پێکبێنن‌و دەنگی متمانە بە خاوەن پۆستە بەڕێوەبەرییەکان بدەن. لە هەندێك لە حکومەتە گەلییەکان، کومیتەکانی یاسادانەر بۆیان دانەران دەرفەتی شیکردنەوەو تاوتوێی راستەوخۆ بۆ پرسەکانی پێوەندیدار بەوڵاتەوە بەرهەڤ دەکات.

لیژنەکانی یاسادانەر رەنگە پشتیوانی لە حکومەت بکەن یان ببن بە بەرهەڵستکاریکی سیاسی کە سیاسەت‌و پلانگەلی جۆراوجۆر پێشنیاز بکەن.

- یاسادانەران ئەرکیانە بۆچوونەکانیان بە شێوەیەکی روون‌و شەفاف بەیان بکەن، بەڵام ئەوان دەبێ بە هێمنی‌و بە حورمەتەوە کە بە بنەمایەکی مۆراڵی خەڵك سالاری بە هەژمار دێت دابنێن‌و بۆ گەیشتن بە رێککەوتن گەلێك کە لە راستای بەرژەوەندی تەناهی هەموو خەڵك‌و نەك هەر کۆمەڵێکی تایبەتی سیاسی خوازیاری خۆیان دا بن. هەر ئەندامێکی لیژنەی یاسادانەر دەبێ بە تەنیایی بڕیار بدات کە چلۆن لەنێوان بەرژەوەندی گشتی‌و بەرژەوەندی هەڵبژێراوە خۆجێیەکانیان هاوسەنگی دروستبکات.

- یاسادانەران، زۆرجار بۆ دەنگدەران کۆمەڵێك کۆبوونەوە پێکدێنن‌و ئاریشەو ناڕەزایەتییەکانیان لەپێناو هاودەردی لەگەڵ ئەوان‌و هەروەها بۆ یارمەتی‌وەرگرتن لە بەرپرسە حکومییەکان، دەهێنێتە گۆڕێ. ئەوان بەگشتی بۆ ئەم مەبەستە خاوەنی گروپێك لە راوێژکارە بە ئەزموونەکانن.

ـ یاسادانەرانی وڵات زۆرتر بە شێوازێك لەم دوو شێوازە دابەشدەبن. لە هەڵبژاردنە راستەوخۆکان کە هەندێك کات زۆرینەی رێژەیی پێدەگوترێ، پاڵێوراوێك کە زۆرترین دەنگەکان بەدەستبێنێت، هەڵدەبژێردرێ. لە شێوازی



هەڵبژاردنە حیزبییەکان دا کە زۆرتر بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کەڵکی لێوەردەگیرێ، دەنگدەران زیاتر دەنگ بە حیزبەکان دەدەن نەوەك بە خەڵکی دیکەو نوێنەرانیش لەسەر بنەمای رێژەی دەنگدەرانی بەدەستهاتووی حیزبەکانیان دەستنیشاندەکرێن.

ـ شێوازی هەڵبژاردنە حیزبییەکان، بوار بۆ حیزبە بچووکەکانی دیکە دەڕەخسێنێ تاکو بە جیددی وەخۆ بکەون‌و بەرە پێکبێنن. هەڵبژاردنە راستەوخۆو ئاوەڵان سیستەم بەرەولای فرە حیزبی‌و ناکۆجێی ئاڕاستەدەکات. لەهەر دوو شێوازدا، نوێنەران لە وتوێژ، دانوستاندنەکان‌و پێکهێنانی بەرەو... کە لە تایبەتمەندیە زەق‌و بەرچاوەکانی ناوەندە یاسادانەرە حکومەتە گەلییەکان بە هەژمار دێت، بەشداریدەکەن.

ناوەندەکانی یاسادانەر زۆرتر دوو ئەنجومەنی‌و لە دووبەش پێکدێت‌و یاسا نوێیەکان دەبێ لەهەردوو پەرلەمانی خواریێ‌و سەرێ تێبپەڕێندرێ.

## گرنگی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری

تێبینیەکان لەلایەن ساندردای ئۆکانی (Sandra Day oconnor)، یاریدەدەری راوێژکاری دیوان ( Associate JUSTICE)، دیوانی باڵای وڵاتە یەکگرتووەکان، کە لە رۆنیشتنە دادوەریەکانی عەرەب (Arab Judicial Forum) لە مەنامەی بەحرین (Bahrain). ١٥ی سێپتامبری ٢٠٠٣.

ئەلکساندر هامیلتۆن (Alexander Hamilton) یەکێك لە داڕێژەرانی یاسای بنەڕەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە بەرگریکردن لە رۆڵی دەسەڵاتی

دادوەری لە ستراکتۆری حکومەتی گەلیدا، لە ژمارەی ٧٨ی گۆڤاری "فدرالیست" (The Federalist) نووسیبووی: "گەر دەسەڵاتی دادوەری لە دەسەڵاتی یاسادانەرو بەڕێوەبەری جیانەکرێتەوە ئازادی بوونی نابێ... ئازادی بە تەنیایی نابێتە هۆی ترس و شڵەژانی دەسەڵاتی دادوەری، هەربۆیە دەبێ لە هاودەنگی و یەکدەنگی یەکێتی نێوان دوو دەسەڵاتەکەی دیکە ترسی هەبێ." روانگەی هامیلتون سنووری جیاوازییەکانی نێو سیستمی دادوەری وڵاتان دەبەستێ. چونکە تەنیا بە سەربەخۆیی دادوەرییەکە دەکرێ بە تەواوی "حکومەتی یاسایی" (Rule af law) بۆ خەڵك گەرانتی بکرێت.

هەر بەوجۆرەی کە سەرۆك کۆماری ئەمریکا درووویلسۆن نووسی: "لە دادگادا دەردەکەوێ کە حکومەت بەڵێنەکانی دەباتەسەرێ یان نا. بەمپێیە خەباتی تاك بۆ حکومەتی گەلی هەڵبەت خەبات بۆ باشترکردنی یاساکان و گۆڕانیان تێدا.. هەروەها بۆ دادگا گەلێکی سەربەخۆو بێلایەنەش هەروایە".

ئەم بنەمایە کە دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆ بنچینەی ئیدارەی گونجاوی دادوەری و جێبەجێکردنی دادپەروەرییە بە قوڵایی لە دامەزراوە یاساییەکانی عەرەبدا جێیگرتووە. بە کردەوە هەموو یاسا سەرەکییەکانی عەرەب سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەریان گەرانتی کردووە. بۆ وێنە، یەکێك لە مادەکانی یاسای وڵاتی پاشای بەحرین واتە ماددەی ١٠٤ی ئەڵێت: "ئابڕوی دەسەڵاتی دادوەری و داوێنپاکی و بێلایەنی دادوەران، بنەمای حکومەتێکی راستەقینەیەو گەرانتییەك بۆ ئازادییەکان و مافەکانە. هیچ بەرپرسێك مافی دەستێوەردانی لە بڕیارەکانی قازییەکاندا نییە، لەژێر هیچ بارودۆخێکدا ناکرێ دەستتێوەردان لە رەوتی کاری دادوەرییەکاندا بکرێت.

یاسا سەربەخۆیی دادوەری گەرانتی دەکات..." ماددەی ٦٥ی یاسای بنەڕەتی میسر بەم جۆرەیە کە: "سەربەخۆیی و پارێزراویی دەسەڵاتی دادوەری دوو بنەمای سەرەکییە بۆ گەرانتی ماف و ئازادیەکانی ئاماژەپێکراو لە یاسادایە". یاسای بنەڕەتی ئوردون لە ماددەی ٩٧ی دا رادەگەیەنێ: "دادوەران سەربەخۆن و لەکاتی بەئەنجامگەیاندنی ئەرکە دادوەریەکانیان پابەندی هیچ سەرچاوەو یان بەرپرسێك جیا لە قانوون نین".

ئێمە هەر ئەم چەمکانە لە ٦ ماددەی "بنەماو هەڵسوکەوتی بانگلۆر (Bangaalore)یش دەبینین کە لەژێر چاودێری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بۆ بەهێزبوون و توکمەبووی هەموو لایەنەکانی دادوەری لە جیهاندا دارێژراوە. ماددەی یەکەم ئەڵێت:" سەربەخۆیی دادوەری پێویستییەکە بۆ حکومەتی یاسامەندو دادگاییکردنی دادپەروەرانە گەرانتی دەکات.

هەربۆیە دادوەر ئەرکیەتی کە ئەم سەربەخۆییە چ لە روانگەی تاکی و چ روانگەی دامەزراویی و ئیدارییەوە بپارێزە". راگەیەندراوی قاهیرە لەمەڕ سەربەخۆیی دادوەری کەلە کۆنفرانسی دووهەمی دادپەروەری عەرەبدا ( second conference Arabyustice) لە فێبریوەی ٢٠٠٣دا ئامادەکرا پەسندیکرد، کە سەربەخۆیی دادوەری پایەی سەرەکییە کە ئازادییە مەدەنییەکان، مافی مرۆڤ، رەوتی گەشەکردنی گشتگیر، چاکسازی لە بازرگانی و نیزامی سەرمایەداری، هاوکارییە ئابوورییە ناوچەی و نێونەتەوەییەکان و ستراکتۆری دامەزراوە دیموکراتییەکان... هەمووان لەسەر ئەم بنەمایە راوەستاوە.

هەر ئەم بنەمایە لەراستیدا بناغەی دەسەڵاتی دادوەریە لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. باوکانی دامەزرێنەری ئەمریکا هەڵیانسەنگاندبوو کە لە بنەڕەتیترین هۆکارەکان بۆ کارکردی داد لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوەیە کە ئەم دەسەڵاتە دەبێ لە هەموو بەشەکانی دیکەی حکومی جیابکرێتەوە. بۆ

هێنانەدی وەها ئامانجێك، یاسای بنەڕەتی ئەمریکا سیستمێکی دادوەری فیدراڵی سەربەخۆیی، لە ڕەوگەی جیاکردنەوەی ئەرکەکانی یاسادانەرو جێبەجێکردن و بەڕێوەبردنی یاسا (بەشی دادوەری)، دایانمەزراند. ئەم جیاکردنەوەیەی دەسەڵاتی یاسادانەر لە دەسەڵاتی دادوەری دەبێتە هۆی مانەوەو مەترسی سەرەڕۆیی حکومەت تا ڕادەیەکی بەرچاو دادەبەزێنێ. دادوەرێکی سەربەخۆ بەو واتایە کە هەم قازی لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیدا سەربەخۆیەو هەم دەسەڵاتی دادوەری بەشێوەی دامەزراوەیەکی سەربەخۆیەو کەوشەنی هێزو چالاکیان لە دەستێوەردانی بەرپرسانی حکومی دەپارێزێت. بەگوێرەی بنەمای بانگلۆر سەربەخۆیی دادوەری هەردوو لایەنی تاکی‌و دامەزراوەیی لەخۆدەگرێت.

لەرووی سەربەخۆیی تاکی دادوەری، دوو ڕێگا بۆ گەرانتی سەربەخۆیی دێتەگۆڕێ. یەکەم ئەوەی کە دادوەر دەبێ ترسی لە تۆڵەکردنەوە یان هەڕەشەکردن نەبێت، تاکو ترس‌و نیگەرانی لە بڕیاردانی دا شوێندانەر نەبێت. دووهەم، مێتودێك کە دادوەر پێ هەڵدەبژێردرێت، بنەمای مۆراڵی کە دەبێ پێی پابەندبن، دەبێ بە جۆرێك بێت کە مەترسی گەندەڵی‌و کارتێکەری بەلانیکەمەوە بەدەربێت.

لەوڵاتە یەکگرتووەکان بەهۆی پاراستنی پۆست‌و دەرماڵەی دادوەرو دەستێوەردانی هێزە دەرەکییەکان لە بەرانبەر تولەدا دەپارێزێت. بەگوێرەی یاسای بنەڕەتی ئەمریکا، دادوەرانی فیدراڵ پۆستەکانی خۆیان لەکاتی سەرکەوتنیان لە کارەکانیان دەپارێزێت. جگە لەوەش یاسای بنەڕەتی جەختدەکاتەوە تاکو کاتێك دادوەرانی فیدراڵ لەسەر کاری خۆیان بن دەرماڵەکەیان کەمنابێتەوە. ئەم بڕیارانە وادەکات کە دادوەر لە جێبەجێکردنی یاسادا هیچ نیگەرانییەکی نەبێ.

لەلایەکی دیکەوەش دەبێت دڵنیابین کە دادوەر بە شێوەیەکی دادپەروەرانە کەڵك لە هێزی خۆی وەردەگرێ نەوەك بە گوێرەی بەرژەوەندی تاکی یان



کاریگەری دەرەکی. قازی نابێ لەژێر باندۆری یەکێك لە لایەنەکانی کێشەکە بێت‌و یان پشتیوانی لە یەکیان‌و دژی ئەوی دیکەیان بێت‌و هەروەها خۆیشی نابێ لە ئاکامی کێشەی دووکەس قازانج بکات. دادوەرێك کە مل بۆ گەشەو گەندەڵی‌و کاریگەری دەرەکی‌و ناوخۆیی دابنێ، متمانەو ڕێزی هاوڵاتیانی خۆی لەدەستدەدا. کاتێك دادوەرێك بڕیارێك دەدا کە قازانجێك بەخۆی بگا، یان مافی کەسێك لەژێر پێ دەنێت ئەو بڕیارو دەنگە دەسەڵاتی یاسا خەوشداردەکات. لەکاتی دەستنیشانکردنی دادوەر یان بنەمایەکی مۆراڵی کە ڕێنمایی ڕەفتارو کرداری ئەوانە، ئەم پرسانە ئەبێت لەبەرچاو بگیرێن.

دەستنیشانکردنی دادوەر بەگوێرەی لێهاتوویی، داوێنپاکیی، دەروەستی مۆراڵیی، بە شێوەی سروشتی گەرانتی ئەوە دەکات کە قازی هەڵبژێردراویان دەستنیشانکراو بێلایەنە بڕیار بدات.

هەر تێبینییەکی دیکە جیا لە تایبەتمەندییەکانی سەرەوە بۆ هەڵبژاردن‌و دانانی دادوەر (لەلایەن بەرپرسێکی سیاسی یان لەرەوگەی دەنگی دەنگدەران) ئەم ئەگەرە بەهێزتر دەکات کە دادوەر بەهۆی ئەم تێبینیانە لە ئەنجامدانی دادوەرییەکی بەلایەنانە سەرکەوتوو نابێ. بە سەرنجدان بەو پەرنسیپە زانستییانە کە بۆ هەڵبژاردنی دادوەر لەبەرچاوبگیرێ، دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەڵبژاردنێکی باشترو سەرکەوتوو بێتەئاراوە. ڕاگەیەندراوی بەیروت کە بەرهەمی یەکەمین کۆنفرانسی عەرەب لەمەڕ دادپەروەری بوو ئاماژە بەوە دەکات: "هەڵبژاردنی دادوەران بەبێ هیچ هەڵدوارنێك لەسەر بنەمای ڕەگەز، ڕەنگ، ڕەچەڵەك، باوەڕمەندی ئایینی، زمان، پێگەی کۆمەڵایەتی، شوێنی لەدایکبوون، ڕەوشی ئابووری، لاگیری سیاسی‌و... ئازاد دەبێت. بەتایبەتی لەکاتی هەڵبژاردنی دادوەران بنەمای دەرفەتی دادوەری دەبێ لە بەرچاو بگیردرێ تاکو دڵنیابین لەوەی کە هەموو

خوازیارانی پۆستی دادوەری بە شێوەی بەرابەرو ئۆبژەکتیف تاوتوێ کرابن".

لەولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دامەزراندنو پاراستنی دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆو بێلایەنانە لەرێگای بڕیارەکانی خۆیان، گرتنەبەری پەرنسیپ شێواز گەلی یاسایی لە هەوڵی پاراستنی پەرەستیژی دادوەری دان بەگوێرەی وتەی سەرۆکی دیوانی باڵای ولات هارلێن ستۆن: "تەنیا چاودێری بەسەرکردەکانی دەسەڵات خۆمانە کە دەبێتە هۆی دەستتێوەرنەدان لە کاروباری دادوەری دا". هەر هەرێمێکی ئەمریکا خاوەنی دەزگای دادوەری فیدراڵو خاوەنی ئایینامەی مۆراڵی تایبەتو پتەوە کە دادوەران پابەندن بە پاراستنی.

یەکەمین خاڵ لە ئایینامە ئەخلاقیەکە دادوەرانی فیدراڵ ناچار دەکات کە "سەربەخۆیی دادوەری لەبەرچاو بگرنو بیپارێزن". ئایینامەکە هەروەها ئەڵێت: "دەزگایەکی دادوەری سەربەخۆ پێویستییە کە بۆ دادپەروەری لە کۆمەڵگای ئێمەدا".

هەروەها سەربەخۆیی دادوەری رێگا بە دادوەر دەدات کە بڕیارێك دەربکات کە بە پێچەوانەی هەموو دەزگاکانی حکومی بێت. هەندێك کات سەرۆك کۆمارەکان، وەزیرەکانو یاسادانەران رێگا چارەسەرگەلێك بۆ ئاسانکاری کاروبارەکانی رۆژانە دەستنیشاندەکەن. لێرەدا ئەرکی تایبەتی دەزگای دادوەری سەربەخۆیە کە بزانێ کە ئاخۆ ئەو رێگاو مێتۆدانە مافو ئازادییەکانی خەڵك خەوشدارو بەرتەسك ناکاتەوەو لەکاتی پێویستدا پێش بە پێشێلکاریەکان بگرێت.

هەر ولاتێك باندۆری تایبەتی لەسەر دەزگای دادوەری خۆی دادەنێت، بۆیە هەندێك بنەما هەن کە لە سەرەوەی جیاوازییە نەتەوەییەکان رۆڵیان هەیەو بوارێکی هاوبەشیان هەیە.



هەواڵنامەی کتێب

گرنگی دەزگایەکی سەربەخۆیی دادوەری یەکێك لەم بنەمایانەیە. هەربۆیە گەر رێکەوتنی تیۆری لەسەر ئەوی کە سەربەخۆیی دادوەری پایەی سەرەکییە بۆ پاراستنی دەسەڵاتی یاسایە ئاسان بەدەستدێت، بەڵام ئەوەی کە دژوارە ئەرکی بە کردەییکردنی ئەم بنەما تیۆریەیە.

## مەشرووتییەت

یاسای سەرەکی ئامادەکراو خاوەنی گرنگترین یاساکانە کە دانیشتوانی ولاتێك رەزامەندی خۆیان بۆ جێبەجێکردنی رادەگەیەننو پێشاندەری ستراکتۆری سەرەکی حکومەتەکەیانە. بەمجۆرە مەشرووتییەتی گەلی لەسەر بنەمای خواستەکانی تاکەکەس، مافە کۆمەڵایەتییەکانو بەرتەسککردنەوەی بازنەی دەسەڵات، چوارچێوەی حکومەت لەسەر بنەمای گەل سالاری بونیات دەنرێ.

- مەشروتییەت، جەخت لەسەر هاوئاهەنگی نێوان خەڵكو دەسەڵاتدار دەکات.
- یاسای بنەڕەتی، ئامانجو خواستە بنچینەییەکانی کۆمەڵگا لەوانە گرنگیدان بە خۆشگوزەرانی گشتی پێناسە دەکات.
- هەموو یاساکان دەبێ بەپێی یاسا بنەڕەتییەکان دابڕێژرێن. لە حکومەتی گەلیدا دەزگایەکی سەربەخۆی دادوەری رێگا بە هاوڵاتیانی دەدا کە ئەو یاسایانەی کە لەگەڵ یاسا بنەڕەتییەکان کۆكو ناتەبایە دژایەتی بکەنو داوا لە دادگا بکەن بۆ چارەسەرکردنی کردەوەو بڕیارەکانی ئەو بەرپرسانەی کە کاری نایاسایی دەکەن.
- یاسای بنەڕەتی، چوارچێوەی دەسەڵاتی حکومەتو بیاڤی تواناو هێزیان، شێوەی بەکارهێنانی ئەو هێزەو رەوتی تێپەراندنی یاساکانی دیکە دەستنیشاندەکات.

- یاسای بنەڕەتی بەرنامەو پەیڕەویکردن پێناسە دەکات‌و بنەمای هەڵبژاردنی خاوەن مەرجەکانی دەنگدانیش دیاریدەکات.

- یاسای بنەڕەتی بنەمای دامەزراوە سیاسی، جێبەجێکارو دادوەری‌ولات‌و هەروەها ستراکتۆری دەزگای یاسادانەرو دادگاکان، مەرجەکانی دروستکردنی حکومەتی هەڵبژێراو و مەرجەکانی حکومەت بۆ بەرپرسانی هەڵبژێراو دەستنیشاندەکات.

- یاسای بنەڕەتی ئەرکەکانی وەزارەتخانە حکومییەکان بەیان دەکات‌و ڕێگا بە بەرپرسان دەدات تاکو لە هەولی کۆکردنەوەی سەرانەو پێکهێنانی هێزێکی بەرگری نەتەوەیی دابن.

- یاسای بنەڕەتی لە نیزامێکی فیدراڵدا دەسەلات لەنێو ئاستە جیاجیاکانی حکومەت دابەشدەکات.

- بەهۆی ئەوەی کە یاسا لە قۆناغێکی تایبەتی لە زەمەندا دەنووسرێت دەستکاریکردنی لە هەندێك قۆناغی دیکەدا پێویستییە تاکو بتوانرێ لەگەڵ پێداویستییە جۆراوجۆرەکانی تاکەکان لە داهاتوودا ڕێکبخرێت.

بەگشتی یاسا بنەڕەتییەکان بە شێوەیەك دەنووسرێن کە بنەما گشتییەکانی حکومەت دەستنیشاندەکات.

- یاسای بنەڕەتی بەگشتی بەسەر دوو لایەنی یاسایی پۆزەتیڤ‌و نێگەتیڤ دابەشدەبێ.

مافە نیگەتیڤەکان بە حکومەت ئەڵێت کە چ کارگەلێك نابێ ئەنجامبدات. ئەم مافە دەسەلاتی حکومەت بەرتەسك دەکاتەوەو پێش بە ڕووبەڕوو بوونەوەگەلێکی دیاریکراو لەگەڵ خەڵکدا دەگرێت.



بۆ نموونە حکومەت دەبێ خۆی لە بەرتەسککردنەوەی ئازادی بەیان‌و مافی پێکهێنانی ڕێپێوانە ئاشتیخوازەکان‌و قوڵبەستکردن‌و دەستبەسەرکردنی نایاسایی بوێرێت.

مافە پۆزەتیڤەکان بە حکومەت ئەڵێت چ کارگەلێك دەبێ ئەنجامبدات‌و بە شارومەندان ئەڵێت چ کارگەلێك ڕێپێدراوە. ئەم مافە ڕێپێدراوانە ڕەنگە مافە کۆمەلایەتی، ئابووری‌و کولتووری لە ئاستە جیاجیاکانی کۆمەڵگا لەخۆبگرێت.

## ئـــــازادی بەیان

ئازادی بەیان‌و رادەربڕین بەتایبەتی لە بواری پرسە سیاسییەکان‌و پرسە گشتییەکان شادەماری سەرەکی هەر حکومەتێکی گەلییە. حکومەتە گەلییەکان چاودێری بەسەر هەموو راو بۆچوونێك لە راگەیەنەکان ناکەن. بەمشێوەیە لە حکومەتە گەلییەکان دەنگ‌و رای جیاوازو تەنانەت ناکۆك لەگەڵ سیاسەتی حکومەتەکان دەبیسترێن‌و دەبیندرێن.

بە گوێرەی باوەڕی تیۆری دارێژرانی حکومەتە گەلییەکان، وتووێژی ئازادو ڕاستەوخۆ زۆرجار باشترین هەڵبژاردنی لێدەکەوێتەوەو ئەگەری هەڵەی کەم تێدا دەبینرێ.

- خەڵك سالاری پشت بەستووە بە خوێندەواری‌و دەستپێڕاگەیشتنیان بە ناوەندە زانیاریەکان، دەرفەتی بەشدارییان لە ژیانی گشتی کۆمەڵگاکەیان‌و هەروەها ڕەخنەگرتن لە بەرپرسانی ناکارامەی حکومی یان سەرەرۆ بەرهەڤ دەکات. شارۆمەندان‌و نوێنەرانی هەڵبژێراوی ئەوان دەزانن کە خەڵك سالاری لەسەر پایەی بەربلاوترین دەستپێڕاگەیشتن بە بۆچوونەکان، دیکومێنتەکان‌و باوەڕمەندیەکان ڕاوەستاوە.

بۆ ئەوەی کە خەڵك بتوانن بە شێوەی ئازادانە لەگەڵ حکومەت بەرەوڕوو بن پێویستە لە راکانیان بە شێوەی نووسراو یان بە شێوەی ئاخاوتن ئازادبن، تاکو بتوانن بۆچوونەکانیان بە شێوەی راستەوخۆ، گشتیو بەردەوام بهێنەگۆڕێ.

ـ بنەمای ئازادی بەیان دەبێ لەلایەن یاسای بنەڕەتی خەڵك سالارەوە بپارێزرێت تاکو پێش بە هەندێك پێشێلکاری لەلایەن بەرپرسانەوە بگیردرێت.

پشتیوانی لە ئازادی بەیان بە کارێکی نگەتیف لە قەڵەمدەدرێتو بەپێچەوانەی هەڵسوکەوتی راستەوخۆی یاساکە بە پۆزەتیف دادەنرێن بە ئاسانی داوا لە حکومەت دەکات تاکو پێش بە بەرتەسك کردنەوەی ئازادی بەیان بگرێت.

ـ نارەزایەتییەکان، لە بیاڤی تاقیکردنەوەی هەموو حکومەتە خەڵك سالارییەکان دەژمێردرێت، هەر بۆیە ماڤی کۆبوونەوەی ئاشتیانە مافێکی پێویستەو رۆڵێکی گرنگ بۆ بەکارهێنانی ئازادی بەیان دەگێڕێت. کۆمەڵگای مەدەنی بۆ خەڵکانێك کە زۆر بە توندی دژی کۆمەڵێك بابەتن رێگا بۆ بەهاتنەئارای رووبەڕووبوونەوەی توندوتیژانە دەهێنێتە گۆڕێ.

ـ ئازادی بەیان مافێکی پێویستە، بەڵام بەس نییەو ناتوانرێ بۆ پاساو هێنانەوەی توندوتیژی، ناوناتۆرە، بێرێزیکردن، خراپەکاری یان گوتاری توندئاژۆیانە کەڵکی لێوەربگیردرێ. حکومەتە سەقامگیرە خەڵك سالارەکان زۆرجار بۆ پاساو هێنانەوەی رێگرتن لە وتووێژگەلێك کە رەنگە توندوتیژی لێبکەوێتەوە یان رابردووی کەسێك بە ناهەق خەوشدار بکات یان ببێتە هۆی روخانی حکومەتی مەشروتە یان پەرە بە هەڵسوکەوتی توندئاژۆیانە بدات، زۆرجار، بە رادەیەکی بەرز دەکەونە ژێر هەڕەشەو مەترسییەوە. زۆربەی حکومەتە گەلییەکان پێش بەو گوتارو ئاخاوتنانە دەگرن کە دەبێتە هۆی بروودان بە توندوتیژییە رەگەزی یان



نەتەوەییەکان.

ـ ئاستەنگی بەردەم خەڵك سالاری، دامەزراندنی هاوسەنگی لەنێوان بەرگری لە ئازادی بەیانو کۆبوونەوەو دژایەتی لەگەڵ بابەت گەلێك کە بە شێوەی کەتوار بەرگری لە توندوتیژی، ترسو تۆقاندنو گێرەشێوینی دەکات.

## حکومەتی وەڵامدەر

حکومەتی وەڵامدەر بەو مانایە کە بەرپرسانو کاربەدەستانی پلەبەرزی حکومی (هەڵبژێراو یان دەستنیشانکراو) ئەرکە لەسەریان کە لەمەڕ بڕیارەکان و کارکردەکانیان وەڵامدەری هاوڵاتیانیان بن.

وەڵامدانەوەی حکومەت بە کەڵك وەرگرتن لە میکانیزم گەلێکی جیاواز دێتە ئاراوە، ئەو ناوەندانەی کە بە مەبەستی پێشگیری لە گەندەڵی پێکهاتوون گەرانتی ئەوە دەکەن کە کاربەدەستانی حکومی بەردەوام وەڵامدەرو لە خزمەتی خەڵك دابن. لەکاتی نەبوونیوەها مکانیزم گەلێك ئەگەری سەرهەڵدانو دەرکەوتنی گەندەڵی دێتە ئاراوە.

ـ مکانیزمی سەرەکی وەڵامدانەوەی سیاسی، هەڵبژاردنی ئازادو دادپەروەرانەیە. هەڵبژاردنەکانو خولەکانی خزمەتی دیاریکراو، بەرپرسانی هەڵبژێردراو ناچار دەکات کە لە هەمبەر کارو کردەوەکانیان وەڵامدەربنو بۆ رکابەرە پاڵێوراوەکان دەرفەتێك پێکبێنێ تاکو هاوڵاتیان بتوانن خەڵکانی جێی متمانەی خۆیان دەستنیشانبکەن. گەربێتوو دەنگدەران رەزامەندییان لەسەر کارکردنی بەرپرسێك نەبێ، رەنگە کاتێك خولی خزمەتەکەی کۆتاییپێهات ئیدی دەنگی پێنەدەنەوە.

ـ ئەم کارە کە بەرپرسانی حکومی تا چ رادەیەك لەرووی سیاسییەوە

وەڵامــدەرن، بەســتراوەتەوە بــەوەی کــە پۆســتەکەیان دەستنیــشانکراوە یــان هەڵبـژێردراوە، هـەر بـە چـەند مـاوە سـەر لـەنوێ هەڵدەبـژێردرێن‌و چـەند خـول دەتوانن پۆستیان هەبێت.

مکانیزمــەکانی وەڵامــدەری یاسـایی بریتییــە لــەم خاڵانــە: یاسـای بنــەڕەتی، پەسـندکراوەکانی دەسـەڵاتی یاسـادانەر، فەرمانـەکان، یاسـاکان، ...و ئـەو دەسـەڵاتە یاسـاییانە کـە دەستنیـشانیدەکەن بەرپرسـانی حکـومی چ کارگـەلێك دەتـوانن جێبەجێبکەن‌و چ کارگەلێك نـاتوانن‌و هـەروەها هاوڵاتیـان چلۆن دەتـوانن بـە دژی بەرپرسانێك کە کارەکانیان جێی ڕەزامەندی نییە، بڕیاری لەسەر بدەن.

دەزگایـەکی دادوەری سـەربەخۆ پێویـستییەکی سـەرەکییە بـۆ سـەرکەوتن لـە بواری وەڵامدەری یاساییە، مکانیزمەکانی وەڵامدەری یاسایی بریتین لە:

پێـوەرە مۆراڵییــەکان‌و بنــەماکانی هەڵـسوکەوت بــۆ بەرپرســانی حکـومی، کەوێنایەکی گشتی لە شێوازگەلی نەسواو پێشکەشدەکات، پارادۆکسی بەرژەوەندی‌و یاساکانی پێوەندیـدار بـە ئاشـکراکردنی سـامانەکانیان، بەرپرسـانی حکومی ناچار دەکات کە سەرچاوەی داهـات‌و سـامانەکانیان ئاشـکرا بکـەن تـاکو هاوڵاتیـان بتـوانن دادوەری بکـەن کـە ئـاخۆ بەرژەوەنـدی مـاڵی بەرپرسـان بـە شـێوەیەکی نـەگونجاو و ناشایست باندۆری لەسەر کردەوەکانیان دادەنێت یان نا.

لێکۆڵینەوەی دادوەری، ئەم دەسەڵاتە بە دادگاکان دەدا کە بڕیار و کردەوەکانی بەرپرسان‌و ڕێکخراوە حکومییەکان وەبەر لێکۆڵینەوە بدات.

ـ مکانیزمــەکانی وەڵامدانــەوەی بەڕێوەبــەری بریتییــە لــەو ئیدارانــەی کــە لــە بازنەی سازمانەکان و وەزارەتخانەکان و بەشێکن لە ئۆرگانە بەڕێوەبەریـەکان‌و بـە جۆرێـك ڕێکخـراون کـە بڕیـار و کردەوەکـانی بەرپرسـان لـە راسـتای بەرژەوەنـدی نەتەوەیی دابێ.





**مکانیزمەکانی وەڵامدەری بەڕێوەبەری بریتین لە:**

ناوەندەکانی بەهاناوە هاتنی سکاڵای خەڵك.

ژمێریارە سەربەخۆکان، کەڵك‌وەرگرتن لـە سـەرمایەگەلی نەتـەوەیی بـەوردی تاوتوێدەکەن تاکو پێش بە خەڵکانی گەندەڵ‌و کەڵکئاژۆ بگرن.

دادگـا بەڕێوەبەریــەکان کــە ئــەرکی پێڕاگەیــشتن بــە ســکاڵاکانی خــەڵکیان وەئەستۆیە.

## هەڵبژاردنی ئازادو داد پەروەرانە

هەڵبژاردنی ئازادو دادپەروەرانە ڕێگا بـە خــەڵکانێك کــە لــەوڵاتێکی دیمــوکراتی پەرلەمانیــدا دەژیــن دەدا، تــاکو پێکهاتــەی سیاسی‌و ئاراستەی سیاسەتەکانی داهاتووی خۆیان دارێژن.

ـ هەڵبژاردنی ئازادو دادپەروەرانە ئەگەری گواسـتنەوەی ئاشـتیانەی دەسـەڵات بەرزدەکاتەوە وەها هەڵبژاردنێك گەرەنتی دەکات کە پاڵێوراوە سـەرنەکەوتووەکان، دان بە ئاکامی هەڵبژاردنەکان دەنێن‌و دەسەڵات بە حکومەتی نوێ رادەست دەکەن.

ـ هەڵبژاردنەکان، بە تەنیایی، دیموکراسی گەرانتی ناکات چونکە دیکتاتۆرەکان دەتـوانن لـە ڕێگـای کەرەسـتەکانی حکـومی لـە راسـتای دەسـتێوەردان‌و چەواشـەی ڕەوتی هەڵبژاردنەکاندا کەڵك وەربگرن.

**هەڵبژاردنی ئازاد و یەکسان ئەو خاڵانەی خوارێ لەخۆ دەگرێت:**

ـ مـافی دەنگـدانی گـشتی بـۆ هـەموو ژنـان‌و پیـاوانی مەرجـداری دەنگـدان لـە حکومەتـە دیموکراسـییەکان پـارێزراوەوە و یـان دیموکراسـی تـەنیا ئـەم مافـە بـە

خوێندەواران یان سامانداران بە رەوا نابینێ.

ـ ئازادی خۆپاڵاوتن بۆ پۆست یان دەنگدان

ـ ئازادی بەیان بۆ پاڵێوراوانو حیزبە سیاسیەکان، دیموکراسییەکان هیچ چەشنە بەربەستیو ئاستەنگییەك بۆ پاڵێوراوان یان حیزبە سیاسییەکان، لە هەمبەر رەخنەگرتن لە کارکردی بەرپرسانی حکومی لەبەرچاو ناگرن.

ـ دەرفەتی زۆر بۆ لێژنەی هەڵبژێردراوان لە راستای وەرگرتنی زانیاری بێلایەنانە لە راگەیاندنە ئازادەکان.

ـ ئازادی گردبوونەوە بۆ بەرێوەبردنی پلانو کۆبوونەوە سیاسییەکان.

ـ یاسا گەلێك کە بە پێویستی بزانن نوێنەرانی حیزبەکان لە رۆژی هەڵبژاردنەکان لە ناوەندەکانی دەنگدان دووربن ـ کارگێرانی هەڵبژاردنەکان، کەسانێك کە بە شێوەی ئارەزومەندانە لە ناوەندەکانی دەنگدان سەرقاڵی چالاکینو چاودێرانی نێونەتەوەیی دەتوانن لە پرۆسەی دەنگداندا یارمەتی دەنگدەران بدەن نەك لە هەڵبژاردنی کەسێك کە دەنگدەر دەنگی پێدەدا.

ـ لە سیستمێکی بێلایەن یان هاوسەنگ بۆ بەرێوەچوونی هەڵبژاردنەکانو پێراگەیشتن بە راستیو دروستی هەڵبژاردنەکان ـ کارمەندانی راهێنراوی هەڵبژاردنەکان دەبێت لەرووی سیاسییەوە بەستراوە بە حیزب نەبنو یان ئەوەی کە چاودێرانی هەڵبژاردنەکان دەبێت نوێنەری حیزبەکانی بەشداربوو لە هەڵبژاردنەکان بن.

ـ ناوەندەکانی دەنگدان دەبێت لەبەردەستی گشتیدا بێتو دەبێت شوێنی تایبەتی بۆ دەنگدەران لەبەرچاو گیرابێتو سندوقەکانی دەنگدان پارێزراو و ژماردنی دەنگەکان بە شێوەی شەفافو روون بێت.



دەنگدانی شاراوە، دەنگدانێك کە لە رێگای وەرقەی تایبەتەوە دەنگی شاراوە گەرانتی دەکات کە هەڵبژاردنی حیزب یان پاڵێوراوێك لەلایەن دەنگدەرەوە نابێتە هۆی دروستبوونی دژایەتیو ترس بۆ دەنگدەر.

ـ پشتگیری یاسای لە ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکان، دەبێ یاسایەکی جێبەجێکاری بۆ پێشگیری لە دەستکاری لە دەنگەکاندا بێتە ئاراوە.

ـ سەرلەنوێ ژماردنی دەنگەکان و پێراگەیشتن بە سکاڵاکان ـ پرۆسە گەڵو مکانیزم گەلێك بۆ تاوتوێی دووبارەی قۆناغەکانی هەڵبژاردن دەبێ جێبەجێبکرێت تاکو هەمووان بەوە دڵنیابن کە هەڵبژاردنەکان بە شێوەیەکی یاساییو راست بەرێوەچووە.

ـ شێوازەکانی دەنگدان لەوڵاتە جیاجیاکانو تەنانەت لەوڵاتێکدا بە شێوازی جۆراوجۆر بەرێوەدەچێت کە بەم شێوازەی خوارەوەیە.

ـ وەرقەکانی دەنگدان ـ دەنگەکان لەسەر وەرقەیەك دەستنیشان یان کونی تێدەکرێت.

ـ وەرقەکانی دەنگدان بە وێنەی پاڵێوراوان یان هێمای حیزبەکانە تاکو ئەو هاوڵاتیە نەخوێندەوارانە بتوانن راستو دروست دەنگەکەیان بخەنە سندوقەکانەوە.

ـ سیستمی ئەلکترۆنیی، دەنگدەران لە رێگای دەزگایەکی تایبەتییەوە دەنگی خۆیان دەدەن.

ـ وەرقەکانی دەنگدانی شاراوە، بۆ ئەو کەسانەیە کە رەنگە نەتوانن لە رۆژی هەڵبژاردنەکاندا بەشداربن رێگا دەدات کەوەرقەکانی دەنگدان پێش لە رۆژی هەڵبژاردنەکان بهاوێژنە سندوقەکانەوە.



هەواڵنامەی کتێب

## ئـــــازادی ئایین

هـــەموو هاوڵاتیـــان دەبـــێ لـــە بـــواری باوەڕمەندییـــە ئایینییەکان ئازادی پەیڕەوکردن لە ئایینەکانیان هەبێ. ئـازادی ئـایین بریتییـە لـە مافی باوەڕمەندی تاکی یان گرووپی، لە کۆدا یان بەپێچەوانە لە بۆنـە ئایینییـەکان، بەڕێوەبردنی ئەرك و پەروەردەی ئـایین بـەبێ هـیچ چەشـنە تـرس و دڵەراوکێ بـە گرتن و ئازار لەلایەن حکومەت یان خەڵکانی دیکەی کۆمەڵگایە.

ـ هـەموو خـەڵك مـافی بـەڕێوەبردنی ڕێوشـوێنە ئایینیـیـەکانیان و هـەروەك دروستکردنی شوێنە پیرۆزەکانیانی پێوەندیدار بە ئایینەکەیان هەیە.

ـ ئازادی ئایین هەروەك هەموو مافە بنەڕەتییە مرۆییەکان لەلایەن حکومـەت دروسـت یـان نابەخـشێندرێ، بـەڵکو هـەموو وڵاتـان دەبـێ پارێزگـاری لێبکـەن. حکومەتـە گەلییـەکان لـە پێوەنـدی لەگـەڵ ئـازادی ئـایین، زمـانیش لـە یاسـا سەرەکییەکان دەگونجێنن.

ـ لەگەڵ ئەوەی کە ڕەنگە کۆمەڵێك لەوڵاتە خەڵك سالارەکان جیایی لە نێوان کڵێسا و حکومەت بـە فـەرمی بناسـن، کە ئەمـە نابێتـە هـۆی دژایـەتیکردن لەگـەڵ ئایین.

ـ حکومەتـە خـەڵك سالارەکان بـۆ هاوئاهـەنگی کاروبـارە ئایینییـەکان، ناوەنـد گـەلی حکـومی یـان سـەنتەری فـەرمی دانامـەزرێنن، بـەڵکو داوا لـە ناوەنـدی ئایینییەکان دەکەن کـە بـۆ کاروبـارە ئـایینی یان باجـەکان لـە دەزگـا حکومییـەکان ناوی خۆیان وەك دەستە و تاقمە ئایینییەکان تۆمار بکەن.

ـ حکومەت گەلێك کە پشتگیری لە ئازادییە ئایینیـەکان دەکـەن زۆرتـر گرنگـی بە مافە ئایینییەکان دەدەن.



حکومەتە دیموکراتەکان پـتر هەسـت بـەوە دەکـەن کـە دەبـێ ڕێـز بـۆ ئازادییـە ئایینییە تاکەکان بگرن.

**حکومەتە دیموکراسییەکان هەروەها:**

ـ ناوەرۆکی بڵاوکراوەکان، وانە و ئاخاوتنە ئایینییەکان دەستنیشاناکەن.

ـ دنەدان و هاندانی بۆڵای توندوتیژی ئایینی بە دژی خەڵکانی دیکە یاساغ دەکات.

ـ بەرگری لە ئەندامانی گروپە کەمینە ئیتنیکی، ئایینی یان زمانی دەکات.

ـ ڕێگا بە خـەڵك دەدا کـە لـە بۆنـەو یـادبووە جۆراوجۆرەکـانی پێوەنـدیدار بـە ئایینەکەیان بەشداریبکەن و ڕۆژە پیرۆزەکانیان جێژن بگرن.

ـ بـۆ حکومـەت و بەرپرسـە ئایینییـەکان، دامـەزراوە ناحکومییـەکان و ڕۆژنامەوانان، دەرفەتی ئامادەکردنی هەواڵ و ڕاپۆرتی ئایینی دەدرێت.

## مافەکـــانی ژنان و کچان

هەڵاواردن بە دژی ژنان بەو واتایە کە یاساگەلێك یـان داب و نـەریتی تایبـەتی، لەسـەر بنـەمای ڕەگـەز، سـووك ڕوانـین بـە ڕەگـەزی بەرانبەرە.

ـ حکومەتە دیموکراتەکان دەبێ بۆ پاراستنی مافی ژنان ئاکتیف بن. هـانی ژنـان بۆ بەشداریکردن لە هەموو بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمـەڵگا یـان حکومـەت بـدات و شـوێنیان بـۆ تـەرخانبکات تـاکو بتـوانن بـە شـێوەی ئازادانـە کۆببنـەوەو ڕوانگـەو بۆچوونەکانیان بە ڕوونی بەیان بکەن.

ـ مافـە یاسـایەکانی ژنـان بریتییـە لـە مامەڵـەکردنی بەرابـەری یاسـا لەگـەڵ



هەواڵنامەی کتێب

ئەوانو دەستپێڕاگەیشتن بە سەرچاوە یاسایەکانە.

- ژنان دەبێ مافی خاوەنداریەتیو (میراتی) هەبێت.
- ژنان دەبێ دەرفەتی بەشداری لە داڕشتنو بەڕێوەبردنی یاسا سەرەکییەکانو یاساکانی دیکەیان هەبێت.
- مافە سیاسییەکانی ژنان بریتییە لە مافی بەشداری لە هەڵبژاردنەکان، مافی بەشداری لە کارە حکومییەکان، بەشداری لە دامەزراوە حکومییەکان.
- سیستمە دیموکراتەکان دەبێ پشتیوانی لە پلانەکانی کۆمەڵگای مەدەنی (هەم حکومیو هەم ناحکومی) کە دەبێتە هۆی ڕاهێنانو پەروەردەکردنی ژنان بۆ کاروبارە سیاسیو یاساییەکان بکات.
- چالاکی ژنان لە هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەبێتە هۆی پتەوتربوونی پایەکانی حکومەت.
- ژنانو کچان دەبێ مافی ڕاهێنانە سەرەتایەکانیان هەبێ، ئەوان نابێ لە مافی بەشداریکردن لە قۆناغە جۆربەجۆرەکانی خوێندن بێبەری بکرێن.

مافە ئابوورییەکان بۆ ژنان دەرفەتی چاودێری بەسەر سامانە ئابوورییەکانیان دابیندەکاتو یارمەتیاندەدا تاکو بەهۆی خراپی ڕەوشی ئابووریان بەلاڕێدا نەچن ئەو مافانە بریتییە لەو خاڵانەی خوارێ:

- بوونی ماوەی پشوو لەکاتی دووگیانی یان پێکهێنانی ژیانی هاوبەش.
- سیستمە دیموکراتەکان دەبێ لە هەوڵی دابینکردنی ناوەندە تەندروستییەکانی تایبەت بە ژنانو کچان بین.
- مافی بەهرەمەندبوون لە دەرامەتو ڕێزگرتنی بەرابەر لە شوێنی کار.
- پێشگیری لە نەخۆشی ئایدز، کە لە دایکەوە دەگوازرێتەوە بۆ منداڵ.
- بەربەرەکانی بە دژی ئەو کەسانەی بازرگانی بە ژنانو کچانەوە دەکەنو



بەزۆر ناچار بە لەشفرۆشیان دەکەن.

- بەربەرەکانێ لەگەڵ لەشفرۆشی بەگشتی.
- چاودێری پزشکی بۆ ئەو ژنانەی کە لە قۆناغی دووگیانی دان.
- ڕاهێنانی کۆمەڵایەتیو پزشکی بۆ ئەو کەسانەی کە لە تەمەنێکی گونجاودا نین بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوبەش.
- پشتگیری لە ناوەندەکانی بەرگری لە توندوتیژیو دەستدرێژی بۆ سەر ژنان.
- کۆتاییهێنان بە خەتەنەکردنی ژنان.

## حکومەت لە ڕەوگەی بەرە یان ڕێکەوتن

هەر کۆمەڵگایەکی خاوەنی گروپگەلی جیاوازە کە هەرکامیان تێڕوانینی جیاوازیان لەمەڕ پرسە گرنگەکاندا هەیە. کە دیارە حکومەتە دیموکراتەکان ئەمە بە بەرژەوەندی بۆ وڵات لە قەڵەمدەدەن.

- حکومەتە دیموکراتەکان کاتێك سەرکەوتن بەدەستدێنن کە سیاسەتوانان و بەرپرسانیان لە پەیوەندی لەگەڵ پرسە ئاڵۆزەکان پلانی تۆکمەو کارا بگرنەبەر.
- ئازادی کۆبوونەوەکانو ڕاگەیاندنەکانو ئاڵوگۆڕی ڕا گرنگی پێدەدرێت. ئەم دەرفەتە مەجالی ناسینی کێشەو ئاریشەکانی کۆمەڵگا دێنێتە ئاراوەو مەجاڵ بۆ گروپە جیاجیاکان دەڕەخسێنێ کە لەمەڕ کێشەکان بیروڕا ئاڵوگۆڕ بکەن.

بەرە کاتێك پێکدێ کە گروپە هاوبەرژەوەندییەکان یان حیزبە سیاسییەکان تەنانەت گەر لەسەر کۆمەڵێك پرس بە تەواوی دژی یەکتربن، لەسەر هەندێك بابەت یان پرس دەتوانن ڕێککەون. ڕێککەوتن لەسەر هەندێك بڕیاریو خاڵی



هەواڵنامەی کتێب

گرنگ وا لە دەسەڵات دەکات کە پتر گرنگی بە کاری بەڕێوەبەری بدات.

ـ لە سیستمی پەرلەمانی، گروپە سیاسییەکان کۆمەڵێك هاوپەیمانی لەگەڵ لایەنەکانی دیکە ساز دەکەن تاکو لەم ڕێگایەوە خواستەکانی خۆیان بەربلاوتر بکەن.

- لە سیستمی کۆماریدا، هەندێك کات یاسادانەران بۆ ساغبوونەوە لەسەر هەندێك پرسی زۆر گرنگ بۆ خۆیانو بۆ هەڵبژێراونیان، سنوری حیزبەکان دەشکێنن.

ـ بەرە زیاتر خوازیاری ئەوەیە کە حیزبێکی سیاسی دەسەڵاتدار خۆی لەگەڵ ویستی زۆرینەی لایەنەکان بگونجێنێ تاکو بەم شێوە باشتر پلانەکان بەرێوەببرێت.

ـ لەبەر ئەوەی ئەو حکومەتانەی کە بەهۆی هاوپەیمانی چەند لایەن پێکدێن، زۆرکات روانگەی جیاوازیان تێدا دێتە ئاراوە، ئەگەری هەڵوەشانەوەی حکومەت تێدا شیمانە دەکرێت.

لە هەندێك لە حکومەتە دیموکراتەکان پێکهاتنی بەرەو دواتر هەڵوەشانەوەی تەنانەت لە ساڵدا چەندجار روو دەدات.

## ڕۆڵی ڕێکخراوە ناحکومییەکان

لە دیموکراسییەکان، شارۆمەندان دەتوانن
گروپگەلی سەربەخۆ دابمەزرێنن کە راستای بەرژەوەندی کۆمەڵگا و وڵاتێکدا بێت کە تێیدا دەژین، ئەم ڕێکخراوانە کەموکورتییەکانی حکومەت پڕدەکەنەوەو تەنانەت رەخنە لە کارکردی حکومیش دەگرن. زۆرتر بەوەها ڕێکخراو گەلێك ئەڵێن ڕێکخراوگەلی ناحکومی یان (NGO)کان، چونکە ئەوان ژێر کۆی ئیدارە



حکومییەکان نین.

ـ (NGO)کان بە پەروەردەو پاڵپشتی کردن لە پرسە گرنگە کۆمەڵایەتییەکانو هەروەها بە چاودێری کردن بەسەر کەرتە ئابوورییەکانو شێوەی کارکردیان ڕێگا بە هاوڵاتیان دەدەن کە کۆمەڵگاکەیان بەرەوپێش ببەن.

- (NGO)کان هانی ئەو هاوڵاتیانەی کە لە شارە جیاجیاکان نیشتەجێبوون دەدا کە هەموو هێزو تواناکانیان بۆ بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگا وەگەڕ بخەن.

- (NGO)کان لە زۆر رووەوە لە خزمەتی هاوڵاتیان دایە. ئەوان دەتوانن لە بواری کۆمەڵایەتی ژینگە پارێزی، ئابووری، گۆڕانە دیموکراتییەکان هاریکاری کۆمەڵگاکانیان بکەن.

- (NGO)کان نوێنەرانی بەرژەوەندی شارۆمەندانن کە دوورن لە لاگیری سیاسی حیزبی...

ـ بودجەی (NGO)کان زیاتر لە ڕێگای کەرتە تایبەتەکانەوە، یارمەتییە مرۆییەکان، کۆمپانیاکان، دامەزراوە ئایینییەکان، دامەزراوە نێونەتەوەییەکانو... دابین دەبێت.

ـ رەنگە (NGO)کان لەسەر بنەمای هزری حیزبی بونیاتنرابێو لە هەوڵی ئەوەدابن ئامانجێکی دیاریکراو لەگەڵ کۆمەڵێك ئامانجی دیکە لە راستای بەرژەوەندی گشتی بگرنەبەر. بەهەر حاڵ خاڵی سەرەکی ئەوەیە کە (NGO)کان دەبێ کەمترین چاودێری سیاسییان لەسەر بێت.

- (NGO)کان کۆمەڵێك بەرنامەی ناوخۆییو نێونەتەوەیی تا رادەیەك لە هەموو بوارەکان کە یارمەتی بە پەری بنەماکانی دیمۆکراسی بدات، دادەرێژێت کە ئەم بەرنامانە بەوشێوەی خوارەوەیە:

ـ مافی مرۆڤ، لە ڕێگای گەشەو پەرەی پێوانە نێونەتەوەییو چاودێری کردن

بەسەر کارو کردەوەکانی حکومەت.

ـ حکومەتی یاسامەند، لە ڕێگای یارمەتییە یاسایە بێ بەرانبەرەکان یان بە تێچوونییەکی کەم، پەروەردەو ڕاهێنانی هەموو هاوڵاتیانو ئاشناکردنیان بە مافەکانیانو پشتگیری لە چاکسازیە یاساییەکان.

ـ بەشداری ژنان، لە ڕێگای پاڵپشتیو بەشداریکردنی ژنان لە بواری سیاسیو نەهێشتنی هەڵاواردنی کۆمەڵایەتیو ئابووری.

ـ پەروەردە مەدەنییەکان، لە ڕێگای ڕاهێنانیانو کۆمەڵێك بەرنامە بۆ هاوڵاتیانو ئاشناکردنیان بە کۆمەڵگایەکی فرەرەنگ، دیموکراتیو...

ـ ڕاگەیاندنە ئازادەکان، بەرگریو یارمەتی دانی ماڵی بە دەزگا ڕاگەیانە سەربەخۆکانو ڕاهێنانی ڕۆژنامەوانان بە پێوەرەکانی ڕۆژنامەوانیو ئەخلاقی.

ـ وەڵامدانەوەی حکومەت، لەڕێگای شیکردنەوەو ڕاڤەی سیاسەتەکانی حکومەتو چاودێری ورد بەسەر کار و کردەوە حکومییەکان.

## خوێندەواریو خەڵك سالاری

خوێندن مافێکی جیهانی مرۆڤە. ئەم مافە هەروەها کەرەستەیەکە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی دیکەو کەرەستەی وزەدەری کۆمەڵایەتیو ئابوورییە. هەموو وڵاتانی جیهان لە ڕێگای جارنامەی گەردوونی ماف مرۆڤەوە ڕەزامەندی خۆیان لەمەڕ بەهرەمەندی بوونی هەموو مرۆڤەکان بۆ خوێندن دەربڕیووە.

هەموو کۆمەڵگاکان، پێوەرە کۆمەڵایەتیو کلتوریو دابونەریتەکانیان پشت بە پشت دەگوازنەوە. پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان خوێندەواریو بایەخەکانی خەڵك سالاری لە ئارادایە: لە کۆمەڵگا خەڵك سالارەکان، پشتیوانی لەوانەکانی



حکومداری دیموکراتی دەکرێت.

ـ خوێندنگا حکومییەکان دەبێ بەبێ لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیە نەتەوەیی یان ئایینی یان ڕەگەز یان کەموکورییە جەستەییەکان بە شێوەیەکی یەکسان لە خزمەتی هاوڵاتیان دابێت.

ـ کەرتە تایبەتەکانو گروپە ئایینیەکان دەبێ بۆ دروستکردنی خوێندنگاکان ئازاد بنو یان بنەماڵەکان دەتوانن بۆ پێداگۆژی منداڵەکانیان کەڵك لە خوێندنگا وەرنەگرن هەر لە ماڵەوە لە ڕێگای مامۆستای تایبەتییەوە منداڵەکانیان فێری خوێندن بکەن.

ـ بنەماو بنچینەکانی خەڵك سالاری دەبێ وەك وانە بوترێنەوە تاکو خەڵك شارەزای ئەرکەکانی شارەمەندیو ڕێز لە مافەکان بگیردرێت.

ـ بەرنامەکانی فێرکاری لە حکومەتە گەلییەکان بریتییە لە: مێژوو، جوگرافیا، ئابووری، وێژە، فەلسەفە، یاسا، هونەرەکان، زانستە مرۆیەکان، بیرکاریو فیزیایە کە دەبێ هەموو خوێندکاران بە گوێرەی توانایان بە کچو کورەوە تێیدا بەهرەمەند بن.

ـ پەروەردەکردنی خوێندکاران هەر لە قۆناغی خوێندکارییەوە دەبێتە هۆی بروەدان بە حکومەتی دیموکراتی لە داهاتوودا.

ـ ناوەندە مەدەنییەکان دەبێتە هۆی پتربوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگای دیموکراتیدا.

**** * ****

**سەرچاوە:**

WWW.Amerca.ga//st/democracy-persian




هەواڵنامەی کێتێ

# وتـــــار

- لەبارەی ڕووناكبیرەوە.
- ڕەنگدانەوەی ململانێی شیعەكان بەسەر داهاتووی عیراقەوە.
- یاسا و كاریگەری لەسەر كۆمەڵگە.

هەواڵنامەی کتێب





## لەبـــارەی ڕووناكبیرەوە

ئازاد تۆفیق

لە دونیای ئەمڕۆدا ڕووناكبیر ئەو ئیلیەتە دیارەی نێو كۆمەڵگایە،كە وەك پێناسەیەكی نوێ مامەڵەی لەگەڵدا دەكرێ و چەمكێكی گرنگ و هەستیاری نێو دونیای مۆدێرنەیە و هاوكات وەك زۆرێك لە چەمكە مۆدێرنەكانی دی لە ئەورووپاو لەو كلتورەوە سەریهەڵداوە كە بەكلتوری خۆرئاوا ناسراوە. وردتر ئەتوانین بڵێین لەدوای كێشەی دادگایی كردنەكەی (دریفۆس)ەوە، ئەم چەمكە ڕۆڵێكی تری پێبەخشراوە و مانایەكی تری لە خۆ گرتووە. بۆ ئەمەش تا ئەمڕۆ چەندین بیرمەند و قوتابخانە و ڕێچكەی فەلسەفی هەن، كە هەریەكەیان بەشێوەیەك لە ئەرك و پەیامی ئەم توخمە گرنگەی كۆمەڵگایان ڕوانیوەو پێناسە وناسنامەیەكی جیاوازیشیان بۆكردووە.

بۆیە هەر دوابەدوای كێشەی (دریفۆس) ئەوا پێگەو پەیوەندی ڕووناكبیر لەناو كۆمەڵگاو لە نێو دەسەڵاتدا، لەپێناسەیەكی پیشەیی و كۆمەڵایەتی ڕووت

دەردەچێ و مانایەکی گەورەتر و فراوانتر لە خۆدەگرێت. بەمەش ئەرکی رووناکبیر لە نێو دونیای مەعریفەدا قورستر و ئالۆزتر بوو. بەوەی کەبریتیە لە بڕوا بوون بەفرە ڕەهەندیی و ڕێژەیی بوونی سەرجەم دیاردە ئەقڵانی و کۆمەڵایەتیەکان و بڕوانەبوون بەو گریمانەیەی کە دەڵێ هەموو بەهاکان دەبێ بەیەك پێوەر بپێورێن و لەق بوونی ئەو پرانسیپەی کە پێیوایە لە دەرەوەی دنیا بینی ئەو، هیچ ڕاستیەکی سەلێنراوی دی نیە کە شایانی بڕوا پێکردن بێت. ئەمەش بۆخۆی لێسەندنەوەی ڕەهایی و پیرۆزییە لەسەرجەم چەمك و ئایدیا فیکری و فەلسەفییەکان. چونکە گەر تێڕوانینی یەك ڕەهەندیی بۆ هەر بوارێکی تری ژیانی کۆمەڵایەتی تاڕادەیەك دروست و شیاوبێت، ئەوا بۆ دونیای رووناکبیری و خەونی مەعریفی و بۆ دونیای نوسین و داهێنان نەك هەر ناشێت، بگرە کۆمیدیاشە. بۆیە رووناکبیر چەند پانتایی فیکری و رۆشنبیری خۆی بەتێزو مۆدێلی نوێی مەعریفی دەوڵەمەند بکاتو چەند خەونی خۆی بۆ پیادەکردنی فاکتەکان بخاتە گەڕ، گەر وا هەست بکات حەقیقەتەکان بەتەنها هەر لای ئەو چنگ دەکەون و هەر لەو تێزانەدا خۆیان وێنا دەکەن کە ئەو لێیەوە دونیا دیدەی خۆی تیا بەیان دەکات، ئەوە هەژمونگەرییە، ئەو وەلانانی ڕەنگ و دەنگە جیاوازەکانی گوتنە، ئەوە یەك ڕەهەندییە لە ڕوانیندا و ئارەزووکردنی گوێگرتنە لە یەك ئاواز لەچڕینی گۆرانیە هەمەڕەنگەکانی ژیاندا.

هەروەها ئەوەش ڕاستیەکی مێژووییە کە پەیوەندی نێوان رووناکبیر و دەسەڵات لە مێژە پەیوەندیەکی نێگەتیف و نەرێییە و بەردەوام ئەم دوو توخمە دانویان پێکەوە ناکوڵێت. چونکە رووناکبیر هەمیشە خۆی لەقەرەی مەسەلەیەك دەدات و لە کێشەیەك دەدوێت کە دەسەڵات پێی قارس و قەڵس دەبێت. بەڵام





نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت کە ئەو پەیوەندیە لە کوێدا نەرێی و نێگەتیڤە و دەبێت رووناکبیر هەمیشە بەرەخنەی جدی و بوونی خۆی تیا ئامادەبکات و لە کوێدا دەشێت پۆزەتیف بێت...! یان رووناکبیر لە چ جوگرافیاو پانتاییەکدا قسەدەکات و مامەڵە لەتەك چ جۆرە ترادیسیۆن و کلتورو دەسەڵاتێکدا دەکات. واتە گەر ئەمڕۆ رووناکبیرێك قسەی لەسەر دەسەڵات نەکرد و دەسەڵاتی بە هەموو ڕەهەندە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە نەفی و ڕەفز نەکرد دەکرێ ئیتر هیچ مانایەك بۆ هەویە و ناسنامەی رووناکبیریی ئەو کەسە نەمێنێتەوە...!؟ یان خوانەخواستە گەر هەست کرا پەیوەندیەکی تاڕادەیەك پۆزەتیف لەنێوان ئەو دوو توخمەدا، بێگومان بە ئامادەگی ڕەخنەشەوە هەیە، ئەوا ئیتر رووناکبیر بەپیاوی دەربار و کاسە لێس ناوزەدە بکرێ و هەزاران تۆمەت و تەشەری نارەوای بخرێتە پاڵ...!؟ کە من بۆخۆم پێموایە ئەم چەشنە بڕوابوونە سەرباری ئەوەی کورت بینیە لە تێڕوانیندا، ئەوا مەترسی زاڵکردنیشی کەمتر نییە لە مەترسی هەژموونی تۆتالیتاریەت لە دەسەڵاتدا، هاوکات غەدر و ئیجحافێکی گەورەشە بەرامبەر بەم مەسەلە هەستیارەی نێو کۆمەڵگا. بۆیە پێویستە وردتر لەم مەسەلەیە بڕوانین و هەڵوێستەیەکی جدیشی لەسەر بکەین، تابتوانین بۆچونێکی ڕاست و دروست لەسەر یەکێ لە چەمکەهەرە هەستیارەکانی ئەمڕۆی نێو دونیای مەعریفە بخەینە ڕوو.

دیارە بۆ ئەمەش دەبێ هەر لەسەرەتاوە بزانین رووناکبیر کێیە و بەچ کەسێك لە کۆمەڵگادا دەوترێت رووناکبیر...! ئایا ئەو کەسەی قۆناغێك لەقۆناغەکانی خوێندیی تەواو کردبێت. یان بڕوانامەیەکی ئامادەیی یان جامیعی خستە گیرفانەوە، پێی دەوترێت رووناکبیر...! گەر کەسێك هەموو سەرچاوە و

زەخیرەیەکی فیکری و مەعریفی خۆی لە کتێبخانە هەژارەکەی زمانی کوردی تێنەپەڕێ و تا ئەمڕۆش نەتوانێت دە دێڕ بە عەرەبی لەمەڕ (فصل الربیع) بنوسێت، دەکرێ بە ڕووناکبیر ناوبرێت...! گەر ڕۆژنامە نوسێك نەتوانێت ستونێك بەزمانێکی کوردی ڕەوان بنووسێ، دەکرێ پێی بوترێت ڕووناکبیر...! بە بۆچونی من و بەپێی ئەو تێڕوانینە فەلسەفیە مۆدێرنانەی کە بۆ ئەم چەمکە کراوە، ئەو نەك هەر ئەوانەی سەرەوە بەڵکو بە هەموو خوێنەوارێکیش ناتوانین بڵێین ڕووناکبیر. چونکە ڕووناکبیر ئەو کەسەیە، کە هەمیشە ئاراستە فیکرییەکانی خۆی و هەڵەکانی دژ بە خیتابە سەردەم و دژ بەئایدۆلۆژیا وەهمییەکان لەسەنگەردایە. ڕووناکبیر ئەو تاکە ئەکتیڤەی نێو کۆمەڵگایە کە هەموو کێشە مەعریفیەکان، قەیرانەکان تەنگژە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان، بەپرسیار دەسپێرێ و بە پرسیاریش وەڵام دەداتەوە. ڕووناکبیر کەسێکە سەرباری ئامادەبوونی لە ماڵی خۆیدا، کەچی هەرگیز ماڵی نابێ و هەمیشە بەجوگرافیاکەی خۆی نامۆیە ئەمەش مانای وایە لای ڕرووناکبیر هیچ جومگە و چمکێکی کۆمەڵگا نییە لەدەرەوەی ڕخنە بێت تەنانەت خودی عەقڵیش هەوارزترنییە لە ڕەخنە. بۆیە ڕووناکبیر هەمیشە دەنگێکی (نەخێر)ە بەلاّم نەخێرێکی پۆزەتیڤ و بەرهەم هێنەرە بەرامبەر بە کرمەڵگاو سیاسەت... بەرامبەر بەکارگێڕ و دەسەلاّت. بێگومان نەخێرێکی تێر و تەسەل بەتێزی بەپێز... نەخێرێك کەموتوربە کراوە بەلۆژیکێکی وا کە باش لەو پەیوەندیە دیالێکتیکیە دەگات لە نێوان (زات و مەوزوع) دایە و لە هەمان کاتیشدا پێشڕەوە بۆ گۆڕانکاری. بۆیە بەڕای من ڕووناکبیر ئەو کەسە نیە کەتەنها کاری نەفی کردنی دەسەلاّتە و هیچی دی گەر بەنێگەتیف لەسەر دەسەلاّتی نەنووسی، مانای وایە نەهیچی وتووەو نەهیچیشی کردووە. بەشێوەیەك کەهیچ جوانی و هیچ





ئاکارێکی پۆزەتیڤانە کە دەسەلاّت هەنگاوی بۆ دەنێ نەیبینێ. بۆیە ئەگەر دەسەلاّت لەمڕۆدا و لە خراپترین فۆڕمیدا کە بەلای هەندێك ڕووناکبیرەوە بریتییە لەکاری حزبایەتی و سیاسەت و ئەمەش جێی ڕەخنە و قسە لەسەرکردن بێت، ئەوا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت ڕووناکبیر ئەو کەسەیە کە دووربێت لەسیاسەتەوە، یان بەچاوی قێزەوە لە حزب وکاری حزبایەتی بڕوانێ. یان پێی وابێت دەسەلاّت یان حزبی سیاسی جگە لە دەزگایەکی سەرکوتکەر و جگە لە دروست کردنی فەزایەك بۆ بەرهەم هێنانی ڕووناکبیری ئیفلیج و نەزۆك هیچی دی نییە. بەڕای من ڕووناکبیر و سیاسەت دوودیوی یەك پارەن، دوو تای یەك تەرازوون و هاوسەنگی نێوان ئەم دوو کایە مەعریفیە لە هاوسەنگی نێوان دوو توخمی کیمیایی دەچێت بۆ پێکهێنای مادەیەکی نوێتر لە شێوەو ناوەڕۆکدا. حەزدەکەم ئەوەش بزانرێت کە دەڵێین سیاسەت، بێگومان مەبەستمان نەلە مانا دۆگماکەی ئایدۆلۆژیایەو نەلە مانا تەسکەکەی ئیلتیزامی حزبییە، هێندەی ئەوە مەبەستمان تێگەشتنە لە سیاسەت و بەو مانا فراوانەیە کە سۆسۆلۆژیا بۆی دیاری کردوین.

ئەمەشە مانای وایە دەکرێت ڕووناکبیر بۆ سەرخستنی کێشەی گەلێك بە کەناری ئارامی، بۆ هەوڵدان لە بنیاتنانی ئایندەیەکی باشتری کۆمەڵگادا ڕۆڵی هەبێ و لە هەمان کاتیشدا بەرپرسیارێتی ئەخلاقی و مەعریفی ئەو ئەرکەی ئەخاتە ئەستۆ، کە بەشدارێکی چالاك بێت لەبەرقەراربوونی شەفافیەت و لە پیادە کردنی دیموکراسیەتدا. چونکە ئەرکی ڕووناکبیر ئەرکی هاوبەشی کردنە نەك دوورە پەرێزیی. ڕاستە ئەرکی ڕووناکبیر جاڕدانی نەخێرە لە شێوەی ئیشکردن... لە چۆنیەتی بەڕێوەبردن... لە پراکتیکی رۆژانە... لە کورتی ئەدائی

دەسەڵات، بەڵام نەك ڕەفزکردن و سڕینەوەی دەسەڵات بە هەموو پێگە و مانا سیاسی و چەمکە فەلسەفێکەیەوە. بۆیە تەنها وتنی (نەخێرەکان) بەس نین گەر هاوبەشی تیا نەبێت. بۆ ئەمەش دەبێت ڕووناکبیر سەباری نەخێرەکانی، ئەوا بشزانێت نوکی ڕمی ئەو نەخێرانە بەپلەی یەکەم دەکاتە کێ...! بۆیە پێویستە ڕووناکبیر زۆر زیرەکانە لە ئەرکە پێشەنگ و گرنگەکان بڕوانێ و بزانێ لەو ڕیزبەندیەدا چ دەسەڵات و چ فیگەرێکی نێو کۆمەڵ پێویستە ئەو نەخێرانەی بە ڕوودا بدرێت.! کە بەلای منەوە سەرباری ئەوەی ئەمڕۆ هیچ بیانویەك بۆ قسەکردن لەسەر دادپەروەری و کۆمەلایەتی و دواخستنی پرۆسەی دیموکراسی نییە، ئەوا هاوکات ئەرکی یەکەمی ئەمڕۆی ڕووناکبیر نەخێرە بەرامبەر بەو هێزانەی تا ئەمڕۆش پێیان وایە دیموکراسیەت بیدعەیەکە لە خۆرئاواوە هاتووەو نامۆیە بەکلتوری و ترادسیۆنی کۆمەڵگای کوردی- نەخێرە بەرامبەرە ئەو هێزانەی کە دەڵێن عەلمانیەت کوفرەو لە کۆمەڵگای ئێمەدا زەمینەی پیادە کردنی نییە. نەك ڕووناکبیر تەنها بەرامبەر ئەو هێزانە بڵێ نەخێر و چاوی هەر ئەو لایەنانە ببینێ کەسەرباری ئەوەی دەوردراون بە شەمشەمە کوێرەکانی جەهل، کەچی لە هەمان کاتیشدا هێشتا لە فڕین ناکەون بۆ دنیای ئازادی. ئەمەشە بەڕای من سەرەتایی ترین تێگەشتنە لە ئەرکی ڕووناکبیر لە کاروانی دیموکراسییەت لە پرۆسەیەکی دوورودرێژدا. بۆیە مەسخەرە و گاڵتە کردن بەدەسەڵات سڕینەوەی لە نێو هەموو پانتاییە سیاسی و چالاکیە مرۆییەکاندا و پێنەدانی ئەولەویەت لەدەستخستنە سەر برینەکان و چارەسەکردنی تەنگژەکاندا، بەڕای من نە ئەرکی ڕووناکبیریی جدییە و نە لە ئاکاری نوسەری ڕیالیستیش دەوەشێتەوە. چونکە ڕووناکبیر چەندە لە تەك دەسەڵات دا لە گێرمەو کێشەدا بێت و چەندە بە (نەخێر) ڕووبەڕوو دەسەڵات بێتەوە، دەبێت





ئەوندەشی دیالۆگ لەگەڵ دەسەڵاتدا بکات و ئەوەندەش خۆی بەخاوەنی ئەو خەم و مەسەلە چارەنوس سازانە بزانێت کە دەسەڵات کەم تەرخەم بووە تیایدا. دیارە بۆ هەر مێژوویەك و بۆ هەر پانتاییەکی جوگرافی قەزییەك یان خەمێکی گەورە ئەولەویەتی هەیە، کە بەڕای من هیچ بوارێ بۆ خۆلادان و خۆگێل کردنی ڕووناکبیر لێی، بەبیانووی سفرکردنەوەو نەفی کردنی دەسەڵات ناهێڵێتەوە.

لە کۆتاییدا دەڵێم بۆ بەرجەستە بوونی ئەم ڕاستیەش، ئەوا دەبێت ڕووناکبیر سەرباری هەر ناتەبایی و ڕەخنەیەکی لە (ماڵ) بەڵام دەبێ لە سیاقی گشتیدا ئاگاداری مەسەلە هەستیار و چارەنوس سازەکان بێ و پارێزگاری لە (ماڵ) بکاتە بەرنامەی نزیك و دووری خۆی. چونکە گەر ڕووناکبیر ئەهورە مەزداو ئەهریمەن لە یەك جیانەکاتەوە، پێمان ناڵێت چیدەکات و خەریکی چییە...! ڕووناکبیر گەر نەتوانێت جیاکاری لە نێوان جەلاد و قوربانیدا بکات، پێمان ناڵێت لە کوێدا دەتوانێت دەقێکی کاریگەر بەرهەم بهێنێت...! بۆیە ئەرکی ڕووناکبیر هەرچییەك بێت، نە سووتانی تەڕ و ووشکە نە تێکەڵکردنی ڕەش و سپی یە لەگەڵ یەك. جا ئەو ڕووناکبیرەی ئەمڕۆ بەهیچ بیانویەکەوە بێت، ئامادە نەبێت پارێزگاری لە سنوری ماڵە گەورەکەی خۆی بکات، ئەوا بە دڵنیاییەوە دەڵێم سبەینێ هەرگیز شەرەفی پاراستنی کۆڵەکەی ژوورەکەی خۆشی پێنابڕێت. بەمەش دەشێ هەرچیەك بێت، بەڵام بە تەئکید ڕووناکبیر نییە.

# رەنگدانەوەی ململانێی شیعەکان بەسەر داهاتووی عیراقەوە

فاروق عەبدول

ئەو کاتەی پەیکەری سەدام لەگۆڕەپانی فیردۆسدا هێنرایەوە خوارەوە، هەموو لێکدانەوەکان، سەبارەت بەئایندە و بونیادی داهاتووی دەوڵەتی عیراق لەبەرژوەندی شیعەکان بوو، چونکە سەرباری ئەو موعانات و زوڵم و ستمەی لەماوەی دەسەڵاتە یەکلەدوایەکانی دەوڵەتی عێراقدا چەشتیان، لەهەمانکاتدا بەتەواوی لەخێروبێری دەوڵەتێك بێبەشکران کە زیاتر ٧٠٪ ئەو خێروبێرە دەکەوێتە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیانەوە، بەتایبەتی پارێزگای بەسرە کە جگە لەوەی شادەماری ئابووری عێراقە، بە دەوڵەمەندترین پارێزگای جیهانیش دادەنرێت، بۆیە رەنگە لێکدانەوەی شرۆڤەکاران لەو کاتەدا هەڵەی تێدا نەبووبێت کە دەیانگوت ئایندەی عیراق بەبێ کێشەو ململانێ بۆ چەندین دەیە لەبەرژوەندی شیعەکان دەبێت، چونکە ئەگەر بەڕابردوویاندا بچینەوە تێدەگەین کە چەندە لەم عیراقەدا زەرەرمەندبوون، بەڵام زۆرجار بۆچونەکان پێچەوانەی





واقع دەسەلمێنن، ئەمەش دەقاودەق بەسەر شیعەکانی عیراقدا جێبەجێدەبێت، چونکە کاتێك بەهێزێکی گەورەو فراوانەوە هاتنە ناو پرۆسەی سیاسی عیراقی نوێ، هەر زوو درك بەوەکرا کە ئاستەمە بتوانن بەو شێوەیە درێژە بەسیاسەت و ستراتیژییەکانیان بدەن.

شیعەکان لەکۆنگرەی ئۆپۆزسیونی عیراق لەندەن و هەولێر لەسەر هێڵە گشتیەکانی دەوڵەتی عیراق، لەگەڵ کوردەکان هاوڕابوون، لەو کاتەی کە ئەمریکییەکان هاتنە عێراق، تائەندازەیەکی زۆر زۆربەی هێزە سیاسیەکانیان بەتایبەتی حزبی دەعوە و ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی و کۆنگرەی نیشتمانی عیراق و چەند تەیارێکی دیکەی بچووکیان بەهەموو هەوڵێکیان دەیانویست عیراق لەو شکڵە تەقلیدیە دەربکەن و سیستمێکی دیموکراسی کە باوەڕی بەدەستاودەستکردنی دەسەڵات هەبێت لە عیراق دابمەزرێت، هەڵبەتە لەو کاتەدا، ئەوە تاکە پێشنیار بوو کەشیعەکان بیریان لێکردەوە، چونکە هەڵبژاردنی ئەو پێشنیارە بەرلەوەی لەدەستی ئەواندابووبێت، ئەمریکیەکان ئەو مەسەلە ستراتیژیانەیان یەکلایکردبۆوە. بۆیە دەتوانین بڵێین کە هەندێك باڵی شیعەی ئێستا پەشیمانن لەو بیروبۆچونانەی کە لەسەرەتادا بۆ دەوڵەتی عیراق هەیانبوو، رەنگە راستی تێدابێت گەر بڵێین هێشتا هەندێك لە تەیاری شیعەکان نایانەوێت بڕیار لەپێکهێنانی هەرێمە فیدراڵییەکان بدەن، ئەمە لەکاتێکدایە کە لەسەرەتادا پشتیوانی سەرەکی ئەو پڕۆژەیە بوون، هەروەها لەپرسی یەکلایکردنەوەی گۆڕینی دیموگرافیای عیراقیشدا، ئەوەی ئێستا پێیدەڵێن پرسی ناوچە جێناکۆکەکان و لەمادەی ١٤٠ی دەستوردا چارەسەری بۆ دانراوە، بەشێکی گرنگی ئەم پرسە ئەکەوێتە ناوچە شیعەنشینەکان لەپارێزگاکانی کەربەلا و نەجەف،

بەڵام هێشتا بەشێکی زۆریان لەگەڵ راستکردنەوەی ئەو دۆخە و هەڵگرتنی ئەو زوڵمەدا نین.

ئەگەرچی گروپە شیعەکان بەئومێد و ویستێکی تاڕادەیەك یەکگرتووەوە گەڕانەوە ناو پرۆسەی سیاسی عێراق، بەڵام ئەم ویست و ئومێدە تا ئەو کاتە بڕی کرد کە شەڕ و ململانێی کورسی و پۆست بوو بە بەشێکی سەرەکی لەپرۆسەی سیاسی عیراق، دابەشبوونی حزبی دعوە بۆ چەندین باڵ و گروپ و هاتنەدەرەوە و جیابوونەوەی چەندین کەسایەتی لەئەنجومەنی باڵای ئیسلامی و دارمانی کۆنگرەی نیشتمانی بەسەرۆکایەتی ئەحمەد چەلەبی و دەرکەوتنی مەرجەعە ئاینییەکان وەك هێزێکی سیاسی کە موقتەدا سەرۆکایەتی دەکات، بەشێکی کەمی ئەو سیناریۆیانەن کە گروپە شیعەکان لەدوای دەسەڵاتی سەدامەوە و لەعیراقی نوێدا بەرجەستەیانکرد.

ناکۆکی باڵ و گروپ و رێکخراوە شیعەکان و رەنگدانەوەی لەسەر بارودۆخی عیراق، زادەی ئەمڕۆ یان ساتەوەختی روخانی سەدام نییە، بەڵکو لەرەگوڕیشەی بونیادی رێکخراوەیی و ئایدۆلۆژی هێزو گروپەکانیەوە سەرچاوەگرتووە، هەرچەندە ئەم هێزانە بەکۆدەنگ ئامانجیان روخانی سەدام بووە، بەڵام شرۆڤەکاران دەڵێن ئەگەر بەتەنها یەکێکیان دەسەڵاتی بگرتایەدەست، رەنگە هیچیان لەدەسەڵاتە تۆتالیتارەکانی پێشووی عیراق کەمتر نەبێت، هۆکاری ئەمەش بەپلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ناکۆکیە توندانەی لەنێوان گروپ و لایەنەکاندا هەیە، بۆ نمونە سەرباری ناکۆکی نێوان ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی کە ئێستا بووە بەئەنجومەنی باڵای ئیسلامی، لەگەڵ رێکخراوی کاری





ئیسلامی، هاوکات ناکۆکییەکی ریشەیی توندیش لەنێوان حزبی دەعوە و ئەنجومەنی باڵادا هەبووە، هەرچەندە حەکیم یەکێك بووە لە دامەزێنەرانی حزبی دەعوە لەساڵی ١٩٥٨ لەگەڵ سەدردا، بەڵام بنەچەی ئەو ناکۆکییە دەگەڕێتەوە بۆ ململانێی لەسەر مەرجەعیەتی دینیان، بەو پێیەی شیعەکانی عیراق کە حزبی دەعوە خۆی بەنوێنەرایەتان دەزانێت دەڵێن مەرجەعی دینیمان نەجەفی پیرۆزە، لەکاتێکدا ئەنجومەنی ئیسلامی عیراق لەروانگەی مەجەعیەت و تەنانەت بیروبۆچونی سیاسیشەوە خۆیان بەمیراتی ئێران لەقەڵەمدەدەن و زیاتر لە سیاسییە شیعەکانی ئێرانەوە نزیکن تا لەشیعەکانی عیراق.

ئەم ناکۆکیانە بەتیرۆکردنی محەمەد سادق ئەلسەدری باوکی موقتەدا لەساڵی ١٩٩٩دا لەنەجەف، زیاتر بەرەو قوڵبونەوە رۆیشت، فەیلەقی بەدر کە باڵی سەربازی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیە، لەگەڵ رێکخراوە ئیسلامییەکانی دیکەدا لەنێوان پابەندبوونیان بۆ مەرجەعیەتی نەجەف و قوم دابەشبوونێکی قوڵی بەخۆیەوە بینی، بەمەش وابەستەی ماددی و سیاسیان بووە پێویستییەکی سەرەکی ئەو گروپانە بۆ مەرجەعییەتەکانیان کە لەئێستادا، ئەو بارودۆخە بەئاشکرا بەسەر ئاڕاستەی سیاسی عیراقەوە دیارە و لەسیاسەتی هێزە شیعەکاندا بەشێوەیەکی رون رەنگی داوەتەوە.

لەماوەی راپەڕینی ئازاری ١٩٩١ی شیعەکانی باشوردا، ئەگەر دابەشبونی نێوان گروپ و پێکهاتەکانی شیعەکان نەبوایە، ئەوا پێدەچوو ئاڕاستەی راپەڕینەکەیان بە ئاقارێکی دیکەدا بڕۆیشتایە، بەتایبەت کە ئێران هەوڵیدەدا هەموو پارتە شیعەکان لەژێر چەتری ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی کۆبکاتەوە، ئەمە

لەکاتێکدابوو هەرخودی ئێران ڕێگەی نەدا هێزەکانی بەدر بچنە ناو خاکی عیراقەوە، کە لەو کاتەدا ڕاپەڕین لەژێر هەڵمەتی هێز و گروپەکانی دیکەدا لەو پەڕی گڕوتنیدابوو، کە ئەگەر ئەنجومەنی باڵا و حکومەتی ئێران پاڵپشتبونایە بێگومان ڕەتی ڕوداوەکان بەشێوەیەکی دیکە دەشکایەوە، نەك ئەو شکست و کوشتارەی کە لەمێژووی شیعەکانیدا وێنەی نەبوو.

ناکۆکی گروپ و هێزە شیعەکان تەنها لەو چوارچێوەیەدا نەمایەوە، بەڵکو لەسەروبەندی لێدانی سەدام و هاتنی ئەمرکییەکان بۆ عیراق، چەندین بیرۆبۆچونی جیاوازیان هەبوو، هەرچەندە لەسەر ڕوخانی سەدام کۆکبوون، وەك پێشتر ئاماژەمانپێدا، بەڵام بەشێکیان لەو سۆنگەیەوە لە مەسەلەکەی دەڕوانی کە دەبێت ڕوخاندنەکە عیراقییانە بێت و دژی هاتنی ئەمریکیەکان بوون، سەرمەشقی ئەو دژایەتیکردنەش ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی عیراق بوو کە زیاتر لە چوارچێوەی سیاسەکانی ئێرانەوە بڕیاری لەمەسەلەکانی پەیوەست بە عیراق دەدا، کە ئەگەر لەم نێوەندەدا فەتوای گەورە مەرجەعی شیعەکانی عیراق عەلی سیستانی نەبوایە، ئاوا ئاستەم بوو ئەمریکیەکان بتوانن پشتوانیی گروپە شیعەکانی عیراق بۆ ڕوخاندنی سەدام دەستەبەر بکات، بەتایبەت کاتێك داوای لەسەرجەم عیراقییەکان کرد کە ڕیزەکانیان یەکبخەن بۆ لەوونابردنی دیکاتۆریەت.

سەرباری بێدەنگبوونی پارت و گروپە شیعەکان لەسەر هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عیراق و هەوڵەکانی بۆ ڕوخاندنی ئەو ڕژێمە، بەڵام هەڵوێستە جیاوازەکانیان لەسەر شێوازی دەسەڵاتی دوای سەدام هەر بەردەوام بوو، هەرچی





گروپە ئیسلامییەکانی وەك (حزبی دەعوە و ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی و ڕێکخراوی کاری ئیسلامی) بوو بۆچوونەکانیان لەسەر ئەوە کۆك بوو کە دەبێت شیعەکان یەك بۆچوونی یەکگرتوویان هەبێت بۆ داڕشتەوەی سیستمی سیاسی لەعیراقدا، ئەمەش لە کۆنگرەی تاران لە مارسی ٢٠٠٣دا تەئکیدیان لێکردوە، بەڵام گروپەکانی دیکەی هاوپەیمان لەگەڵ ئەمریکا وەك (کۆنگرەی نیشتمانی بەسەرۆکایەتی چەلەبی و حزبی ویفاق بەسەرۆکایەتی عەلاوی) لەسەر ئەوە کۆکبوون کە دەبێت عیراقی دوای سەدام گرەنتی عیراقێکی یەکسان بکات و دوربێت لەجیاوازی تایەفی و مەزهەبی، دواجار هێزە ئیسلامییەکان تا ڕادەیەك و تا هەڵبژاردنەکەی ٢٠٠٥ توانیان جۆرێك لەتێڕوانینی یەکگرتوویان هەبێت، ئەمەش دەرئەنجامی ئەو واقعە نوێیە بوو، نەك نەهج و بەرنامە و سیاسیەتێکی گشتگیریانە، کە دواتر دەبینین چۆن بە تێپەڕبوونی کات و بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکانیان، دەچنەوە چوارگۆشەی یەکەم و ململانێ و ناکۆکی مێژوویان دەبێتەوەی میراتی هەمیشەیان.

لە یەکەم تاقیکردنەوەی ئەزموونی دیموکراسیشدا، کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ٢٠٠٥ بوو، شیعەکان سەرباری جیاوازیان، بەڵام لەژێر گوشاری دەرەکیدا و بۆ ڕاگرتنی باڵانسی سیاسیان لەعیراقدا، لە لیستێکی نا بەرامبەردا و لەژێر ناوی ئیئتلافی عیراقی یەکگرتوو کە نزیکەی ٢٠ پارتی شیعەی لەخۆدەگرت پێکهێنا و توانیان لەکۆی ٢٧٥ کورسی پەرلەمان زیاتر لە١٣٥ کورسی ببەنەوە، بەمەش پێکهێنانی حکومەت بۆیان ئاسان بوو، بۆیە هەرزوو بە هاوپەیمانێتیکردنیان لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستان پێکهێنانی حکومەتیان بەقازانجی خۆیان یەکلایکردەوە، بەڵام ناولێنانی ئەو حکومەتەش، سەبارەت بە



هەواڵنامەی کتێب

شیعەکان ئەوەندە ئاسان نەبوو، بەتایبەتی دوای ململانێیەکی دێژخایەنی نێوانیان کە دواجار و لەناکاو وتەبێژی ئەوکاتی حزبی دەعوە نوری مالکی بەسەرۆك وەزیران دەستنیشانکرا، کەئەگەر ململانێی ناخۆیەکان نەبوایە بەهیچ شێوەیەك مالکی چانسی ئەوەی نەدەبوو ئەو پۆستە وەرگرێت، دوای گرتنە دەستی دەسەلاتیش، هەرزوو شیرازەی ئیئتلافە یەکگرتووەکە بەرەو هەلوەشانەوە رۆیشت، دەستپێکی ئەو ناکۆکیانەش بە پێکدادانی نێوان نوری مالکی سەرۆك وەزیرانی نوێ و رەوتی سەدر دەستپێکرد کە هەرزوو کەوتنەخۆیان بۆ دورخستنەوەی مالکی و لادانی لەو پۆستە، بەلام باردۆخ لەبەرژوەندییان نەبوو، چونکە ئەوکات ئەنجومەنی بالای ئیسلامی بالێکی بەهێزیی ئەو کوتلەیەبوون و سەید عەبدولعەزیز ئەحەکیم سەرۆکایەتی دەکرد و نەیاندەهێشت ئەو هەولەی رەوتی سەدر کاریگەری هەبێت، چونکە هەموان دەزانین کەناکۆکییەکی مێژوویی قول لەنێوان رەوتی سەدر و ئەنجومەنی بالای ئیسلامیدا هەیە، ئەو ناکۆکیانەش دەگەرێنەوە بۆ ئەو کاتەی ئەنجومەنی بالای ئیسلامی عیراق هەلمەتێکی فراوانیان لەدژی باوکی موقتەدا، محەمەد صادق ئەلسەدر بەرپاکرد و بە مەرجەعی سەدام حسێنیان تۆمەتبار دەکردو ئاماژەیان بەوەدەکرد کە نابێت بانگەشەی مەرجەعیەت بکەن، ناکۆکی گروپە شیعەکان لەدوا هەلبژاردنەکەی ٢٠٠٥ەوە هەر بەتەنها لەنێوان مالکی و رەتی سەدر قەتیس نەبوو بگرە ئەو ناکۆکیانە پەرینەوە بۆ ناو گروپەکانی دیکەش تا ئەو کاتەی خودی حزبی دەعوەشی کرد بەچەندین پارچەوە، ئەمە سەرباری ئەوەی کە حزبی فەزیلەش بەخۆی ١٥ کوسیەکەیەوە لەناو ئیئتیلافە یەکگرتووەکەدا هاتە دەرەوەو ئەنجومەنی بالای ئیسلامیش وردەوردە متمانەی بەحزبی دەعوەی بالی مالکی نەما، تا ئەوکاتەی لەهەلبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا بەتەوای گروپ و





لایەنە شیعەکان لەبەریەکهەلوەشانەوە و ئەو ناکۆکییانە بەکردەوە لەواقعدا رەنگیدایەوە و هەریەکەیان بەجیا چوونە ناو پرۆسەی هەلبژاردنەکەوە، کە نوری مالکی توانی بالادەستی خۆی بسەلمێنێت و لێرە بەدواوە کێشە و ململانێی شیعەکان پێینایە قۆناغێکی دیکەوە کە قۆناغی تاوانبارکردنی یەکتری بوو.

شتێکی نامۆ نییە گەر بلێین، واقعی ململانێ و ناکۆکی شیعەکان لەرابردوودا، بەبەراورد بەم دۆخەی ئێستا، بەتایبەت لەدوای هەلبژاردنەکەی ٧ی ئادار ئەمسال، هیچ نەبووە جگە لەئیدارەدانی کێشەکانی نێوانیان نەبێت، چونکە ئەوەی ئێستا دەیبینین لەچوارچێوەی ناکۆکی چۆتەدەرەوەو پێشبینیدەکرێت لە ئەگەری درێژەکێشانیدا مەترسییەکی گەورە رووبەرووی هێزە شیعەکان بێتەوە، ئەم مەترسیە لەکاتێکدایە کە سەرباری گوشارەکانی ئێران بۆ رەوینەوەی گرژییە ناوخۆیەکانی نێو گروپە شیعەکان، هاوکات مەرجەعیەتی دینیش بەهەموو هێزێکییەوە لەکاردایە بۆ نزیککردنەوەی لایەنە ناکۆکەکان و پاراستنی یەکریزی شیعەکان، کە چاودێران پێیانوایە ئەگەر ئەم دوو هۆکارە نەبوایە ئێستا عیراق لە شەری شیعە - شیعەدا بوو.

هەلبژاردنە ئالۆزەکەی ئەمجارەی عیراقیش، زۆر شتیی دیکەی سەبارەت بەناکۆکی و ململانێی نێوان گروپە شیعەکان بۆ دەرخستین، بەجۆرێك نزیك بوو شیعەکان لەزۆرینەوە بۆ کەمینە بگوازێتەوە، لیستەکەی نوری مالکی سەرۆك وەزیران ٨٩ کورسیان بەدەستهێنا و لەبەرامبەردا ئیئتلافی نیشتمانی کە زۆربەی گروپە شیعەکان لەخۆدەگرێت ٧٠ کوسیان بەدەستهێناوە، ئەمە لەکاتێکدایە لیستی ئەلعراقییە کە زۆربەی هێزە سوننەکان لەخۆدەگرێت ٩١ کوسی

بەدەستدەهێنێت و بەراوردی ئەم ڕێژەیەش بەتەواوی هێزە سوونەکان، بەلیستی ئەلعراقیەشەوە بەهەڵبژاردنی ٢٠٠٥، زەنگێکی مەترسیدارە سەبارەت بەداهاتووی شیعەکان لەعیراقدا، بۆیە بەلامانەوە سەیر نییە کە هەردوو ئیئتیلافە شیعەکە دەکەونە خۆیان و جارێکی دیکە پەنا دەبەنەوە بەر پێکهێنانی کوتلەیەکی هاوبەش بەناوی هاوپەیمانی نیشتمانییەوە، هەرچەندە ئاشکرایە حاڵی ئەم هاوپەیمانێتیەش لەئیئتیلافەکانی پێشوو باشتر نییە، کە دەنگۆی ئەوە لەئارادایە بەم نزیکانە ئەویش هەڵبوەشێتەوە، بەتایبەت دوای ئەو ناکۆکییە توندانەی لەنێوان پێکهاتەکانی ئەو هاوپەیمانییەدا هەیە لەسەر دیاریکردنی کەسێك بۆ چوار ساڵی داهاتووی سەرۆکی حکومەت، کە ڕەوتی سەدر سەرمەشقی ئەو ناکۆکیانەیە و بەتوندی دژی نوری مالکین بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران و هاوکات بەوە تۆمەتباریدەکەن کەسێکی تاکڕەوە لەسیاسیەتەکاندا و ڕەوتەکەیان زەرەرمەندی سەرەکی سیاسەتەکانی مالکی بوون، باڵی حەکیمیش ئەگەرچی تائێستا بەئاشکرا ڕایاننەگەیاندووە دژی مالکین، بەلام ئەوانیش ئەمجارە کەوتنەتە ژێر ڕەحمی ڕەوتی سەدر کە خاوەنی زیاتر لە٤٠ کورسین لەئیئتلاف نیشتماندا و ناتوانن ئەو داوایەی ڕەوتی سەدر ڕەتبکەنەوە. هاوکات ئێرانییەکانیش کە زیاتر لەڕەوتی سەدر و حەکیمەوە نزیکن تەواوی هەوڵەکانیان چڕکردۆتەوە تابەر بەو ناکۆکیانە بگرن و زامنی بەرژەوەندییەکان لەعیراقدا بکەن، بەلام سوربوونی کوتلەکەی مالکی، بۆ دوبارە وەرگرتنەوەی ئەو پۆستە ئەوەندەی تر کێشەکەی ئاڵۆزکردووە، ئەم لەکاتێکدایە کەتا ئێستا نە خودی ئێرانییەکان و نە مەرجەعە بالآکانی شیعە گلۆپی سەوزیان بۆ مالکی هەڵنەکراوە و کێشەکە بەهەڵپەسێردراوی ماوەتەوە و پێناچێت هەردوو لایەن وا بەئاسانی بچنە ژێرباری بڕیارێکی وەها قورس و ئاڵۆزەوە، چونکە ئەوانیش





لەماوەی چوارساڵی ڕابردوودا کۆمەڵێك تەحەفوزی گەورەیان لەسەر نوری مالکی وەك سەرۆك وەزیران هەبووە.

ئەم ناکۆکی و ململانێیەی نێوان باڵ و گروپە شیعەکان، لەسەر نەخشەی سیاسی داهاتووی حکومەتی عیراق بەتەنها لەسەر دیاریکردنی کەسێك پۆستی سەرۆك وەزیران ڕەنگی نەداوەتەوە، بەڵکو چەندین پرسی هەستیاری دیکە هەیە کە مەودای دورکەوتنەوەی هێزە شیعەکانی زیاتر کردووە، بەتایبەت پرسی بەندکراوە سەدرییەکان و پەراوێزخستنی لایەنگرانی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی لە حکومەتەکەی مالکیدا، لەو دۆسیانەن کە ئەگەر پرسی سەرۆك وەزیرانیش چارەسەر بکەن، پێناچێت پرسەکانی دیکە وابەئاسانی چارەسەربکرێن، چونکە خودی ئەو دۆسیە هەڵپەسێردراوانە بەرلەوەی پەیوەندیان بە حکومەتەکەی مالکییەوە هەبێت، بەشێکی لەدەسەڵاتی ئەمریکیەکاندایەو ئەوان تەحەکومی پێوەدەکەن، لەبەرئەوەی ئەمریکییەکان لەمەڕامی ڕەوتی سەدر بەتەواوی شارەزانو دەزانن لەکوێوە ئاڕاستە دەکرێن، بۆیە سەیر نییە گەر بڵێین زیادبوونی نەیارانی شیعە لەدژی مالکی بەشێکی پەیوەندیدارە بە سیاسەتەکانی ئەمریکا و لەئێستادا مالکی باجی ئەو سیاسەتانە دەدات، کە دیارە ئەمریکەکانیش ئامانجی خۆیان هەیە و دەیانەوێت بەهەرنرخێك بێت نفوزی ئێران لەعیراقدا کەمبکاتەوە و سۆزی وڵاتانی عەرەبی سوننەش بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، بۆیە ئەمریکییەکان دەیانەوێت بەهەر شێوەیەك بێت، عەلاوی و مالکی لەیەکنزیك بکەنەوەو سنورێك بۆ فشارەکانی ڕەوتی سەدر و ئێرانییەکان دابنێن، ڕەنگە ئەم هەنگاوەی ئەمریکییەکانیش سەبارەت بە کوتلەکەی نوری مالکی تاڕادەیەك خوازراو بێت، بەتایبەتی مالکی بۆ دووبارە بەدەستهێنانەوەی

پۆستی سەرۆك وەزیران دەستی لەپشتیوانی ئێرانییەکان شتووە، ئێرانییەکانیش درك بەوە دەکەن بەرنامەو نەهجی مالکی هەندێکجار پێچەوانەی سیاسەتەکانیەتی لەعیراق.

بۆیە لەکۆتایدا ئەوەی دەمێنێتەوە کۆمەڵێك پرسیارە کە رەنگە بۆ ئەم قۆناغە و لەئێستادا ئاستەم بێت وەڵامێکی گونجاومان دەستبکەوێت ئەویش ئەوەیە ئایا درێژەکێشانی ئەو ناکۆکی و ململانێیانەی ئاماژەمانپێکرد، تاکەی و کوێ بەردەوام دەبێت و کێ دەبێتە باجدەری سەرەکی؟ باشترە بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە چاوەڕوانی کات و زەمەن و ئەو گۆڕانکاریانە بین کە لەهەناوی ئەو کێشە و دەیان کێشەی دیکەی پەیوەست بەبارودۆخی سیاسی عیراق خۆیان حەشارداوە. .





# یاسا و کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە

پارێزەر: ئارام ساڵح

هەر کۆمەڵگەیەك بیەوێت بەرەو پێشکەوتن و بەرەو بەمەدەنیبوون هەنگاو بنێت پێش هەموو شتێك پێویستە تاکەکانی هۆشیاربکاتەوە بەئەرکەکانیان و بەمافەکانیان و بەیاسا، هەروەها ناساندنیان بەڕێگاکانی پێشکەوتن کە ئەمەش دووبارە لەڕێگەی زیادکردنی رۆشنبیری یاسایی تاکەکانەوە دەبێت، بۆ کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووی وەك ئێمە لەئێستادا زۆر پێویستمان بەوە هەیە کە یاسا ئاشنابکەین بەسەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵ بۆ ئەوەی لەداهاتوویەکی نزیکدا بتوانین کۆمەڵگەکەمان لەڕیزی ئەو کۆمەڵگە و وڵاتانەدا ببینینەوە کەیاسا زامنکەر و بایەخی تایبەتی هەیە بۆ سەر رەوتی ژیان و بەرەوپێشچوون، لەئێستای کۆمەڵگەی ئێمەدا گرنگترین فاکتەرێك کەبتوانین لێیەوە یاسا بەتاکەکان بناسێنین سیستمی پەروەردە و وەزارەتی پەروەردەییە، ئەمەش بەوەی کە لەڕێگەی خوێندنگەکانەوە وانەی یاسایی زیادبکرێت و لەسەرجەم قۆناغەکانی خوێندندا بوترێتەوە، هەرلە قۆناغی پۆلی یەکەمی سەرەتاییەوە تا

دواقۆناغی زانکۆ ئەم ریزبەندییەش بەپێی پێشکەوتنی ساڵەکانی خوێندکار وانەی یاسایی بۆ ئامادەبکرێت لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتەوە بەسوودبینین لەسیستمی وڵاتانی پێشکەوتوو، ئەگەر ئێمە بتوانیین ئەم ئەرکە بەئەنجامبگەیەنین، ئەوا دەتوانین لەداهاتوودا کۆمەڵگەکەمان رۆشنبیر بکەین و کێشەی کۆمەڵایەتی و کێشەی یاساییمان کەمتربکەینەوە لەرێگەی یاساوە، ئەوەی سەرنجی راکێشام ئەم بابەتە بنووسم ئەوەبوو کەدەبینین زۆرینەی تاکەکانی ئێمە بەخوێندەوار و نەخوێندەوارەوە دەتوانین بڵێین زانیاری یاساییان ٥٪ زیاتر نییە، یان بۆ دەبێت بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکانمان پەنا بۆ یاسا نەبەین بۆ هەوڵی چارەسەری عەشایەری بدەین؟

کەئەمانە پێویستە سیستمی پەروەردە وەڵامیانبداتەوە چارەسەریان بکات، تاکی ئێمە بۆ ئاشنانەبێت بەیاسا، دەبینین چەندین خوێندکار پاش تەواوکردنی کۆلێجیش نازانن دادگا چییە و حاکم چییە و پارێزەر چییە و یاسا چیدەکات و ئەگەر کێشەیەکی هەبوو چۆن داوا بکات و چ مافێکی هەیە؟

## پەروەردە و فێرکردن و پەیوەندییان لەگەڵ یاسادا:

وەك ئاشکرایە هەر سیستمێك کە لە وڵاتدا دادەنرێت بۆ ئامانجێکی گرنگ و بەرچاو پیادە دەکرێت، پەروەردە و فێرکردن وەکو کۆڵەکەی کۆمەڵگە و تاك بەبێ یاسا پێموایە ناتوانێت رۆڵی کاریگەری خۆی ببینێت، تۆ چۆن دەتوانیت پەروەردەیەکی تەندروستی خوێندکار بکەیت لەکاتێکدا بەیاسای ئاشنا نەکەیت؟





یان چۆن دەتەوێت وڵات پێشبخەیت لەکاتێکدا تاکەکەکانی بەیاسا ئاشنا نەکەیت؟

یان چۆن دەتەوێت وڵات بەرەو مۆدێرن بوون و بەرەو پێشکەوتن بەریت لەکاتێکدا لەپەروەردە و فێرکردنی وڵاتدا نەتوانیت خوێندکارانی وڵات فێری یاسا بکەیت؟

لەکاتێکدا کە یاسا خوێندکار ئاگاداردەکاتەوە و فێری خو و رەوشتی بەرز و مرۆڤانەی دەکات و هێڵێکی سوور دادەنێت بۆ سەرجەم کارە ناشایستەکان و سزای سەرپێچیکاران دەدات و خوێندکاریش وەکو نەوەیەکی گرنگی ئەم میللەتە دەتوانرێت لەرێگەی سیستمی پەروەردەوە و فێری پابەندییە یاساییەکان بکرێتو هەر لەمنداڵییەوە بەها و نەریت و خورەوشتی مرۆڤانەی لەرێگەی یاساوە بۆ روونبکرێتەوە، چونکە منداڵ لەو قۆناغەدا ئەوپەڕی توانای وەرگرتنی زانیاری هەیە و تارادەیەکی باش دەتوانرێت کاریگەری لێبکرێت، چونکە سروشتی مرۆڤ وەهایە ئەگەر لەسەرەتاوە بەپاکی و بەدرووستی پەروەردەتکرد ئیتر لەئەنجامدا جوانی و پاکی دەبەخشێتەوە، بۆیە پێویستە هەر لەسەرەتاییەوە وانەی یاسایی بەپێی توانستی ئەقڵی خوێندکار لەمامەڵە یاساییە سەرەتاییەکانەوە لەوانەیەکی سادەی یاسایی ژیانی رۆژانەدا بۆ خوێنداران والابکرێت و فێری یاسا بکرێن، سەرەرای ئەوەی کەئێستا لەهەندێك لەقۆناغەکانی خوێندندا هەندێك وانە بەخوێندکاران دەوترێتەوە وەك (پەروەردەی مەدەنی) بۆ پۆلی پێنجەم و (مافی مرۆڤ) کەلەناوەندیدا دەوترێتەوە، تارادەیەك ئەمانە سەرەتایەکن بۆ ئەوەی یاسا بەخوێندکاران ئاشنا بکرێت، بەڵام هێشتا زۆری ماوە کەبتوانرێت لەم رێگایانەوە سوود بەخوێندکار و رۆشنبیرییە یاساییەکەی بگەیەنرێت، چونکە (پەروەردەی مەدەنی) ئەگەر بە

وردی سەرنجیبدەیت دەبینیت لەچیرۆك گێڕانەوەیەك زیاتر هیچی تر نییە، زانیاری یاسایی نابەخشێت و وەڵامی ئەو پرسیارانە ناداتەوە کەلەمێشکی خوێندکار و پێویستی خوێندکاردا بۆ یاسا درووستدەبێت، دواتریش ئەوەی کێشەی گەورەی ئەم وانانەیە ئەوەیە کە ئایا کێ ئەو وانانە دەڵێتەوە من پێموایە هەرگیزا و هەرگیز هیچ مامۆستایەکی سەرەتایی کەیەك حەرفی لەیاسا نەخوێندووە ماف بدات بەو وانەیە و لەئاستی پرسیارە یاساییەکاندا چۆك دادەدات و یاسا هێندە سادە نییە کە مامۆستای ناتایبەت بتوانێت خوێندکار تێبگەیەنێت رۆحی یاسای تێدا بچێنێت، ئایا لەسیستمی نوێی پەروەردەدا نەدەکرا ئەم کێشەی نەبوونی مامۆستای یاساییە چارەسەر بکرێت لەکاتێکدا ئێستا وەك سەردەمانی پێشوو نەماوە و دەرچووی کۆلێجی یاسا زۆرە و دەتوانرێت سوودیان لێوەربگیرێت و لەخوێندنگەکاندا دایانبمەزرێنن تا پەروەردە زیاتر پێشبکەوێت و لێرەشەوە کۆمەڵ زووتر پێشدەکەوێت، ئەگەر پاساویش بۆ مامۆستای سەرەتایی بۆ وتنەوەی وانە یاساییەکان کردنەوەی خولی فێربوونە بۆ وتنەوەی وانەکە ئەوا خولێکی دوو هەفتە یان چوار هەفتەیی ناتوانێت مامۆستایەکی سەرەتایی بکات بەو مامۆستایەی کەبتوانێت یاسا بڵێتەوە خوێندکارێکی کۆلێجی یاسا چوار ساڵ یاسا دەخوێنێت ئەوکاتیش پێویستی بە دواداچوون و خوێندنەوە هەیە ئایا دەتوانرێت ئەمە لە ڕیزی مامۆستایەکدا دابنرێت کەیەك (مادده)ی یاسایی نەخوێندووە و هیچ بنەمایەکی یاسا نازانێت، نەك تەنها لەبواری کەمی مامۆستای یاسایدا بگرە لەبوارەکانی وانەکانی دیکەشدا گۆڕینی پسپۆڕی تاوانە و پەیڕەویلێکردنی هەڵەیەکی گەورەیە، لەهیچ شوێن و وڵاتێکدا کار بەم سیستمە ناکرێت کە بەچوار هەفتە مامۆستایەك لەپسپۆڕییەکەوە بگوازرێتەوە بۆ پسپۆڕییەکی جیاواز لەپسپۆڕییەکەی خۆی؟!





## خوێندکـــــار و یاسا:

وەك ئاماژەمانپێدا منداڵ وەکو درەخت وایە ئەگەر بەرێکی چاندت ئەوا بەرێکی باڵا دەکات، ئەگەر فێری یاسات کرد ئەوا مامەڵەی یاسایی دەکات، ئەگەر فێری مافت کرد ئەوا داوای ماف دەکات، ئەگەر ئەرکت لەبەرامبەر مافدا بۆ شیکارکرد بەئەرکت ناساند پێش ئەوەی بەمافی ئاشنابکەیت ئەوا هەوڵدەدات پابەندبێت و بەئەرکەکانی خۆی هەڵبستێت، کەلەم نێوەندەدا دەتوانین بڵێن نەك تەنها خۆی سوودمەند دەبێت بەڵکو کۆمەڵگەش سوودی لێدەبینێت، ئەگەر لەئەنجامدانی کارەکانی سەرشانیدا پاداشت بۆ دانا ئەوا دڵنیا دەبێت کە لەسەرپێچیکردن سزا وەردەگرێت، ئەگەر فێری سزا و پاداشتت کرد ئەوا دڵنیابە کۆمەڵگە هەردەم تەندروست دەبێت و هیچ کاتێك شکستناهێنێت و گەندەڵی رووی تێناکات، خوێندکاران نەوەی دوارۆژی ئەم میللەتەن بۆیە پێویستە فێری سیستمە یاساییەکان بکرێن، هەر لەسیستمی هەڵبژاردن و سەرۆکایەتی و پەرلەمانی و سیستمی بەڕێوەچوونی کەیسەکانی دادگا و ئاسایش و پۆلیس و ئەرکەکانیان بەرامبەر بە نیشتمان لەڕووی یاساییەوە و چەندین بابەتگەلی گرنگی تر کە دەکرێت لەڕێگەی لیژنەیەکی تایبەت و شارەزاوە پرۆگرامی خوێندنی هەر لە سەرەتاییەوە تادوا قۆناغی زانکۆ پێ فراوانبکرێت سوود و گرنگییەکی بەرچاوی بۆ ئێستا و داهاتووی کۆمەڵگە هەبێت، چونکە گەر راستەوخۆش نەبێت ئەوا بەدڵنیاییەوە هەر نەشارەزاییەك بەیاسا زیانێك دەبەخشێت.

## مـــامۆستا و یاسا :

